ENDESE

مرۆڤ و کەرامەت

مەریوان وریا قانع





مرۆڤ و کەرامەت

ENDÉŞE

ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود

بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم

http://www.endeshe.org

andesha.library@yahoo.com • andesha@outlook.com

http://www.facebook.com/Andeshalib

07501026400

مرۆڤ و کەرامەت

مەریوان وریا قانع

ENDESE

زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب

سەرپەرشتیاری زنجیرە

سیروان مەحمود

ناوی کتێب: مرۆڤ و کەرامەت

ناوی نووسەر: مەریوان وریا قانع

بابەت: فیکر

دیزاینی تێکست: دانا حەسەن

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٦

چاپخانە: تاران

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٨٠٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٢٠)ـی ساڵی (٢٠١٦)ـی پێ دراوە.

پێشکەشە بە هەر پێنج خوشکەکەم، کە بەبێ ئەوان
مرۆڤبوونی من کەلێنێکی گەورەی تێ دەکەوت.

ناوەڕۆک

پێشەکی

نووسین بە دەنگی بەرز

١

ئەم کتێبە باس لە سێ چەمکی سەرەکیی ناو دونیای مۆدێرن دەکات، کە بەسەر یەکەوە ڕوانینێکی نوێ بۆ مرۆڤ دەهێننە کایەوە وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و یەکسان، وەک کەسێکی خاوەنکەرامەت، کە لەناو دونیا و کۆمەڵگەیەکی پلورالدا دەژی. ئەو سێ چەمکەش بریتین لە چەمکەکانی "یەکسانی" و "کەرامەت" و "پلورالیزم". ئەم سێ چەمکە نەک تەنها چەمکە هەرە سەرەکییەکانی ناو دونیای مۆدێرنن، بەڵکوو بە زۆر مانا خودی مۆدێرنە خۆشی کردەی دروستبوون و هاتنەکایەی ئەو سێ چەمکەیە، کە ڕوانینێکی تازە بۆ مرۆڤ و دیدێکی نوێ بۆ وێناکردنی کۆمەڵگە دەهێننە کایەوە. دونیای مۆدێرن دونیای لەدایکبوونی "مرۆڤی یەکسان" و "مرۆڤی خاوەنکەرامەت" و "مرۆڤی جیاوازە." "ماف"یش ئەو هەڵقەیەیە کە ئەم سێ چەمکە بەیەکەوە گرێ ئەدات، مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ ئەوانی تردا مامەڵە بکرێت، مافی ئەوەی هەیە کەرامەتی بپارێزرێت و مافی ئەوەشی هەیە ڕێز لە جیاوازییەکانی بگیرێت. لەپاڵ ڕەهەندێکی یاسایی گرنگدا، هەرسێ چەمکەکە ڕەهەندێکی ئەخلاقیی

هێجگار گرنگیان هەیە، کە بیرۆکەی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ بنەمای ئەو ئەخلاقەیە کە لەدایک دەبێت. کەرامەت لێرەدا چەمکێکی ئەخلاقیی بنەڕەتییە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە مرۆڤەکان هەم یەکسانن لەگەڵ یەکدا، هەم جیاوازن و هەم چەندان مافیان هەیە کە ناهێڵێت ئەو کەرامەتە بریندار بکرێت. مرۆڤ لەم وێناکردنەدا بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەتە و ئەم کەرامەتەش خۆی ئامانجێکی سەربەخۆیە و پابەستی هیچ ئاکارێکی ئینسانیی تایبەت نییە، واتە مرۆڤ بۆ ئەوەی وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت ببینرێت، نابەسترێتەوە بە پاشخانێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە، یان بە شووناسێکی ئەتنی، یان بە بوون یان نەبوونی ئەم دین یان ئەو دینی ڕەوە. لەم وێناکردنە نوێیەدا بۆ مرۆڤ، کەرامەت بەهایەکی گشتییە و خۆی لە خۆیدا ئامانجێکە کە دەبێت بپارێزرێت. کەرامەت شتێکە نە دەکڕدرێت و نەدەفرۆشرێت، ڕێزگرتنی کەرامەت وامان لێ دەکات لە یەک کاتدا هەم باوەڕ بە یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا بهێنین و هەم ڕێزی لێکنەچوون و جیاوازییەکانیشیان بگرین. لێرەوە سیانەی "یەکسانی" و "کەرامەت" و "پلورالیزم" دەبنە سیانەیەکەی لەیەکدیدانەبڕاو، زەحمەت بێت ئەمیان بەبێ ئەوی تریان هەبێت و پاراستنی هەریەکێکیان پێویست بە پاراستنی هەرسێکیان بکات.

ئەگەر مۆدێرنە سێ ئاکاری جیاکەرەوەی سەرەکیی هەبێت، کە لە سەردەم و دونیاکانی بەر لە خۆی جیای بکاتەوە، ئەوا هەرسێ ئاکارەکە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان بە مەسەلەی یەکسانی و کەرامەت و

پلورالیزمـەوە. یەکەمیـان، ئەگـەر مۆدێرنـە عەقـڵ وەک پێوەری هەقیقـەت و وەک سـەرچاوەی مەعریفـە بناسـێنێت، ئـەوا مرۆڤـەکان لـەم وێناکردنـەدا هەموویـان مرۆڤـی خاوەنـی عەقڵن و عەقڵ شتێکە بەستراوەتەوە بە وێناکردنی مۆدێرنی مرۆڤەوە وەک مرۆڤ. هەبوونی عەقڵ لەو خاڵە سەرەتاییەدا کە هەموو مرۆڤەکان تیایدا یەکسانن. لەم ڕوانینەدا دەکرێت مـرۆڤ، هەمـوو مرۆڤێـک، سـەرجەمی دیـاردەکان و شـتەکان لـە ڕێگـەی عەقڵـەوە بناسـێت. هـەم سروشـت، هـەم کۆمەڵگـە، هـەم مـرۆڤ خـۆی و چالاکییەکانیشـی، دەکرێـت لـە ڕێگـەی عەقڵـەوە بناسـرێن و عەقـڵ ببێـت بـە پێـوەر و ڕاڤەکـەر و پێناسـەکەریان. ئـەم ڕوانینـەش زۆر دەرەنجامـی جیـاوازی لـێ دەکەوێتـەوە، یەکێکیـان ئەوەیـە کـە دیـن و کتێبـە دینییـە پیـرۆزەکان چیـی تـر پێـوەری هەقیقـەت نیـن، پیاوانـی دینییش چیـی تـر ئـەو کەسـانە نیـن کـە هەقیقـەت لـە ناهەقیقـەت جیـا دەکەنـەوە، هەروەهـا جیاوازیـی دینیش ناتوانێت نایەکسانبوونی مرۆڤەکان پاسـادان بکات و بیسـەلمێنێت و ناشبێت جیاوازییە دینییـەکان ببنـە بنەمـا بـۆ بـە بەهادارکردنـی هەندێـک مـرۆڤ بەسـەر هەندێـک مرۆڤـی دیکـەدا. جگـە لەمانـە باڵادەسـتبوونی عەقـڵ وەک پێـوەری بەرهەمهێنـان و ناسـینەوەی هەقیقـەت، مانـای ئەوەشـە کـە لەپـاڵ دیـن و دەسـەڵاتی دینیـدا، دەسـەڵاتی سیاسـییش ناتوانێـت پێـوەری هەقیقـەت بێـت. واتـە ئەوانـەی پێمـان دەڵێـن چـی هەقیقەتـە و چـی هەقیقـەت نییـە، هەڵگرانـی دەسـەڵاتی سیاسـی نیـن و دەسـەڵاتی سیاسـی مـاف و توانـای ئـەوە بـە دەسـەڵاتداران نابەخشـێت، هەقیقەتـەکان دەستنیشـان بکـەن، لـە یەکتریـان جیـا بکەنـەوە. ئـەوەی دەتوانێـت ئـەم کارانـە

بکات، تەنها داوەریکردنەکانی عەقڵ خۆیەتی، کە لای هەموو مرۆڤەکان ئامادەیە. بەکورتی، لەپشتی چەمکی عەقڵەوە تەنها دونیایەکی مەعریفیی نوێ ئامادە نییە، بەڵکوو وێنەیەکی نوێ و یەکسان بۆ مرۆڤیش ئامادەیە، کە تیایدا هەموو مرۆڤێک وەک خاوەنعەقڵ وێنا دەکرێت.

ئاکاری دووهەمی مۆدێرنە ئەوەیە کە مرۆڤ وەک تاکەکەسی خاوەنماف دەبینێت کە لەژێر هیچ بەهانەیەکدا نابێت ئەو مافانەی لێ بسێنرێتەوە. مافی تاکەکەس لە دونیای مۆدێرندا مافێکی بنەڕەتیی تایبەت و گرنگە، پابەستە بە بوونی مرۆڤەوە وەک مرۆڤ، وەک تاکەکەسێکی تایبەت و دەگمەن، کە کەس بۆی نییە ئەو تایبەتبوون و دەگمەنبوونەی لێ بسێنێتەوە. هەر لە بنەڕەتیشەوە مافێکە لەبەرامبەر مافی یەکە کۆیی و دەستەجەمعییەکانی وەک خێزان و کۆمەڵگە و نەتەوە و یەکە دەستەجەمعییەکانی دیکەدا دانراوە. ئەوەی ئەم بەرامبەرکارییە پێشنیاری دەکات، ئەوەیە کە نابێت مافی تاکەکەسی بکرێت بە قوربانیی مافە کۆیی و دەستەجەمعییەکان، نابێت تاکەکەس خۆشی بکرێت بە قوربانیی هیچ یەکەیەکی کۆیی و دەستەجەمعی. بریندارکردنی مافەکانی تاکەکەس و گوێلێنەگرتنی، مانای ئیهانەکردنی مرۆڤ و ڕێزدانەنانە بۆ کەرامەتی مرۆڤ وەک مرۆڤ. لێرەوە مەسەلەی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ وەک مرۆڤ، دەبێت بە یەکێک لە بیرۆکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی تری ناو دونیای مۆدێرن. لەنێوان چەمکی مرۆڤی خاوەنماف و مرۆڤی خاوەنکەرامەتدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێز هەیە.

ئاکاری سێهەمی مۆدێرنە، بیرۆکەی دیموکراسییە. ئەگەر تاکەکەس بوونەوەرێکی خاوەنعەقڵ و خاوەنماف و کەرامەت بێت و بوونەوەرێک بێت لەگەڵ ئەوانی تردا یەکسان بێت، ئەوا یەکێک لە مافە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەوەیە، بتوانێت بە شێوەیەکی یەکسان لەناو "مەجالی سیاسی"دا ئامادە بێت و بەشدار بێت لە چالاکی و گفتوگۆ و کێشمەکێشمەکانی ناو ئەو مەجالەدا. بەشداربوونی یەکسانی مرۆڤەکان لە کایەی سیاسیدا و لەوێشەوە لەو بڕیارانەدا کە پابەندن بە "ژیانی گشتی"ی کۆمەڵگەوە، دیاردەیەکی تەواو نوێیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و بەقووڵی بە لەدایکبوونی دونیای مۆدێرنەوە گرێ دراوە. لە کۆتاییی سەدەی حەڤدەهەمدا لە هەموو دونیادا تەنها لە ئینگلەتەرادا هەڵبژاردن بوونی هەبووە، بەڵام تەنانەت لە ئینگلەتەراشدا دەنگدان بۆ هەموان نەبووە، بەڵکوو تەنها کۆمەڵێک گروپی تایبەتی ناو کۆمەڵگەی ئینگلیزی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە بریتیبوون لە خاوەنمولک و ئەرستۆکراتی و پیاوە دینییە گەورەکان. مێژووی بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی یەکسان بۆ هەموان، مێژوویەکی ئاڵۆز و درێژە و هەر جارە هێزێکی کۆمەڵایەتی، دوای خەبات و کۆششێکی زۆر، ئەو مافەی بەدەست هێناوە. بەشداربوون لە ژیانی گشتیدا کردەیەکی مێژووییی پڕ هەڵبەز و دابەز و ململانێی بەردەوام بووە. ژنانی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان، کە ئەورووپا بە بێشکەی دیموکراسیەت دادەنرێت، تەنها لە سەدەی بیستەمدا مافی دەنگدان بەدەست دەهێنن و لەهەندێک شوێنی وەک سویسرادا بەدەستهێنانی ئەم مافە بۆ ژنان بۆ حەفتاکانی سەدەی بیستەم داوا

دەکەوێت. پرسیاری ئەوەی کێ بەشدار بێت لە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی ناو کایەی سیاسیدا و دەوڵەت خۆشی چۆن بەڕێوە ببرێت بۆ ئەوەی زۆرترین بەشداریی سیاسی دەستەبەر بکات، تەنها لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەبێت بە یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان. کاتێک لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا تاکەکەس بۆ یەکەم جار وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف وێنا دەکرێت، ئەودەم پێناسەکردنی ماف دەبێت بەوەی ئایا ئەم تاکەکەسە چۆن گوزارشت لە خواست و حەز و بۆچوونەکانی بکات؟ لەدوای کردنی ئەم پرسیارەوە، ئیتر ئازادییە دینییەکان، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ئەوەی مرۆڤ ئەشکەنجە نەدرێت، هەبوونی مافی دەنگدان، یەک بەدوای یەکدا دێنە کایەوە. کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لە پرۆسەیەکی هێجگار ئاڵۆزی پڕ ململانێ و توندوتیژی و کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردندا، لەوەدا سەر دەکەون، ئەو سێ ڕەهەندە گرنگەی مۆدێرنە بە شێواز و دەرکەوتی جیاواز دەستەبەر بکەن و بیکەن بە دەرکەوتە سەرەکییەکانی ژیان لەناو کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا.

بەڵام بۆ کەسێک ئاگاداری مێژووی سێ سەدەی ڕابردوو بێت، ئەو ڕاستییە سادەیە دەزانێت کە لەدایکبوونی دونیای نوێ و لەدایکبوونی ئەو چەمکانە لەناو ژیانی گشتیدا و لەوێشەوە لەدایکبوونی ئەو وێنە نوێیانە بۆ مرۆڤ، لەدایکبوونێکی سادە نەبوو، کردەیەکی ئاسان و ئاسۆییش نەبوو، بەڵکوو دەرەنجامی چەندان پرۆسەی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مەعریفیی ئاڵۆز بوو، کە بەسەر یەکەوە ئەو وێنە نوێیانەیان بۆ مرۆڤ و بۆ

کۆمەڵگە و بۆ دەوڵەت و حوکمڕانی هێنایە کایەوە. لەم پرۆسانەدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی یەکسانی خاوەنئیرادەی سەربەخۆ و خاوەنماف و خاوەنکەرامەت، دەوڵەت وەک دەوڵەتی نەتەوەیی و دەوڵەتی هاوولاتی و دەوڵەتی یاسا، کۆمەڵگەش وەک کۆمەڵگەیەکی پلورال و فرەجۆری پڕ لە جیاوازی، کە زیاد لە مەرجەعێکی ڕەمزی و ئەخلاقی و کۆمەلایەتی و دینیی هەیە، لەدایک دەبن. دروستبوونی ئەم دونیا ئاڵۆزەش، کردەیەکی هێمن و لەسەرخۆ نەبوو، بەڵکوو بەناو زنجیرەیەکی گەورە لە جەنگ و شەڕ و پێکدادانی زۆر و خوێناوی و بەناو چەندەها شۆڕش و یاخیبوون و کردەی توندوتیژیدا و بەناو شێوازی نوێی چەوساندنەوە و دیسپلین و کۆنترلکردندا تێپەڕی. ئەو کۆمەڵگەیانەشی لانی هەرە کەمی ئەم سێ چەمکەیان لەناو واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی خۆیاندا جێگیر کردووە و پاراستووە، ئەو کۆمەڵگەیانەن کە پڕ بوون لە خەباتی کۆمەلایەتی و لە ڕیفۆرمی عەقڵی و سیاسی و یاسایی و لە گەشەدان بە کولتووری لێبووردن و قبولکردنی جیاوازی. ئەم کۆمەڵگەیانە لەوەدا سەر کەوتن، کە ئەو سێ چەمکە هەم بکەن بە بەشێک لە سیستمی ئەخلاقیی بالادەست، یان لانی کەم ڕەهەندێکی ئەخلاقیی بەهێزیان پێ ببەخشن، بە جۆرێک، دەستبۆبردن و بریندارکردنیان وەک بەدئەخلاقی دەر بکەوێت. هەم لەوەشدا سەر کەوتوون، کە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەزگاییان بۆ بدۆزنەوە بۆ پاراستن و پتەوکردنیان. ڕێزگرتنی ئەم سێ چەمکە سەرەکییە و گواستنەوەیان بۆناو ژیانی گشتی، لەبەر ئەوە نەبووە ئەو کۆمەڵگەیانە پێشوەخت باوەڕیان

بە یەکسانی و پیرۆزیی ئەو چەمکانە هەبوبێت، یان بە جەوهەر مرۆڤدۆست بووبن، یان دینەکەیان و ئەخلاقیان لە دین و ئەخلاقی میللەتانی تر باشتر بووبێت، بە پێچەوانەوە، داهێنان و بەرگریکردن لەو چەمکانە بە مەبەستی ئەوە بووە سنوورێک بۆ جەنگ و پێکدادان و خوێنڕشتنە ناوەکییە گەورەکانیان دابنێن، جۆرێک لە ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروست بکەن، کە نەک تەنها درێژخایەن و پتەو بێت، بەڵکوو شوێنی متمانە و باوەڕپێکردنی مرۆڤ و گروپ و هێزە سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بێت. یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، بەرگری لەو تێزە بکات، کە ناکرێت ئاسایش و ئاشتیی مەدەنییانە بوونیان هەبێت بەبێ گەڕانەوەیەکی بەردەوام بۆ هەرسێ چەمکەکە، گەڕانەوە بۆ ئەم چەمکانە لەبەر مرۆڤدۆستی و ئاشتیپەرستی نییە، بەڵکوو بۆ ڕێگرتنە لە کوشتن و بڕین و وێرانکردنی زیاتر و هەمەلایەنتر. ئینتیمای ئەتنی و دینیی جیاواز، بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیی جیاواز، هەبوون یان نەبوونی دین، دەوڵەمەندبوون یان هەژاربوون، نابێت هۆکارێک بن بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە شێوازی نایەکسان مامەڵە بکرێن و کەرامەتیان بریندار بکرێت و ڕێز لە جیاوازبوونیان نەگیرێت. کۆکردنەوەی یەکسانی و کەرامەت و پلورالیزم بەیەکەوە، ئەو ستراتیژییە سیاسی و ئەخلاقی و کولتووری و مەدەنییەیە، کە دەشێت هاریکارمان بێت بۆ دەرچوون لەو دۆخە ناهەموارەی ئەمڕۆکە.

٢

سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم، سەدەی هاتنەکایەی سەرەتاکانی دەوڵەتی مۆدێرنە، ئەو دوو سەدەیەش، دوو سەدەی پڕ جەنگ و خوێن و توندوتیژیین. چەندان تێزی فیکریی گرنگ هەن، کە دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن بە بەرپابوونی شەڕ و شۆڕ و جەنگە گەورەکانی ئەو سەردەمەوە گرێ ئەدەن. دەوڵەتی مۆدێرن هەر لە سەرەتاوە، وەک لە بەریتانیادا دروست دەبێت، لە یەک کاتدا هەم دەوڵەتێکی نەتەوەیی و هەم دەوڵەتێکی ئیمپریالییە. ئیمپریالیبوون ئاکارێکی گرنگی دەوڵەتی مۆدێرنە، ئینگلتەرا لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا بەشێکی گرنگی دونیا داگیر دەکات، لەناویاندا ئەمەریکا و کاریبیا و خوارووی ئاسیا. ئەم دەوڵەتە ئیمپریالییە دەوڵەتێکی میلیتاری و سەربازیی بەهێزە، کە خۆشی لە گەرمەی دەیان شەڕ و جەنگی گەورەدا زیاتر دروست دەبێت و گەشە دەکات، هەمیشە لە بەردەم ئەگەری لەناوچوون و وێرانبوون و نەماندا بووە و شتێک بە ناوی حەتمیەتی دروستبوون و گەورەبوون و گەشەکردنیەوە لە ئارادا نەبووە. تەنها لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمیشدا ئەو هەستە دروست دەبێت، کە ئەم دەوڵەتە مۆدێرنە دەوڵەتێکی جێگیرە و ئەو باوەڕە لای پیاوانی دەوڵەت دروست دەکات،

کـە لەنـاو ناچێـت.[1] هەسـتکردن بـە ناجێگیـری و بـە ئەگـەری لەناوچوونـی دەوڵەتـی مۆدێـرن، تەنهـا هەسـتێکی سـایکۆلۆژی نەبووە، بەڵکوو پشتئەسـتوور بووە بـە واقیعێکی سیاسیی پڕ شەڕ و ململانـێ و پێکدادانـی خوێنـاوی. لە سـەدەی هەڤدەهەمدا، لەنێـوان سـاڵانی ١٦٤٢ - ١٦٤٦، کـە سـەرەتاکانی لەدایکبوونـی دەوڵەتـی مۆدێرنـە لـە بەریتانیـادا، یەکـەم جەنگـی ناوخۆیـی لـە ئینگلتـەرا ڕوو دەدات، کـە ڕێـژەی ٢٤٪ پیاوانـی ئـەو وڵاتـەی تێدا دەکوژرێـت، ئەمـەش وەک ڕێژە، ڕێژەیەکـی گەورەتـرە لـە ڕێـژەی ئـەو پیاوانـەی لـە جەنگـی جیهانیـی یەکەمـدا دەمـرن. لـە هێـرش و پەلامارەکانـی ئینگلتـەرادا بـۆ سـەر ئیرلەنـدا لـە ناوەڕاسـتی سـەدەکەدا لەنێـوان ١٦٤٩-١٦٥٣، ڕێـژەی لەنێـوان ٢٥ تـا ٥٠٪ دانیشـتووانی ئیرلەنـدا دەمـرن. ئەمـە جگـە لـە جەنگەکانی تـری سـەدەکە و سـەدەی دوای ئـەوە لـە ئیسپانیا و بەریتانیـا و ئەڵمانیـا و شـوێنەکانی دیکـەدا.[2] هۆکاری سـەرەکیی ئـەو شـەڕانەش، پەیوەندییـان بـە مەسـەلەی "سـەروەریی دەوڵـەت"ەوە هەبـووە. پرسـیارەکە ئـەوە بـووە، کـێ دەسـەڵاتی سـەرەکیی هەبێـت پەرلەمـان یـان پادشـا؟ ئایـا دەوڵـەت بـۆی هەبێـت بـە کۆمەڵگـە بڵێـت چ دینێکـی هەبێـت یـان نەیبێـت؟ کـێ لـە ڕووی یاسـاییەوە مافـی ئـەوەی هەیـە بـاج کـۆ بکاتـەوە؟ بەکورتـی، ئـەم شـەڕە گـەورە و وێرانکارانـە لەپـاڵ کۆمەڵێـک دیـد و ڕوانیـن و پرسـدا ئەنجـام دراون، کـە پەیوەسـتن بـە

---

١ بڕوانە:
https://www.youtube.com/watch?v=oitDMiOJ9JU&list=PL-XXv-cvA_iDVbdSEzKJ5aNg12CVObHtX&index=1

٢ بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

چۆنێتیی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەوە و خۆشیان بەشێک بوون لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرن خۆی. یەکێک لە دەرەنجامە پۆزەتیڤەکانی ئەم جەنگانە، ئەوەیە مەسەلەی "لێبووردنی دینی،" کە دواتر دەبێت بە بەشێکی گرنگی بەرگریکردن لە پلورالیزم، وەک کاردانەوەیەک بە ڕووی سەدە و نیوێک جەنگی دینیدا دێتە کایەوە و دەچەسپێت. ڕێزگرتنی پلورالیزمی دینی، شتێک نەبووە بەئاسانی لەناو کتێبەکانەوە بۆ ناو واقیع دابەزیبێت، بەڵکوو مێژوویەکی درێژی ململانێ و جەنگ و پێکدادان ئاراستەی کردووە. تەنانەت دوای چەسپاندنی پلورالیزمیش وەک سەرتاگەیەکی تیۆری و فەرهەنگی، لە شوێنێکی وەک ئینگلەتەرا خۆشیدا، چەندان گرووپی کاتۆلیکی هەبوون، بۆیان نەبووە هەندێک پۆستی گرنگ لە دەوڵەتدا وەر بگرن و بۆیان نەبووە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بخوێنن و بۆیان نەبووە بچنە ناو لەشکرەوە و بۆیان نەبووە تفەنگیان هەبێت و بۆیان نەبووە موڵک و ماڵیان بە ویراسی بۆ بمێنێتەوە. هەموو ئەم جۆرە جیاکاری و هەرەمیەتە نایەکسانە لە مافەکاندا تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم لە ئینگلتەرادا بەردەوام بووە.[1]

هاوکات لەدایکبوونی دونیای نوێ هاوشانبووە بە سەردەمی دروستبوونی برسێتی و نەخۆشی و پەتا گەورە و کوشندەکانی ناو مێژووەوە، هاوشان بووە بە هاتنەکایەی ڕۆژی کاری درێژ، هەندێک جار ١٦ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

شـەش ڕۆژ کارکردنیـش لـە هەفتەیەکدا، تەنانـەت بـۆ منـداڵان و ژنـان و پیرانیـش. کۆمەڵناسـی فەڕەنسـیی بەناوبانـگ، پیـار بۆردیـۆ، لـە کتێبێکیـدا بـاس لـەوە دەکات، چـۆن لـە سـەدەی نۆزدەهەمـدا تەنانـەت زانـا کۆمەڵایەتییـەکان و کۆمەڵناسـە ئەکادیمییـەکان بەرگرییـان لـە کارکـردن بـە منـداڵان کـردووە و وەک دیاردەیەکـی ئاسـایی ناسـاندوویانە. بۆردیـۆ نموونـەی پیاوێکـی خاوەنکارگـە دەهێنێتـەوە، کـە سوپاسـی زاناکانـی ئـەو سـەردەمە ئـەکات، چونکـە سـەلماندوویانە ئیشـکردن بـە منداڵ نیشـانەی دڵفراوانـی و سـەخاوەتی خاوەنکارگەکانـە.[1] ئەم دۆخی ئیشـکردنە درێـژ و زەحمەتـە، کـە چارلـز دیکنـز وێنەکانیمـان لـە هەندێـک لـە ڕۆمانەکانیـدا بـۆ دەنەخشـێنێت، تـا ڕادەی پڕوکانـدن ڕۆیشـتووە. بۆیـە سـەدەی نۆزدەهـەم دەبێـت بـە سـەدەی کـۆچ و سـەرهەڵگرتن و هەڵاتنـی ملیۆنەهـا مـرۆڤ لـە وڵاتـی خۆیـان بـۆ گـەڕان بـەدوای شـوێنی تردا،کـە بتوانێـت کاری ئاسـانتر و ژیانێکـی باشـتر و هێمنتریـان بـۆ دەسـتەبەر بـکات. بـە مانایەکـی دیکـە، لەدایکبوونـی دونیـای مۆدێـرن تەنهـا هاوشـان نەبـووە بـە هاتنەکایـەی چەنـدان جەنـگ و پێکدادانـی گـەورەی ناوەکـی و دەرەکیـی ئیمپریالیـدا، بەڵکـوو هاوشـان بـووە بـە دروسـتبوونی دونیایـەک پـڕ لـە نەخۆشـی و برسـێتی و کارکردنـی قـورس و زەحمـەت و درێـژ.

وەک وتـم سـەدەی هەژدەهـەم و نۆزدەهـەم، کـە سـەدەی دروسـتبوونی دونیـای مۆدێرنـە، هـاوکات سـەردەمی

---

[1] بڕوانـە: بییر بوردیو (۲۰۱۲). مسـائل فی العلـم الاجتماع. ترجمـە د. هنـاء صبحـی. هیئـە ابوظبی للسـیاحة و الثقافـة. ل۱۰.

دروستبوونی دونیای کۆلۆنیالیزم و داگیرکردن و چەوساندەوەی میلەتە بەهێزەکانی دونیایە بۆ میللەتە لاوازەکان. ئیمپریالیزم درێژکراوەیەکی تایبەتیی ناسیۆنالیزمە، کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەبێت بە یەکێک لە ئایدیۆلۆژیا هەرە سەرەکی و بەهێزەکانی دونیای مۆدێرن. زۆرینەی جەنگەکانی سەدەی نۆزدەهەم، جەنگێکن ناسیۆنالیزم یان ئاراستەکەر و دروستکەرە سەرەکییەکانیانە، یان بەشێکە لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی جەنگەکان، لەدایکبوونی نەتەوە خۆشی وەک یەکەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی نوێ، دابڕاو نییە لە جەنگە ناسیۆنالیستییەکانی دونیای مۆدێرن. سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم و نۆزدەهەم، هاوکات سەدەی بازرگانیکردنێکی بەرفراوانیشن بە کۆیلەوە، لەمسەری دنیاوە بۆ ئەوسەری دونیا. لە سەدەی شانزەهەمەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، بازرگانی بە زیاد لە ١٦ ملیۆن مرۆڤەوە وەک کۆیلە کراوە. ئەم کۆیلانە بە کەشتی لە ئەفریقیاوە براون بۆ ئەمەریکا و بۆ بەشێک لە ئەوروپا، کۆیلەفرۆشەکانیش لە هەموو شوێنێکی دونیادا ئامادە بوون، هەندێکیان موسڵمانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون، هەندێکیان بازرگانی مەسیحیی ئەوروپی بوون، ئەوانی تر خاوەندینەکانی تری ناو ئەفریقیا و دەرەوەی ئەفریقیا بوون. مێژووی کۆیلایەتی بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی مێژووی دروستبوونی دونیای مۆدێرنە.

٣

لە ئاستێکی دیکەدا، دونیای مۆدێرن لەپاڵ لەدایکبوونی عەقڵدا وەک پێوەر و لەپاڵ دروستبوونی تاکەکەسی خاوەنمافدا، وەک بوونەوەرێکی نوێ و لەپاڵ هاتنەکایەی پلورالیزمدا وەک بەشێک لە هاتنەکایەی کۆمەڵگەیەکی نوێ، هاوکات دونیای بەرهەمهێنانی سەدەها وێنەی هەڵە و ناڕاست و ڕاسیستییانەی مرۆڤ و کۆمەڵگە جیاوازەکانە لەسەر یەکتری. ڕاسیزم وەک "زانست"، داروینیزمی کۆمەلایەتی وەک ئایدیۆلۆژیا، هێزپەرستی وەک بەشێک لە دیاردەی دروستکردنی دەولەتی مۆدێرن، هەموویان بەشێکن لە مێژووی دونیای نوێ و هەموویان لە سەدەی نۆزدەهەمدا وەک هێزی نوێ لەدایک دەبن و گەشە دەکەن. ڕاسیزم یەکێکە لە "زانست"ەکانی سەدەی نۆزدەهەم، کە تیایدا مرۆڤایەتی بەسەر کۆمەڵێک ڕەگەزی جیاوازدا دابەش دەکرێت و لەم دابەشکردنەشدا ئەم ڕەگەزیان لەوی تریان بە پێشکەوتووتر و بەرزتر و باشتر دادەنرێت. ئاکارە ڕەگەزییەکانیش وا وێنا دەکرێن، وەک ئەوەی نەگۆڕ بن و لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵەکانیان و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بگواسترێتەوە. ڕاسیزم ئایدیۆلۆژیای نیشاندانی نایەکسانیی نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان و

شارستانیەتەکانە.[1] ڕاسیزم لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەبێت بە بزووتنەوەیەکی فەرهەنگی و مەعریفیی بەهێز، تیایدا ئەورووپییەکان خۆیان وەک سەرداری شارستانیەت و سەروەری مرۆڤایەتی وێنا دەکەن، خۆیان وەک جۆرێک لە مرۆڤ دەبینن، کە لەسەروو هەموو مرۆڤەکانی ترەوەن و کولتوور و فەرهەنگیشیان وەک تاکە فەرهەنگی باڵا و بەنرخی جیهان. ئەمەش زۆر سەیر و نامۆ نییە، ئەورووپا لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێکی گەورەی دونیای داگیر کردبوو، لە شوێنە داگیرکراوەکانیشدا هەستکردن بەوەی کە ئەوان وەک داگیرکەر بوونەوەرێکی بەرزتر و پێشکەوتووتر و شارستانیترن، بەشێکی سەرەکیی تەکنۆلۆژیای حوکمڕانیی کۆلۆنیالییانە بوو. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، زۆر زەحمەتە ڕوانینێک بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بدۆزیتەوە، مەسەلەی ڕاسیزم و دابەشکردنی نایەکسانیی مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان بەشێک لەو ڕوانینە نەبێت. ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشتردا شێوازێک لە شێوازەکانی ڕاسیزم بوونیشی هەبووبێت، ئەوا ئەو ڕاسیزمە مایەی ئەوە نەبووە مرۆڤ باوەڕی بە بوونی یەک مرۆڤایەتی نەبووبێت، بەڵام ڕاسیزمی سەدەی نۆزدەهەم پەلاماری ئەو باوەڕە ئەدات و بەرگری لەوە دەکات، کە زیاد لە مرۆڤایەتییەک هەیە و هەر ڕەگەزێکیش هەڵگری جۆرێکی تایبەتە لە مرۆڤایەتی.[2] ڕاسیزم لە سەدەی نۆزدەهەمدا مرۆڤایەتی لە ناوەوڕا

---

١ بڕوانە: Stuurman, Siep (2010). De uitvinding van de mensheid. Amsterdam, Uitgeverij Bert Bakker. p 294-295.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣١٩.

دابەش و پارچەپارچە دەکات.

سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم، هاوکات سەدەی لەدایکبوونی "خۆرهەلاتناسی،" یان ئۆریانتالیزمیشە. خۆرهەلاتناسی وەک ئیدوارد سەعید، دەلێت زانستی خۆخەریکردنێکی بێلایەنانەی خۆرئاوا نییە بە کۆمەلگەکانی دەرەوەی خۆیەوە، هەروەها کردەی بەرهەمهێنانی زانیارییەکی بابەتیی بێمەبەست نییە لەلایەن کۆمەلێک زاناوە، کە ئامانجیان بەرهەمهێنانی مەعریفەی زانستییە لە ژیانیاندا، بەلکوو خۆرهەلاتناسی گوتاری دروستکردن و نمایشکردنی خۆرهەلاتە وەک جوگرافیایەکی خەیالیی گەورەی بێمێژوو و بێگۆڕان و چەقبەستوو. وێناکردنی خۆرهەلات وەک سەرزەمینێک پڕ لە بەربەریەت و تەمبەلی و ناعەقلانیەت و ستەمگەریی و دواکەوتن و بەجێمان، خۆرهەلاتێکی ژنانە و هەستباز و سێکسباز، خۆرهەلاتێکی بێمێژوو، کە ئەرکی خۆرئاوایە دەستی بگرێت و فێری بکات و هاریکاری بێت بۆ ڕاکێشانەوەی بۆ ناو مێژوو بە مەبەستی پێشکەوتنی. لە خۆرهەلاتناسیدا کۆمەلێک نووسەر و دەزگا و ڕشتە لە زانکۆکاندا گوتارێک بەرهەم دەهێنن بە مەبەستی سەرلەنوێپێناسەکردنەوەی جیهان، بە شێوەیەک نیشانی بدەن، خۆرئاوای سەردەمی ئیمپریالیزم بەشە پێشکەوتوو و عەقلانی و دیموکراسەکەی دونیایە و دەرەوەی خۆرئاواش، بەتایبەتی خۆرهەلات، سەرزەمینی ناعەقلانیەت و دواکەوتن و ستەمگەریی هەمەجۆرە. خۆرهەلاتناسی وەک ڕشتە وا دەکات لە سەدەی نۆزدەهەمدا شتێکی ئاسایی بێت،

شارستانیەتی چەند هەزار ساڵەی میللەتەکانی تری دونیا وەک شارستانیەتێکی بێنرخ و ناعەقڵانی و نەگۆڕ و دواکەوتوو ناو ببرێت. فەرهەنگی میللەتانی تر وەک نافەرهەنگ و وەک تۆمارێکی ڕۆحی بۆ توندوتیژی وێنا بکرێت. وەک ئێدوارد سەعید دەڵێت، خۆرئاوا لە خۆرهەڵاتناسیدا تەنها وێنەی خۆرهەڵات ناکێشێت وەک سەرزەمینێکی دواکەوتوو و خورافی، بەڵکوو بە پلەی یەکەم وێنەی خۆی دەکێشێت وەک سەرزەمینی عەقڵانیەت و پێشکەوتن و دیموکراسیەت، وەک لانکەی شارستانیەت و زانست و زانین، وەک بەشە نێرینە و زاناکەی دونیا، کە مرۆڤی پێشکەوتوو و عەقڵانی و لیبووردەی بەرهەم هێناوە. ئەم وێنەیە بۆ ئەوروپا، کە لە ژینگەی گەشەکردنی ئیمپریالیزم لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا دروست دەبێت، پێویستی بەوەیە وێنەی دەرەوەی ئەوروپا وەک سەرزەمینی دواکەوتن و نەزانین و بەجێمان و خورافەت بکێشێت و مرۆڤەکانیشی وەک مرۆڤی بێمێشک و نەزانن و دواکەوتوو و ناعەقڵانی و گەمژە و توندوتیژ. لێرەشەوە ڕەوایەتی بەو تێزە سەرەکییەی ئیمپریالیزم ببەخشێت، کە پێی وایە مەبەستی کۆلۆنیالیزم و داگیرکردنی دونیا، پێشخستنی وڵاتە داگیرکراوەکان و بڵاوکردنەوەی شارستانیەتە بەناو خەڵکەکەیدا، نەک تالانکردنیان. لەم خوێندنەوەیەدا ئیمپریالیزم پەیامێکی شارستانییانەی پێیە و بە دونیادا بڵاوی دەکاتەوە. ڕستە هەرە بەناوبانگەکەی مارکس، کە ئێدوارد سەعید لە کتێبەکەیدا هێمای پێ دەکات، نموونەی ئەو شێوازەیە لە

بیرکردنەوە، کە لەسەر وێنەیەکی تەواو هەڵە و ناڕاست و نامێژوویی ئەو کۆمەڵگەیانە دروست بووە. هیندستان، کە لە ساتەوەختی داگیرکردنیدا لەلایەن بەریتانیاوە مێژووی پێنج هەزار ساڵی شارستانیەتی هەبووە، مارکس وای دەبینی کە خەڵکەکەی توانای نوێنەرایەتیکردنی خۆیان نییە، بۆیە دەبێت نوێنەرایەتی بکرێن، ئەوەشی نوێنەرایەتییان دەکات، بەریتانیای سەدەی نۆزدەهەمە.[1] مارکس تەنها فەیلەسووفێکی سەدەی نۆزدەهەم نییە کە هەڵگری ئەم دیدەیە بۆ دەرەوەی ئەوروپا، جیمس میل و جۆن ستیوارت میلیش هەمان دیدیان هەبوو. میل باوەڕی وا بوو کە مرۆڤ لە هیندستان لە قۆناغی منداڵیی شارستانیەتدا دەژی، بۆیە پێویستە وەک منداڵ پەروەردە و گەورە بکرێن و ئەرکی بەریتانیایە وەک میللەتێکی پێشکەوتوو ئەم ئەرکە پەروەردەییە جێبەجێ بکات.[2] بەکورتی، خۆرهەڵاتناسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا دوو وێنە بۆ مرۆڤ پێشنیار دەکات، کە تەواو بە یەکتری ناکۆکن، یەکێکیان مرۆڤێکی زانا و شارستانی و پێشکەوتووە، کە لە خۆرئاوادا دەژی، ئەوی تریان مرۆڤێکی نەزان و گەمژە و توندوتیژە، کە لە خۆرهەڵاتدا دەژی. بەمەش تەواو باز بەسەر ئەو وێنە مۆدێرنەی مرۆڤدا دەدرێت، کە هەمووان وەک بوونەوەری یەکسان نمایش دەکات.

بە قسەی هەندێک فەیلەسووفی دژەمۆدێرن، دونیای مۆدێرن دونیای لەدایکبوونی کۆمەڵگە و مرۆڤی چاودێریکراو

١ بڕوانە: Said, Edward (1979). Orientialism. New York: Vintage Books.

٢ بڕوانە: Stuurman, Siep (2010) لاپەڕە ٣١٩.

و دیسپلینكراوە، وەک لای میشێل فۆكۆ، یان دونیای دروستبوونی مرۆڤی هۆمۆساكەر و كەمپە گەورەكانی كوشتنە، وەک لای ئاگامبن. بەڵام بە بۆچوونی من، هەم فۆكۆ و هەم ئاگامبن، بەتایبەتی ئاگامبن، موبالەغەیەكی هێجگار گەورە بە ڕووكارە نێگەتیڤەكانی مۆدێرنەوە دەكات، لە بەشی یەكەمی ئەم كتێبەدا كەمەكێک درێژتر لەسەر بۆچوونەكانی ئاگامبن دەوەستین. بەكورتی، لەپاڵ ئەم هەموو كارەسات و تراژیدیا گەورانە و لەپاڵ ئەو ڕوانین و تێزە ڕاسیستییانە كە باس كران، كە بێگومان بەشێكی گرنگ و سەرەكین لە دروستبوونی دونیای نوێدا، بە شێوەیەكی گشتی ئەوەی لەم دونیایەدا ڕوو دەدات دروستبوونی دونیایەكی ئازادتر و یەكسانتر و پلورالتر و مافدارترە لە دونیاكانی بەر لە خۆی، دونیایەكە چەندان پرۆسە و دەزگا و ئەگەری تایبەتی تێدایە، كە دەكرێت بە هۆیانەوە ڕووكارە پۆزەتیڤ و ئینسانییەكانی ژیانی تاكەكەسی و كۆمەڵایەتی، گەورەتر و فروانتر بكرێتەوە، بە شێوەیەكی لەسەرخۆش دۆخی گشتیی ژیانی كۆمەڵگەكان بەرەو ئاستێكی باشتر و پێشكەوتووتر پاڵ پێوە بنرێت. هەروەها كۆتاییش بە برێک لەو كێشە و گرفتانەش بهێنرێت، كە لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا كێشەی سەرەكیی كۆمەڵگەكانی دونیا بوون. ئەگەر مۆدێرنە مانایەكی ڕاستەقینە و گرنگی هەبێت، ئەوا لەو جەنگ و ڕەخنە ناوەكییانەدایە كە خۆی لەگەڵ خۆیدا بەرپای دەكات و خۆی لە خۆی دەگرێت. هیچ قۆناغ و سەردەمێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بە ئەندازەی مۆدێرنە، بە نوقسانی

و مەترسی و گرفتەکانی خۆی و بە ئەگەر و توانا و مژدەکانیشی هۆشیار نییە، ئەم هۆشیارییەش وا دەکات و وای کردووە، مۆدێرنە داخرانی تەواوەتیی تێدا نەبێت. کێشەی هەبێت، کێشەی گەورە و قووڵیشی هەبێت، بەلام هەمیشە ئەگەر و توانا و هێزیش بۆ دەرکپێکردن و بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی ئەو شتانەی پێ بێت. سەفەری مۆدێرنە بەناو سروشت و دونیای ماددیدا، بەناو تەکنیک و زانستدا، بەناو ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤدا، بەناو جەستە و خوددا سەفەرێکی پڕ دۆزینەوە و ئاشکراکردن و داهێنانە، وەک چۆن سەفەری دروستکردنی کێشە و گرفت و تەحەدا و مەترسیی گەورە و نوێشە. ڕەخنەی مۆدێرنە لە خۆی، ئەو پەنجەرەیەیە کە هەمیشە هێما بۆ ئەگەری تر و ئاسۆی تر و دونیای تر دەکات، ئەگەر مۆدێرنە وەک ڕەخنەگرتن لە دونیای بەر لە خۆی هاتبێتە کایەوە، ئەوا ڕەخنەکردنی ئەو ڕەخنانە و ڕەخنەکردنی ڕەخنە بە شێوەیەکی گشتی، لە ئاکارە سەرەکییەکانی ئەم دونیایە. هیچ یەکەیەک لە دونیای مۆدێرندا نادۆزینەوە بەر ڕەخنە نەکەوتبێت و نەکەوێت، ڕەخنە لە کولتوورەوە بۆ سیاسەت و لە فیکر خۆیەوە بۆ تەکنیک، لە ئابوورییەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا و لە کۆمەڵگەوە و بۆ زمان و لە خودەوە بۆ ئەوی تر. ئەگەر شتێک هەبێت ناوی ئومێد بێت لە دونیای ئەمڕۆدا، ئەم ڕۆحی ڕەخنەکردنی ڕەخنەیەیە کە وەک یەکێک لە میکانیزمە ناوەکییەکانی ناو مۆدێرنە کار دەکات، ئەو بیرکردنەوە بەردەوامەیە کە لە هیچ تێزێک لە تێزەکان و لە هیچ ڕوانینێک لە ڕوانینەکانی

خۆیدا ناوەستێت و وەک موقەدەس مامەڵەیان ناکات. ئەمە وای کردووە مۆدێرنە دوور بێت لە دارمانی یەکجارەکی و پەککەوتن و کوژاندنەوەی هەتاهەتاییەوە، هاوکات هێزێک بێت بەردەوام بتوانێت لە خۆی و لە بەرهەمەکانی دابڕێت و شتگەلێکی نوێ و بیرلێنەکراوە بهێنێتە کایەوە. دابڕان ئەو میکانیزمە سەرەکییەیە کە مۆدێرنە لە ناوەوە ئاراستە دەکات و وای لێ دەکات بەناو کارەسات و جەنگ و توندوتیژی و پەتا گەورە و ترسناکەکانی خۆیدا تێپەڕێت و لە هیچ یەکێکیاندا نەوەستێت. ئەگەر ئومێدێک لەپێشمانەوە هەبێت، ئومێدە بەم جووڵە و توانا و هێزی دابڕانە، کە چەند سەدەیەکە بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی.

وەک وتم، ئەم کتێبە لەسەر سێ دەرکەوتی گرنگ و سەرەکیی دونیای مۆدێرن دەوەستێت و هەوڵی شیکردنەوەی ڕەگوڕیشە مێژوویی و فیکرییەکانیان ئەدات. ئەو سێ دەرکەوتەش بریتین لە مەسەلەی یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدیدا، مەسەلەی کەرامەتی مرۆڤ وەک شتێک کە دەبێت بپارێزرێت، ئینجا مەسەلەی بینین و پاراستنی پلورالیزم لە دونیادا. هەرسێ دەرکەوتەکە لە دەرکەوتە پۆزەتیڤەکانی دونیای مۆدێرنن، کە لەپاڵ تاریکییە زۆرەکانی ئەم دونیایەدا ئامادەن، هاوکات بەشێکی گرنگن لە هەوڵ و کۆششە بەردەوامەکانی مرۆڤی مۆدێرن بۆ باشترکردن و پێشخستنی زیاتری ژیانی تاکەکەسی و دەستەجەمعیی ناو ئەم کۆمەڵگەیانە.

٤

یەکسانبوونی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا دیاردەیەکی نوێی ناو مێژووی مرۆڤایەتییە، لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باس لە چۆنێتیی دروستبوون و هاتنەکایەی ئەم ڕوانینە بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا دەکەین و ڕەگەکانی پێداگرتن لەسەر یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا بۆ سەدەی هەژدەهەم دەبەینەوە. سەدەی نۆزدەهەمیش لە زۆر سەرەوە سەدەی لەدایکبوونی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەن کە پێ لەسەر یەکسانیی تەواوی مرۆڤەکان دادەگرن، شێوازە جیاوازەکانی ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم لەو سەدەیەدا خەونی یەکسانیی تەواوی نێوان مرۆڤەکان دەبینن. هەمووشیان لە ڕەخنەکردنی ئەو سەرەتا لیبراڵەوە دەست پێ دەکەن، کە پێی وایە مرۆڤەکان تەنها لە خاڵی سەرەتادا یەکسانن و دوای ئەوە بە هۆی جیاوازی لە توانا و سەلیقە و ئامادەگیی هەرکەسێکەوە بۆ کارکردن و کۆششکردنی کەمتر یان زیاتر، نایەکسانی لەنێوانیاندا دروست دەبێت. لە زۆربەی ئەم ئایدیۆلۆژیا سۆسیالیستی و لیبراڵانەدا، مرۆڤ بۆ یەکەمین جار، بەبێ گوێدان بە پاشخانە دینی و کۆمەڵایەتی و ئەتنی و زمانی و ناوچەییەکانی، وەک تاکەکەسێکی یەکسان وێنا دەکرێت. ئەمەش هەم گۆڕانێکی زۆر نوێی ناو مێژووی مرۆڤایەتییە، هەم گۆڕانێکی تەواو

ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەشە. شۆڕشی ئەمەریکیی ساڵی ١٧٧٦ و شۆڕشی فەرەنسیی ساڵی ١٧٨٩ دوو ڕووداوی هەرە سەرەکیی ناو ئەم وەرچەرخانە گەورەیەن و هەردووکیان وێناکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی یەکسان بە مرۆڤەکانی تر دەکەنە یەکێک لە گۆڕانە سەرەکی و گرنگەکانی ناو دونیای مۆدێرن. ئەم دوو شۆڕشە وێنەیەک بۆ مرۆڤ پێشنیار دەکەن، کە تیایدا هەرکەسێک بەوی تر یەکسانە و هیچ کەسێک لەوی تر مرۆڤتر نییە.[1] گرنگیی ئەم وێنە نوێیە کاتێک زیاتر دەر دەکەوێت، کە بۆ نموونە، بە وێنەی مرۆڤ وەک کۆیلە بەراوردی بکەین، کۆیلە وەک کەسێک کە نەک تەنها بە کەسی تر یەکسان نییە، بەڵکوو خۆی مولک و خاوەنی خۆی نییە، بەڵکوو مولکی کەسێکی ترە و خاوەنێکی هەیە کە خۆی نییە. وەک دەشزانین کۆیلەیەتی بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی مرۆڤایەتی تا سەدەی نۆزدەهەم. لەبەر ئەوەی لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژی لەسەر دیاردەی کۆیلەبوونی مرۆڤ و ڕوانینی برێک لە فەیلەسووفە کلاسیکییەکانی وەک ئەرستۆ لەسەر کۆیلەیەتی نیشان ئەدەین، هەوڵ ئەدەم لێرەدا لە وێنەیەکی نایەکسان و نالەباری تری مرۆڤ بدوێم، کە بەتایبەتی لە هیندستاندا ئامادە بووە، ئەویش وێنەی مرۆڤە وەک "پاریا Pariah" یان ئەوانەی پێیان دەگوترێت "دەستلێنەدراو" یان

١ ئەگەرچی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٩٤دا کۆیلایەتی بەڕەسمی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام لە ١٨٠٢دا ناپلیۆن جارێکی دیکە کۆیلایەتی دەگەڕێنێتەوە، تا دواجار لە شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨دا فەرەنسا جارێکی دیکە کۆیلایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە.

"پیسەکان-untouchable" ئەو کەسانەی پلەی کۆمەلایەتییان ئەوەندە نزمە و ئەوەندە بێنرخ و سووک سەیر دەکرێن، بە شاییستەی ئەوە نازانرێن دەستی کەسیان بەر بکەوێت، خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت دەستی کەسێک لە کاستەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە بەر ئەمانە کەوت، ئەوا پێویستە ڕاستەوخۆ خۆی بشوات و خۆی پاک بکاتەوە. لە هیندستاندا دەستدان لە پشیلە و سەگ و ئاژەڵی تر ئاسایی بوو، بەلام دەستدان لەم مرۆڤانەوە گلاو بوو. ئەم بە گلاوتەماشاکردنە هۆکاری ئەوەیە، کە دروستبوونی هەر پەیوەندییەک لەنێوان ئەمانە و کاست و توێژە بالاکانی ناو کۆمەڵگەدا یاساغ بکرێت و دەستلێنەدراوەکان لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە تەنها بکەون و بە زۆر مانا بکەونە دەرەوەی کۆمەڵگەوە. لە کۆمەڵگەی هیندیدا براهماکان بەرزترین کەسی ناو کۆمەڵگە بوون و پاریاش نزمترینیان. پێگەی پاریاکان لە کۆمەڵگەدا شتێک لە پێگەی کۆیلەکان باشتر بووە، یان وردتر بدوێین، پاریابوون جۆرێک لە کۆیەلایەتییەکی کەمێک ڕیفۆرمکراو بووە.[1] پاریا بەم مانایە، ئەو کەسانەن کە گلاون و شایانی دەستلێدان نین، لە هیندستان خۆیدا کاستەکانی سەرەوە باوەڕیان وا بووە ئەمانە بە ڕادەیەک گلاون، گەر بچنە ناو ڕووباری غانجەوە ئەویش وەک خۆیان گلاو دەکەن.[2] کەسانی پاریا

---

١ بڕوانە: Sawyer, W. Stephen (). Global pariah. **Encyclopedia of Global Studies. Edt: Helmut K. Anheier & Mark Juergensmeyer. SAGE Publications. P. 1290-1294**

2 : Charsley, Simon (1966).'Untouchable': What is in a Name? The Journal of the Royal Anthropological Institute, Vol. 2, No. 1 (Mar., 1996). p.1.

ئەو كارە جەستەييیە قورس و زەحمەت و بێزخانەيان ئەنجام داوە، كە چين و توێژەكانی تر نەيانكردووە، بۆ نموونە، بەخێوكردنی ئەسپ و ئاژەڵ و كشتوكاڵكردن. ئەم شێوازە لە ئیهانەكردنی مرۆڤ و لە شكاندنی كەرامەتی نەوە دوای نەوە لە هيندستاندا ئامادە بووە، تا لە دەستووری هيندستانی ساڵی ١٩٥٠دا بە بەندێكی دەستووری ياساغ دەكرێت.

لەدايكبوونی وێنەی مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی يەكسان بەوانی تر، مانای دابەزينێكی ئۆتۆماتيكييانەی وێنەكە نييە بۆ ناو واقيع. خاڵێك بمەوێت لێرەدا بەخێرايی ئاماژەی پێ بكەم، ئەو ڕاستييەيە كە تەنانەت لە دونيای ئەمڕۆشدا و دوای تێپەڕينی سێ سەدە بەسەر هاتنەكايەی ئەم ڕوانينە تايبەتەدا بۆ مرۆڤ، هێشتا يەكسانی لەنێوان مرۆڤەكاندا شتێك نييە دروست بووبێت يان خەڵكی ئەم سەدەيە بەردەوام بەرگريی لێ بكات و پێی خۆش بووبێت. هەر لە هيندستان خۆيدا هێشتا عەقڵيەت و وێناكردن و پراكتيكی ئیهانەكردن و بەكەمترتەماشاكردنی برێكی گەورەی پارياكانی جاران و كاستەكانی خوارەوە هەر ماوە، بەتايبەتی لە ناوچە گوندنشينە كشتوكاڵييەكانی هيندستاندا و بەتايبەتيتريش لە تەماشاكردنی بەشێك لە خەڵك بۆ دانيشتووانە هەژارە لادێنشينەكانی هيندا.[1] تا ئەمڕۆش لە ئەمەريكا خۆشيدا، كە بەياننامەی يەكسانبوونی مرۆڤەكانی تێدا لەدايك دەبێت، هێشتا بەشێك لە سپيپێستانی ئەو وڵاتە خۆيان بە خاوەنی وڵاتەكە دەزانن و ڕەشپێستەكان وەك ميوانێكی بێزاركەر دەبينن. تا

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٦.

بۆشیان بکرێت دژایەتیی بیرۆکەی یەکسانی دەکەن لەنێوان سپیپێستان و ڕەشپێستانی ئەو وڵاتەدا. لەناو ئەوروپاشدا مەسەلەی یەکسانی لەلایەن هەمووانەوە قابیلی قبولکردن نییە، مەغرببییەک و تورکێک و کوردێکی کۆچکردوو، با پەنجا ساڵیش بێت کۆچیان کردبێت و منداڵەکان و منداڵی منالّەکانیشیان لەو وڵاتانەدا لەدایک بووبن، با ئەو مندالانە جگە لە زمانی ئەو وڵاتانە زمانی دیکە و جگە لەو وڵاتانە نیشتیمانی تریان نەبێت، بەڵام هێشتا لەلایەن بەشێک لە دانیشتووانی ئەو وڵاتانەوە وەک هاووڵاتیی ڕاستەقینە و یەکسان تەماشا ناکرێن. لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمان دیاردە بە دەیان شێوازی خراپتر و ترسناکتر ئامادەیە، لە ئێران و عێراق و تورکیا و سوریادا بە هیچ جۆرێک هیچ جۆرە یەکسانییەک لەنێوان گروپە ئەتنییە کەمینەکان و ئەتنییەتی بالادەستی ئەو وڵاتانەدا، بوونی نییە. لە هیچ وڵاتێکی ناوچەکەدا یەکسانی لەنێوان دیندار و بێدین و موسڵمان و ناموسڵماندا بوونی نییە. کۆچی بەکۆمەڵی مەسیحییەکانی عێراق و سوریا و میسر بۆ ئەوروپا و ئەمەریکا، بەشێکە لە دیاردەیەکی گەورەتری وێنانەکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەری یەکسان لەگەڵ یەکدا. لەگەڵ هاتنی سەلەفیەتی ئیسلامیشدا بەگشتی و سەلەفیەتی جیهادیدا بەتایبەتی، نەک تەنها یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان و دینەکان لەگەڵ یەکدا پەکی خراوە، بەڵکوو نەوەیەک لە دینداری دڕندە دروست بووە، کە خۆی وەک مرۆڤێکی بالاتر لە هەموو مرۆڤەکانی تر، بە مرۆڤە دیندارەکانی تریشەوە،

دەبینێت. ئەمانە پێیان وایە گرتنی ئافرەت بە سەبایا و بەکۆیلەکردنەوەی مرۆڤەکان دیاردەی ئاسایین و نابێت پەک بخرێن و لەناو ببرێن. جیاوازیی نایەکسانیی دینەکان لەگەڵ یەکدا، جیاوازیی نایەکسانیی دیندارەکان لەگەڵ یەکدا، جیاوازیی نایەکسانیی نێوان نێر و مێ و جیاوازیی نێوان ئەوانەی مەیلی سێکسیی جیاواز و شێوەژیانی جیاوازیان هەیە، بەشێکە لەو هەندەسە کۆمەڵایەتییەی لەو ناوچەیەدا سەروەرە. بەکورتی، ئەگەرچی مرۆڤایەتی زیاد لە دوو سەدەیە قسە لە یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا دەکات، بەڵام هێشتا ئەم یەکسانییە مەسەلەیەک نییە بەڕاستی پیادە کرابێت و پێناچێت ئەم کێشە سەرەکی و بنەڕەتییەی مێژووی مرۆڤ بەم زووانە چارەسەر بکرێت. دونیای ئەمڕۆ پڕە لە شێوازی نوێی نایەکسانی و مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەش بە شێوازی جیاواز پۆلێنی نایەکسان و نادادپەروەرانە دەکرێن.

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژی لەسەر چۆنێتیی هاتنەکایەی چەمکی یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا دەوەستین و بەناو ساڵە درێژ و زەحمەتەکانی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم و بیستەمدا تێدەپەڕین. هەروەها باس لە بەشێک لەو چەمک و ڕوانینانە دەکەین، کە بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا لای ئەرستۆ هەبووە بۆ بەخشینی ڕەوایەتیی بەکۆیلەکردنی مرۆڤ، هاوکات لەناو کەلەپووری ئیسلامیشدا لەسەر هەندێک چەمک دەوەستین، کە پەیوەندییان بە مەسەلەی یەکسانی و نایەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا هەیە.

٥

مەسەلەی کەرامەت، کە بەشی دووهەمی ئەم کتێبە پێک دەهێنێت، پابەستی مەسەلەی وێناکردنی مرۆڤە وەک مرۆڤ، خاڵی سەرەکی لێرەدا وێناکردنی مرۆڤە وەک بوونەوەرێکی خاوەنی ڕێز و بەها و ماف و کەسایەتیی سەربەخۆ. مەسەلەی کەرامەت مەسەلەی پاراستنی مرۆڤبوونی مرۆڤە هەم لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا و هەم لە ژیانی گشتیدا، مامەڵەکردنیەتی وەک بەهایەکی ئەخلاقیی گرنگ. کەرامەت لەم ئاستەدا بەتوندی بەو فەلسەفە و ڕوانین و وێناکردنەی مرۆڤەوە گرێ دراوە، کە پێ لەسەر دەستەبەرکردن و پاراستنی مافە هەرە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی مرۆڤ دادەگرێت. ڕێزدانان بۆ مرۆڤ وەک بەهایەکی سەربەخۆ، وەک ئامانجێک لەسەروو ئامانجەکانی ترەوە، وەک نرخێک کە نە دەشکێندرێت و دابەش دەکرێت، جەوهەری ئەم مافانەیە. لە سەرێکی دیکەوە کەرامەت پرنسیپی پاراستن و ڕێزگرتنە لە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنجەستە و خاوەنفیکر، خاوەنحەز و خاوەنئارەزوو و ئیرادە، وێناکردنی مرۆڤە وەک بوونەوەرێک، کە دەتوانێت خۆی ژیانی خۆی دابهێنێت، خۆی کەسایەتیی خۆی دروست بکات، توانای بەرهەمهێنانی بۆچوون و ئامانجی تایبەتیی بۆ ژیانی خۆی هەیە. لە سەرێکی دیکەوە پاراستنی کەرامەت مانای ڕێزگرتنی تواناکانی داوەریکردنی ئەخلاقییانەیە لای مرۆڤ، تا ئەو شوێنەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک وێنا بکات کە خۆی دەتوانێت نووسەر و یاسادانەر

و بەهادروستکەری ژیانی خۆی بێت، توانای بەشداریکردنی سیاسی و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەت و توانای بڕیاردانی لەسەر دونیا هەبێت. کەرامەت بەهایەکی ناوەکییە، گرێدراوی گەڕاندنەوەی ڕەهەندی ئەخلاقییە بۆ ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبن، پابەندی مامەڵەکردنی ئینسانە وەک بوونەوەرێک، کە نابێت دەست بۆ ژیانی ببرێت و نابێت بریندار و بێنرخ بکرێت. لە ئاستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیدا کەرامەت ئاماژە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەک دەکات، تیایدا ڕێز یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی ژیانی گشتی و پەیوەندیی نێوان دەزگاکان و تاکەکەسەکان بێت. کۆمەڵگەیەک فەیلەسووفی ئیسرائیلی ئەڤیشای مارگەلیت ناوی "کۆمەڵگەی حورمەت"ی لێ دەنێت. "کۆمەڵگەی حورمەت" ئەو کۆمەڵگەیەیە کە دەزگاکانی ئیهانەی مرۆڤەکان ناکەن و وەک بوونەوەری بچووک و بێنرخ و گرکن مامەڵەی ناکەن. لێرەدا پاراستنی کەرامەت پەیوەندییەکی سەرەکیی بە ڕێگرتن لە ئیهانەکردنی مرۆڤەوە هەیە، لە ئاستە دەزگاییەکەیدا مانای دروستکردنی تۆڕێک لە دەزگا، کە ڕێزی بەهاکانی مرۆڤبوون بگرن، لە ئاستە ئەخلاقییەکەشیدا مانای وازهێنان لە قسەکردن دەربارەی مرۆڤ بە زمانی گەمژە و کاگەل و جاهیل و نەزان. لە هەردوو دۆخەکەدا باوەڕهێنان و داننانە بەوەدا کە مرۆڤ بەهایەکی ناوەکیی تایبەتیی هەیە و نابێت ئەم بەهایە بریندار بکرێت. بەکورتی، کەرامەت چەمکێکە پەیوەندیی بە پەیوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و پەیوەندیی ئەوان و کۆمەڵگە و ئەوان و دەزگاکانەوە هەیە. مامەڵەکردنی مرۆڤەکانیش وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و وەک بوونەوەرێکی یەکسان بەوانی تر، بەشێکی هێجگار گرنگی

پاراستنی کەرامەتی مرۆڤە لە کۆمەڵگەدا. کەرامەت هێمایە بۆ پێداویستیی دروستبوونی زمانی تر و دەزگای تر و کۆمەڵگەی تر، کە تیایاندا مرۆڤ وەک بەهایەکی گرنگ ببینرێت و مامەڵە بکرێت.

ئەم کتێبە لە بەشی دووهەمیدا بەدرێژی لەسەر چەمکی کەرامەت لای سێ نووسەری گرنگی دونیای مۆدێرن دەوەستێت، کە بریتین لە فەیلەسووفی ئەڵمانی ئیمانۆیل کانت و فەیلەسووفی کەنەدی چارلس تایلەر و یەکێک لە فەیلەسووفەکانی نەوەی سێهەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئالیکس هۆنیس. کانت کەرامەت وەک نرخ مامەڵە ناکات، پێی وایە کەرامەتی مرۆڤ شتێکە بە هیچ جۆرێک قابیلی ئەوە نییە بزانین نرخەکەی چەندە، ناتوانین قورساییەکە و نرخەکەی بپێوین، چونکە مەسەلەیەکە پەیوەندیی بە مرۆڤبوونی مرۆڤەوە هەیە. کەرامەت لای ئەم فەیلەسووفە، شتێکە لەسەرووی هەموو شتەکانی ترەوەیە و هیچ شتێک ناتوانێت نرخی کەرامەت دیاری بکات، لە هەموو شتێکی دیکە بەهادارتر و قورسترە. بۆیە لای کانت لەبەرامبەر کەرامەتدا نرخ ئامادە نییە، بەڵکوو ئینسانبوونی ئینسان خۆی ئامادەیە، ئینسان وەک بوونەوەرێکی خاوەنعەقڵ و خاوەنتوانای بیرکردنەوە و خاوەنهەستکردن. کانت پێی وایە کاتێک دەڵێین شتێک خاوەنکەرامەتە، ئەمە مانای ئەوەیە ناتوانین ئەو شتە بە هیچ شتێکی دیکە بگۆڕینەوە، ناتوانین نرخێکی تایبەتی بۆ دابنێین، چونکە کەرامەت نرخ و بەهایەکی ناوەکی دەبەخشێت، کە قابیلی پێوان و مەزەنەکردن نییە، کەرامەت نرخێکی ناوەکییە، کە قورساییەکەی لەناو خۆیدایە و لە دەرەوەی ڕێزگرتنی مرۆڤدا بە هیچ شتێکی تر ناپێورێت.

لای چارلس تایلەر، کەرامەت چەمکێکی سیاسی و فیکریی بنەڕەتیی ناو دونیای مۆدێرنە، هەڵگری ڕەهەندێکی گەردوونیی یەکسانخوازە، وای لێ دەکات باوەڕمان بەوە بێت مرۆڤەکان لە هەر شوێنێکی دونیادا بن خاوەنی کەرامەتن و بڕی ئەم کەرامەتەش لەناو هەموواندا بەهەمان ڕادەیە. هیچ مرۆڤێک کەرامەتی زیاتر یان کەمتری لە مرۆڤێکی تر تێدا نییە. لای تایلەر کەرامەت چەمکێکە ئاماژە بۆ شووناسی تاکەکەس دەکات وەک مرۆڤ، ئەوەی مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ و ئەوەی شووناسی مرۆڤبوون بە مرۆڤ دەبەخشێت کەرامەتە. لای ئەم فەیلەسووفە، کەرامەت شتێک نییە پابەست بێت بە کولتوورێک لە کولتوورەکانەوە بە تەنها، یان بەم میللەت و نەتەوە و گرووپی دینی و فەرهەنگییەوە. مرۆڤ مادام مرۆڤە، کەواتە خاوەنی کەرامەتە و خاوەنی کەرامەتی یەکسانیشە لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا. لە دیدی چارلس تایلەردا، مرۆڤی ناو دونیای مۆدێرن، وەک مرۆڤێکی خاوەنکەرامەت لەدایک دەبێت و کەرامەت بەشێکە لە وێناکردنە سەرەکییەکانی فیکری مۆدێرن بۆ کۆمەڵگە و مرۆڤی مۆدێرن. ئەگەر لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا چەمکی "شەرەف" چەمکی سەرەکی بێت، ئەوا چەمکی سەرەکیی ناو دونیای مۆدێرن چەمکی کەرامەتە. جیاوازیی سەرەکیی نێوان چەمکی "شەرەف" و چەمکی "کەرامەت" لەوەدایە، لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا مرۆڤەکان هەموویان بەقەدەر یەکتری خاوەنی "شەرەف" نەبوون، چونکە هەندێک لە مرۆڤەکان "ئەشراف" بوون و هەندێکی تریش "عەوام". ئەشرافەکان شەرەفی زیاتریان هەبووە لە عەوامەکان و عەوامەکان شەرەفیان کەمتر بووە لە ئەشرافەکان. بەڵام لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، چەمکی

کەرامـەت دەچێتـە شـوێنی شـەرەف و مرۆڤەکانیش بە هەمان ڕادە خاوەنکەرامەتن و کەس لەوی تر کەرامەتی زیاتر یان کەمتر نییە. چەمکی کەرامـەت لای تایلەر، تەنها چەمکێکی فیکری و تیۆری نییە، بەڵکوو ڕەهەندێکی سیاسیی هێجگار گرنگیشی هەیە، چونکە ئەم چەمکە بەتوندی بە شێوازێکی دیاریکراو و تایبەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگەوە گرێ دراوە. ئەمـەش مانـای ئەوەیە، کۆمەڵگە دەشێت بە جۆرێک ڕێک بخرێت، کە بەردەوام کەرامەتی مرۆڤەکان بریندار بکات و ژێرپێی بنێت، بەڵام دەشێت بە جۆرێکیش ڕێک بخرێت، کە ئەو کەرامەتە بپارێزێت. لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژی لەسەر ڕوانینەکانی تایلەر بۆ چەمکی کەرامەت دەوەستین و ڕەهەندەکانی تری نیشان ئەدەین، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان کەرامـەت و دانپیانان و کەرامـەت و دیالۆگ.

چەمکی کەرامـەت لای ئالیکس هۆنیس پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی "دانپیانان"ەوە هەیە، واتە ئیعتیرافکردن بە مرۆڤبوونی مرۆڤەکان. هۆنیس دانپیانان وەک یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ دەبینێت و وەک بەشێکی گرنگی وەدیهێنانی مرۆڤ بۆ ئینسانبوونی خۆی وێنای دەکات. ئەم فەیلەسووفە سێ شێواز لە دانپیانان لە یەکتری جیا دەکاتەوە و پێی وایە هەموو مرۆڤێک پێویستییەکی گەورەی بە هەریەکێک لەو سێ شێوازە لە دانپیانان هەیە. یەکەمیان بریتییە لە خۆشەویستی؛ دووهەمیان بریتییە لە بوونی ماف؛ سێیەمیان بریتییە لە بوونی هاریکاری و بەدەمەوەچوونی ئینسانی و کۆمەڵایەتی. بە بۆچوونی هۆنیس، مرۆڤ تەنها دوای وەدیهێنانی ئەو سێ شێوازە لە، دەتوانێت پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی بە خودی

خۆیەوە هەبێت. نەبوونی هەریەکێک لەمانە، شەبەقێکی گەورە لە بوونی مرۆڤانەی مرۆڤدا دروست دەکات. لای ئەم فەیلەسووفە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت شووناسێک بۆ خۆی دروست بکات، هەست بە کەسبوونی خۆی بکات، هەرسێ شێوازەکەی دانپیانان بنەڕەتی و سەرەکین. لای هۆنیس، خۆشەویستی وەک دانپیانان بە مرۆڤبوونی مرۆڤدا، شتێکە لە "مەجالی تایبەت"دا دروست دەبێت، لە پەیوەندییەکانی ناو خێزان و هاوڕێیەتی و پەیوەندیی خۆشەویستیدا. بەڵام دوو شێوازەکەی تری دانپیانان، شێوازی دانپیانانن، کە لە "مەجالی گشتی"دا دروست دەبن، لەناو کۆمەڵگەدا و لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەوە کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا دروستیان دەکات. لای ئەم نووسەرە، دانپیانان لەم ئاستەدا ڕەهەندێکی سیاسیی هێجگار گرنگی هەیە و پێشی وایە ئەوەی سیستمە سیاسییەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە، بڕ و ڕادەی فراوانی و بەرتەسکیی داننانە بە مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت. دابەشکردنی سیاسەتی باش و خراپیش لەسەر بنەمای بڕی دانپیانانەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە، سیاسەتی باش، ئەو سیاسەتەیە کە مەودا و ڕووبەری دانپیانانە جیاوازەکان گەورە دەکات و پیادەیان دەکات، سیاسەتی خراپیش لەسەر بچووککردنەوە و لەناوبردنی ئەو شتانە کار دەکات.

لە سی ساڵی ڕابردووی مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو شۆڕشی گەورە ڕوویان داوە، یەکەمیان شۆڕشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩یە، کە تیایدا کۆمەڵگەیەک ڕاپەڕی و دەسەڵاتدارێکی شاهەنشاهانەی بەهێزی خست. دووهەمیان "بەهاری عەرەبی"یە، کە تیایدا چەندان کۆمەڵگە هاتنە قسە و چەندان دەسەڵاتداریان خست. دوو شۆڕشی گەورە و خوێناوی لە ماوەی سی ساڵدا.

لەدوای هەریەکێک لەم دوو ڕووداوەشەوە، دۆخێکی نوێ هاتە کایەوە، یەکەمیان دۆخی بەئیسلامیکردنێکی تەواوی ناوچەکەیە لەپاڵ گووتارێکدا لەسەر "ڕەسەنایەتی" و "گەڕانەوە بۆ خود" و "بەگژاچوونەوەی غەربزەدەگی." لە کاتێکدا لە دووهەمیاندا دۆخی هەلاتن لەو پرۆسەی بەئیسلامیکردنە و هەلاتن لەو کۆمەڵگە ئیسلامی و لەو گووتارانە لە ئارادایە، کە شۆڕشی یەکەمیان دروستی کردووە. شۆڕشی ئێرانی بە ناوی بەرگریکردن لە "کەرامەتی نەتەوەیی" و "کەرامەتی فەرهەنگی" و "کەرامەتی خۆماڵیبوون"ەوە ئەدوا. لە کاتێکدا دووهەمیان بەرگری لە "کەرامەتی تاکەکەس" و "کەرامەتی مرۆڤ" وەک مرۆڤ دەکات و پاراستنی ئەم کەرامەتە تاکەکەسییەشی بە یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی خۆی دادەنا. دروشمی سەرەکیی "بەهاری عەرەبی،" "نان و ئازادی و کەرامەت" بوو، لە کاتێکدا دروشمی شۆڕشی ئێرانی "نە شەرقییە نە غەربییە، جمهوری ئیسلامییە بوو."

شۆڕشی ئێرانی خاوەنی دوو تیۆریستی ئایدیۆلۆژیی ڕادیکاڵ بوو، کە عەلی شەریعەتی و ئایەتوڵڵا خومەینین، لە کاتێکدا یەکێک لە ڕووکارە جوانەکانی "بەهاری عەرەبی" غیابی بیرۆکەی "زەعیم" و "زەعامەت" و "تیۆریست"ی ژمارەیەکە تیایدا. بەهاری عەرەبی، کە بەرگریی لە کەرامەتی تاکەکەسی دەکرد نەک لە کەرامەتی فەرهەنگی یان نەتەوەیی، نە زەعیمێکی سیاسیی دیگۆلی یان غاندیئاسا و جیڤارایی هەبوو، نە زەعیمێکی ڕۆشنبیری و فەلسەفیی وەک جان پۆل سارتەر و عەلی شەریعەتی. ئەم بەهارە بەهاری مرۆڤە ناڕازی و بێزاربووەکان بوو لە سەرجەمی درۆ دەستەجەمعییەکان و

باسکردنی مرۆڤەکان بوو لە خۆیان وەک تاکەکەسی تایبەت. هەر ئەمە بوو وای کرد ئەم باهارە تەمەنکورتە چەمکی پاراستنی "کەرامەت" بکاتە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو ئەو بزووتنەوەی یاخیبوونەی کە بەرپایان کردبوو. هەر لە بنەڕەتیشەوە کەش و هەوای ئەم بەهارە کەش و هەوای دروستکردنی زەعیم نەبوو، نە زەعیمی سیاسی و نە زەعیمی تیۆری، پێشم وایە ئەمە یەکێک لەو خاڵە گرنگ و پۆزەتیڤەیە کە لەدوای ئەم بەهارەوە بۆ نەوەکانی ئاییندە دەمێنێتەوە. ئەو تێزەی دەمەوێت لێرەدا بەرگریی لێ بکەم، ئەوەیە کە کەرامەت بەشێکە لەو ڕوانینانەی لەم ناوچەیەی ئێمەدا لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە هاتۆتە کایەوە. بەڵام لە دۆخی شۆڕشی ئێرانیدا چەمکی کەرامەت کورت کراوەتەوە بۆ "کەرامەتێکی دەستەجەمعی"ی گریمانکراو، کە لەپاڵ وێناکردنێکی داخراوی شووناسی دەستەجەمعیدا نمایش کراوە و یەکێک لە دەرەنجامە هەرە کوشندەکانی بریتی بوو لە قوربانیدان بە "کەرامەتی تاکەکەسی" لەپێناوی ئەو کەرامەتە دەستەجەمعییە وێناکراوەدا. ئەمەش دواجار شۆڕشی ئێرانی دەگۆڕێت بە یەکێک لە مۆتەکە سیاسییە گەورەکانی ناوچەکە و دونیا. دووهەمیان، کە بەهاری عەرەبییە، مەسەلەی کەرامەتی مرۆڤی وەک تاکەکەس خستە خانەی یەکەمی نەخشەی یاخیبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەم ناوچەیەوە. تێکشکانی بەهاری عەرەبی و زاڵبوونی دوژمنانی ئەم بزووتنەوە گرنگە بەسەر بزووتنەوەکەدا، لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە، کە چەمکی کەرامەت بووە بە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو زمانی سیاسی و فیکری و فەرهەنگیی ئەم ناوچەیە.

٦

مەسەلەی پلورالیزم، کە بەشی سێهەم و کۆتای ئەم کتێبەیە، مەسەلەیەکە پەیوەندیی بە مەسەلەی ڕێکخستنی جیاوازییەکانەوە هەیە لە کۆمەڵگەدا، ئیتر لە جیاوازییە دینییەکانەوە بیگرە تا بە جیاوازییە سیاسی و ئەتنی و فەرهەنگی و سێکسی و نەتەوەییەکان دەگات. پلورالیزم ئاماژەکردنە بۆ ئەو ڕاستییە سادەیە کە لە کۆمەڵگەدا دید و ڕوانین و خەون و چاوەڕوانیی جیاواز بوونیان هەیە و ئەم جیاوازییانەش لەناو سیستمی ئەخلاقی و دینی و ڕەمزیی جیاوازدا ڕەنگ دەدەنەوە. ئەمانەش لەو کێشە گەورانەن کە چارەسەرکردنیان ئاسان نییە. هیچ دونیایەک بێجیاوازی نییە و هیچ کۆمەڵگەیەکیش لە مێژوودا بوونی نییە، کە هەموو مرۆڤەکانی لەیەکچوو بن، بەتایبەتی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، کۆمەڵگەی پڕ مرۆڤ و بەها و دید و ڕوانین و ئەخلاقی جیاواز و هەمەڕەنگ و فرەجۆرن. وەک فەیلەسووفی ئەمەریکی جۆن ڕاوڵز دەڵێت، ئاکاری کۆمەڵگە دیموکراسەکانی دنیای مۆدێرن ئەوەیە، کە ڕوانین و دیدی فەلسەفی و ئایینیی هێجگار بەربڵاو و فراوانیان تێدایە، comprehensive و ناکۆکییەکان و جیاوازییەکانی نێوانیان چ لە ئێستا و چ لە ئایندەیەکی نزیکدا هێشتا قابیلی چارەسەرکردن نین. بەڵام ڕاوڵز لە جنسی ئەو فەیلەسووفە ڕەشبینانە نییە کە پێی وا بێت دونیای ئەمڕۆ دونیایەکی بێهیوایە و سیستمێکی بەربەریانە حوکمی دەکات، کە لە ڕۆخی وێرانبوون و داڕمانێکی

تەواوەتی نزیکی خستۆتەوە. ڕاوڵز باوەڕی وایە، مرۆڤەکان دەتوانن لەژێر تیشکی ئەوەی ناوی "عەقڵێکی ئینسانیی هاوبەش"ی لێ دەنێت، کێشە سەرەکییەکانیان چارەسەر بکەن و بە لانی کەمی هاریکارییشەوە لەگەڵ یەکدیدا بژین، وەک چۆن لە هەمان کاتەدا ئەو ڕاستییەش دەبینن و دانیشی پێدا دەنێن، کە کۆمەڵێک جیاوازی و ناکۆکییش لەنێوانیاندا هەیە، بەتایبەتی سەبارەت بە دیدی دینی و فەلسەفی و فەرهەنگییان بۆ دونیا.[1] ئەوەی ڕاوڵز لێرەدا باسی دەکات، مەسەلەی بینین و نکوولینەکردنی جیاوازییەکانە، بەڵام هاوکات پێداگرتنیشە لەسەر بوونی توانا بۆ کاری ئینسانیی هاوبەش و هاریکار، سەرەڕای بوونی ئەو هەموو جیاوازییانە، کە مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە. ڕاوڵز لێرەدا باس لە یەکێک لە دەرکەوتە هەرە سەرەکییەکانی ناو دونیای مۆدێرن دەکات، کە مەسەلەی پلورالیزم و فرەدیدییە، پلورالیزم بەتایبەتی لە ئاستی پرسیارە گشتی و ڕوانینە گشتییەکانی مرۆڤدا بۆ ژیان و جیهان و کۆمەڵگە، هاوکات پلورالیزم لە بواری بەها ئەخلاقی و دینی و تەنانەت سیاسییەکاندا. قبوڵکردنی ئەم جیاوازییانە و وێناکردنی دونیا لەم دیدە پلورالیستەوە، دەرەنجامێکی گرنگی بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، کە بریتییە لە قبوڵکردنی ململانێ و ناکۆکی وەک بەشێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی ژیان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، بەتایبەتی لە ژیانی سیاسی و ئەخلاقیدا. پێداگرتن لەسەر ئەو ڕاستییە سادەیە، کە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا هەمیشە و هەردەم ناکۆکی و فرەبۆچوونی لە زۆر بواری ژیانی

---

[1] بڕوانە: John Rawls (1993). *Political Liberalism*. New York: Columbia University Press. p. 140-41.

کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیدا هەیە و دەمێنێتەوە، تا ئەو شوێنەش کە ناکرێت ڕێککەوتنی ڕاستەقینەیان لەنێواندا دروست بکرێت، بەشێکە لە هۆشیاریی مۆدێرن خۆی، بۆیە ئەلتەرناتیڤی ئینسانی ئەوە نییە یەکێکیان ئەوی تریان لەناو ببات، یان ئەمیان بۆ هەتاهەتایە ئەوی تریان بێدەنگ بکات، یان یەکێکیان ئەوی تریان بێنرخانە مامەڵە بکات، بەڵکوو ئەوەیە کە بتوانن پێکەوە و لەناو یەک چوارچێوەدا بژین، ژیانێک لەپاڵ بوونی کۆمەڵێک ناکۆکیدا، کە دەکرێت ناوی "ناکۆکیی ماقوڵ" و "ناکۆکیی بەعەقڵانیکراو"یان لێ بنێین.

مەسەلەی ڕێکخستنی پلورالیزم تەنها مەسەلەی دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک مافی بنەڕەتی و بنچینەیی نییە سەبارەت بە یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا، بەتەنها مەسەلەی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەکانیش نییە، کە هەڵگری دیدی جیاوازن بۆ دونیا، بەڵکوو پێویستی بە خولقاندنی فەزایەکی کۆمەڵایەتیش هەیە، کە تیایدا ئینسانەکان بتوانن بەدوای وەدیهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانەوە بن، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەوانی تردا، هەروەها بتوانن لەسەر هەندێک ڕەوشی تایبەت ڕێک بکەون، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان. هەر لە سەرەتاشەوە ئەو ئەگەرە ئامادەیە کە دەشێت لە دۆخە پلوراڵەکاندا هێزی سیاسیی دەستەجەمعیی داهێنەر لەدایک ببێت، کە بتوانێت پلورالیزم پۆزەتیڤ بنرخێنێت و وەک توانا و ئەگەرێک بۆ بەهێزبوون مامەڵەی بکات، نەک وەک دۆخێک بۆ وێرانکردن. واتە مەرج نییە هەمیشە جیاوازی و پلورالیزم گەشە بکات بۆ سێکتاریزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی، مەرج نییە لەوی ترنەچوون هەمیشە ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ لەناوبردنی

ئەوی تر. جیاوازی و فرەڕەنگی دەشێت ڕێک بخرێن و بەتاڵ بکرێنەوە لە هەڕەشە و مەترسییەکان. لە هەموو ئەمانەدا خاڵێک تەواو ئاشکرایە، کە بریتییە لەوەی پلورالیزم ناتوانێت بەبێ ڕێککەوتن هەبێت و بژی، ناتوانێت بەبێ بوونی عەقڵیەتێک ئامادە بێت، کە نەیەوێت دانووسان بکات و ڕێگەچارەیەک بۆ لێکنەچوونەکان بدۆزێتەوە. بەڵام ڕێککەوتن مانای لێکچوون یان هەوڵدان بۆ لەیەکچوون نییە، مانای سڕینەوەی جیاوازییەکان و کۆپیکردنی یەکتری نییە، مانای ئەوەش نییە هێزێک یان دیدێک یان دونیابینییەک خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت. ڕێککەوتن مانای کۆبوونەوەیە لەدەوری هەندێک پرنسیپی زۆر گشتی، کە قبوڵنەکردنیان ناعەقڵانی و ناڕاست و ترسناک بێت، لەوانەش، بۆ نموونە، کۆبوونەوە لەدەوری ئەو پرنسیپەی کە پێی وایە پێویستە هەمووان وەک یەک و بە شێوەیەکی دادپەروانە مامەڵە بکرێن. هەرکەسێک ئەم پرنسیپەی قبوڵ نەبێت، ڕووبەڕووی مەترسیی ئەوە دەبێتەوە، کە خۆی بە شێوەیەکی نایەکسان و ستەمگەرانە مامەڵە بکرێت.

لە دونیای مۆدێرندا، ڕێککەوتن لەسەر ئەو پرنسیپە گشتییانە زۆربەی جار مانای بوونی دەستوورێکە، کە پرنسیپە بنەڕەتییەکانی پێکەوەژیانێکی یەکسان و مافدار و بێئیهانەکردنی تێدا جێگیر کرابێت. دەستوور وەک تێکستێک، کە پرنسیپە گشتییەکانی چەندان ڕووبەری ناسیاسیی ئازاد بۆ تاکەکەسەکان دروست بکات، کە بتوانن لەناویدا و بەبێ حیسابکردن بۆ زۆرینە و کەمینە، بۆ بەهێز و لاواز، بۆ دەوڵەمەند و هەژار، بتوانن بژین و بجووڵێن و بیر بکەنەوە، بەو شێوەیەی دەیانەوێت و بەو جۆرەی بە ڕاستی دەزانن، بە مەرجێک، ئەو شێوە ژیان و بیرکردنەوە

و جوولانە پرنسیپە دەستوورییە گشتییەکان بریندار و پێشێل نەکەن. جگە لەمە پلورالیزم هەمیشە پەیوەندیی بە مەسەلەی شووناسەوە هەیە، بەلام شووناس هەرگیز دروستکراوێکی داخراو نییە و هیچ شووناسێکیش کامڵ و تەواوبوو نییە و هیچیشیان لە تەنهاییدا و بە دابڕان لە شووناسەکانی تر و لە پەیوەندییەکان و لە کارلێکردنەکان دروست نابێت. هەموو جیاوازییەک بۆ ئەوەی وەک جیاوازی ببینرێت و بژی، پێویستی بە شتێک هەیە کە لەو نەچێت، واتە جیاوازی کە زۆر جار بنەمای شووناسە، تەنها لە پەیوەندیدا بە شتێکی دیکەوە کە لەو نەچێت، لە پەیوەندیدا بە جیاوازییەکی دیکەوە، قابیلی دروستبوون و مانەوەیە. بۆیە هەموو شووناسێک هەم لە ڕووی سیاسییەوە و هەم لە ڕووی ئۆنتۆلۆژیشەوە هەمیشە چەند شووناسێکی تری لە هەناوی خۆیدا هەلگرتووە، یان گریمانی هەبوونی ئەو شووناسانەی کردووە. بێگومان ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان جیاوازییەکان و شووناسەکاندا دروست دەبن، دەشێت پەیوەندیی ترس و بەدگومانی بن، پەیوەندیی تووڕەبوون و وەڕسبوون بن، یان پەیوەندیی بەدحاڵیبوونێکی گەورە بێت، بەلام دەشکرێت هیچ یەکێک لەمانە نەبێت و بە پێچەوانەوە، پەیوەندیی نێوان شووناسەکان پەیوەندیی کرانەوەیەکی پڕ ڕێز و تەنانەت سەرسووڕمان بێت بە یەکتری. ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان شووناسەکان مەسەلەیەکی ئاسان و پێشوەخت پێدراو و حازربەدەست نییە، بەڵکوو پێویستی بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی دروستکردنی دەزگا و پراکتیک و شێوازی نوێی خودبوونی نوێ هەیە.

ئەو خاڵەی گرنگە لەم پێشەکییەدا جەختی لێ بکەین،

ئەوەیە کە پلورالیزم پێکهاتێکی هێجگار سەرەکی و بنەڕەتیی کۆمەڵگەکانی دونیای ئەمڕۆیە. مۆدێرنە، وەک کۆمەڵناسی ئەمەریکی پیتەر بێرگەر دەڵێت، مەرج نییە هاوڕێ بێت لەگەڵ عەلمانیەت و عەلمانیەت لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، بەڵام هەمیشە پلورالیزم لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. دونیای مۆدێرن مەرج نییە دونیایەکی بێدین بێت، بەڵام هەمیشە دونیایەکە پڕ لە دیدی جیاواز بۆ دین و دینداری، دونیایەکە بەردەوام شووناسی تایبەت و لەیەکنەچووی دینی و نادینی دروست دەکات. بۆیە ئەوەی لە دۆخێکی لەو بابەتەدا وەک نان و ئاو پێویستە، تیۆرەیەکی یۆتۆپی و کشتگیر نییە لەسەر گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی یەکئاراستەیی، بەڵکوو پێداگرتنی زیاتر و زیاترە لەسەر بەهاکانی یەکسانی و ڕێز و لێبووردن و مافە تاکەکەسی و دەستەجەمعییەکان. لە ڕاستیدا هەڵسوکەوتی ئەخلاقی کاتێک ماناکانی بەتەواوی وەک هەڵسوکەوتێکی ئەخلاقی وەر دەگرێت، کە بتوانێت هەمیشە هۆشیار بێت بەم دۆخە پلورالە، هۆشیار بێت بەو دەورووبەرە کە پڕە لە مرۆڤ و شێوەژیان و خولیای جیاواز، پڕە لە دید و ڕوانینی جیاواز و ناکۆک و لەیەکنەچوو.

بێگومان بەرگریکردن لە پلورالیزم مانای بەرگریکردن نییە لە ڕێژەگەراییەکی پەرگیر، کە پێی وایە هەموو شتێک ڕاستە و هیچ شتێک هەڵە نییە، یان هەموو شتەکان و هەموو بۆچوونەکان و هەموو ڕوانینەکان وەک یەکن و ئەمیان لەوی تریان باشتر و ئەخلاقیتر نییە. لەپشتی ئەم دیدە ڕێژەگەراییە ڕەهایەوە وێناکردنێکی هەڵە و ترسناک بۆ شووناس ئامادەیە، کە وەک شتێکی دابڕاو و داخراو وێنای دەکات، شتێک، گوایە لە سێنتەرێکی داخراو و لەناو ڕووبەرێکی تەواو تایبەت و

بێپەیوەندی لەگەڵ شتەکانی دیکەدا دروست دەبێت، بەڵام ئەم ڕوانینە بۆ شووناس، تەواو ناکۆکە بەو ڕوانینەی شووناس وەک دەرەنجامی چەندان شێوازی کارلێک و کارلێکی پێچەوانەوە و چەندان شێوازی پەیوەندیی جیاواز و حەزی فرەجۆر و خواستی ناکۆک و ویستی ناتەبا، وێنا دەکات. ئەوەی پلورالیزم پێویستی پێیەتی، زمانێکە کە قەتعی و بنبڕ و گشتگیر نەبێت، زمانێک لەناو خۆیدا ئەگەر و توانای ڕێژەییبوونی خۆی هەڵگرتبێت و پێی وا نەبێت زمانێکی پاکژە و لە دەرەوەری ململانێکان و شووناسەکان و فۆرمە جیاوازەکانی میتافیزیکدایە. پلورالیزم زمان و عەقڵیەتێکی دەوێت، هەمیشە لە دۆخی پشکنینێکی ناوەکیی خۆیدا بێت بۆ دۆزینەوەی دەرکەوتە جیاوازەکانی موتڵەقگەرایی لە خۆیدا و ڕاستکردنەوەی ئەو دۆخەش لە ڕێگەی دەرگاکردنەوە لەسەر ڕێژەگەراییبەکی تەندروست. پلورالیزمی ڕاستەقینە، پلورالیزمێک ڕێزی پرنسیپە سەرەکییەکانی خۆی بگرێت، بەشێکی زۆری ئەوانەش دەگرێتە خۆی، کە باوەڕیان بە پلورالیزم نییە، بێگومان تا ئەو شوێنەی ئەو بێباوەڕییە دەبێت بە هەڕەشەیەکی بنەڕەتی بۆ سەر پلورالیزم خۆی.

لە بەشی سێهەمی ئەم کتێبەدا، سەفەرێکی درێژ دەکەین بەناو ڕوانین و بۆچوونەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی هانا ئارێنت و فەیلەسووفی ئیتالی جیانی ڤاتیمۆ و فەیلسووفی ئیسلامی فارابیدا لە پەیوەندییاندا بە مەسەلەی جیاوازی و پلورالیزمەوە. هەریەکێک لەم سێ نووسەرە گەورەیە، لە دیدێکی تایبەت و جیاوازەوە لە پلورالیزمی ڕوانیوە و هەریەکەشیان بە شێوەیەکی تایبەت بەرگریی لە پلورالیزم کردووە.

٧

خەمی من لە نووسیندا هەرگیز خەمێکی تیۆری نەبووە بەتەنها و ئارەزووی تیۆریزەکردن نووسینی منی ئاراستە نەکردوە، ئەوەی منی جوولاندووە غەمی خوێندنەوەی "ئێستا" بووە، ڕاڤەکردن و تێگەیشتن بووە لەو "دونیاییبوونەی" لەناویدا ئامادەین. تێگەیشتن لەم ئێستایە و هەولدان بۆ گۆڕین و دارشتنەوەی بە شێوەیەکی باشتر و ئینسانیتر و کراوەتر، ئەو پالنەرە سەرەکییەیە کە وا لە من دەکات بنووسم. نووسین لای من هەولدانە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تایبەت بە دونیاوە، پەیوەندییەک، خالی هەرە گرنگ تیایدا تێگەیشتنە لە دونیا بە مەبەستی گۆڕین و دەستکاریکردنی، بۆ کردنی بە جێگەیەک، بکرێت مرۆڤ لەناویدا مرۆڤبوونی خۆی بەبێ ترس و بێ سووکایەتی و ئیهانەکردن بژی. ئەم پەیوەندییەش بە نووسینەوە تەنها پەیوەندییەکی فیکری و تیۆری نییە بەتەنها، هەروەها پەیوەندییەکی سیاسییش نییە بەتەنها، بەلکوو پەیوەندییەکە تیایدا فیکر بەشێکە لە سیاسەت و سیاسەتیش بەشێکە لە فیکر. "ئێستا" لایَ من کێشەیەکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و فیکرییە، کێشەیەکی ئالۆزە و چەندان ڕەهەندی جیاوازی هەیە و پێویستی بە زیاد لە شێوازێکی بەرەنگاربوونەوە و دارشتنەوە هەیە. هەم بۆ دەستکاریکردنی نووسین خۆی و

هەم بۆ گۆڕین و دەستکاریکردنی دونیاش، زیاد لە ستراتیژێک و زیاد لە فۆرمێکی مەعریفی پێویستە. هەموو "ئێستا"یەک پێدراوێکی دروستکراوە، کە هەرگیز لە دروستکردن ناوەستێت، پێدراوێکە پڕ لە نهێنی و تاریکی و ڕووناکی، کە بەردەوام بە یەکتری تێکەڵ دەبن و لە یەکتری جیا دەبنەوە. کاری فیکر بەرهەمهێنانی زمان و چەمک و تیۆرە و ڕوانین و پراکتیکە، کە هاریکاری کۆمەڵگە بکات بۆ ئەوەی باشتر لەو ئێستایە تێبگات و باشتر بیر لە کردەی گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی ئەو ئێستایە بکاتەوە. لەکوێدا فیکر لە ویست و خەونی گۆڕین و دەستکاریکردنی ئێستا کەوت، خۆی وا نمایش کرد، کە کردەی ئازادبوون کردەیەکە لە ئاستی فیکردا دەبێت ڕوو بدات، ئەودەم هەموو ئەو پردانە وێران دەکات کە بە دونیاوە گرێی ئەدات، بەمەش وەک هێزێکی نەبوو وایە، وەک گیانلەبەرێک وایە لەناو شووشەیەکدا لە دەرەوەی بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

هەموو "ئێستا"یەکیش هەمیشە "ئێستا"یەکی کاتییە، هیچ ئێستایەک نییە ئەبەدی و نەگۆڕ، لە ڕابردووەوە بۆ ئەمڕۆ هاتبێت و لەمڕۆشەوە بۆ سبەینێ و دووسبەی بپەڕێتەوە و لە دۆخی خۆدووبارەکردنەوەیەکی بەردەوامدا بێت. قسەکردن لەسەر "ئێستا" کاتێک دەتوانێت لانی کەمی بەهای میتۆدی و زانستیی هەبێت، کە لەناو دیدێکی دینامیکییەوە هاتبێت، خۆی لە کۆمەڵێک کلێشەی فیکری و تیۆری پاراستبێت. بە بۆچوونی من، کاری فیکر لە "ئێستا"ی دونیای ئێمەدا، "نووسینە بە دەنگی بەرز،" بە دەنگێک، بکرێت هەموو

ئەوانە ببیستن کە بەشێکن لەو ئێستایە و بەشدارن لە دروستبوون و بەهێزبوون و پاراستن و گۆڕین و نەگۆڕین و داڕشتنەوەیدا. ئێستای ئێمە ئێستایەکی ترسناکە و پێویستی بە دەستکاریکردنێکی هەمەلایەن و بەرفراوان هەیە، مرۆڤ لەم ئێستایەدا بە شێوازی جیاواز بریندار و بێکەرامەت و ترساو و بێئومێد دەکرێت، کەم نین ژمارەی ئەو نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسییانەی سەری زمان و بنی زمانیان بەگەمژەسەیرکردن و مامەڵەکردنی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگە ئێمەیە. کەم نین ژمارەی ئەو نووسەر و سیاسییانەی بە کار و کردەوە و نووسین و بیرکردنەوە دژ بە پلورالیزمن، کەم نین ئەو نوخبەگەرانەی پێیانوایە مۆرڤ هەیە باڵایە و مافی زیاتر و نرخی زیاتر و کەرامەتی زیاتری هەیە و مرۆڤ هەیە نزمە و بۆ ئەوە دروست کراوە لە ڕیزی خوارەوەی کۆمەڵگەدا بژی. نووسین بە دەنگی بەرز نووسینە دژ بەم شێوازە لە بیرکردنەوە و نووسین و هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، نووسینە دژ بەم ئێستایە، کە ئەم گشتە ترسناکە دروستی کردووە. نووسین بە دەنگی بەرز خەریکی خەونبین بە ئاییندەیەکەی دوورەوە نییە، بەشێکیش نییە لە کردەی گەڕان بەدوای نەمرییەکی تاکەکەسیدا، بەکەمزانینی ئەو دیاردانەش نییە کە لە ئێستا و لێرەداً ڕوو دەدەن، بەڵکوو نووسینە لەسەر ئەو پرۆسە و جووڵە و کردار و خەون و بەرگری و تێکشکاندنانەی بەسەر یەکەوە ئێستا دروست دەکەن، ئێستا هەم ناشیرن و هەم جوان، هەم نائومێد و هەم پڕئومێد دەکەن. بۆیە نووسین بە دەنگی بەرز،

هەرچییەک بێت، نووسینێکی دەمامکدار نییە، فرەدەموچاو و فرەفێڵ نییە، نووسینە لە دۆخی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بە دونیاوە، بەبێ ئەوەی ترس لە کاردانەوە جیاوازەکانی ئەو دونیایە ناچاری بکات چەندان دەموچاو لە ڕیتۆریک و ئینشاسازی و هیچنەوتن دروست بکات.

ئەمستردام

٢٦ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٥

بەشی یەکەم
مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف

لەدایکبوونی بیرۆکەی یەکسانی لە دونیای مۆدێرندا

سەرەتا

وەک لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا وتمان، یەکێک لە ئاکارە هەرە سەرەکییەکانی دونیای مۆدێرن، وێناکردنی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتریدا وەک بوونەوەری یەکسان، وەک کەسانێکن کە هەموویان هەمان مافیان هەیە و هەمان بەرپرسیارێتییان لەسەر شانە. ئەم مەسەلەیە بە ڕادەیەک بنەڕەتی و گرنگە، ناکرێت بیر لە مۆدێرنە بکەینەوە بەبێ بیرۆکەی یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا. ڕەنگە کەس هێندەی تۆماس جیفرسۆنی سەرۆکی ئەمەریکا بەوردی ئەم ڕۆحیەتە یەکسانخوازەی مۆدێرنەی لە سەدەی هەژدەهەمدا بەرجەستە نەکردبێت. جیفرسۆن لە ساڵی ١٧٧٦دا دەنووسێت: "ئێمە باوەڕمان وایە ئەم کۆمەڵە ڕاستییە بەڵگەنەویستن: هەموو مرۆڤەکان بەیەکسانی دروست کراون، دروستکەرەکەشیان کۆمەڵێک مافی پێ داون، کە ناکرێت لێیان بسەنرێتەوە، لەنێوان ئەو مافانەشدا مافی پاراستنی ژیان و مافی ئازادی و مافی گەڕان بەدوای بەختەوەریدا." ئەم دێڕە سادانە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا دەنووسرێن و دەبنە بانگەشە هەرە سەرەکییەی مۆدێرنە، شتگەلێکی تەواو تازەن و بەر لەو مێژووە شتێک بەو مانایە و بەو ڕوونییە لە هیچ

سەرەتا

وەک لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا وتمان، یەکێک لە ئاکارە هەرە سەرەکییەکانی دونیای مۆدێرن، وێناکردنی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتریدا وەک بوونەوەری یەکسان، وەک کەسانێکن کە هەموویان هەمان مافیان هەیە و هەمان بەرپرسیارێتییان لەسەر شانە. ئەم مەسەلەیە بە رادەیەک بنەڕەتی و گرنگە، ناکرێت بیر لە مۆدێرنە بکەینەوە بەبێ بیرۆکەی یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا. ڕەنگە کەس هێندەی تۆماس جیفرسۆنی سەرۆکی ئەمەریکا بەوردی ئەم ڕۆحیەتە یەکسانخوازەی مۆدێرنەی لە سەدەی هەژدەهەمدا بەرجەستە نەکردبێت. جیفرسۆن لە ساڵی ١٧٧٦دا دەنووسێت: "ئێمە باوەڕمان وایە ئەم کۆمەڵە ڕاستییە بەڵگەنەویستن: هەموو مرۆڤەکان بەیەکسانی دروست کراون، دروستکەرەکەشیان کۆمەڵێک مافی پێ داون، کە ناکرێت لێیان بسەنرێتەوە، لەنێوان ئەو مافانەشدا مافی پاراستنی ژیان و مافی ئازادی و مافی گەڕان بەدوای بەختەوەریدا." ئەم دێڕە سادانە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا دەنووسرێن و دەبنە بانگەشە هەرە سەرەکییەی مۆدێرنە، شتگەلێکی تەواو تازەن و بەر لەو مێژووە شتێک بەو مانایە و بەو ڕوونییە لە هیچ

شوێنێکی دونیا و لە هیچ سەردەمێکی مێژووییدا و لە هیچ تێکستێکدا بوونی نەبووە.[1]

بێگومان لەناو هەریەکێک لە شارستانیەتە گەورەکاندا کۆمەڵێک تێکست هەن کە شتگەلێکی نزیک بەو بۆچوونانە دەڵێن، ڕێزگرتن لە مرۆڤ شتێک نییە جیفرسۆن دای هێنابێت، بەڵام ئەو پێداگرتنە بێچەندوچوونە لەسەر یەکسانبوونی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا و لەسەر بوونی کۆمەڵێک مافی بنەڕەتی بۆ هەمووان، کە هیچ کەسێک نەتوانێت لە مرۆڤی بسێنێتەوە، شووناسی سەرەکیی ئەو شارستانییانە و ئەو سەردەمە مێژووییانە نییە. مۆدێرنە ئەم شێوازە لە ڕوانین بۆ مرۆڤ و ئەم شێوازە لە نرخاندن و داوەریکردن، نەک تەنها بۆ شێواز و نرخاندنی سەرەکی دەگۆڕێت، بەڵکوو دەشیکات بە شوناسی سەرەکیی خۆشی. سانزە ساڵ دوای ئەو قسانەی جیفرسۆن، شۆڕشی فەرەنسی لە پاریس بەرپا دەبێت و لەگەڵ ئەم شۆڕشەشدا "بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی" لەدایک دەبێت. لەم ڕووداوە تازەیەشدا، پێداگیریی تەواو لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەکرێت وەک کۆمەڵێک مافی سروشتی و نەگۆڕ و پیرۆز، کە هیچ هێز و لایەن و دەسەڵات و حکومەتێک بۆی نییە لێیان لا بدات و ڕێزیان نەگرێت. ئەم دارشتنە تایبەتە وا دەکات ئەو مافانە وەک بنەمای هەموو دەسەڵاتێک دەر بکەوێت، کە بخوازێت بەشێک بێت لە دونیای مۆدێرن و هەڵگری پێدراوە سەرەکییەکان و نرخ

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە، بڕوانە:
Allen(1998 ،(Jayne *Jefferson's Declaration of Independence: Origins, Philosophy and Theology.* Lexington, Ky.: The University Press of Kentucky.

و بەها بنەڕەتییەکانی ئەو دونیایە بێت. هەم لای جێفرسۆن و هەم لە بەیاننامەکەی شۆڕشی فەڕەنسیدا، مرۆڤەکان بۆ یەکەم جار بەبێ لەقەب و پێگە و ئینتیمای دینی و ئەتنی و چینایەتییان وەک بوونەوەرێک نماییش دەکرێن، کە هەموویان لەگەڵ یەکدا و لە بەردەم یاسادا یەکسانن، کەس لەسەر بنەمای ئەسڵ و فەسڵ، دین و کولتوور، ڕەگەز و ئەتنیەت لە کەسی تر باشتر و خاوەنمافتر و بەنرختر و بەرزەجێتر نییە. ئەوەشی لەم دوو ڕووداوەدا سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە ئەوان تەنها باسی خەڵکی فەڕەنسا یان ئەمەریکا ناکەن، بەڵکوو باسی "هەموو مرۆڤێک،" "هەموو خەڵک" و "هەموو کۆمەڵگە"یەک دەکەن، باس لە "هەموو هاوولاتییان"ی هەموو پارچە جیاوازەکانی دونیا دەکەن، بەمەش ڕەهەندێکی بان کولتووری و بان دینی و بان نەتەوەییی گەردوونی بەم ڕوانینە تازەیە بۆ مرۆڤ، دەبەخشن.[1]

مرۆڤی نایەکسان

مەسەلەی ئەوەی بەبێ گوێدانە پاشخانی کۆمەڵایەتی و دینی و ئەتنی، بەبێ حیسابکردن بۆ پلەوپایەی کۆمەڵایەتیِ، بێ گوێدانە ڕەنگی پێست و شێوازی دەرەوەی جەستەی مرۆڤ، بڵێین مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا یەکسانن، وتنێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕانەیە. لە بەشی هەرە زۆری مێژووی مرۆڤایەتیدا کەس نەیوتووە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا یەکسانن، کەس

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشو.

نەیوتووە دیندار و بێدین، دەوڵەمەند و هەژار، خەڵکی شار و خەڵکی گوندەکان، ڕەش و سپی، نێر و مێ لە وێناکردنی یەکەمدا مرۆڤن و ئەم مرۆڤبوونەشیان وایان لێ دەکات لەگەڵ یەکتریدا یەکسان بن. دەڵێم بەشی هەرەزۆری مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی ڕوانینە بۆ مرۆڤەکان وەک مرۆڤی نایەکسان، هەندێک لەوانی تر خاوەنمافتر و بالاتر و نرخدارتر بوون و لەسەر ئەو وێناکردنەش بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە کراون.

لە فیکری کلاسیکی کۆندا، بیرۆکەی یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا نەک تەنها ئامادە نییە، بەڵکوو بە چەندان شێوەش بەرگری لە نایەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا کراوە. بۆ نموونە لە دونیای کۆندا ڕوانینێکی بایۆلۆژی و نیمچەبایۆلۆژی هەیە، کە مرۆڤە جیاوازەکان وەک خاوەن لەشی جیاواز وێنا دەکات و لەسەر بنەمای ئەم وێناکردنەش نرخ و بەهای جیاواز بە هەریەکێکیان دەبەخشێت. جیاکردنەوەی لەشی ئافرەت لە لەشی پیاو، لەشی کۆیلە لە لەشی خاوەنکۆیلە، لەشی دەوڵەمەند لە لەشی هەژار، لەشی دینی لە لەشی نادینی، دابەشکردنێکە بە دەیان شێوە بە نرخاندنی جیاواز و نایەکسانەوە گرێ دراوە. لە هەمان کاتدا ڕوانینێکی فەلسەفییش بۆ مرۆڤ لە ئارادا بووە، کە مرۆڤی کەمتر وەک "خاوەنجەستە" و زیاتر وەک "خاوەنڕۆح" وێنا کردووە، ڕۆحیش وەک شتێک پێناسە کراوە، تەواو ناکۆک بە جەستە. جیاکارییەکە لێرەدا لەنێوان جەستەی مرۆڤەکاندا نییە، بەڵکوو لەنێوان ڕۆحی مرۆڤەکاندایە. ئەم جیاکارییەش تا ئەو شوێنە دەڕوات هەندێک مرۆڤ وا وێنا بکرێن وەک

ئەوەی خاوەنڕۆح نەبن، یان ڕۆحیان بەو ڕادەیە گەشەی نەکردبێت، بکرێت بە خاوەنڕۆح ناو ببرێن، ئەم جۆرە مرۆڤانە تەنها جەستەن، جەستەی بێڕۆح. لەم ڕووەوە، بۆ نموونە، ئیبن سینا کە باس لە بەهەشت دەکات، پێی وایە بەهەشت هەم چێژی جەستەیی تێدایە، هەم چێژی ڕۆحی، چێژە جەستەییەکان بۆ ئەو مرۆڤانەیە کە توانا ڕۆحییەکانیان لاوازە و تەنها دەتوانن چێژی جەستەیی ئەزموون بکەن، لە کاتێکدا چێژە ڕۆحییەکان، کە چێژی بالاترن، هی ئەو مرۆڤانەیە کە خاوەن ڕۆحێکی تایبەتن، جیاواز لە ڕۆحی ئەوانی تر. ئەم ڕوانینەی ئیبن سینا بۆ بەهەشت، کە تیایدا شوێنێکیش بۆ ئەوانە دەکاتەوە کە دەتوانن تەنها چێژی جەستەیی ببینن، تەواو ناکۆکە بەو ڕوانینەی فارابی، کە پێی وایە جەستەی مرۆڤەکان لە قەبردا دادەڕزێت و کۆتایی پێ دێت، ئەوەی بۆ بەهەشت دەڕوات تەنها ڕۆحەکانە. بەڵام فارابی پێی وایە هەموو ڕۆحێک ناچێتە بەهەشتەوە، بەهەشت تەنها هی ئەو ڕۆحانەیە کە گەشەیان کردووە و دەتوانن چێژە ڕۆحییەکان ئەزموون بکەن. ئەم جۆرە ڕۆحەش تەنها ڕۆحی بیریار و فەیلەسووف و خوێندەوارە گەورەکانە، نەک ڕۆحی مرۆڤە سادە و ئاساییەکان.[١]

تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش، یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکانی ئەو مزدەبەرە مەسیحییانەی لە کیشوەری ئەفەریقادا خەریکی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیەت بوون، ئەوە بوو ئایا ئەفەریقییەکان ڕۆحیان هەیە یان نا؟ ئایا

---

١ بڕوانە: Rahman, Fazlur (2002). *Islam*. The University Chicago Press, Chicago. لاپەڕە١١٩.

ئەوانیش وەک مرۆڤە سپییەکان خاوەنی جەستە و ڕۆحن پێکەوە، یان بەتەنها خاوەنی جەستەن؟ بەر لەوەی لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بێمە سەر باسکردنی هەندێک لە دەرکەوتە سەرەکییەکانی نایەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا لە فەلسەفەی کلاسیکیدا، دەمەوێت لێرەدا جەخت لەو خاڵە بکەمەوە، کە لەناو دینەکان و هەندێک کەلەپووری بیرکردنەوەی کلاسیکیدا، چەند وێنەیەکی مرۆڤ بوونی هەیە، کە دەکرێت وەک سەرەتایەکی زۆر سادەی وێناکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەری یەکسان وێنای بکەین. دەڵێم وەک سەرەتایەکی زۆر سادە، چونکە شێوازی سەرەکیی بیرکردنەوە لە مرۆڤ، ئەو ڕوانین و بیرکردنەوانە بوون کە مرۆڤەکانیان وەک بوونەوەری نایەکسان وێنا کردووە. بۆ نموونە لە ئینجیلدا هاتووە، کە پێویستە "هاوسێکەتت خۆش بوێت وەک چۆن خۆتت خۆش دەوێت،" یان لە ئیسلامدا هاتووە "هیچ کەس لە ئێوە باوەڕدارێکی ڕاستەقینە نییە، تا ئەوەی حەز بکات براکەشی هەمان ئەو شتەی هەبێت کە ئەم حەز دەکات خۆی هەیبێت." ئەم جۆرە ڕوانینانە کە ئاماژە بۆ هەندێک دەرکەوتی یەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا دەکەن، دەکرێت لە زیاد لە کەلەپوورێکی دینی و نادینیی ناو مێژوودا بدۆزرێنەوە، بەلام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا دەستەواژەی "دراوسێ" و "برا" لەو دێڕانەی سەرەوەدا باس لە کێ دەکەن و چۆن لەناو ئەو دینانەدا ئەو کەسانە پێناسە کراون؟ بەر لە هەموو شتێک، دەستەواژەی "دراوسێ" و "برا" دوو دەستەواژەی سنووردارن و ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە برا و دراوسێ نین. ئەم خاڵە گەرچی گرنگییەکی تایبەتی

هەیە، بەڵام مەسەلەکە تەنها بوونی ئەم سنوورە دیاریکراو و بەرتەسکە بۆ پێناسەکردنی مرۆڤ نییە، بەڵکوو ئەوەشە کە پێداگرتن لەسەر خۆشەویستی بۆ دراوسێ و برا، لە باشترین لێکدانەوەدا کۆمەڵێک پرنسیپی ئەخلاقین، نە یاسا و نە دەزگا و نە کەلەپوورێکی سیاسی بوونی نییە کە ئەو دیدە ئەخلاقییە بۆ دیدێکی سیاسی گەشە پێبدات و خۆشەویستی بۆ دراوسێ و برا بگۆڕێت بۆ ماف. ئەم شێوە ڕوانینە کلاسیکییانە بەشێکن لە هەندێک پرنسیپی ئەخلاقی، کە پێویستە تاکەکەسەکان هەڵگری بن، بەڵام پرنسیپن بەبێ گووتار و بەبێ دەزگا و بەبێ دونیابینییەکی سیاسی، واتە پرنسیپن بەبێ ئەوەی بووبن بە ماف. کەلەپوورێکی دێرینی تریش هەیە، کە پێم وایە لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکانی دونیادا بوونی هەیە و بوونی هەبووە، ئەویش کەلەپووری خەمخواردن و مشوورخواردن و بەدەمەوەچوونی "کەسانی تر"ە. زۆربەی جار ئەم کەسانە کەسە نزیکەکانن، بۆ نموونە دایک و باوک و خوشک و برا و دۆست و ناسراوەکانن، بەڵام مەرج نییە ئەم کەسانە هەموو ئەوانە بن کە مرۆڤ بە ئەرکی خۆی دەزانێت و زانیوە خەم و مشووریان بخوات. بۆ نموونە کەسانی پیر و پەککەوتە، کەسە لاوازەکانی ناو کۆمەڵگە، ئەوانەی زۆر هەژارن، ئەوانیش لە هەندێک دۆخدا مشووریان خوراوە و ئاگاداری کراون. ئەم کەسانە مەرج نییە مرۆڤ بیانناسێت بۆ ئەوەی مشووریان بخوات. بەڵام ئەم جۆرە مشوورخواردنەش پەیوەندیی بە مافەوە نییە و بەشێکە لە دیدگەیەکی ئەخلاقی، کە پابەستە بە ئامادەگیی هەندێک کەلەپووری دینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە،

کە لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکانی دونیادا بوونی هەیە و بوونی هەبووە.

ئەو بۆچوونەی پێی وایە مرۆڤەکان هەموویان یەکسانن و نابێت لەسەر هیچ بنەمایەکی دینی و ئەتنی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و جنسی و ڕەگەزی، جیاوازی لەنێوانیاندا بکرێت، بۆچوونێکی تازەیە و مێژووەکەی بۆ لەدایکبوونی دونیای مۆدێرن دەگەڕێتەوە. ئەم دونیایەش لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە هێدی هێدی دروست دەبێت. پێویستە هەر لە سەرەتاوە ئەو خاڵە تەواو ئاشکرا بێت، کاتێک باس لە بیرۆکەی یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان لە دونیای مۆدێرندا دەکەین، باس لە "واقیعی یەکسانی" ناکەین، واتە باس لەوە ناکەین ئایا مرۆڤەکان لە واقیعدا لەگەڵ یەکدا یەکسانن، یان نا؟ ئایا باوەڕبوون بەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا یەکسانن، فیکرەیە یان واقیع؟ باس لە بوونی چەندەها شێوازی گەورەی نایەکسانی لەناو دونیای مۆدێرندا ناکەین، ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم، لەدایکبوونی ئەو دۆخە نوێیە گشتییەیە کە تیایدا ئەگەری وێناکردنی مرۆڤەکان وەک بوونەوەری یەکسان لەدایک دەبێت و ئەو وێناکردنەش هەم دەبێت بە بەشێک لە فیکر و تیۆرەکان خۆیان و هەم بە بەشێکیش لە مێژوو، واتە شتێک لەو یەکسانییە و شتێک لە وێناکردنەکانی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی یەکسان لەناو واقیع و مێژووی دونیای مۆدێرندا هەیە و ئامادەیە، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان و نایەکسانییەکانی ناو ئەم مێژووە.

مێژووی وێناکردنی مرۆڤەکان وەک بوونەوەری یەکسان

لەگەڵ یەکدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم و بەر لەو سەدەیە بەدەگمەن نەبێت شتێک بە ناوی یەکسانبوونی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا نادۆزینەوە. بەر لە سەدەی هەژدەهەم، لە هیچ شوێنێکی دونیادا مرۆڤ بوونەوەرێکی "خاوەنماف" و "یەکسان" نەبووە، مرۆڤ "خودێکی یاسایی" نەبووە، کە ئەم یاساییبوونەی بنەمای هەبوونی کۆمەڵێک ماف بێت، هیچ کەس و لایەنێک نەتوانێت لەناویان ببات. بینینی یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا وەک ماف، دیدێکی تەواو تازەیە. بەڵام وەک وتم، کە باس لە "مرۆڤی یەکسان" دەکەین، ئەوەندەی باس لە "وێنەیەکی زیهنی" یان "بیرۆکە"یەکی ئەبستراکت، یان ئایدیالێک دەکەین، ئەوەندە باس لە واقیعێکی مێژوویی بەرجەستە و فراوان ناکەین، چونکە هەموومان دەزانین کۆیلایەتی لە شێوە فەرمییەکەیدا تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و مامەڵەکردنی ژنان وەک بوونەوەرێکی پلەدوو لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دونیادا، بۆ سەدەی بیستەم دوا دەکەوێت. ئەمە جگە لە چەندان شێوازی دیکەی نایەکسانی و هەڵاوردن، کە تا ئەمڕۆش بەشێکن لە مێژووی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەکانی دونیا. ئەو چەند دێڕە سادەیەی جیفرسۆن لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بەو ڕوونییە دەینووسێت، سەرەتایەکی تەواو تازەیە، بەڵام سەرەتایەکە تا ئەمڕۆش نەبووە بە بەشێکی ئۆرگانی و دانەبڕاو لە مێژووی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان. ئەم ڕوانینە بنەڕەتی و تازەیە بۆ مرۆڤ، چ لەدوای شۆڕشی ئەمەریکی و چ لەدوای شۆڕشی فەرەنسییەوە، زۆر جار و لە زۆر شوێنی دونیادا تەنها وەک کۆمەڵێک وشەی سەر کاغەز

ماوەتـەوە. لـە فەرەنسـا خۆیـدا گەشـەکردنی ڕووداوەکانی شۆڕشـی فەرەنسـی بە ئاراستەیەکدا تێدەپەڕن، کە "حکومەتـی تێرۆ" دروست دەبێت و هـەزاران کـەس دوای داوەریکردنێکی کارتۆنـی دەکوژرێـن و دەسـتووری فەرەنسـاش بـە جۆرێـک دادەڕێژرێتـەوە، تـەواو ناکـۆک بـەو پرنسـیپە گرنگانـەی پێ لەسـەر یەکسانیی مرۆڤـەکان لەگـەڵ یەکـدا دادەگـرن. دوای ئـەو ڕووداونـەش دیـاردەی ئیمپریالیـزم و داگیرکـردن و چەوسـاندنەوەی بەشـێکی گـەورەی دونیـا لەلایـەن وڵاتـە ئەورووپییەکانـەوە دەسـت پێ دەکات، ئیمپریالیزمیش پەیڕەوی هـەر پرنسـیپێکی کردبێت، ئـەوا پەیڕەوی پرنسـیپی یەکسـانیی مرۆڤەکانـی لەگـەڵ یەکتریـدا نەکـردووە. هەمـوو ئەمانـە هیـچ لـەو ڕاسـتییە ناگـۆڕن کـە لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی هەژدەهەمـەوە وێنەیەکـی نـوێ بـۆ مـرۆڤ لەدایـک دەبێت، کـە تیایـدا وەک بوونەوەرێکی خاوەنمـاف، وەک کەسـێکی یەکسـان بـە مرۆڤەکانـی تـر، وێنـا دەکرێـت. لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی هەژدەهەمـدا دوو بەیاننامـەی گرنـگ لـە دوو شـوێنی جیـاوازی دونیـادا سـەبارەت بـە مافەکانـی مـرۆڤ دەر دەچێـت، کـە ئامـاژە بـۆ لەدایکبوونـی ئـەم سـەرەتا تازەیـە دەکـەن. ئـەو دوو بەیاننامەیـەش بریتیـن لـە "بەیاننامـەی مافـەکان-Declaration of Rights" کـە لـە ١٢ی مانگـی شەشـی سـاڵی ١٧٧٦دا لـە ڤێرجینیـا لـە ئەمەریـکا دەر دەچێـت. دووهەمیـان "بەیاننانـەی مافەکانـی مـرۆڤ و هاووڵاتییـە" کـە لـە ٢٦ی مانگـی هەشـتی سـاڵی ١٧٨٩دا لـە پاریـس دەر دەچێـت.[1]

١ بڕوانە کتێبی:
Peter C. Kop (...).Men en Burger een geschiendenis van grondrechten.Walburg Pers. P. 19/20.

چ کەسێک خاوەنمافە؟

پرسیاری ئەوەی کێ خاوەنمافە، پرسیارێکی کۆنە؟ بەڵام وەڵام بەو پرسیارە لە دونیای کۆندا تەواو جیاوزە لەو وەڵامانەی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە بەم پرسیارە دەدرێتەوە. با لێرەدا سەرنجێک لە وەڵامی یۆنانییە کۆنەکان بدەین، بەتایبەتی بزانین ئەفلاتوون و ئەرستۆ چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە ئەدەنەوە، دوای ئەوە بەدرێژی دێینە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەدەی هەژدەهەمدا دێنە کایەوە و وا دەکەن وێنەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی یەکسان لەدایک ببێت.

دیدی ئەرستۆ و بەر لەویش دیدی ئەفلاتوون بۆ دادپەروەری، دیدێکە تەواو جیاوازە لەو دیدەی ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەکانی دونیا بۆ دادپەروەرییان هەیە. دادپەروەری لە یۆنانی کۆندا لەسەر ڕوانین و مامەڵەکرنی یەکسانیی مرۆڤەکان دروست نەبووە، شتێک بە ناوی "یەکسانی"یەوە بەو مانایەی ئەمڕۆ ئێمە لێی تێدەگەین، بوونی نەبووە. بەرگریی ئەرستۆ لە بوونی کۆیلە و لە سیستمی کۆیلایەتی، بابەتێکی بەناوبانگی ناو فیکری ئەم فەیلەسووفەیە و هەرکەسێک خۆی بە مەسەلەی ڕوانین بۆ مرۆڤەوە لە فیکری بەر لە دونیای مۆدێرندا سەرقاڵ کردبێت، ڕاستیی ئەم بەرگرییەی ئەرستۆ لە کۆیلایەتی دەزانێت. بەر لەوەی بێمە سەر باسکردنی چۆنێتیی بەرگریکردنی

ئەرستۆ لە کۆیلایەتی و جیاکردنەوەی شێوازە جیاوازەکانی کۆیلایەتی لای ئەم فەیلەسووفە یۆنانییە، بە پێویستی دەزانم وەک سەرەتا هەندێک لەو ڕوانینانە شی بکەمەوە، کە ئەم فەیلەسووفە و هاوشارییەکەی تری، مەبەستم ئەفلاتوونە، بۆ مەسەلەی عەدالەت، واتە دادپەروەری هەیانبووە. چونکە تەنها لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە مەسەلەی دادپەروەرییە کە دەتوانین لە ڕوانینی ئەم دوو فەیلەسووفە کلاسیکییە بۆ نایەکسانیی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا تێبگەین.

ئەفلاتوون و ئەرستۆ باوەڕیان وایە خراپترین نەخۆشییەک تووشی دەسەڵات ببێت، نەخۆشیی دوورکەوتنەوە لە دادپەروەری و بەهەرەمەکی بەکارهێنانی دەسەڵاتە. لای ئەمان و لای زۆرینەی هەرە زۆری فیکریی کۆمەڵایەتی و سیاسی دوای ئەوانیش، بەتایبەتی لە دونیای ڕۆمانییە کۆنەکان و لە دونیای ئیسلامدا، مەسەلەی دادپەروەری بابەتی سەرەکیی ناو فیکری سیاسی و فیکری ئەخلاقی و لە زۆر سەریشەوە ناو فیکری دینییشە. بەڵام دادپەروەری، واتە عەدالەت، لە دونیای کلاسیکیدا بەگشتی و لای ئەمان بەتایبەتیی، مانای چییە؟ فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاقی لە یۆنانی کۆندا لەسەر دۆزینەوەی باشترین مۆدێلی حوکمڕانی و چۆنێتیی دروستکردنی باشترین حوکمڕان کار دەکات، دۆزینەوە و بوونیادنانی "شاری پڕچاکەکاری-المدينة الفازيلة،" سەرەتا و کۆتاییی ئەم ڕوانینە یۆنانییەیە بۆ سیاسەت و بۆ ئەخلاق. یەکێک لە گرنگترینی ئەو ڕوانینانەی لای ئەفلاتوون و ئەرستۆ ئامادەیە، دروستکردنی جیاکارییە لەنێوان مرۆڤەکاندا، ئەگەر مارکس بۆ نموونە مرۆڤەکان لە ڕێگەی چینەکانەوە

لە یەکتری جیا بکاتەوە، واتە لە ڕێگەی خاوەنداریێتییەوە، ئەوا یۆنانییە کۆنەکان لە ڕێگەی جیاکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤەکانەوە لە یەکتری، ئەم جیاکارییە ئەنجام ئەدەن. لای ئەوان، ڕۆحی مرۆڤ لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێک دێت و لای هەرکەسێکیش، ڕاستتر بدوێین، لای هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزێک لەو ڕەگەزانە باڵادەستە. بۆیە پرسیاری دادپەروەری، کە خۆی لە جەوهەردا پرسیارێکی سیاسییە، دەبێتە پابەستەی دابەشکردنێکی سایکۆلۆژییانەی ڕۆحیی مرۆڤەکان. لای ئەفلاتوون، ڕۆح سێ ڕەگەزی سەرەکیی تێدایە، کە بریتین لە: یەکەم، نەوس و حەز و ئارەزووە جەستەییەکان. دووهەم: ئازایەتی. سێهەم: عەقڵ. هەریەکێکیش لەم ڕەگەزانە، جۆرە کاراکتەر و کەسایەتییەک دروست دەکات، جیاواز لەوی تریان. عەقڵ بۆ نموونە سەرکردە سیاسی و حوکمڕانەکان دروست دەکات، ئازایەتی پاسەوانان و جەنگاوەران و نەوس و حەز و ئارەزووش، کۆیلە و ئیشکەرەکان. ئەگەرچی ئەو منداڵانەی لەدایک دەبن دەتوانن لە بەشێکیانەوە بگوازنەوە بۆ ئەوی تریان، بۆ نموونە لە ئیشکەرانەوە بۆ پاسەوانان و حوکمڕانان، بەڵام ئەمە زیاتر ڕووداوێکی ڕێکەوت و دەگمەنە. ئەوەی یاسایە و سەروەرە، ئەوەیە هەریەکێک لەو سێ چینە، حوکمڕانان و پاسەوانان و کۆیلە و ئیشکەران، بەردەوام لەناو ئەو چینانەدا دەمێننەوە کە تیایدا لەدایک بوون. خاڵی بنەڕەتییش لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەردا، جیاکردنەوەی ئەو سێ هێزەیە لە یەکتری و دروستکردنی سیستمێکی تایبەتی پەروەردە و

فێرکردنی جیاوازە بۆ هەریەکێک لەو سێ هێزە.[١] ئەفلاتوون بەتایبەتی گرنگی بەو بەشەی کۆمەڵگە ئەدات کە خاوەنعەقڵن، ئەم خاوەنداریێتییە عەقڵییە وا لەم کەسانە دەکات. بتوانن ببنە هەڵگری مەعریفە و زانیاریی ڕاستەقینە و لەسەر بنەمای ئەمانەش حوکمڕانی بکەن. لە دیدی ئەفلاتووندا، دروستبوونی ئەم توێژە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بکرێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە حوکمڕانی بکرێت.[٢]

یەکێک لە بنەڕەتیترین و سەرەکیترین ئاکارەکانی شار و حوکمڕانیی چاکەکار بریتییە لە دادپەروەری. ناکرێت قسە لە شاری چاکەکار بکەین گەر دادپەروەریی کۆڵەکە هەرە سەرەکییەکەی نەبێت. بەڵام ئایا دادپەروەری ناو شارە ئایدیالییە چاکەکەرەکەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ چییە و چۆنە؟ لای ئەفلاتوون و ئەرستۆ و لەدوای ئەوانیشەوە لای بەشی هەرە زۆری بیریاران و خوێندەوارانی دونیای کۆن، دادپەروەری مانای ڕێزگرتن و پەیڕەویکردنی نۆرمە سروشتییەکانە، ئەوەی بەعەرەبی پێی دەڵێن "النوامیس." پەیڕەویکردنی ئەو شێمانە سروشتییانەیە کە بە شێوەیەکی بابەتی لە مرۆڤ و کۆمەڵگە و جیهاندا بوونیان هەیە. ئەم پێدراوە سروشتییانە لە ئاستی پۆلێنکردنی مرۆڤەکان و جیاکردنەوەیان لە یەکتری، مانای مامەڵەکردنی مرۆڤەکانە بەپێی ئەو "سروشت" و "جەوهەر"ە تایبەتەی کە گوایە هەریەکێکیان هەڵگریەتی. لەم ڕوانینەدا هەر مرۆڤێک و "سروشت"ێکی تایبەتی

١ بڕوانە: Curtis, Micael (2008). The great political theories. New York, HarperPerennial. p 26-27.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٧.

هەیە، ''سروشتی" ئەم مرۆڤ لە "سروشتی" ئەو مرۆڤی تر جیاوازە، دادپەروەری مانای ڕێزگرتنی ئەو سروشتە جیاوازانە و جوولانەوە و مامەڵەکردنی مرۆڤەکانە لەسەر بنەمای "سروشت" و "جەوهەر"ە تایبەتەکەی خۆیان. لێرەوە "شاری چاکەکار" و "حوکمڕانیی چاکەکار" ئەو شار و حوکمڕانەیە کە بەپێی سروشتی جیاوازیی کەسەکان ئەرکەکان و بەرپرسیارێتییەکان دابەش دەکەن؛ سروشتی هەرکەسێک چۆنە، بەو جۆرە مامەڵەی دەکەن. بەڵام کاتێک دەپرسین ئایا سروشتی مرۆڤەکان چۆنن؟ وەڵامی ئەرستۆ و ئەفلاتوون ئەوەیە، هەندێک کەس بە "سروشت" کۆیلەن و هەندێک کەسی تر بە سروشت "سەروەر" و کەسانی تریش بە "سروشت" پاسەوان و ئازان. ئەمەش مانای ئەوەیە، هەندێک کەس بە ئاکار و سروشت و جەوهەر کۆیلەن، وەک کۆیلە لەدایک دەبن و وەک کۆیلەش بەناو ژیاندا تێدەپەڕن و وەک کۆیلەش دەمرن. دادپەروەری ئەوەیە، ئەو کەسە وەک کۆیلە مامەڵە بکەیت، چونکە ئەم مامەڵەیە لەگەڵ ئاکار و سروشتی ئەو کەسەدا دەگونجێت. شاری چاکەکار ئەو شارەیە کە ئەرکێک بە کۆیلەکان دەبەخشێت، کە لەگەڵ سروشتی کۆیلەبوونەکانیاندا دەگونجێت. ناکرێت ئەرکێک بە کۆیلە ببەخشرێت، کە پێویستە بە کەسە ئازاد و سەروەرەکان ببەخشرێت، کەسێک کە کۆیلە بوو، ناتوانێت بۆ نموونە، بیر بکاتەوە، بۆیە ناکرێت و تەواو نادادپەروەرانەیە کارێکی پێ بسپێردرێت کە بیرکردنەوە تیایدا ئەرکی سەرەکی بێت. ئەم گونجاندنی ئەرکە لەگەڵ "سروشت"ی گریمانکراوی مرۆڤەکاندا، بەشێکە لە شێوازی دابەشکردنی کار لە یۆنانی

کۆندا. لەوێدا ڕوانینێک ئامادەیە، پێی وایە لە بنەڕەتەوە هەرکەسە بۆ جۆرێکی تایبەت لە ئیشکردن دروست کراوە، کۆیلە بۆ جۆرە کارێک و پاسەوان بۆ جۆرە کارێک و دەسەلاتدار بۆ جۆرە کارێکی تر. مرۆڤیش نابێت زیاد لە کارێک بکات و ناشبێت بەدوای کارێکدا بگەڕێت لەگەڵ "سروشت"ی ئەودا نەگونجێت. بۆ نموونە کوڕی جووتیارێک هەر بە جووتیاری دەمێنێتەوە و کوڕی سیاسەتمەدارێکیش هەر بە سیاسەتمەداری، چونکە جووتیاربوون لەگەڵ "سروشت"ی کوڕە جووتیارەکەدا و "سیاسەت"یش لەگەڵ سروشتی کوڕە سیاسییەکەدا دەگونجێت. دادپەروەری مانای ڕێزگرتنی سروشت و شیمانەی شتەکانە بەو شێوەیەی هەرکەسە ئەو شتەی پێ بسپێردرێت کە لەگەڵ سروشت و جەوهەری ئەودا دەگونجێت. ئەفلاتوون لە کتێبی "کۆمار"دا بەدرێژی لەسەر ئەم تێزە تایبەتەی دادپەروەری دەوەستێت و ڕەهەندە جیاوازەکانی شی دەکاتەوە. یەکێک لە تێزە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکە و ناتوانێت بەتەنها بژی، بۆیە دروستکردنی شار و دەوڵەت، بەشێکە لە "پێکەوەبوونی مرۆڤانە"ی کەسەکان بە یەکترییەوە، ئەوەشی پێویستە، سروشتی ئەم پێکەوەبوونە ئاراستە بکات، دادپەروەرییە. وەک وتمان، دادپەروەری مانای مامەڵەکردنی یەکسانیی کەسەکان نییە لەگەڵ یەکدا، بەڵکوو مانای ئەوەیە، هەرکەسێک لەو شار و دەوڵەتەدا ئەو ئەرکە وەر بگرێت کە لەگەڵ سروشت و جەوهەری ئەودا دەگونجێت. کۆیلەکان ئەو کارانە بکەن کە لەگەڵ سروشتی کۆیلەبوونیاندا دەگونجێت و سەروەرەکانیش لەگەڵ "سروشت"ی سەروەربوونیاندا.

نادادپەروەری و فەوزا ئەو کاتە دروست دەبێت کە کەسەکان ڕێزی "سروشت" و "جەوهەرە" نەگۆڕەکەی خۆیان نەگرن، واتە کۆیلە بە کۆیلەبوونی خۆی و سەروەر بە سەروەربوونی خۆی و پاسەوان بە پاسەوانبوونی خۆی ڕازی نەبێت. لای ئەفلاتوون، هەموو کەسێک سروشت بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەت دروستی دەکات، کۆیلە بۆ ئیشکردن و ناکۆیلە بۆ کارەکانی تر و ڕێزنەگرتنی سروشتیش مانای لادان لە دادپەروەری و دروستبوونی پشێوی.[1] بەم مانایە، دادپەروەری پەیوەندیی بە بیرۆکەی یەکسانییەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە ڕێزگرتنی کارەکانی سروشتەوە هەیە، ڕێزنەگرتنی کارەکانی سروشتیش، مانای نەمانی دادپەروەری و دروستبوونی جەور و ستەم. لەم ڕوانینەدا، ئەوەی پێویستە ئەوەیە، کۆیلە ڕێز لە کۆیلەبوونی خۆی بگرێت و بەپێی سروشتی کۆیلانەی خۆی بجووڵێتەوە، خواست و داخوازی و چاوەڕوانییەکانیشی لە سنووری ئەو کۆیلەبوونەدا سنووردار بکات، هاوکات سەروەر و ناکۆیلەکانیش پێویستە هەم ڕێزی کۆیلەنەبوونی خۆیان و هەم ڕێزی کۆیلەبوونی ئەو کەسان بگرن کە وەک کۆیلە لەدایک دەبن. دادپەروەری بەم مانایە، مانای دانانی هەرشتێک لە "شوێنی سروشتی" و ڕاستەقینەی خۆیدا، کۆیلەکان لە شوێنی کۆیلەبوونی خۆیاندا و سەروەرەکانیش لە شوێنی سروشتی و ڕاستەقینەی خۆیاندا. ئەگەر دادپەروەری مانای پەیڕەویکردنی ئەو "یاسا"یە بێت، واتە ڕێزگرتنی سروشتی

[1] بڕوانە: افلاتون (١٩٧٤). الجمهوريە. ترجمە فواد زكريا، القاهرە. الهيئە المسريە العامە للكتاب. بەتایبەتی لاپەڕەکانی ٣٢٨ تا ٣٤٠.

مرۆڤـەکان بێت، ئـەوا زوڵـم و سـتەمگەری مانـای ڕێزنەگرتنـی ئـەو دۆخـە. وەک، لەنـاو ئـەم ڕوانینـەدا بـۆ دادپـەروەری، هەرچییـەک ئامـادە بێـت، بیرۆکـەی یەکسـانبوونی مرۆڤـەکان لەگەڵ یەکدا ئامـادە نییـە. نـەک هـەر ئەمـە، هەمـوو وێناکردنێکی یەکسـانانەی نێـوان مرۆڤـەکان، مانـای دوورکەوتنەوەیەکـی ڕیشـەیی و بەرفراوانـە لـە دادپـەروەری.

ئەرستۆ و کۆیلایەتی

ئەرسـتۆ پێـی وایـە گوناهـی یەکەمـی دەسـەڵات ئەوەیـە نادادەپـەروەر بێـت، ئەوەیـە هارمۆنیـەت و کۆگیریـی ناوەکـی لەدەسـت بـدات، نەتوانێت بەپێی سروشـتی شـتەکان کۆمەڵگـە ڕێک بخات. بەڵام دادپەروەری لای ئەم فەیلەسووفە کلاسیکییە مانـای چییـە؟ بێگومـان مانـای ئـەوە نییـە کەسـەکان وەک یـەک و بەیەکسـانی مامەڵـە بکرێـن. لای ئەرسـتۆ، یەکەمیـن یەکـەی سـەرەکیی نـاو کۆمەڵگـە "مەجالی تایبەت"ە، کە مەجالی ژیانی خێزان و ژیانی نـاو ماڵـە. لـەم ڕووبـەرە کۆمەڵایەتییـەدا، کۆیلـە و خاوەنکۆیلـە، پیـاو و ژن، بـاوک و دایـک و منداڵان ئامـادەن. لە دیدی ئەرسـتۆدا، ئەمانـە هیچیان لەگـەڵ یەکتـردا یەکسـان نین، بـاوک لـە پلـەی باڵادا، دوای ئـەوان دایک و منداڵـەکان و ئینجا کۆیلـەکان. لـە پەیوەندیـدا بـە کۆیلـەوە، ئەرسـتۆ بەئاشـکرایی ئـەو بۆچوونـە ڕەفـز دەکات، کـە پێـی وایـە باڵادەسـتیی ئاغـا یـان سـەروەر بەسـەر کۆیلـەدا، باڵادەستییەکی ناسروشـتییە و پەیوەندیـی بـە هێـز و دەسـەڵاتەوە هەیـە، واتـە ئـەو بۆچوونـە

ڕەفز دەکات، کە پێی وایە بالادەستیی خاوەنکۆیلە بەسەر کۆیلەکەدا دیاردەیەکی سروشتی نییە.[1] ئەرستۆ کۆیلە وەک ماڵ و موڵکی خاوەنکۆیلەکە وێنا دەکات، بەلام ئەو جۆرە لە موڵکییەتێک، کە زیندووە و وەک شتومەکەکانی تر بێگیان نییە. کۆیلە لای ئەرستۆ ئامرازە، ئامرازێکی زیندووی خاوەنکۆیلەکەیە. هەم کۆیلەکان و هەم خزمەتکاران بەشێکن لە موڵک و ماڵی خاوەنکۆیلەکە، ئەمانە ئامرازی ئیشکردن و بەرهەمهێنانن، وەک چۆن خاوەنکۆیلە خاوەنی ئاژەڵەکانیەتی، ئاواش خاوەنی کۆیلەکانیەتی.[2] بەلام پێچەوانەی ئەمە ڕاست نییە، واتە ئەوە ڕاستە کە خاوەنکۆیلە خاوەنی کۆیلەکانیەتیی، بەلام کۆیلەکان خاوەنی خاوەنەکەی خۆیان نین. خاوەنکۆیلە کەسایەتییەکی کامڵە، بوونێکی سەربەخۆیە، بەلام کۆیلە کەسایەتییەکی ناتەواوە، بەش و پارچەیەکە نەک شتێکی کامڵ، وەک بەشیش خاوەنی خۆی نییە و گشتێکی تر هەیە لە دەرەوەی ئەودا کە خاوەنی ئەوە، ئەو گشتەش ئاغاکەیەتی.[3] بەکورتی، ئەرستۆ ئەگەرچی دژ بە دەسەلاتی هەڕەمەکی و گۆڕەکارە، بەلام خاوەنکۆیلەکان دەسەلاتی ئەوەیان هەیە بتوانن کۆیلەکان بەو شێوەیە بەکار بهێنن کە دەیانەوێت، چونکە ئەم بەکارهێنانە شتێکی سروشتییە، کۆیلەکان خۆیان پێیان خۆشە، خۆیان سوپاست دەکەن بۆ ئەوەی بەو شێوە سروشتییە مامەڵەیان بکەیت، چونکە ئەو مامەڵەیە مامەڵەیەکە لەگەڵ "جەوهەر"ی ئەواندا دەگونجێت.

---

١ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم خاڵە، بڕوانە: Curtis, Micael (2008). p 67.
٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٧.
٣ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٨.

لای ئەرستۆ، کۆیلەکان هەر لە بنەڕەتەوە و بە شێوەیەکی سروشتی هیچ مافێکیان نییە، نەک هەر ئەمە، بەڵکوو خودی مافپەروەری، واتە عەدالەت، لەوەدایە کە کۆیلە وەک کۆیلە مامەڵە بکرێت نەک وەک شتێکی تر، چونکە کۆیلەکان خودا یان سروشت لە بنەڕەتەوە وەک کۆیلە دروستی کردوون. ئەرستۆ باوەڕی وایە، هەندێک کەس کە لەدایک دەبن، بۆ ئەوە لەدایک دەبن کۆیلە بن و حوکمڕانی بکرێن، هەندێکی تر بۆ ئەوە لەدایک دەبن، کە سەروەر و حوکمڕان بن. هاوکات خاوەنکۆیلە، کە لای ئەرستۆ مرۆڤێکی ئازادە، دەسەلاتی ڕەهای بەسەر کۆیلەکەیدا هەیە، کە مرۆڤێکی نائازادە. وەک چۆن لەناو مرۆڤ خۆیدا ڕۆح حوکمڕانیی جەستە دەکات، عەقڵ حوکمڕانیی نەوس و حەز و ئارەزووی جەستەیی دەکات، ئاواش خاوەنکۆیلە حوکمڕانیی کۆیلە دەکات.[1]

ئەرستۆ دوو شێواز لە کۆیلایەتی لە یەکتری جیا دەکاتەوە. یەکەمیان کۆیلایەتیی سروشتییە، ئەوی تریان کۆیلایەتیی ناسروشتییە.

کۆیلایەتیی سروشتی ئەو جۆرەیە لە کۆیلایەتی، کە تیایدا مرۆڤ وەک کۆیلە لەدایک دەبێت، سروشتی مرۆڤەکە سروشتێکی کۆیلانەیە. ئەم جۆرە کەسانە خودا یان سروشت بە کۆیلایەتی دروستی کردوون، بۆیە جگە لە کۆیلەبوون، ناتوانن هیچ شتێکی تر بن، کەسانێکن وا دروست بوون کە لاشەیان بەهێز و گەورە بێت و بتوانن ئەو کارە جەستەییە زەحمەتانە ئەنجام بدەن کە بۆ ژیان پێویستن. سەروەر و خاوەنکۆیلەکانیش بە شێوەیەک دروست کراون، بتوانن بیر

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٨.

بکەنەوە و کاروبارە جیاوازەکانی ژیانی مەدەنی بەڕێوە ببەن.[1] کۆیلەکان کەسانێکن، "خاوەنی عەقڵێکی سەربەخۆ نین،"[2] ئەوانەی عەقڵیان سەربەخۆیە خاوەنکۆیلە سەروەرەکانن، کە خەریکی بەڕێوەبردنی ژیانی گشتین. هەرچی کۆیلەی ناسروشتییە ئەمانە ئەو کەسانەن کە بەکۆیلایەتی لەدایک نەبوون، بەڵام دواتر بۆ هۆیەکی دیاریکراو کراون بە کۆیلە، ئەمانە سروشتی کۆیلەیان نییە. ئەمانە یاسایەک یان ڕێککەوتنێک کردوونی بە کۆیلە، لەوانەش یاسای جەنگ، کە کەسی براوە لە جەنگدا دەکات بەخاوەنی دیلەکان.[3]

لای ئەرستۆ، ئەوەی مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەنعەقڵە، بەڵام کۆیلە ئەو کەسەیە کە عەقڵی نییە، یان تەنها ئەوەندە عەقڵی هەیە کە بتوانێت کاردانەوەی هەبێت بەرامبەر بە کەسێکی خاوەنعەقڵ، بتوانێت لەوە تێبگات کە عەقڵ بوونی هەیە، لای خۆی نا، بەڵام لای کەسانی لە خۆی بەرزتر. بە مانایەکی تر، کۆیلە کەسێکە خۆی خاوەنی عەقڵێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام دەتوانێت لە ئەمر و نەهییە عەقڵانییەکانی خاوەنەکەی تێبگات. ئەرستۆ تەنها کۆیلەکانی ناو کۆمەڵگەکەی خۆی بە کۆیلەی سروشتی نەزانیوە، بەڵکوو پێشی وا بووە هەموو ئەوانەی تر کە یۆنانی نەبوون، کۆیلەی سروشتین.[4] بەلای

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٩.

٢ بۆ ڕوانینەکانی ئەرستۆ دەربارەی کۆیلایەتی، بڕوانە:
Malcolm Heath (2008). Aristotle on Natural Slavery. Phronesis 53, 243-270

3 Curtis, Micael (2008). p 70

٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٤٥.

ئەرستۆوە، هەموو ئەوانەی یۆنانی نەبوون، وەکوو کۆیلەکان خاوەنی عەقڵێکی سەربەخۆ و بیرکردنەوەیەکی عەقڵانیی سەربەخۆ نین، بەڵکوو تەنها هەست بە دونیا دەکەن و دەتوانن لە ڕێگەی هەستەکانیانەوە پەیوەندی بە شتەکانەوە بکەن؛ لەمەشدا میللەتە نایۆنانییەکان وەک سەرجەمی ئەو ئاژەڵانە وان کە مرۆڤ نین.[1]

ئەم ڕوانینە ئەرستۆییە بۆ کۆیلە، وەک دیاردەیەکی سروشتی و ئەم بەستنەوەی کۆیلەبوون بە نەبوونی توانای عەقڵییەوە بۆ ماوەیەکی درێژ بەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا بڵاو دەبێتەوە و سنووری چەندەها سەدە دەبڕێت. تەنانەت لەو سەردەمانەشدا کە کۆیلایەتی بەفەرمی هەڵدەوەشێندرێتەوە و کاری پێ ناکرێت، وەک لە سەدەی نۆزدەهەمدا، هێشتا کەسانێک هەن کە بە هەمان لۆژیکی ئەرستۆ مرۆڤەکان و میللەتەکان دابەش دەکەن. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ساڵی ١٨٥٩دا، ڕۆژنامەی نیو یۆرک دەیلی تریبیونی ئەمەریکی ڕاپۆرتێک لەسەر کۆبوونەوەیەک لە یەکێک لە شارەکانی ئەمەریکادا بڵاو دەکاتەوە، کە تیایدا باس لە مەسەلەی کۆیلایەتی کراوە و لە کۆبوونەوەکەدا بەرگری لە بوونی کۆیلایەتی کراوە. پارێزەرێکی ئەمەریکی لەناو ئەو کۆبوونەوەیەدا ئەم قسانەی سەبارەت بە کۆیلایەتی کردووە، کە کۆپییەکی بۆچوونەکانی ئەرستۆیە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا: "کۆیلەبوونی ڕەشپێستان شتێکە سروشت سەپاندوویەتی، کۆیلەی ڕەش کەسێکە خاوەنی لەشێکی بەهێزە و توانای ئەوەی هەیە

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٤٥.

کار بکات. بەلام هەمان سروشت، کە ئەوی وەک کەسێکی بەهێز دروست کردووە، عەقڵی لێ سەندۆتەوە، عەقڵیش پێویستە بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت حوکمڕان بێت، هەروەها سروشت ئیرادەشی لە کۆیلە سەندۆتەوە، ئیرادەش پێویستە بۆ کەسێک بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بە ویستی خۆی کار بکات(چەپڵەلێدان). سروشت چونکە ئیرادەی ئەوەی بە کەسی کۆیلە نەداوە کە سەربەخۆ کار بکات، بۆیە خاوەنێک یان سەروەرێکی بۆ دروست کردووە کە بەزۆر ئیشی پێ بکات. ئەمەش بۆ ئەوەیە، ئەو ڕەشپێستە کۆیلەیە بگۆڕێت بە خزمەتکارێکی سوودبەخش و وا بکات ئەو کۆیلەیە بتوانێت بە شێوەیەکی سوودبەخش بژی، هەم بۆ خۆی و هەم بۆ ئەو ئاغایەی خاوەنیەتی. من پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرم، کە ئەوە نادادپەروەری نییە ڕەشپێستێک لە هەمان ئەو دۆخەدا بهێڵیتەوە کە سروشت بۆ ئەوی داناوە، دۆخێک کە ئەو کۆیلەیە تیایدا پێویستی بە سەروەر یان ئاغایەک هەیە کە بەڕێوەی ببات و ئاراستەی بکات..."[1] وەک دەبینین، ئەمە دووبارەکردنەوەیەکی وشە بە وشەی هەمان دید و ڕوانینی ئەرستۆیە بۆ مەسەلەی کۆیلایەتی، دەیان سەدە دوای مردنی ئەرستۆ.

وەک وتم، ئەرستۆ جیاکارییەک دەکات لەنێوانِ دوو جۆر مرۆڤدا، ئەو کەسەی کە دەتوانێت تێبفکرێت و پێشبینی بکات و دووربین بێت، لەگەڵ ئەو کەسەدا کە

---

١ بڕوانە: Millett, Paul (2007). Aristotle and slavery in Athens. Greece & Rome, Vol. 54, No. 2, © The Classical Association, 2007. P. 180

دەتوانێت تەنها کار بکات. یەکەمیان سەر بەوانەیە کە دەبێت حوکمڕان و سەروەر بن و دووهەمیان ئەوانەن کە کۆیلەن. یەکەمیان بە سروشت سەروەرن و دووهەمیان بە سروشت کۆیلەن.[1] بەڵام ئەگەر مرۆڤ هەژار بوو و کۆیلەی نەبوو، ئەوکات لەباتی کۆیلە، دەبێت گای هەبێت، گا بۆ هەژار، وەک کۆیلە وایە بۆ دەوڵەمەند.[2] لەسەر هەمان هێڵ، ئەرستۆ پێی وایە کۆیلە نەک تەنها خاوەنی عەقڵ و بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو پێشی وایە کەسێکە ناتوانێت چاکەکار بێت، واتە ناتوانێت خاوەنفەزیلەت بێت، کۆیلە دەبێت فێر بکرێت چاکەکار بێت و ئەمەش ئەو کارەیە کە خاوەنکۆیلەکە ئەنجامی ئەدات.[3]بەکورتی، ئەو وێنە گشتییانەی لە سەردەمی ئەرستۆدا بۆ کۆیلە لە ئارادا بوون، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت، کە کۆیلە کەسێکە بە سروشت تەمبەڵ، بەخیل، شەهوانی و هەوەسباز، ناپاک، نەفسنزم و ترسنۆک و گەمژە.[4] ئەرستۆ پێی وایە مرۆڤە ئازادەکان بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی باش لەناو شاردەوڵەتدا دروست بکەن، پێویستیان بەوەیە سەرەتا کاروباری ناو ماڵەکەی خۆیان ڕێک بخەن. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێت هەم ئامرازی بێگیان و هەم ئامرازی زیندوویان هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان. ئامرازە بێگیانەکان سەرجەمی ئەو شتانەن وەک سۆپا و قاپوقاچاخ و لێفە و دۆشەک و هتد... ئامرازە گیاندار و زیندووەکانیش کۆیلەکانن. ئەرستۆ کۆیلە

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٨٠.
٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٨١.
٣ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٨٢
٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٨٣

وەک ئامرازێکی گیاندار پێناسە دەکات، کە دەتوانێت ئامرازە بێگیانەکان بەکار بهێنێت.[1] کۆیلە ئامرازە و خاوەنەکەشی بەموڵەقی خاوەنی ئەوە، کۆیلە بەسروشتی مەیلی ئەوەی تێدایە کە کەسێکی تر خاوەنی بێت، نەک خۆی خاوەنی خۆی بێت. شێوازی ئەو ئیشانەش کە کۆیلە دەتوانێت بیانکات، تەنها کاری جەستەیی و فیزیایین، نەک کاری فیکری و هونەری و سیاسی و هتد... ئەوەشی ئەوپەڕی دادپەروەرییە، ئەوەیە کە مرۆڤەکان بەپێی سروشت و جەوهەری خۆیان مامەڵە بکرێن، کۆیلە وەک کۆیلە و خاوەنکۆیلە وەک مرۆڤێکی ئازاد و عەقڵانی و سەروەر. ئەم ڕوانینە بەناو بەشی هەرە زۆری دونیای دوای ئەرستۆ و سەدەکانی دواتری مێژووی مرۆڤایەتیدا تێدەپەڕێت. تەنها لە سەدەی هەژدەهەمدا وێناکردنێکی نوێ بۆ مرۆڤ لەدایک دەبێت، تەواو پێچەوانەی ئەم دیدە یۆنانییە ئەرستۆییە، لەم ڕوانینە تازەیەدا مرۆڤ بوونەوەرێکە بە سروشت ئازاد و خاوەنمافە و لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا یەکسانە. دادپەروەرییش مانای مامەڵەکردنی مرۆڤە لەسەر بنەمای ئەم وێنە تازەیە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بەدرێژی لەسەر ئەم گۆڕانکارییە دەوەستین. بەڵام بەر لەوەی بگوازینەوە بۆ سەر ئەو باسانە، با کەمەکێک لەسەر دیاردەی هۆمۆساکەر ڕاوەستین، کە شێوازێکی تری مرۆڤبوونی بێمافە، جیا لە کۆیلە کە لە هەندێک ڕووەوە دۆخە ئینسانی و یاسایی و ڕەمزییەکەی زۆر لەخوار کۆیلەوەیە.

---

1 هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٨٣

هۆمۆساکەر: مرۆڤی بێماف و بێنرخ

هۆمۆساکەر لە سەردەمی ڕۆمانییەکاندا بەو کەسانە وتراوە کە کۆمەڵگە نەفرەتی لێ کردوون و هەموو ماف و بەها و نرخێکی لێ سەندوونەتەوە، هەرکەسێکیش ویستبێتی بیانکوژێت، لەسەر کوشتنیان تووشی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەک نەبووە. هۆمۆساکەر هێمایە بۆ جۆرێک لە بێمافی و بێنرخیی پەرگیر و بەرفراوان. یەکێک لەو کتێبە گرنگانەی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا نووسراوە، کتێبی "هۆمۆساکەر: دەسەڵاتی خاوەن سەروەری و ژیانی ڕووت"ی فەیلەسووفی ئیتالی جیۆرجی ئاگامبنە.[1] تێزی سەرەکیی ئەم کتێبە ئەوەیە، کە مرۆڤی هاوچەرخ، مرۆڤی ناو دونیای مۆدێرن، مرۆڤێکی خاوەنماف و ئازاد نییە، بەڵکوو لە مرۆڤی ناو کەمپە گەورەکانی کۆکردنەوەی تاوانباران و بیماران دەچێت، کە تیایدا دەسەڵات دەتوانێت هەموو ئەو شتانە ئەنجام بدات کە دەخوازێت ئەنجامی بدات. لای ئاگامبن، کەسایەتیی هۆمۆساکەر ئەو بابەتەیە کە دەتوانێت هاریکاریمان بکات بۆ ئەوەی بتوانین دۆخی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە دونیای هاوچەرخدا ببینین و باس بکەین، بۆ ئەوەی لە ماناکانی ژیان لەناو کۆمەڵگەی مۆدێرندا و لە شوێن و جێی ژیانی مرۆڤ لەناو سیاسەتی ئەمڕۆدا تێبگەین. دیدی ئاگامبن لەم کتێبەدا

---

1 Agamben, Giorgio, Homo sacer: De soevereine macht en het naakte leven. Boom/Parrèsia, Amsterdam (2002) 1995.

بۆ ژیان، لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا دیدێکی تەواو ڕەشبینە، بە بۆچوونی ئاگامبن، مرۆڤ لە دونیای ئەمڕۆدا دەکرێت بەئاسانی بکوژرێت، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک تاوانبار بکرێت بەو کوشتنە. ئاگامبن کە باس لە دونیای ئەمڕۆ دەکات، باس لە ئاسیا و ئەفەریقا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناکات، بەڵکوو باس لەو وڵاتانە دەکات کە سیستمە سیاسییەکانیان دیموکراسی و سیستمە یاساییەکانیان "دەوڵەتی یاسا"یە، ئاگامبن باس لە ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا دەکات. دەکرێت ئەم کتێبەی ئاگامبن بەئاسانی لەپاڵ ڕۆمانەکانی کافکا و لەپاڵ ڕۆمانی "ساڵی ١٩٨٤"ی جۆرج ئۆروێلدا دابنێین، وەک ئەوان، ئەمیش هەڵگری دیدێکی تەواو ڕەشبینە بەرامبەر بە دونیای ئەمڕۆ. تێزی سەرەکیی کتێبەکەی ئاگامبن ئەمەیە: کەمپی کۆکردنەوەی جوولەکەکان، یان کەمپ بەگشتی، نامرۆڤانەترین ڕووبەر و دۆخێکی ژیانە، کە مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی خۆی ئەزموونی کردبێت. ئەم کەمپانە چوارچێوەیەکی یاسایی تایبەتیان هەیە، مرۆڤەکان لەوە دەخەن مرۆڤی خاوەنمافبن. بە بۆچوونی ئاگامبن، ئەم چوارچێوە یاساییانە کە مرۆڤ بێماف دەکەن، هەمان ئەو چوارچێوە سیاسییانەن کە ئەمڕۆ کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لەناویاندا دەژین. لە دیدی ئاگامبندا، ئەوەی ئەمڕۆ چوارچێوە سەرەکییەکانی ژیانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دەستنیشان دەکات "پەیمانی کۆمەڵایەتی" نییە کە لەسەر بیرۆکەی ماف دروست بووە، بەڵکوو ئەو چوارچێوە یاساییانەیە کە حوکمی کەمپە گەورەکانی کوشتن و وێرانکردنی مرۆڤ دەکەن. هۆمۆساکەر باس لە یاسا، باس لە سیاسەت، باس

لە جێنەکردنەوەی مرۆڤ، بەتایبەتی باس لە ژیان و مرۆڤ لە دونیای هاوچەرخدا.[1]

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کتێبەکە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە "ئەوشفیتز،" ئەوشفیتز کەمپێکی گەورەی کۆکردنەوەی جوولەکەکان بوو لە پۆڵەندا، کە ژمارەیەکی گەورەی جوولەکەی تیادا کوژرا و یەکێک لە ئامرازەکانی کوشتن لەو کەمپەدا بەکارهێنانی غازی ژەهراویی بوو. وەک نووسەری هۆڵەندی ئانکە سنوک دەڵێت، ئەوشفیتز بە زیاد لە شێوازێک لێک دراوەتەوە و باس کراوە، لەوانەش وێناکردنی ئەوشفیتز وەک نهێنیی لایەنە خراپەکار و شەیتانییەکانی مرۆڤ، وەک کۆتاییهێنان بە باوەڕبوون بە خودا و بە مرۆڤ، وەک کۆتاییی مۆدێرنە و کۆتاییی باوەڕبوون بە عەقڵی مرۆڤ و مەسەلەی پێشکەوتن. بەلام لێکدانەوەی ئاگامبن بۆ ئەوشفیتز لەمانە جیاوازە، بەلای ئاگامبنەوە، ئەوەی لە کەمپەکانی ئەوشفیتزدا ڕوو ئەدات، تەنها لادان و پێشێلکردنی یاسا نییە، خراپەکاری نییە بە مانا یاساییەکەی، بەڵکوو هەلومەرجێکی نائینسانییە، کە لە هەموو مێژوودا لە خراپیدا وێنەی نییە، هەلومەرجێکی نائینسانیی بێوێنەیە کە گۆڕاوە بە واقیع و بە بەشێکی سەرەکیی ژیان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا. ئاگامبن دەڵێت، لەباتی ئەوەی پێناسەی ئەم کەمپانە لە ڕێگەی ئەو ڕووداوانەوە بکەین کە لەناو کەمپەکاندا ڕوویان داوە، پێویستە ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: کامپ چییە؟ ئەو بوونیادە یاسایی و سیاسییە کامەیە کە ئەم ڕووداوانە توانییان لە

١ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، بڕوانە ئەم تێزی دکتۆرایە بە زمانی هۆڵەندی: بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

چوارچێوەیاندا ڕوو بدەن؟ ئەمەش بەلای ئاگامبنەوە مانای ئەوەی کە "کەمپ" لای ئەو ڕووداوێکی مێژوویی تێپەڕ یان ڕووداوێکی "دەگمەن" و "شاز" نییە، بەڵکوو وەکوو ماتریکسێکی شاراوە، وەک نۆمۆس، یان یاسا و بەهای ئەو ڕووبەرە سیاسییە ئامادەیە، کە ئێمە هێشتا لەناویدا دەژین.[1] لای ئاگامبن، ئەوشفیتز، یان کەمپی کۆکردنەوە و کوشتنی جوولەکەکان، کۆتایی مۆدێرنە نییە، بەڵکوو بەرجەستەکردن و نیشاندانێکی تەواوی ئەو بوونیادە سیاسییەیە کە مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی. کەمپەکان ڕووبەرێکی سیاسیی شاراوەن، کە بەردەوام دەر دەکەونەوە و دەیانبینین، جارێک لە کەمپی پەناهەندەکاندا، جارێک لە زیندانەکاندا، جارێک لە خەستەخانەکاندا، هتد... ئەو وێناکردنەش کە ئاگامبن بۆ مرۆڤی مۆدێرنی ناو ئەو بوونیادە سیاسییانەی هەیەتی، وێناکردنی مرۆڤە وەک هۆمۆساکەری ناو دونیای کۆن. بەکورتی، یەکەی سەرەکیی شیکردنەوەی دونیای مۆدێرن لای ئاگامبن، "کەمپ" و "هۆمۆساکەر"ە. ئەم دیدەی ئاگامبن بۆ دونیا مۆدێرن، زۆر جار وەک "موبالەغەیەکی مەلحەمی" ناو دەبرێت، epische overdrijvingen.[2] بەڵام هێشتا قابیلی سوودلێوەرگرتنە بۆ بینینی بڕێک لە کێشە سیاسی و یاسایی و ئینسانییەکانی ناو دونیای ئەمڕۆ. هۆمۆساکەر ئاماژە بۆ جۆرێک لە وێناکردنی مرۆڤ و بۆ هەلومەرجێکی تەواو نائیسنانی دەکات، کە لە دونیای ئەمڕۆدا ئامادەن. مرۆڤگەلێک، کە هیچ ماف و نرخێکیان نییە.

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨

مەبەستی من لە گەڕانەوە بۆ کەسایەتیی هۆمۆساکەر، کەمتر باسکردنی تێزەکەی ئاگامبنە و زیاتر دەمەوێت هێما بۆ بوونی جۆرێک لە بێمافیی ڕەها بکەم لە دونیای کۆندا هەبووە و چەمکی "هۆمۆساکەر" ئەو دۆخە بەوردی بەرجەستە دەکات. ئاگامبن چەمکی هۆمۆساکەر وەک چەمکێکی مێژوویی مامەڵە ناکات، واتە ئەو وا ناڕوانێتە کەسی هۆمۆساکەر وەک ئەوەی بەشێک بێت لە مێژوویەکی دێرین، بەڵکوو وەک پارادایمێک مامەڵەی ئەم چەمکە دەکات، کە نهێنییەکانی ژیانی مرۆڤمان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا نیشان ئەدات. ئاگامبن لەناو چەمکی هۆماساکەردا کۆمەڵێک دیاردە کۆ دەکاتەوە، کە دەیەوێت بە هۆیانەوە لە بوونیادی دونیای ئەمڕۆ و چوارچێوە مێژووییەکانی ئەو دونیایە تێبگات. بەکورتی، مەبەستی ئاگامبن دروستکردنی پارادایمێکە بۆ قسەکردن لەسەر ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، دروستکردنی مۆدێلێکی فیکرییە بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی لەوەی لەمڕۆدا ڕوو دەدات. چەمکە سەرەکییەکانی تری ناو ئەم پارادایمە، بریتین لە چەمکەکانی "ژیانی ڕووت، "دۆخی ناکاو،" "ژیانێکی قابیلی کوشتن،" "سەروەری" و "کەمپ." ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا سەرنجی خوێنەری بەلادا ڕابکێشم، فیکری ئاگامبن و ئەو پارادایمە نییە کە بۆ تێگەیشتن لە دونیای مۆدێرن بەکاری دەهێنێت، چونکە پێم وایە ئەم تێزە موبالەغەیەکی هێجگار گەورەی تێدایە، کاتێک ژیان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا وەک ژیان لەناو کەمپەکانی کوشتندا وێنا دەکات. ئەوەی من دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم، بوونی جۆرێکە لە ژیان و جۆرێک لە مرۆڤ لە کۆمەڵگە

دێرینەکاندا، کە هیچ مافێکیان نەبووە و هیچ یاسا و نۆرم و بەهایەک نەیتوانیوە ژیانیان بپارێزێت، مرۆڤێک کە نەک تەنها هیچ جۆرە یەکسانییەکی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا نەبووە، بەڵکوو هیچ یاسایەکیش نەیتوانیوە لە کوشتن بیپارێزێت.

ئاگامبن لە لاپەڕەی ٨١ی کتێبەکەیدا هۆمۆساکەر لە دونیای ڕۆمانییە کۆنەکاندا بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "هۆمۆساکەر ئەو کەسەیە کە لەلایەن خەڵک یان کۆمەڵگەوە بە ئەنجامدانی تاوانێک تاوانبار کراوە، ئەم کەسە ناتوانرێت بکرێت بە قوربانی، بەڵام هەرکەسێکیش بیکوژێت لەسەر ئەو کوشتنە هیچ لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت."[1] ئاگامبن لێرەدا ئاماژە بۆ جۆرێک لە مرۆڤ دەکات، کە کۆمەڵگە وەک تاوانبار وێنای دەکات و هەرکەسێکیش بیکوژێت، تووشی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەک نابێت. ئەم کەسە کە بە هۆمۆساکەر ناو براوە، هەموو مافێکی دۆڕاندووە و تەنها خاوەنی "ژیانێکی ڕووت"ە، ژیانێک بەبێ هیچ نرخ و بەهایەک، ژیانێکی بێمانا و گلاو، سووک، ژیانێک بکرێت بەئاسانی وێران بکرێت و لەناو ببرێت. ئەم جۆرە مرۆڤە ئەوانە بوون لەلایەن کۆمەڵگەوە بە نەفرەت کراون، ڕاستە ژیانیان لەناو کۆمەڵگەدایە، بەڵام خۆیان بەتەواوی کراونەتە دەرەوەی کۆمەڵگەوە، ئەمانە لەناو کۆمەڵگەدان، بەڵام بەبێ ئەوەی بەشێک بن لە کۆمەڵگە، ئامادەن لەپاڵ ئەوانی تر و لە بەردەمی دەزگاکاندا بەڵام بەبێ ئەوەی بەشێک بن لە یاساکان و نۆرمەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە، یان بەبێ ئەوەی بەشێک بن لە دەزگاکان و خواستەکان و بەڵێنەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. ئەمانە جۆرە مرۆڤێکن، بە شێوەیەک بە نەفرەت کراون نە یاساکانی

---

١ بڕوانە: Agamben, Giorgio, Homo sacer. ل٨١.

خـودا و نـە یاسـاکانی مـرۆڤ ناتوانێت بیانپارێزێت و ژیانیـان لـە "ژیانێکی ڕووت"ەوە بـۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتـی بگوازێتـەوە.[1] هۆمۆساکەر دەکرێت بکوژرێت، هەرکەسێک بیەوێت دەتوانێت بیانکوژێت، بـەڵام مـەرج نییـە ئـەم توانایـە بـە کـردەوە پیـادە بکرێت، واتـە مەرج نییە بکوژرێت. ئـەوەی لـە ژیانی ئـەم جۆرە مرۆڤەدا مەرجـە، کوشـتن نییـە، بەڵکوو بێنرخکردنێکی تـەواوی ژیانـی ئـەو کەسـەیە، بـە جۆرێـک، بـوون و نەبوونـی وەک یـەک بێت. نـە ژیانی مانـای هەبێت، نـە مردنی، بـە مانایەک لـە ماناکان، ئـەو زیندوویەکی مـردوو بێت.[2] هۆمۆسـاکەر هەڵگری "ژیانێکی ڕووت"ە، کـە هیـچ شـتێک ناپارێزێـت، نـە یاسـا و نـە مـاف و نـە ئەخـلاق، هەمیشـە لـە بـەردەم هەڕەشـەی مردندایـە. مرۆڤـی هۆمۆسـاکەر کەسـێکە چیـی تـر ژیانێـک لەنـاو جەسـتەیدا ئامـادە نییـە کـە نـرخ و مانـای هەبێت، بۆیـە خۆشـی دەبێتـە کەسـێکی بێنرخ و بێمانـا و دەکرێت کێ بیەوێت بیکوژێت و لەنـاوی ببـات.

تێزەکـەی ئاگامبـن ئـەوە نییـە کـە لـە دونیـای مۆدێرنـدا و لەنـاو چوارچێوەکانـی دەوڵەتـی یاسـای وڵاتانـی خۆرئـاوادا هێشـتا نموونـەی هۆمۆسـاکەر ئامادەیە، بەڵکوو ئەوەیـە هەموو سیسـتەمەکە لەسـەر دروسـتکردنی هۆمۆسـاکەر کار دەکات. زیندانـی ئەبوغرێـب، گوانتانامـۆ بـێ، کەمپـی پەنابەرانـدەکان، تەنانـەت دۆخـی پیـران و پەککەوتـەکان لەنـاو خەسـتەخانەکان و شـوێنەکانی کۆکردنەوەیانـدا، هەموویـان هێمـا بـۆ ئـەم دۆخـە مۆدێرنـەی مرۆڤـی هۆمۆسـاکەر دەکـەن. مەبەسـتی مـن لـە گەڕانـەوە بـۆ چەمکـی هۆمۆسـاکەر، ئاماژەکردنـە بـۆ

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٣.

2 Snoek, Anke (2006). Wat rest de mens? over Agambens naakte leven van de homo sacer. Univeriteit voor Humanistie. P. 60.

جۆرێکی ڕادیکاڵ و پەرگیر لە بێمافی، کە توانا و ئەگەری کوشتنی بێلێپرسینەوە دەبەخشێت بەوانەی بیانەوێت کەسە بێمافەکان بکوژن. ئەم بێمافییە لە زۆر ڕووەوە لە دۆخی کۆیلایەتی خراپترە. کوشتنی کۆیلە مافێک نییە هەرکەسێک بیەوێت بتوانێت پیادەی بکات، لانی کەم خاوەنکۆیلەکە لێی دەپرسێتەوە. بەڵام لە دۆخی هۆمۆساکاردا کەسێک نەک تەنها دەکەوێتە دەرەوەی کۆمەڵگە و پەیوەندییەکان و یاساکان و بەهاکانەوە، بەڵکوو ژیانیشی دەبێتە ژیانێکی بێنرخ و بێمانا و هەرکەسێک بیەوێت دەتوانێت کۆتایی پێ بهێنێت.

هۆمۆساکەر لە سەردەمی ڕۆمانییەکاندا نەک تەنها مافی یەکسانیان لەگەڵ کەسانی تری ناو کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکوو مافی بەرگریکردنیشیان لە خۆیان و لە لەشی خۆیان نییە، مۆرفگەلێکن پێگە مرۆییەکەیان لەخوار پێگەی کۆیلەکانەوەیە.

مافی خودایی

مەسەلەی بوونی ماف لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەتوندی گرێ دراوە بە مەسەلەی حوکمڕانییەوە، لە مێژوودا ماف بەر لەوەی بە مرۆڤ و کۆمەڵگەوە گرێ درابێت بە حوکمڕانان و دەسەڵاتدارانەوە گرێ دراوە. ڕەنگە یەکەمین دیالۆگ و گفتوگۆیەک سەبارەت بە مافیش لە مێژوودا ڕووی دابێت، ئەو دیالۆگانە بێت کە پەیوەستن بە مافی پادشاکانەوە. پرسیارە سەرەکییەکانی ناو فیکری سیاسی و ئەخلاقیی دونیای کۆن، پرسیارن دەربارەی دەسەڵاتی

پادشـاکان نـەک دەربـارەی دەسـەڵاتی کۆمەڵگـە: ئایـا پادشـا بـە نـاوی کێـوە حوکمڕانـە؟ نوێنەرایەتیـی چـی و کـێ دەکات؟ بنەماکانـی ڕەوایەتیـی دەسـەڵاتی پادشـا لـە چیدایـە؟ ئـەم پرسـیارانە پرسـیاری نـاو فیکـر و فەلسـەفە و بیرکردنـەوەی سیاسـیی دونیـای کۆنـن. یەکێـک لـە وەڵامـە هـەرە سـەرەکی و باڵادەسـتەکان تـا سـەدەی حەڤدەهەمیش، ئـەو وەڵامەیـە کـە لەژێـر نـاوی "مافـی خودایـی"دا ناوبانگـی دەر کـردووە. بەپێـی ئـەم ڕوانینـە، پادشـا پێویسـتە دەسـەڵاتی ڕەهـای هەبێـت و سەروەرییەکەشـی سـەروەرییەکی ڕەها بێت. ئەمەش لە دونیای کۆنـدا یـەک مانـای هەبـووە، پادشـا لەسـەرووی یاسـاکانەوەیە. دەسـەڵاتی پادشـا دەسـەڵاتێکە خـودا پێـی بەخشـیوە و خـودی پادشـا خۆشـی تەنهـا لـە بـەردەم خـودا و ویـژدان و عەقڵـی خۆیـدا بەرپرسـیارە. لـەم ڕوانینـەدا پادشـا بـە نـاوی خـوداوە یـان بـە نـاوی دینـی خـوداوە حوکمڕانـی دەکات و کـەس مافـی ئەوەی نییە ڕەخنـە لەو دەسـەڵاتە بگرێت، چ جـای ئـەوەی مافی ئەوەی هەبێت ئەو دەسـەڵاتەی لێ بسێنێتەوە. ڕەنگە باشترین نموونەیـەک کـە جەوهـەری ئـەم پادشـایەتییە نیشـان بدات، ئـەم قسـانە بێت کە جێمسی یەکەم لە بەردەم پادشـای بەریتانیـادا لـە سـاڵی ١٦٠٩دا دەیانـکات: "دەوڵەتـی پادشـایەتی باڵاتریـن دەسـەڵاتە لەسـەر زەوی: چونکە پادشـاکان تەنهـا ئەفسـەرەکانی خوداوەنـد نیـن لەسـەر زەوی، کـە لەسـەر تەختەکـەی خـودا خـۆی دانیشـتوون، بەڵکـوو تەنانـەت خوداوەنـد خۆشـی پادشـاکان بـە خـودا نـاو دەبـات."[١] ئـەم یەکسـانکردنەی پادشـا

---

١ بڕوانـە: Burgess, Glenn (1992).The Divine Right of Kings Reconsidered. The English Historical Review, Vol. 107, No. 425

بە خودا، یان بە نوێنەر و جێنشینی خودا، یان بە نوێنەری دینی خودا، بەشێکە لە کەلەپووری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی گەورە، کە لە زۆربەی بەشە جیاوازەکانی دونیای بەر لەدایکبوونی دونیای مۆدێرندا ئامادەیە. دونیایەکی عەقڵی و سیستمێک لە گووتار ژێرخانی ئەم ڕوانینە دەستنیشان دەکەن، کە بەشێکی بنەڕەتیی دونیای بەر لەدایکبوونی مۆدێرنەیە، لە بەشە جیاواز و لێکدوورەکانی جیهاندا.

ئەم دەسەڵاتدارێتییە لەپاڵ مافی خوداییدا نەک تەنها ڕەها بووە، بەڵکوو هەمیشەییش بووە و بە مردنی پادشاکان گواستراوەتەوە بۆ نەوەکانیان. ئەم گواستنەوەیە لە باوکەوە بۆ کوڕ و لە نەوەیەک لە دەسەڵاتداری پیرەوە بۆ نەوەیەکی گەنج، بەڵام لەناو هەمان خێزان و بنەماڵەی سیاسیدا. ئەم گواستنەوە بەرتەسکەی دەسەڵات لەناو یەک خێزاندا ئەو هەستە دروست دەکات کە ئەم دەسەڵاتە "دەسەڵاتێکی بێ زەمەنە" یان "دەرەکات"ە، تێپەڕینی کات دەموچاوەکان دەگۆڕێت، بەڵام دەستکاریی یاساکان و شەرعیەت و بوونیادەکانی دەسەڵات ناکات. کات لێرەدا کاتێکی بازنەییی داخراوە و شتێک بە ناوی "پێشکەوتن" و "گۆڕانکاریی"ەک، کە دووبارەبوونەوە نەبێت، بوونی نییە. ئاکارێکی تری دەسەڵات لەپاڵ "دەرەکات" بوونیدا بریتییە لە ڕەهابوون، ڕەهابوون بە مانای پیادەکردنی دەسەڵات بێلەمپەر بێت و بە هیچ مەرجێکەوە گرێ نەدرابێت، بوون و بەردەوامبوونی ئەو دەسەڵاتدارێتییە خۆی سەرچاوەی ڕەوایەتییەکەی خۆشی بێت. تێکەڵبوونی ئەم دوو ئاکارە بە یەکتری، واتە تێکەڵبوونی

(Oct., 1992), p837.

ئـاکاری "دەرەکات"ی و "ڕەهایـی" بـە یەکتـری، ئاکارێکـی تـر بـەم دەسـەڵاتە دەبەخشـێت، کـە ئـاکاری پیرۆزبوونـە. دەسـەڵاتی خودایـی دەسـەڵاتێکی موقەدەسـە و قابیلـی هیـچ جـۆرە لێپرسـینەوە و ڕەخنەکردنێـک نییـە و ئـەو ڕیزبەسـتن و هیرارکیەتـەش کـە دروسـتی دەکات، دیسـانەوە ئاکارێکـی موقەدەسی هەیە. لەپاڵ ئەم مۆدێلەدا لە دەسـەڵات مرۆڤەکانیش بـۆ دوو شـێوە دابەشـدەکرێن، مرۆڤـە پیـرۆزەکان و مرۆڤـە ئاسـایی و ناپیـرۆز و ڕۆژانەییـەکان. ئـەم بەپیرۆزکردنـەی دەسـەڵاتدار و دەسـەڵات ئـەو بنەمایەیـە کـە مـاف بـە پادشـا دەبەخشـێت بتوانێت ئەمر بەسـەر هەمواندا بکات، بەڵام ئەو ئەمـری لـە هیـچ کەسـێکەوە بەسـەردا نەکرێت. پادشـا لێرەدا تەنانـەت لەسـەرووی ئـەو یاسایانەشـەوەیە کە خـۆی دەریـان دەکات، چونکـە یاسـاکان بـۆ دانانـی سـنوورە بـۆ ئەوانـی تـر، نـەک بـۆ کەسـی پادشـا خـۆی کـە سـەروەرییەکی خوداییـە. یاسـا لێرەدا ئیمتیازێکـە لـە ئیـرادەی پادشـاوە لەدایـک دەبێـت، دەسـتوور یان دەزگا و بازنـە جیاوازەکانـی ناو دەسـەڵات، گەر هەبـن، هەموویان بەشـێکن لـە حـەزی پادشـا بـۆ دروسـتبوونی ئـەو شـتانە، نـەک ئـەوەی ویسـت یـان حـەز یـان خواسـتی کۆمەڵگە بیانسـەپێنێت. لـە تیـزی مافـی خوداییدا شـتێک بـە ناوی "کۆمەڵگـە"وە لـە ئـارادا نییـە، ئـەوەی هەیـە پادشـایەکی پرۆزە بەرامبـەر بـە حەشـامەتێکی ناپیـرۆز، خـوداش مافـی ئـەوەی بـە پادشـا بەخشیوە ئـەم حەشـامەتە حوکمڕانـی بکات. ئـەم جـۆرە دەسـەڵاتە داوای گوێڕایەڵییەکـی تـەواو و بێمـەرج لـە هەمـوو ئەوانـە دەکات کە دەکەونـە نـاو سـنوورەکانیەوە. هەندێـک جار تاقـە شـتێک توانیبێتـی سـنوورێک بـۆ دەسـەڵاتی پادشـاکان

دابنێت، "یاسا سروشتییەکان" و "یاسا خوداییەکان" بووە، بەڵام کێشەکە لەوەدا بووە، پادشا خۆی توانیویەتی پێناسە و دەستنیشانی ئەوە بکات، ئەم یاسا سروشتی و خوداییانە چین و کامانەن و ئەمر و نەهییەکانیان چۆنن.[1] هەموو بەگژاچوونەوە و یاخیبوونێکیش لە پادشا، وەک گوناهکردن بەرامبەر بە خودا وێنا کراوە.[2]

وەک وتم، ئەم ڕوانینە بۆ دەسەڵات لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنەدا لە زۆربەی مێژووی مرۆڤایەتیدا ئامادە بووە. لە دونیای ئیسلامیشدا مەسەلەی حوکمڕانیکردن لەم هێڵە گشتی و سەرەکییە تێنەپەڕیوە، ڕاستە شتێک هەبووە ناوی شەریعەت بووە و چاوەڕوانی ئەوە کراوە سوڵتان یان پادشا یان خەلیفە ئەو شەریعەتە پیادە بکات، بەڵام چۆنێتیی لێکدانەوە و تەفسیرکردنی ئەو شەریعەتە و چۆنێتیی پیادەکردن و پیادەنەکردنی پابەستی ویست و ئیرادەی سوڵتان بووە. تەکنیکی سەرەکیی بەخشینی ڕەوایەتی بە سوڵتان لە دونیای ئیسلامدا تەکنیکی "بەیعە" بووە، بەیعەش ئەوەندەی شانۆیەکی سیاسی بووە، ئەوەندە هەڵبژاردن و ڕادەربڕینێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە دەربارەی سوڵتان یان خەلیفە نەبووە. وەک ئیبن خەلدون نیشانی ئەدات، بەیعە بە هیچ مانایەک هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو "بەڵێندانە بە گوێڕایەڵیی تەواو،" بە عەرەبی، "عهد علی الطاعە."[3] بەڵێندان بە وەلا و دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و تەسلیمبوونی ڕەها بە سوڵتان. ئەگەرچی تیۆری

---

١ .Curtis, Micael (2008) ل٢٠١-٢٠٢

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٠٢.

٣ بڕوانە: عبدالله حمودی (٢٠٠٠). الشیخ والمرید. دار توبقال، ص٧٧.

مافی خودایی لە دونیای ئیسلامدا لاواز یان نەبووە، بەڵام پیادەکردنی دەسەڵات لەم دونیایەشدا بە هەمان ئاقاری تیزی دەسەلاتی خوداییدا تێپەڕیوە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بەدرێژی لەسەر چەمکی "بەیعە"ی ئیسلامی و پەیوەندیی ئەم چەمکە بە مەسەلەی "پەیمانی کۆمەلایەتی"یەوە دەوەستین.

لەم ڕوانینەدا بۆ دەسەڵات، مەسەلەی سەروەری شتێکە پەیوەندیی بە کەسی پادشاوە هەیە، سەرەوری لەناو کەسایەتی یان لەناو لەشی پادشا خۆیدا ئامادە و بەرجەستەیە، سیستەمە سیاسییەکە خۆشی وەک سیستمێکی بێخەوش وێنا کراوە، کە قابیلی ڕەخنەکردن و دەستکاریکردن نییە. ئەم تیۆرەیە بە پلەی یەکەم تیۆرەی "واجب" یان "ئەرک"ە نەک ماف، ئەرکی گوێڕایەڵیی کۆمەڵگە و مرۆڤەکان لە پادشا و ئەرکی گوێڕایەڵیی پادشاش لە خودا.[1] ئەم ڕوانینە بۆ دەسەلاتداریتیی سیاسی و مافەکانی پادشا ماوەیەکی درێژ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەردەوام بووە و بەشێکیش بووە لە کۆمەڵگەیەک، کە کۆمەڵگەیەکی هیرارکیی پڕ جیاوازی و نایەکسانی و بێمافی بووە. لەگەڵ تازەبوونەوەی دونیا و تازەبوونەوەی ڕوانینەکانی مرۆڤدا بۆ خۆی و بۆ سیستمی حوکمڕانی، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرنگ دێتە کایەوە، کە تیایدا مەسەلەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف دێتە کایەوە. لێرەدا کە دەستەواژەی مرۆڤ بەکار دەهێنم، مەبەستم مرۆڤێکی تایبەت، یان مرۆڤێکی سەر بەم چین یان توێژ یان گروپی کۆمەلایەتی و دینی و ئەتنی و فەرهەنگی نییە، بەڵکوو مەبەستم مرۆڤە بە مانا گشتی و ئەبستراکتەی.

---

١ Burgess, Glenn (1992) ل٨٢٩.

لەدایکبوونی ئەم شێوازە لە مرۆڤی گەردوونیی ئەبستراکت و گشتی و لەدایکبوونی کۆمەڵێک ماف کە بەم مرۆڤە گشتییەوە گرێ دراوە، دوا دەکەوێت بۆ سەدەی هەژدەهەم. لەو سەردەمەدا وێنەیەک بۆ مرۆڤ لەدایک دەبێت، تەواو جیاواز لە وێنە کۆنەکان و پادشا و دەسەڵاتدارانیش هێدی هێدی لە پلە خودایی و پیرۆزەکانی خۆیان دەهێندرێنە خوارەوە و ئەوانیش دەکرێنەوە بە مرۆڤ. تێزی "مافی سروشتی"ی مرۆڤەکان ڕۆڵێکی گرنگ لەم گواستنەوە گەورەیەدا دەبینێت.

مافی سروشتی

بەشێوەیەکی گشتیی "مافی سروشتیی" ئەو مافە گشتییانەن کە سروشت بە مرۆڤی وەک مرۆب بەخشیوە، ئەمانە کۆمەڵێک مافن مرۆڤ هەیەتی بەبێ گوێدانە پاشخانی کولتوریی دینیی و ئەتنیی و نەتەوەیی و چینایەتییەکانییەوە، هەروەها پابەستیش نین بەبوونی ئەم یان ئەو سیستمی داوەریی و یاسایی تایبەتەوە، یان بوونی ئەم یان ئەو سیستمی سیاسییەوە. مافی سروشتیی ئەو مافەیە کە پابەستە بە بوونی ئینسانەوە وەک ئینسان، مافێکە بە ئینسان بە مانا ئەبستراکت و گشتی و گەردوونییەکەی دەدرێت، پەیوەستە بە "جەوهەر"ی گریمانکراوی ئینسانەوە وەک ئینسان. لەم ڕوانینەدا مرۆڤ مادام مرۆڤە، ئیتر گرنگ نییە منداڵی چ دین و فەرهەنگ و نەتەوە و چین و توێژ و ئەتنیەتێکە، خاوەنی کۆمەڵێک مافی سروشتی و بنەڕەتییە کە ناکرێت لێی بسێنرێتەوە و

پێشێل بکرێن. هەندێک سەرەتای بچووکی ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕواقییەکانی ناو یۆنان stoics، بەڵام تەنها لە سەردەمی ڕیفۆرمی پرۆتێستانیزم و بەتایبەتی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەبێت بە ڕوانینی باڵادەست. بەرگریکردنی پرۆتێستانییەکان لە "ئازادیی ویژدان،" کە لای ئەوان یەکسانە بە ئازادیی دین، هەنگاوێکی گرنگە لە چەسپاندنی ئەم تیۆرەیەدا لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا. ئەو مافە سروشتییانەش کە هەموو مرۆڤێک وەک مرۆڤ هەیەتی، بریتین لە مافی ژیان و مافی ئازادی و مافی هەبوونی موڵکیەت. دواتریش تۆماس جێفرسۆنی ئەمەریکی مافێکی تری بۆ زیاد دەکات کە مافی "گەڕان و بەدەستهێنانی بەختەوەری"یە. کە وا بوو، بەپێی ئەم تێزە تازەیە، مرۆڤ بوونەوەرێکە مافی ئەوەی هەیە بژی و کەس بۆی نییە بیکوژێت یان لەناوی ببات، هەروەها مافی ئەوەی هەیە ئازاد بێت و ئەوەی بە ڕاستی دەزانێت بتوانێت بینووسێت و بیڵێت و پیادەی بکات، هەروەها مافی ئەوەی هەیە موڵک وماڵی هەبێت و کەس بۆی نەبێت لێی زەوت بکات، ئەمە جگە لە مافی ئەوەی کە بتوانێت بەدوای بەختەوەریی خۆیدا بگەڕێت و وەدەستی بهێنێت.

لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا ئەم مافانە دەبن بە کۆمەڵێک مافی سەرەتایی و بنەڕەتی کە هیچ کەس و لایەنێک، بەتایبەتی هیچ حکومەتێک، نەتوانێت دەستیان بۆ ببات و پێشێلیان بکات. وەک دەبینین چەمکی "سروشت" لە "مافی سروشتی"دا چەمکێکی هێجگار گرنگە، چونکە بوونی ئەم مافانە بۆ مرۆڤ دەخاتە بەر لە دروستبوونی کۆمەڵگەوە، گرێدانەوەی

ئەم مافانە بە سروشتەوە مانای ئەوەیە ئەم مافانە لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا ناکرێت پێشێل بکرێن، چونکە ئەو مافانە مافێک نین کۆمەڵگە بیبەخشێت، یان دین یان حکومەت یان چین و توێژێکی دیاریکراو یان سیستمێکی سیاسیی دیاریکراو، یان فەرهەنگ و ڕەگەز و جێندەر و تەمەنێکی تایبەت، بەڵام کۆمەڵێک مافن، سروشت دەیانبەخشێت، پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە وەک "بوونەوەرێکی سروشتی" نەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.[1] لەم ڕوانینەدا سروشتیش پێدراوێکی سەربەخۆ و سەرەتاییە و دەکەوێتە پێش هەموو ئەو شتانەوە کە مرۆڤ دواتر دروستیان دەکات، لە دروستکردنی کۆمەڵگەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت و لەوانیشەوە بۆ دروستکردنی دین و فەرهەنگ. بەڵام هەندێک نووسەر "مافی سروشتی"یان بە خوداوە گرێ داوە و پێیان وایە خودا کە مرۆڤی دروست کردووە بە کۆمەڵێک مافەوە دروستی کردووە، بۆیە هیچ کۆمەڵگەیەک و هیچ کولتوور و فەرهەنگ و حکومەتێک بۆی نییە ئەو مافانەی لێ بسێنێتەوە. لە هەموو ئەم دۆخانەدا ئەم مافانە مافی گەردوونین و مرۆڤ خاوەنیانە، گرنگ نییە لە چ شوێن و جێیەکی ئەم دونیایەدا دەژی و دەمرێت. بەم مانایە "مافە سروشتییەکان" مافی بەر لە دروستبوونی سیاسەتن و ئەرکیشیان ئەوەیە کە نەهێڵن سیاسەت وێران یان پشتگوێ یان پێشێلیان بکات.[2] با لێرەدا کەمەکێک لەسەر ڕوانینی دوو

---

١ بۆ گرنگیدان بە تیۆرەی "مافی سروشتی" لە فیکری سیاسی و فەلسەفیی سەدەی بیستەمدا بڕوانە:
Nozick, Robert (1974). Anarchy, State and Utopia. New York: Basic Books.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کەس لە تیۆریستە گەورەکانی لەدایکبوونی دونیای مۆدێرن بوەستین و بزانین بە چ شێوەیەک چەمکی "مافی سروشتی" بەکار دەهێنن، مەبەستم لەوانە تۆماس هۆبز و جۆن لۆکە.

هۆبز لە کتێبی *Leviathan*دا وێنەیەک بۆ مرۆڤی ناو سروشت یان "مرۆڤی سروشتی" پێشنیار دەکات کە خاوەنی مافە. هۆبز باوەڕی وایە هەموو مرۆڤێک لە دۆخی سروشتیدا، کە دۆخی بەر لە دروستبوونی کۆمەڵگەیە، خاوەنی هەندێک "ماف"ی سروشتییە، لەوانەش مافی پاراستن و مانەوەی خۆی، مافی بەدەستهێنان و پاراستنی سوود و قازانجی تایبەت.[1] لە تیۆرەی مافی سروشتیی هۆبزیدا وێناکردنێک بۆ مرۆڤی ڕوشتیی یان مرۆڤی ناو سروشت یان "جەوهەر"ی مرۆڤ هەیە، وەک بوونەوەرێکی تاک و تەنها و سەربەخۆ، مرۆڤ لەم دۆخەدا بوونەوەرێکی ئازاد و سەربەخۆیە و مافی ئەوەی هەیە بەدوای سوود و قازانج و مەنفعەتی تایبەتی خۆیدا بگەڕێ و هەموو شتێکیش ئەنجام بدات بۆ ئەوەی ژیانی خۆی بپارێزێت و بەزیندوویی بمێنێتەوە. مرۆڤ لەم دۆخە سروشتییە هۆبزییەدا هیچ ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی بەرامبەر بە مرۆڤەکانی تر لەسەر شان نییە، ئەوەی هەیەتی بیرکردنەوەیە لە خۆی و هەوڵدانە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی و لە سوود و قازانجەکانی. بەڵام چونکە هەموو مرۆڤێک لەو دۆخەدا ئەو مافە سروشتییانەی خۆپاراستنی هەیە و کەس لە بەردەم کەسدا و لە بەردەم هیچ یاسا و ئەخلاقێکدا بەرپرسیار نییە، بۆیە ئەو دۆخەی

---

١ بڕوانە: لاپەڕە ١٠٩.. Hobbes, Thomas (1958). Leviathan Indianapolis Bobbsmerill

لە سروشتدا دروست دەبێت، دەبێتە دۆخی جەنگی گشت دژ بە گشت.[1] ئەو خاڵەی لەم دیدە هۆبزییەدا گرنگە، ڕاستی و دروستیی تێزەکەی نییە، بەڵکوو ئەو وێناکردنە نوێیەی مرۆڤە وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف، کە لای هۆبز ناوی مافی سروشتییان لێ نراوە. بەلام وەک وتم، ئەم مافە سروشتییانە لای هۆبز سەرچاوەی جەنگێکی بەردەوام و بێبڕانەوەی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا. بۆ دەرچوون لەم دۆخە ترسناکە، تاکەکەسەکان هەم کۆمەڵگە و هەم دەوڵەت دروست دەکەن. لە دیدی هۆبزدا، "کۆمەڵگە" دیاردە یان پێدراوێکی سروشتی نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی دروستکراوە و بەرهەمی ڕێککەوتنی مرۆڤەکانە لەنێوان خۆیاندا. هۆبز ئەم ڕێککەوتنە ناو دەنێت "پەیمانی کۆمەلایەتی،" بیرۆکەی سەرەکیی "پەیمانی کۆمەلایەتی،" ئەوەیە کە مرۆڤەکان خۆیان دونیای خۆیان دروست دەکەن، نەک ئەوەی خودایەک بۆیان دروست بکات، یان خودایەک بۆی دروست کردبن، بۆیە شتێک بە ناوی "مافی خودایی"یەوە لەو دونیایەدا بوونی نامێنێت. بەم مانایە، تێزی مافی سروشتی لای هۆبز و وێناکردنی دۆخی سروشتی وەک دۆخێک بە هەندێک مافەوە بۆ هەموو مرۆڤێک کۆتایی بە تێزی مافی خودایی دەهێنێت. لە تێزی مافی خوداییدا، ئەوانەی ئامادەن خودا و پادشا و حەشامەتن، بەلام لە تێزی "ڕێککەوتنی کۆمەلایەتیدا" ئەوەی ئامادەیە کۆمەڵگە و دەسەلاتدارانن بەبێ خودا. لەم تێزەیدا چەمکی "کۆمەڵگە" دەبێتە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو تێزە سیاسییە نوێکان تا ئەو شوێنەی لە سەدەکانی

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠٦-١٠٧.

دواتـردا کۆمەڵگـە خـۆی دەبێـت بـە بکـەری سـەرەکیی نـاو ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی. ئـەم گۆڕانـە گرنگـە لای هۆبـز سـەرەتایەکی نوێیـە لـە مێـژووی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقیـی مرۆڤـدا، چونکـە وەک وتـم، لـە سـەرێکەوە مـرۆڤ وەک بوونەوەرێکـی خاوەنمـاف وێنـا دەکات، لـە سـەرێکی دیکـەوە ئـەو دونیایـەش کـە تیایـدا دەژی، وەک دونیایـەک کـە خـۆی دروسـتی دەکات و هـەر خۆشـی بەڕێوەی دەبات، نـەک خودایـەک یـان کەسـێک بـە نـاوی خـوداوە دروسـتی بـکات و بەڕێـوەی ببـات.

لای جـۆن لـۆک هەمـان ڕوانیـن بـۆ مـرۆڤ لـە دۆخـی سروشتیدا ئامادەیە و تیایدا مرۆڤ وەک کەسێکی خاوەنماف لە ئازادایە، بەڵام بە جیاوازییەکی گەورەوە. دۆخی سروشتی لای لۆک، بە پێچەوانەی هۆبزەوە، دۆخی جەنگی بەردەوامی مرۆڤەکان نییە لەگەڵ یەکدا، چونکە لۆک باوەڕی وایە مرۆڤ بـە "جەوهـەر" یـان لـە "دۆخـی سروشـتی"دا بوونەوەرێکـی ئـازاد و سـەربەخۆ و عەقڵانـی و یەکسـانە، جگە لەوە لە دۆخی سروشـتیدا چەنـدان شـێوازی هاریـکاری و کاری پێکەوەیـی و بەڵێنـدان ئامادەیـە کـە بەسـەر یەکـەوە وا دەکـەن مرۆڤـەکان بتوانـن تەنانـەت لـە غیابی دەوڵـەت و حکومەتدا ژیانـی خۆیـان بپارێزن. ئەمە وا لە لۆک دەکات باوەڕی وا بێت جەنگ لە دۆخی سروشـتیدا "جەوهـەر"ی پەیوەندییەکانـی مـرۆڤ بـە مرۆڤـەوە دەستنیشـان نـەکات.[1] ئەگـەر لای هۆبـز مرۆڤـەکان ناچـار بـن واز لـە مافـی ئازادبـوون و یەکسـانبوونی خۆیـان لەگـەڵ یەکدا

---

١ بڕوانـە: Locke, John (1980). Second Treaties of Government. Indianapolis, IN: Hackett Publishing

بهێنن بۆ ئەوەی دەسەلاتێکی ڕەها کۆتایی بە جەنگ بهێنێت و ئاساییشیان بۆ دەستەبەر بکات، ئەوا لای لۆک، مرۆڤەکان لە دۆخی دروستکردنی دەوڵەت یان دەسەلاتێکی مەدەنیدا نەک دەستبەرداری مافەکانی خۆیان نابن، بەڵکوو وا دەکەن ئەرکی سەرەکیی دەوڵەتیش ئەو بێت، سەرجەمی ئەو مافانە بپارێزێت. لۆک تا ئەو شوێنە دەڕوات کە بڵێت مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا تەنها مافیان نییە، بەڵکوو بەرپرسیارێتیشیان هەیە و ئەرکی ئەخلاقییان بەرامبەر بە یەکتری لەسەر شانە. ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتییانەش بریتین لە ڕێزگرتنی مافی کەسەکانی تر و لە زانینی سنووری کارکردنی ویست و خواستە تایبەتەکانی خۆیان. لۆک لەپاڵ "مافی سروشتی"دا قسە لە "یاسای سروشتی"ش دەکات و دەیەوێت ئەو ڕوانینە سەروەر بکات کە لە دۆخی سروشتیدا تەنها غەریزە و تەماح و ویستی مرۆڤەکان بەرقەرار نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک یاسای ئەخلاقیش هەیە کە ئەو پەیوەندییانە ڕێک دەخات. بە مانایەکی دیکە، "یاسای سروشتی" لای لۆک، کۆمەڵێک داواکاری و ئەرکی ئەخلاقییە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی و لە "جەوهەری" خۆیدا پابەستیانە. ئەم یاسا سروشتییانە کۆمەڵێک یاسای ئەخلاقین و توانای ئەوەیان هەیە ژیانی تاکەکەسەکان بپارێزن، بۆیە لۆک پێی وایە دۆخی سروشتی دۆخی جەنگی گشت دژ بە گشت نییە، چونکە پەیڕەویکردنی ئەو یاسا سروشتییانە مانای ڕێگرتنە لە دروستبوونی جەنگ. بەکورتی، لای لۆک مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا نەک تەنها یەکسانن لەگەڵ یەکدا و ئازادیشن، بەڵکوو ئەرک و واجبیشیان بەرامبەر بە یەکتری هەیە، سەرچاوەی ئەم

ئەرک و واجبانە ئەو یاسا سروشتییانەن کە باسمان کردن.

بەکورتی، لە سەردەمی هۆبزەوە، بەتایبەتی لەپاڵ جۆن لۆکدا وێنەیەک بۆ مرۆڤ دروست دەبێت، کە وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و یەکسان، وەک کەسێکی خاوەنی کۆمەڵێک ماف، کە کەس بۆی نەبێت و نەتوانێت لێیان لا بدات، نماییش دەکرێت. بەڵام ئەم وێناکردنە نوێیەی مرۆڤ لە ئاستی تیۆری و فیکردا بەشێک نییە لەو واقیعە مێژووییەی کە هۆبز و لۆک تیایدا دەژین، نەک هەر ئەمە، بەڵکوو خودی هۆبز و لۆک خۆشیان لە ژیانی تایبەتییاندا بەپێی ئەم وێناکردنە تازەیە بۆ مرۆڤ، ناجووڵێنەوە. ڕێک لەو سەردەمەدا کە ئەم دوو نووسەرە باس لە "مافی سروشتی" و "یاسای سروشتی" دەکەن و وێنەیەکی نوێ بۆ مرۆڤ دروست دەکەن وەک بوونەوەرێکی یەکسان و خاوەنماف، ڕێک لەو کاتەدا بازرگانیکردن بە کۆیلەوە لەوپەڕی گەشەکردنیدایە و ئەو وڵاتانەشی ڕاستەوخۆ بەشدارن لەم بازرگانییەدا، وڵاتەکانی ئەم دوو نووسەرەیە. وەک شارەزایەکی بواری بازرگانیی کۆیلەکان دەنووسێت: "لەمەش خراپتر، هەریەکێک لەم نووسەرانە پەیوەندیی شەخسیان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا هەبووە کە بازرگانییان بە کۆیلەوە کردووە."[1] دیسانەوە لەمەش خراپتر ئەوەیە کە هۆبز خۆی پشکی تایبەتی لەو کۆمپانیایەدا هەبووە کە بۆرمای داگیر کردوە و لۆکیش لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا نەک تەنها

---

١ بڕوانە: Deborah, Aumgold (2010) Slavery discourse before the Restoration: The Barbary coast, Justinian's Digest, and Hobbes's political theory, History of European Ideas,36:4,, p. 412.

بەشـی هەبـوو لـە کۆمپانیایەکـدا کـە بازرگانیـی بـە کۆیلـەوە کـردووە، بەڵکوو بەشـداریش بـووە لـە نووسـینی دەسـتووری کارۆلینای خواروودا کە تیایدا بەرگری لە کۆیلایەتیی کراوە.[1]

ئـەم دووڕووییـە فەلسـەفییە لای ئـەم دوو نووسـەرە گرنگـەی دونیـای مۆدێـرن چەنـد بێمانـا و فرسەتپەرسـتانەش بێـت، کـە وایـە، بـەلام ڕێ لـەوە ناگـرن کـە بزانیـن کۆمەڵێـک گۆڕانکاریـی نـوێ و سـەرەکی لـە بیرکردنـەوە لـە مـرۆڤ و لـە مـاف و لـە دەوڵەتداریـدا بەڕێوەیـە. ئـەوەی شـوێنی تێڕامانـە لای ئـەم دوو نووسـەرە و لای هەمـوو ئەوانـەی بەرگـری لـە تێزی "مافی سروشـتی" دەکـەن، بەکارهێنانێکی نوێی چەمکی "سروشـت"ە بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی وێنەیەکـی نـوێ بـۆ مـرۆڤ وەک بوونەوەرێکـی خاوەنمـاف و وەک کەسـێک یەکسـان لەگـەڵ مرۆڤەکانـی تـردا، ئەمـەش شـەپازلەیەکی گەورەیـە لـە ڕوخسـاری ئـەو ڕوانینـە یۆنانـی و ئەرستۆییـە کە پێـی وایـە هەندێـک مـرۆڤ بـە سروشـت کۆیلـەن و سروشـت بۆ کۆیلایەتـی دروسـتی کـردوون. ئەگـەر ئەرسـتۆ سروشـتی بـەکار هێنابێـت بـۆ بەخشـینی ڕەوایەتـی بـە کۆیلایەتـی و نایەکسـانکردنی مرۆڤەکان لەگـەڵ یەکدا، ئـەوا لە تیۆرەی "مافی سروشـتی"دا سروشـت بـەکار دێـت بۆ سـەلماندنی پێچەوانـەی ئـەو دیدە ئەرستۆییە، بۆ سـەلماندنی ئـەوەی مرۆڤەکان یـەک جەوهەریـان هەیـە و لـە ڕووی سروشـتییەوە هەموویـان هـەم یەکسـانن لەگـەڵ یەکدا و هـەم خاوەنمافن. کەسیش بۆی نییە ئـەو مافانـە لـە مـرۆڤ زەوت بکات. خاڵێکی گرنـگ کە پێویسـتە لێرەدا جەختـی لـێ بکەیـن، ئەوەیـە ئـەم وێنـە تازەیـە بۆ مـرۆڤ

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤١٢.

وێنەیەکی گەردوونی و یونڤێرسالییە، واتە نەبەستراوەتەوە بە ئەندامبوونی مرۆڤەوە لەم یان لەو چین و توێژ و گروپی کۆمەڵایەتیدا. مرۆڤ کورت نەکراوەتەوە بۆ وێنە لۆکاڵی و کولتوورییەکانی، بۆ ئەندامبوون لەم یان ئەو گروپ، هەبوونی ئەم یان ئەو دین و ئیتنیما بۆ فلان یان فیسار ئەتنیەت هتد... خاڵێکی گرنگی تر کە لەم وێنە تازەیەی مرۆڤەوە سەر هەڵئەدات، دروستبوونی وێنەیەکی نوێیە بۆ شێواز و جۆر و مۆدێلی حوکمڕانی خۆشی، حوکمڕانییەک گەرچی لای هۆبز دەسەڵاتدارێکی ڕەهایە و کۆمەڵگە وەک جەستەیەکی گوێڕایەڵ و بێدەنگ مامەڵە دەکات، بەڵام لە فیکری دوای هۆبزدا دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتدارێتییەک کە ڕەوایەتیی خۆی لە خودا یان لە پێگەی دینی و کۆمەڵایەتیی کەسی دەسەڵاتدارەوە ناهێنێت، هەروەها لەوەشەوە نا کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرار دەکات، بەڵکوو ڕەوایەتی لە "پەیمانێکی کۆمەڵایەتی"یەوە پەیدا دەبێت کە کۆمەڵگە بنەماکەیەتی. لای هۆبز خۆشی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" سەرچاوەی ڕەوایەتیی ئەم دەسەڵاتدارێتییە نوێیەیە، بەڵام ئەم پەیمانە لای هۆبز پەیمانی وازهێنانە لە ئازادی و یەکسانی لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئاساییشدا. ئەوەی تەنانەت لای هۆبز خۆشی گرنگ و سەرەکییە مەسەلەی لەدایکبوونی چەمکی "پەیمان" یان "کۆنتراکت" خۆیەتی، چەمکی "پەیمان" یان "ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی" وا دەکات دەسەڵاتدارێتی ببێت بە دیاردەیەکی سەرزەمینی و مێژوویی، دەیبەستێتەوە بە ویست و بڕیاری ئەوانەوە کە حوکمڕانی دەکرێن نەک بە ویستی شتێکەوە لە دەرەوەی مێژوو و دەرەوەی کۆمەڵگەدا، هەروەها سنوورێکی

زەمەنی بۆ درێژیی تەمەنی دەسەڵاتدار دادەنێت، کە زەمەنی مانەوە و پارێزگاریکردنە لەو "پەیمانە کۆمەڵایەتییە." هاوکات ئەم پەیمانە ئەو ڕووبەرانەش دەستێنیشان دەکات کە دەسەڵات دەتوانێت دەستیان تێ وەر بدات و ئەوانەشی کە بۆی نییە بچێتە ناویانەوە. بەزاندنی دەسەڵاتدار بۆ سنوورەکانی دەسەڵاتەکەی، ئەو دەسەڵاتدارێتییە دەکاتە دەسەڵاتدارێتییەکی ناڕەوا و ڕەوایەتیی سیاسیی لێ دەسێنێتەوە. ئەوەی لێرەدا تووشی گۆڕان دەبێت تەنها وێنە سوننەتییە نائازاد و نایەکسانەکەی مرۆڤ نییە، بەڵکوو ئەو شێوازانەشە لە حوکمڕانی کە لەسەر ئەم وێنەیە بەندە.

بەیعەی ئیسلامی و پەیمانی کۆمەڵایەتی

لە لاپەڕەکانی پێشوودا زۆر بەکورتی باسم لە چەمکی بەیعە کرد، ئێستا با هەندێک سەرنجی خێرا لەسەر فیکری سیاسی لە دونیای ئیسلامدا دەر ببڕین و لە خۆمان بپرسین ئایا بەڕاست چەمکی بەیعە و چەمکی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" یەک چەمکن، یان دوو چەمکی تەواو جیاوازن و هێما بۆ دوو وێناکردنی جیاوازی مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەوڵەت دەکەن. ئەوەی شارەزایانی بواری مێژووی فیکری سیاسی لە ئیسلامدا لەسەر ڕێکن، ئەوەیە کە بیرۆکەی "ڕێککەوتن" یان "کۆنتراکت" لەنێوان دەسەڵاتدار و کۆمەڵگەدا لە فیکری سیاسیی ئیسلامیدا بوونی نییە، خەلافەت، کە بە بەرزترین شێوازی حوکمڕانیی ناو ئەزموونی ئیسلام دادەنرێت، لەسەر

بنەمـای کۆنتراکـت کاری نەکـردووە و دانانـی خەلیفـە بەشـێک نەبـووە لـە کۆنتراکتێکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی لەنێـوان کۆمەڵگـە و خەلیفـەدا. وەک هەمـوو دەسـەڵاتدارێتییەکی دیکـە، خاڵی سـەرەکی لـە مەسـەلەی خەلافەتدا مەسـەلەی شـەرعییەتی خەلیفەیـە. ئایا ئـەم شـەرعیەتە لـە کوێ و لـە چییـەوە دێت و کێـن ئەوانـەی ئـەم شـەرعیەتە بـە خەلیفـە دەبەخشـن؟ بەبـێ چوونـە نـاو وردەکارییـە مێژووییەکانـەوە، دەکرێـت بڵێیـن مەسـەلەی هـەرە سـەرەکی لـە بەخشـینی شـەرعییەتەدا بـە خەلیفـە، مەسـەلەی "بەیعە"یـە. چەمکـی "بەیعـە" نزیکتریـن چەمکێکـی ئیسـلامییە کـە بتوانێـت لـە چەمکـی "ڕێککەوتنـی کۆمەڵایەتـی" نزیـک ببێتـەوە، پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا چەمکـی "بەیعـە" و چەمکـی "کۆنتراکـت" یـان "ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتـی" یەکن یاخود دوو چەمکی جیاوازن و لەپشـتی هەریەکێکیانـەوە وێنەیەکـەی جیـاواز بـۆ "دەسـەڵاتدار" و "کۆمەڵگـە" و "تاکەکەس" هەیـە؟ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە زەحمەت نییـە، چونکـە ئەدەبیاتێکـی زۆر هەیـە نیشـانمان ئـەدات کـە چەمکـی "بەیعـە"ی ئیسـلامی و چەمکـی "ڕێکەوتنـی کۆمەڵایەتـی" دوو چەمکـی تـەواو جیاوازن و دوو وێنـەی تـەواو جیاوازیشیان بۆ مـرۆڤ و کۆمەڵگـە و حوکمڕانیکـردن لەپشـتەوەیە.[1]

بەیعـە مانـای دەربڕینـی وەڵا و داننـان بـە شـەرعییەتی دەسـەڵاتی کەسـێکدا کـە خەریکـە و دەیەوێـت دەبێـت بـە دەسـەڵاتدار. بەیعـەدان بـە خەلیفـە، بۆ نموونـە، مانـای داننانـی

١ بـۆ نموونـە بڕوانـە: حیـاه عمامـو (٢٠١٤). السـلطه و هاجـس الشـرعیه فیصـدر الاسـلام. تونـس، دار التنویـر. هەروەهـا بڕوانـە: ابراهیـم القـادری بوتشـیش (٢٠١٤)خطـاب العدالـه فـی کتـب الاداب السـلطانیه. بیـروت، . المرکزالعربـی للابحـاث و دراسـه السیاسـات.

ئاشکرا بەو کەسەدا کە دەبێت بە خەلیفە و دەربڕینی وەلای سیاسیی و دینی بەرامبەری وەک خەلیفەی موسڵمانان. لە بنەڕەتا بەیعە بەشێکە لە کەلەپوورێکی جاهیلی کە بەر لە ئیسلام بوونی هەبووە و بە هۆیەوە خێڵە عەرەبەکان سەرۆکی خێڵەکانیان هەڵبژاردووە و کردوویانن بە سەرکردەی خۆیان. لە بەیعەی قۆناغی جاهیلیەتدا هەموو یان بڕێک لە ئەندامە نێرەکانی خێڵێک کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی دان بە هەڵبژاردنی ئەو کەسەدا بنێن کە دەیەوێت و خەریکە ببێت بە سەرۆکی خێڵەکە. لە سەردەمی ئیسلامدا ئەم مانا جاهیلییەی چەمکی بەیعە تێکەڵ دەبێت بە مەسەلەی دانان بە کەسێکدا کە دەبێتە جێگرەوەی پێغەمبەر و وەک سەرۆکی موسڵمانان دەستبەکار دەبێت. لەم بەیعەیەدا موسڵمانان دان بە ڕەوایەتیی دەسەلاتی ئەو سەرۆکەدا وەک خەلیفە دەنێن و بەڵێن دەدەن گوێڕایەڵی فەرمایشەکانی بن، گوێڕایەڵی بە مانای ئیتاعەتکردن.[1] بێگومان ئەم بەیعەبەخشینە کردەیەک نییە هەموو موسڵمانەکان تیایدا بەشدار بن، چونکە ئافرەت و کۆیلە و ئەوانەی پێیان دەوترێت "عامە"ی خەڵک، زۆربەی جار بەشێک نەبوون لە کردەی بەیعەبەخشین. ئەوانەشی پێویست بووە بەیعە بدەن و ئامادە نەبوون ئەنجامی بدەن، چەندەها کێشەی گەورەیان تووش بووە کە کوشتن یەکێک

---

١ بڕوانە: Tyan, E... "Bay'a." Encyclopaedia of Islam, Second Edition. Edited by: P. Bearman, Th. Bianquis, C.E. Bosworth, E. van Donzel, W.P. Heinrichs. Brill Online, 2015. Reference. Universiteit Amsterdam. 02 October 2015 <http://referenceworks.brillonline.com/entries/encyclopaedia-of-islam-2/baya-COM_0107> First appeared online: 2012

لە بژاردەکان بووە، وەک کوشتنی ئیمامی حوسەینی کوڕی ئەبو تالب، لەلایەن یەزیدی کوڕی مەعاویەوە لە شەڕەکەی کەربەلادا، دوای ئەوەی حوسەین ئامادە نەبوو بەیعە بدات بە دەسەلاتی یەزید.

چەمکی بەیعە لە مێژووی ئیسلامدا قورساییەکی دینیی گەورەی هەیە و ئاماژەش بۆ دەسەلاتێک دەکات کە دین بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتییەتی و ڕەوایەتیی دینی بەشێکی گەورەی ڕەوایەتییەکەیەتی. بەیعە لە بنەڕەتدا ئیمزاکردنی نامەی گوێڕایەلیکردنە بۆ خەلیفە، چونکە ئەوە ئەرکی خەلیفەیە کە بەرگری لە دین بکات و بیپارێزێت و بلاوی بکاتەوە، وەک چۆن ئەرکی ئەوە یاسا و شەریعەتە دینییەکە پیادە بکات. هەروەها لە بەیعەدا گوێڕایەلی و ئیتاعەتی سیاسی بەشێکە لە گوێڕایەلی و ئیتاعەتی دینی و خەلیفە خۆشی زیاتر نازناوێکی دینییە تا دونیایی. هەموو ئەمانە لە چەمکی "پەیمانی کۆمەلایەتی"دا ئامادە نین و ئەم پەیمانە هەلگری ئەم پاشخان و شەحنە دینییە گەورەیە نییە.[1] پەیوەندیی نێوان بەیعە و گوێڕایەلی بە مانای ئیتاعەتکردن پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆیە. ئیبن خەلدون لەم بارەیەوە دەنووسێت: "بەیعە بەلێندانە بە ئیتاعەتکردن، ئەوەی بەیعە ئەدات مەسەلەی بڕیاردان لە کاروبارەکانی خۆی و لە کاروباری موسلمانانندا تەسلیم بە ئەمیرەکەی ئەکات و لەم ڕووەوە هیچ ناکۆکی و ململانێیەک لەگەل ئەو ئەمیرەدا ناکات. هەموو ئەو ئەمرانەش کە ئەمیر بەو کەسەی دەکات، ئەو

---

١ بۆزیاتر شیکردنەوەی ئەم خالە، بڕوانە: فرید لمرینی (٢٠٠٦). صراع الحداثە و التقلید. المغرب: دفاتر وجهە النظر ل ١٥٠-١٥٤.

جیبەجێیان دەکات."[1]وەک ئاشکرایە، بەیعە لێرەدا کۆنتراکت نییە، بەڵکوو بەڵێندانە، بەڵێندانە بە گوێڕایەڵی و لانەدان لە ئەمر و نەهییەکانی دەسەڵاتدار، کە لە ئەزموونی دونیای ئیسلامدا یان خەلیفەیە یان ئیمام، یان سوڵتانە یان ئەمیری موئمینین. ئەم شێوازە لە دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتدار و خەڵک لە سەردەمی پێغەمبەر خۆیدا زیاد لە جارێک لە مەکە و مەدینەدا پیادە کراوە. وەک ماوەردیش دواتر دەنووسێت، ئەوانەی دەتوانن لە بەیعەدا بەشدار بن، هەموو خەڵک نین، بەڵکوو ئەوانەن کە بە "ئەهلی عەقد و حەل،" واتە نوخبەی خوێندەواری کۆمەڵگە، ناسراون، ئەمە جگە لەوەی بەیعە دەشێت بە کەسێکی دەستنیشانکراو بێت، بۆ نموونە ئەو کەسەی لە ئێستادا سەرۆک یان ئەمیر یان سوڵتان و خەلیفەیە، دەتوانێت داوا بکات دوای خۆی بەیعە بە کەسێک بدرێت کە ئەو بەر لە مردنی دەستنیشانی دەکات.[2]یەکەمین کەس کە ئەم جۆرە دەستنیشانکراوە لە بەیعەی هێنایە کایەوە، ئەبوبەکری سدیق بوو، ئەم خەلیفەیە بەر لە مردنی داوای کرد بەیعە بە عومەری کوڕی خەتاب بدرێت و دوای مردنیشی موسڵمانەکان ئەو کارەیان کرد. وەک زۆربەی نووسەران لەسەری کۆکن، بەیعە لە مێژووی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لەوە کەوتووە کە ئامرازێک بێت بۆ هەڵبژاردن یان تەنانەت بەڵێندانێکی ڕاستەقینە، چونکە زۆربەی جار کارەکەی تەنها ئەوە بووە شەرعییەت بە

---

١ بڕوانە: حیاە عمامو (٢٠١٤). السلطە و هاجس الشرعیە فیصدر الاسلام. تونس، دار التنویر. ل٤٢.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٤.

دەسـەڵاتێک ببەخشـێت کـە دروسـت بـووە و دەسـەڵاتی لـە دەسـتدا بـووە، واتـە بەیعەکـە جگـە لـە داننـان بـە واقیعـدا بـەو شـێوەیەی کـە هەیـە، شـتێکی دیکـە نەبـووە. بـەم مانایـە، بەیعـە لـە ڕووی کردەیییـەوە سـەرچاوەی دروسـتکردنی دەسـەڵاتێکی شـەرعی نەبووە، بەڵکوو ئامرازی بەخشـینی شـەرعییەت بـووە بـە دەسـەڵاتێک، کـە دروسـت بـووە بەبێ ئەوەی پرسـیاری ئەوە بکرێت ئایا ئەو دەسـەڵاتە چۆن دروسـت بـووە. بەکورتی، بەیعە ئامـرازی ئـەوە بـووە بـە عەرەبـی پێـی دەڵێـن "اقـرار الواقـع." بـەڵام سـەرەڕای ئـەم ڕاسـتییە، ئـەوەی لـە دونیـای ئیسـلامدا شـوێنی گومانلێکـردن نییـە، ئەوەیـە کـە جێهێشـتنی دەسـەڵات لـە کەسـێکەوە بۆ کەسـێکی تر، واتـە تەوریسـکردنی دەسـەڵات، بەتەنهـا بـەس نەبـووە بۆ ئـەوەی ئـەو دەسـەڵاتە ببێتـە خاوەنـی شـەرعیەت، بەیعـە بەشـێکی گرنگـی بەدەسـتهێنانی ڕەوایەتـی بـووە، ئەگەرچی لـە ڕووی عەمەلی و کردەیییـەوە بەیعە تـەواو بەتـاڵ کراوەتـەوە لـە توانـای بەشـداریکردنێکی ڕاسـتەقینە لـە بەخشـین یـان نەبەخشـینی شـەرعییەت بـە دەسـەڵات. بەیعـە ئەگەرچـی کـورت کراوەتـەوە بـۆ دیاردەیەکـی شـکڵی و بەتـاڵ، بـەڵام هەمیشـە بوونـی بـە پێویسـت زانـراوە بـۆ بەخشـینی ڕەوایەتی بەدەسـەڵات.[1] قورئان خۆشـی بـاس لـە گرنگیی بەیعـە دەکات و بەیعـەدان بـە خەلیفـە وەک بەیعـەدان بـە خوداوەنـد دەناسـێنێت: "ان الذین یبایعونک انما یبایعون اللـه ید اللـه فوق ایدیهـم" و ئەوەشـی لـە بەیعـە پەشـیمان ببێتـەوە، وەک ئـەوە وایـە لـە دینەکـەی پەشـیمان بووبێتـەوە.[2]

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٧.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥٠.

جگـە لەهەمـوو ئەمانـە ئـەو دەسـەڵاتانەی لـە دونيـای ئيسـلامدا بەيعە ڕەوايەتيی پێ بەخشيوە، دەسـەڵاتێک نەبوون سـنوورەکانيان دەستنيشـان کرابێت، نيشـان درابێـت دەتوانـن تـا کـوێ بـڕۆن و چ سـنوورێک هەيـە نەتوانـن بيبەزێنـن، هەروەهـا بـە هيـچ شـێوەيەک بـاس لـە مـاوەی مانـەوەی ئـەو دەسـەڵاتانە نەکـراوە و دەستنيشـان نەکـراوە ئايـا دەسـەڵاتدار بۆی هەيە چەند سـاڵ لـە دەسـەڵاتدا بمێنێتـەوە، کـەی و چۆن دەتوانێت لا ببرێت يان واز بهێنێت. لـەم ڕووەوە فەيلەسـووفی مەغريبی محمـەد عابد الجابری بـاس لـە بوونـی "بۆشـاييیەکی دەسـتووری" لـە دونيـای ئيسـلامدا دەکات و پێی وايـە هەمـوو کێشـەی دەسـەڵات لـە مێژووی ئيسـلامدا کورت کراوەتـەوە بۆ کێشـەی چۆنێتيـی دەستنيشـانکردنی تاکەکەسـێک بـە خەليفـە. لـە ڕووی تيۆرييـەوە دەسـەڵات لـە مێژووی ئيسـلامدا دەکرێت تەنهـا لـە يـەک دۆخـدا لا ببرێت، ئەويش ئـەو کاتـەی نەتوانێت ئەمن و ئاسـاييش بەرقەرار بکات، يان "فيتنە" و شەڕوشـۆڕشـی ناوەکـی سـەروەر بێـت و کـەس لـە موڵـک و ماڵـی خـۆی دڵنيـا نەبێـت. بـە مانايەکـی ديکـە، ئـەوەی لـە ڕووی تيۆرييـەوە ڕەوايەتـی لـە دەسـەڵات دەسـێنێتەوە، پابەسـتبوونی دەسـەڵات نييـە بـە تەمەنێکـی دياريکـراو و بـە ڕێزگرتـن و دەسـتنەبردن بۆ هەندێک مافی تايبـەت، يـان تەنانـەت پيادەنەکردنـی خواستە دينيـەکان، بەڵکـوو ئەوەيـە کـە دەسـەڵات لـە بەرقەرارکردنـی ئەمـن و ئاساييشـدا سـەر نەکەوێـت و دۆخـی "فيتنـە" بەرقـەرار ببێـت. بەکورتـی، ئيشـی دەسـەڵاتدار لـە ئەدەبياتـی سياسـيی ئيسـلاميدا بـە پلـەی يەکـەم بريتيـی بـووە لـەوەی فوقەهـاکان نـاوی "خۆپاراسـتن لـە هۆکارەکانـی بەرپابوونـی فيتنـە،" "درء

اسباب الفتنە"ی لێدەنێن. جگە لەمە، دەسەڵاتی خەلیفە لە ئیسلامدا هەر زوو بە دەسەڵاتی خوداوە گرێ دەدرێت و پێگەی خەلیفە وەک پێگەیەکی خودایی وێنا دەکرێت. مێژووی وێناکردنی خەلیفە وەک نوێنەری خودا لەسەر زەوی، دەگەڕێتەوە بۆ سێهەمین خەلیفەی ئیسلام، عوسمانی کوڕی عەفان. کاتێک بڕێک لە موسڵمانەکان کۆ دەبنەوە و داوای لێ دەکەن واز لە خەلیفایەتی بهێنێت، وەڵامی عوسمان ئەوەیە کە خەلیفایەتی کراسێکە خودا کردوویەتیە بەری ئەو، کراسێکیش خودا کردبێتیە بەری، بۆ هیچ کەسێکی داناکەنێت. عوسمان لێرەدا بەئاشکرا پەیوەندییەکی ماددی و ڕاستەخۆ لەنێوان خودا و خەلیفەدا دروست دەکات و باس لەوە دەکات، ئەوەی ئەوی کردووە بە خەلیفە خودایە نەک خەڵک و کۆمەڵگە. دواتر لە سەردەمی ئەمەویەکان و بەتایبەتی لە سەردەمی عەباسییەکاندا سوڵتان یان خەلیفە، وەک "سێبەری خودا لەسەر زەوی" وێنا دەکرێت و لەنێوان بەیعەداندا بە سوڵتان و بەیعەداندا بە خودا فاسیلەیەک ناهێڵدرێتەوە، بەیعە لەوە دەر دەکرێت میکانیزمێکی سیاسیی سەرزەمینی بێت و وەک ئەرک و واجبێکی دینی وێنا دەکرێت. ئەم ڕوانینە بۆ بەیعە وا دەکات بەڵێندان بە گوێڕایەڵی بۆ سوڵتان، لەپاڵ ترس لە بەرپابوونی فیتنە، ببێت بە ئەرکێکی دینی و وەک بەشێک لە دین خۆی سەیر بکرێت. بەمەش بەیعە لە مەجالی سیاسی دەر بکرێت و بگوازرێتەوە بۆ مەجالی دینی. لە دوادەرەنجامیشدا بکرێت بە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی دروستبوون و بەردەوامبوونی ستەمگەریی دینی و سیاسی لە مێژووی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا. جگە

لەمەش، مەسەلەی حوکمڕانی و ڕەوایەتی وا نیشان ئەدرێت، وەک ئەوەی بەتەنها مەسەلەی تاکەکەسێک بێت، مەسەلەی گەیشتنە دەسەڵاتی خەلیفەیەک یان ئەمیرێک یان ئیمامێک یان سوڵتانێک بەتەنها، نەک مەسەلەی حوکمڕانی وەک کێشەیەکی گەورەتر و فراوانتر. واتە ئەوەی بیری لێ کراوەتەوە، تەنها "کەسایەتی"ی دەسەڵاتدارەکەیە: کێ بۆ ئەم پێگەیە گونجاوە و دەبێ ئەو کەسە هەڵگری چ جۆرە توانا و کەسایەتییەک بێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەتا و کۆتاییی ئەم شێوازەیە لە بیرکردنەوە، کە سەبارەت بە مەسەلەی حوکمڕانی لە ئارادا بووە. ئەدەبیاتێکی گەورە هەیە باس لەوە دەکات کە کەسایەتیی دەسەڵاتدار پێویستە زانا بێت، دادپەروەر بێت، هەستەکانی باش کار بکەن، نابینا یاخود دێوانە یان نەخۆش نەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە نەسەبێکی باشیشی هەبێت. لای هەندێک نووسەری ئەم بوارە، نەسەبی ئەو کەسە پێویستە بچێتەوە سەر قورەیش، وەک لای ئەل ماوەردی، بەڵام هەندێکی تریان پێیان وا بووە مەرج نییە سەر بە قورەیش بێت، بەڵام دەبێت سەر بە خێڵ و تیرە و عەسەبیەتێکی بەهێز بێت، وەک لای ئیبن خەلدون.[1]

بەکورتی، چەمکی بەیعە لە ئیسلامدا ڕەهەندێکی دینیی بەهێزی هەیە کە لە چەمکی "کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی" جیای دەکاتەوە. ئەم ڕەهەندە دینییە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ بڕێک لە وتەکانی پێغەمبەر خۆی و بڕێکیشی بۆ هەندێک ئایەت کە لە قورئان خۆیدا هاتووە و هەندێکیشی بۆ چۆنێتیی

---

١ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە، بڕوانە: محمد الخرات. التاعە فی تاریخ الفکر الاسلامی. مومنون بلا حدود. ل٨.

هەڵسوکەوتی هەندێک لە خەلیفەکان، وەک خەلیفەی سێهەم، عوسمانی کوڕی عەفان. یەکێک لەو وتانەی پێغەمبەر کە باس لە بەیعە دەکات وەک واجبێکی دینی، ئەم وتەیەیە: "هەرکەسێک بمرێت و بەیعەی بە ئیمامێکی موسڵمان نەدابێت، مردنەکەی مردنێکی جاهیلییە." ئەمەش ئاکارێکی دینی و موقەدەس هەم بە چەمکەکە دەبەخشێت و هەم بەو دەسەڵاتەش کە بەیعە ڕەوایەتیی پێ دەبەخشێت.[1] چەمکی "بەیعە" چەمکێکە لە فەزایەکی دینیدا ئامادەیە و دەژی و بەشێکە لە هۆشیاریی فیقهی، لە کاتێکدا چەمکی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" چەمکێکی سیاسییە و ئاماژە بۆ لەدایکبوونی کایەی سیاسی دەکات وەک کایەیەکی سەربەخۆ لە کایەی دین و ئەخلاق. ڕاستە لە ئیسلامدا بڕێک لە دەسەڵاتی یاسادانان، تەشریع، لە دەسەڵاتی سوڵتان و پادشاکاندا نەبووە و لەژێر دەستی دەسەڵاتی "زانا" یان "پیاوانی دین"دا بووە، ئەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن عولەما، بەڵام مێژووی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان نیشانمان ئەدەن کە بەشی هەرە زۆری هەڵسوکەوتی زانا دینییەکان گوێڕایەڵییەکی تەواوە لە سوڵتان و پادشاکان. پیاوانی دین، بەدەگمەن نەبێت، ململانێیان لەگەڵ سوڵتانەکاندا نەکردووە و لەسەر پیادەکردن یان نەکردنی دین بەگژ سوڵتاندا نەچوونەتەوە. هەندێک دۆخی کەم و دەگمەنی لێ دەر چێت، ڕۆڵی پیاوانی دین، ڕۆڵی "فەتواچی" بووە بۆ سوڵتان، ئەو فەتوایانەیان دەر کردووە کە سوڵتانەکان پێویستیان پێی بووە. هەمان شت لە پەیوەندیدا بەوەوە کە لە ئیسلامدا ناوی "اهل الحل و العقد"ی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٩.

لێنراوە، ئەمانەش زۆربەی کات بەشێک بوون لەو ئۆردوە تایبەتەی بەدەوری پادشادا کۆ بوونەتەوە و لە باشترین حاڵەتەدا "نەسیحەت"ی سوڵتانیان کردووە بە ئەنجامدان یان نەدانی کارێکی دیاریکراو، بەڵام "نەسیحەت"ەکە خۆی هیچ هێزێکی یاسایی تایبەتی نەبووە و پەیڕەوکردن و نەکردنیشی لەلایەن سوڵتانەوە، ویستی سوڵتان خۆی دەستنیشانی کردووە. سوڵتان و خەلیفەکان خۆشیان کەسانێک بوون تەواو جیاواز لە مرۆڤە ئاساییەکان، ئەوان لە جنسێکی تر و لە جەوهەرێکی تر دروست کراون، جیاواز و بەرزتر لە جەوهەری خەڵکی ئاسایی. ما وەردی بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە دەنووسێت: "خودا پێگەی ئینسانی لە پێگەی هەموو بوونەوەرەکانی دیکە بەرزتر ڕاگرتووە، دوای ئەوە پێگەی پادشایانی لە پێگەی هەموو مرۆڤەکانی تر بەرزتر ڕاگرتووە، خودا خۆشی سیفەتی پادشابوونی بەم کەسانە بەخشیوە، بەم مانایەش، پادشایان خەلیفەی خودان لەسەر زەوی. هەروەها لێکچوونێک لەنێوان خودا و مرۆڤدا هەیە، ئەگەر خودا یەک و بێشەریک بێت، پێویستە سوڵتانیش یەک و بێشەریک بێت."[1] ئەوەی لەم تێکستەی ما وەردیدا بەئاشکرا دیارە، ئەوەیە کە مرۆڤەکان نەک لەگەڵ یەکدا یەکسان نین، بەڵکوو هەندێکیان خودا هەڵیان دەبژێرێت بۆ ئەوەی حوکمڕان بن و ئەوانی تریان پێویستە گوێڕایەڵێکی بێماف بن. بەڵام ئەمە هەموو نایەکسانییەکانی ناو مێژووی کۆمەڵگە و حوکمڕانییە ئیسلامییەکانی ئەم ناوچەیە نییە، نایەکسانییەکی تر هەیە کە

---

١ بڕوانە: حسن حماد (٢٠١٥). اشكاليات الدين و الدولة في الاجتماع الاسلامي. مؤمنون بلا حدود. موسسە دراسات و الابحات.

لەوانەی تر سەختگیرتر و پەرگیرترە، ئەو نایەکسانییەش نایەکسانیی نێوان ئەوانەیە کە لە مێژوووی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بە "عامە"ی خەڵک و ئەوانەدا کە "خاسە"ی کۆمەڵگە ناو براون.

"عامە" و "خاسە"

دوو چەمکی سەرەکیی تر کە لە دونیای ئیسلامدا دەستبەکار بووە بۆ دەستنیشانکردنی شوێن و جێ و پێگەی مرۆڤ لەناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، چەمکەکانی "عامە" و "خاسە"ن. "عامە" کە بە کۆ "عەوامە" بە زۆرینەی کۆمەڵگە وتراوە، زۆرینەیەک کە گوایە نەخوێندەوار و نەزان و بێئاگا بوون لە دونیا، لەبەرامبەر "خاسە"دا کە بەو بەشە بچووکەی کۆمەڵگە وتراوە کە گوایە خوێندەوار و لێزان و شارەزا بوون و ئاگایان لە فیکر و دین و هونەر و ئەدەبیات و کاروباری حوکمڕانی و دونیا هەبووە. بە زمانی ئەمڕۆ قسە بکەین "عامە" جەماوەرە و خەڵکی ئاسایی ناو کۆمەڵگەیە، لە کاتێکدا "خاسە" نوخبە و ئەشراف و ئەرستۆکراتییەکانی ناو کۆمەڵگەن. لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ئەم جیاکارییە تەنها جیاکارییەکی سۆسیۆلۆژی نەبووە کە ئاماژە بۆ جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بکات، بەڵکوو جیاکارییەکی ئەپستمۆلۆژیش بووە و ئەوانەی وەک عامە وێنا کراون، بە گەمژە و نەزان و بێمێشک ناونووس کراون و نزیکبوونەوەیان لە هەرشتێکیش، کە پەیوەندیی بە بیرکردنەوە

و نووسین و خوێندەوەوە هەبێت، وەک مەترسی وێنا کراوە. دیدی باڵادەست لە مێژووی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ئەوەیە کە عەوام کەسانی بێعەقڵ و گەمژە و هیچنەزان و هەرچی و پەرچی و بەربەرین. بۆیە دەبێت ئەو سنوورانە تەواو دیار و بەرچاو بن کە عەوام لە خەواس یان "زۆرینەی کۆمەڵگە" کە گەمژە و نەزانن لە "نوخبە"ی کۆمەڵگە جیا دەکاتەوە، کە زانا و خوێندەوار و شارەزان. کەسێکی وەک ئیبن موقەفەع لە سەردەمی عەباسییەکاندا هەموو مرۆڤایەتی بەسەر ئەم دوو بەرەیەدا دابەش دەکات و پێی وایە عەوام ئەخلاقیان نییە و بێعەقڵن و شوێنی باوەڕ نین، بەڵام خاسە یان نوخبە، خاوەنی ئەخلاقیاتێکی بەرز و باوەڕپێکراون، عەوام خاوەنی کەسایەتی و تاکایەتی نین، بەچام خاسە خاوەنی هەموو ئەو شتانەن. ئیبن موقەفەع هەندێک جار دەستەواژەی "ڕوعاع" واتە "گاگەل" بەکار دەهێنێت بۆ باسکردنی ئەم "عامە"یە، لە کاتێکدا "خاسە" وەک ئەو کەسانە وێنا دەکرێن کە خاوەن خود و کەسایەتی و تایبەتمەندیی خۆیانن و کەسیان لەوی تریان ناچێت. لای ئیبن موقەفەع، عامە ئەو کەسانەن کە بۆیان نەبووە پادشاکان و ئەمیرەکان و پیاوانی سەرەوەی کۆمەڵگە ببینن، بەڵام "خاسە" ئەو کەسانە بوون کە هێشتوویانە بچنە کۆشکی پادشا و سوڵتان و دەسەڵاتدارەکانەوە و "خاسەی خاسە"کانیش ئەوانە بوون کە توانیویانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و مەجلیسی خەلیفە و سوڵتانەکاندا دابنیشن.[1] بە شێوەیەکی گشتی، "خاسە" ئەوانەن کە دۆست و هاوڕێ و دەستە و دائیرەی دەسەڵاتدارانن و دەتوانن نەسیحەتی سوڵتان و

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

خەلیفە بکەن و بۆچوونی خۆیان لەسەر ڕووداوەکان بڵێن. بەڵام "عەوام" ئەوانەن کە پێویستە بەردەوامماڵی و بێدەنگ بکرێن و بهێنرێنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتدارانەوە، ئەوانەن کە وەک ئاژەڵی درندە وان و پێویستە "خاسە" ئەو درندەیی و هەڵچوون و ناعەقڵانیەتەی ئەمانە هەڵگرین، کۆنترۆڵ بکەن و بیهێننە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. لای زۆربەی خوێندەوار و نووسەر و فەیلەسووفەکانی ناو ئیسلام ئەم جیاکارییە لەنێوان "خاسە" و "عامە"دا جیاکارییەکی هێجگار گرنگە و بەشێکە لە شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و جیهان و بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی. "خاسە" و "عامە" لە هیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ یەکدا یەکسان نین و هەریەکەیان سەر بە هەسارەیەکی فەرهەنگی و مەعریفی و کۆمەڵایەتیی جیاوازە، ئەوەی "خاسە" لەنێوان خۆیاندا دەینووسن و باسی دەکەن، نابێت بگاتە دەمی "عەوام" و فیکر و نووسین و بیرکردنەوە کە بەشێکە لە ژیانی "خاسە"ی کۆمەڵگە پێویستە بەدوور ڕابگیرێت لە "عەوامی خەڵک،" کە هەموویان بێمێشک و بێعەقڵ و گەمژە و ترسناکن. نەک هەر ئەمە، بەڵکوو شێوازی بەختەوەریی "عەوام" و شێوازی بەختەوەریی "خاسە"ش تەواو لێک جیاوازن و "بەختەوەریی تیۆری" و "مەعریفی" شتێکە لە دونیای خاسەدا بوونی هەیە، لە کاتێکدا بەختەوەریی جەستەیی و فیزیایی و نەوسنی بەختەوەریی "عەوام"ەکانە. فارابیی فەیلەسووف تا ئەو شوێنە دەڕوات کە بڵێت بەهەشت تەنها بۆ ئەو کەسە تایبەتانەیە کە دەتوانن چێژیی ڕۆحییان هەبێت و پێویستیان بە جەستە نەمابێت بۆ ئەوەی بتوانن چێژ ببینن. لای فارابی، مرۆڤ دوای مردن تەنها ڕۆحەکەی

بەبێ جەستە زیندوو دەبێتەوە، بۆیە ئەوانەی کە ناتوانن چێژی ڕۆحیین هەبێت و تەنها چێژی جەستەیی دەناسن، یانی ئەوانەی کە ڕۆحیان گەشەی نەکردووە و بەجێ ماوە، ئەوانە ناتوانن بچنە بەهەشت، چونکە لە بەهەشتدا تەنها چێژی ڕۆحی هەیە نەک چێژی جەستەیی. بەم ڕوانینە، فارابی سەرجەمی ئەوانەی "عەوام"ن و تەنها توانای ئەزموونکردنی چێژی جەستەییان هەیە، لە بەهەشت دەر دەکات. دواتر ئیبن سینا ئەم دیدەی فارابی دەستکاری دەکات و باس لەوە دەکات لە بەهەشتدا شوێنیش بۆ "جەستە" هەیە و ئەوانەی ژیانێکی ئەخلاقییانەی ڕاست ژیابن، بەڵام ڕۆحێکی گەشەکردوویان نییە، دەتوانن بچنە بەهەشت و لە بەهەشت هەندێک چێژی جەستەیی تاقی بکەنەوە. مادام ئەوانە ناتوانن چێژی ڕۆحی ئەزموون بکەن، لە بەهەشت چێژیی جەستەیی هەیە دەتوانن ئەزموونی بکەن.[1] وەک دەبینین، لێرەشدا جیاوازییەکی گەورە و فرەلایەن لەنێوان مرۆڤەکاندا دەکرێت و پێ لەسەر نایەکسانیی نێوان مرۆڤەکان دادەگیرێت، ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنجە، ئەوەیە خودی ئەم جیاوازی و نایەکسانییەی نێوان مرۆڤەکان بۆ دوای مردنیش درێژ دەکرێتەوە و دەبێت بە بەشێک لە جوگرافیای بەهەشت خۆشی.

کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە لە چوار بەش پێک هاتبوون: یەکەم، عەرەبە هێرشبەرە موسڵمانە سەرەتاییەکان. دووهەم، ئەو گروپە ئەتنیانەی تازە بووبوون

---

١ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە، بڕوانە: Rahman, Fazlur (2002). *Islam*. The University Chicago Press, Chicago. بەتایبەتی لاپەڕە١١٩.

بە موسڵمان. سێهەم، ناموسڵمانەکان و چوارەم، کۆیلەکان.[1] کۆیلەکانی لێ دەر چێت، لەناو هەریەکێک لەو سێ بەشەی تردا پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی جیاواز هەبوون و دابەشکردنی هەریەکێک لەو بەشانە بۆ "عامە" و "خاسە" دابەشکردنێکی سەرەکی و بنەڕەتی بووە. لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا پۆلێنکردن لەناو کۆیلەکانیشدا دەست پێ دەکات و عوسمانییەکان جیاوازییەکی گەورە لەنێوان کۆیلە سپییەکان و کۆیلە ڕەشەکاندا دەکەن، ئەم خاڵە دواتر دێمەوە سەری.

کۆیلە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا

کۆیلایەتی بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و هەر چوار مەزهەبەکەی ناو ئیسلامیش کۆیلایەتییان حەلاڵ کردووە، هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی بەشێک نەبووە لە ئەمر و نەهییەکانی نە ئیسلام و نە مەسیحیەت و نە ئایینی جولەکە، لە هەموو ئەم ئایینانەدا کۆیلەبوون دیاردەیەکی قبوڵکراو و سروشتی

١ بڕوانە: Beg, M.A.J... "al-Khāṣṣa wa 'l-'Āmma." Encyclopaedia of Islam, Second Edition. Edited by: P. Bearman, Th. Bianquis, C.E. Bosworth, E. van Donzel, W.P. Heinrichs. Brill Online, 2015. Reference. Universiteit Amsterdam. 02 October 2015 <http://referenceworks.brillonline.com/entries/encyclopaedia-of-islam-2/al-khassa-wa-l-amma-SIM_4228> First appeared online: 2012

یان نیمچەسروشتی بووە. بەلام هاوکات ئازادکردنی کۆیلە لە قورئاندا وەک کارێکی ئەخلاقیی چاکەکار و وەک خێرێکی گەورە، ناو براوە. جگە لەمە، قورئان داوای ئەوە دەکات ئەو کۆیلانەی کە ناکرێت ئازاد بکرێن، پێویستە بە شێوەیەکی باش و چاکەکارانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، قورئان ئەم شێوازە مامەڵەیە بە "احسان" ناو دەبات، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کۆیلەن، هیچ کەسێک بۆی نییە لەگەڵیاندا ڕاببوێرێت، خاوەنەکانیان نەبێت.[1] بەم مانایە قورئان کۆیلایەتیی یاساغ نەکردووە و وەک دیاردەیەکی نەشیاو و نەگونجاوە وێنای نەکردووە، یان لانی کەم کۆیلەکردنی مرۆڤی حەرام نەکردووە، قورئان خواردنی گۆشتی بەرازی حەرام کردووە، بەلام کردنی مرۆڤی بە کۆیلە، حەرام نەکردووە.

لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، کۆیلە بە مانای عەبد، تاقە ناوێک نەبووە کە پێگە و نرخی جیاوازی مرۆڤەکانی لە یەکتری جیا کردۆتەوە، لەپاڵ کۆیلەدا "جارییە" و "کەنیزەک" و "غیلمان" و "وەسیف" و "وەسیفە" و "خادم"یش هەبوون، کە هەموویان هەریەکە بە شێوەیەک، لە جۆرێک لە جۆرەکانی کۆیلایەتییەوە ئالاون.[2] ئەمانە هەموویان "خاوەن"

1Brunschvig, R... "'Abd." Encyclopaedia of Islam, Second Edition. Edited by: P. Bearman, Th. Bianquis, C.E. Bosworth, E. van Donzel, W.P. Heinrichs. Brill Online, 2015. Reference. Universiteit Amsterdam. 20 October 2015 <http://referenceworks.brillonline.com/entries/encyclopaedia-of-islam-2/abd-COM_0003>

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

و "مـەولا" یـان "مالیک"یـان هەبـووە و کەسـیان بوونـەوەری ئـازاد نەبـوون. ڕاسـتە پێغەمبـەر و هەندێـک لـە سـەحابەکان کۆیلەیـان کڕیـوە و ئـازاد کـردووە، ئـەوەش ڕاسـتە ئیسـلام بۆتـە هـۆکاری ڕزگاربوونـی زۆر کۆیلـە لـە کۆیلایەتـی، بـەلام لـە دونیـای موسـلمانەکاندا هەمیشـە ڕووبەرێـک بـۆ کۆیلـە و کۆیلـەکاری هـەر هەبـووە، ڕاسـتە کەسـێک کـە موسـلمان بـوو ناشـێت بکرێـت بـە کۆیلـە، بـەلام ناموسـلمان دەکرێـت کۆیلـە بکرێـت و منداڵـی کۆیلەکانیـش وەک کۆیلـە لەدایـک دەبـن و دیلـە ناموسـلمانەکانی جەنگیـش وەک کۆیلـە مامەڵـە کـراون. دەڵێم سـەرەڕای دانانـی هەندێـک سـنوور بـۆ بچووککردنـەوە و بەرتەسـککردنەوەی دیـاردەی کۆیلایەتـی، بـەلام ئیسـلام نەیتوانیـوە کۆیلایەتـی حـەرام بـکات و وەک یەکێـک لـە دیـاردە سـەرەکییەکانی نـاو کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان کۆتاییـی پـێ بهێنێـت. دیـاردەی کۆیلایەتـی لـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکاندا تـا کۆتاییەکانـی سـەدەی نۆزدەهـەم ئامـادە بـووە و بەتایبەتـی لـەدوای جەنگـی جیهانیـی دووهەمـەوە کۆتاییـی پـێ هاتـووە. لـە نیـوەی دووهەمـی سـەدەی نۆزدەهەمـدا کەسـێکی وەک ڕەفاعـە ڕافـع تەهتـاوی ٪١٧ی سـەرمایەکەی خـۆی تەرخـان کـردووە بـۆ ئازادکردنـی کۆیلەکانی.[1] دیـاردەی کۆیلەبـوون لـە مێـژووی ئیسـلامدا دیاردەیەکـی ئاڵـۆزە و لێـرەدا کاتـی ئەوەمـان نییـە بکەوینـە دوای دەرکەوتـە جیاوازەکانـی، بـەلام یەکێـک لـە پێـدراوە گومانهەڵنەگرەکانـی مێـژووی کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان، بەتایبەتـی مێـژووی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی، ئەوەیـە کـە دیـاردەی کۆیلایەتـی بەشـێکی گرنگـی

---

١ بڕوانە: محمد العمارە .(...) التهتاوی...

ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیانە بووە. "مەملوکەکان" خۆیان دیاردەیەکی سیاسیی گرنگی ناو ئەم مێژووەن، مەملوک مانای ئەو شتەی کە موڵکی کەسێکە، خۆی خاوەنی خۆی نییە، بەڵکوو کەسێکی تر خاوەنی ئەوە. مەملوکەکان بەشێک بوون لەو خەڵکە زۆرەی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ئامادە بوون و بەشێک بوون لە دیاردەی کۆیلایەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا. دواتر وشەکە بۆ ئەوانە بەکار هاتووە، کە پێشتر کۆیلە بوون و دواتر ڕزگار کراون.[1] لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە مەملوکەکان دەبن بە هێزێکی گرنگی ناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و لە هەندێک شوێندا دەسەڵات دەگرنە دەست، بۆ نموونە لە میسردا تا پەیدابوونی عوسمانییەکان دەسەڵاتیان هەبووە. عوسمانییەکان خۆشیان زیاد لە شێوازێک لە کۆیلە و کۆیلەبوونیان هەبووە، بەر لە هەموو شتێک، عوسمانییەکان جیاوازییەکی گەورەیان لەنێوان کۆیلە سپییپێستەکاندا کە لە قەوقاز و جۆرجیاوە هاتوون، لەگەڵ کۆیلە ڕەشپێستەکاندا کردووە، کە لە شوێنە جیاوازەکانی ئەفەریقاوە هێنراون. کۆیلە سپییپێستەکان پێیان وتراوە "کولە" و ئەمانە لەناو شارەکاندا و زۆر جار لەناو کۆشکی پادشا و سوڵتانەکاندا ژیاون و توانیویانە تا ئاستی بوون بە ئەمیر و پادشا

---

١ بڕوانە: Brunscbvig, R... "'Abd." Encyclopaedia of Islam, Second Edition. Edited by: P. Bearman, Th. Bianquis, C.E. Bosworth, E. van Donzel, W.P. Heinrichs. Brill Online, 2015. Reference. Universiteit Amsterdam. 20 October 2015 <http://referenceworks.brillonline.com/entries/encyclopaedia-of-islam-2/abd-COM_0003>

گەشە بکەن، نموونە هەرە دیارەکەی ئەم جۆرە لە کۆیلەی سپیپێست خەیرەدینی تونسییە، کە لە ساتێک لە ساتەکاندا دەبێت بە سەدری ئەعزەم. بەڵام کۆیلە ڕەشپێستەکان، کە زۆرینەی کۆیلەکان بوون، لە ئەفەریقاوە هێنراون و لە بواری کشتوکاڵ و ئیشی جەستەیی قورسدا کاریان پێ کراوە.[1]

بەکورتی، هیچ دینێک لە دینەکان نە سەرچاوەی مافەکانی مرۆڤە، نە هەڵگری ڕوانینێکە تیایدا مرۆڤەکان هەموویان بە یەکتری یەکسان بن، نە حوکمڕانەکانیش وەک مرۆڤی یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا وێنا دەکات. دینەکان جیاکاریی گەورە و نایەکسان لەنێوان مرۆڤەکاندا دەکەن، لانی کەم لەنێوان ئیماندار و بێئیماندا کە بە هێڵ جۆرێک بە یەکتری یەکسان نین. جگە لەمە، لە پەیوەندیدا بە مافەوە، ئەوەی لە دینەکاندا پێی لەسەر دادەگیرێت مافەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکوو ئەو شتەیە کە ناوی "مافەکانی خودا"ی لێ دەنێن. مرۆڤ لێرەدا کەمتر ماف و زیاتر "واجبی شەرعی"ی لەسەرە، مرۆڤ خودا بۆ پەرستن و جێبەجێکردنی واجبە شەرعییەکان دروستی کردووە، نەک بۆ ئەوەی مافی هەبێت بەو جۆرە بژی و بیر بکاتەوە کە خۆی دەیەوێت. لە فیقهی ئیسلامیدا مرۆڤەکان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ یەکتریدا یەکسان نین، بەر لە هەموو شتێک، بەرزترنرخاندنی پیاو بەرامبەر بە ژن، بەرزترنرخاندنی موسڵمان بەرامبەر

---

١ بڕوانە: Ehud R. Toledano (1998). Slavery and Abolition in the Ottoman Middle East. Seattle and London: University of Washington Press. p 113.

ناموسڵمان و سێیەمیش بەرزترنرخاندنی کەسی ئازاد بەرامبەر بە کەسی کۆیلە.[1] هەموو ئەم داوەریکردنە فیقهییانە ناکۆکن بە یەکەمین سەرەتاگە و پرنسیپی ناو بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ، کە پێی وایە مرۆڤەکان هەموویان لەگەڵ یەکتردا یەکسانن. "عیلمی کەلام"ی ئیسلامیش زانستێک نییە قسە لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە بکات، بەڵکوو زانستی ناسینی خودا و ناسینی ئاکار و سیفەتەکانی خودایە. زانستی فیقهـ زانستی داواکاری و تەکلیفە شەرعییەکانە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا. سۆفیزم و تەسەوف، زانست یان مەعریفەی گەیشتن بە خودا و فەنابوونە لەناو ئەو پەروەردگارە گەورەیەدا، تەنانەت فەلسەفەی ئیسلامییش فەلسەفەیەکە کێشە سەرەکی و بنەڕەتییەکەی کێشەی سازانی عەقڵە لەگەڵ حیکمەتەکانی خوداوەنددا. لە هەموو ئەم دۆخانەدا مرۆڤ یان بەتەواوی غائیبە، وەک لە عیلمی کەلامدا، یان بە شێوەیەکی پەراوێزی ئامادەیە، وەک لە فەلسەفەدا. ئەمەش شتێک نییە جیاواز لە شێوازەکانی تری فیکر لە دونیای بەر لە لەدایکبوونی دونیای مۆدێرن لە بەشەکانی تری دونیادا، چونکە وەک فۆکۆ دەڵێت، "ئینسان" داهێنراوێکی نوێیە و تەمەنی دروستبوونی وەک بابەتی فیکر و مەعریفە و زانست دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم. تەنها لەگەڵ لەدایکبوونی زانستە مۆدێرنەکاندا مرۆڤ وەک بابەتی مەعریفە لەدایک دەبێت.[2]

---

١ بڕوانە: محمد الشرفي (٢٠٠٨). سوء التفاهم التاريخي. ڕابطە العلمانيين العرب. ل ١٠٥

٢ بڕوانە: ميشيل فوكو (١٩٨٩-١٩٩٠). الكلمات والأشياء. ترجمە نخبە من المترجمين. بيروت، مركز الانماء القومي.

لەدایکبوونی بیرۆکەی مرۆڤی یەکسان

ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد، ئەو وێناکردنانە بوو بۆ مرۆڤ کە وەک بوونەوەری نایەکسان بە یەکتری لە ئارادا بوو، بەلام وەک پێشتریش باسمان کرد، ئەم وێناکردنە لە سەدەی هەژدەهەمدا بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت و وێنەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و وەک کەسێک یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەریدا لەدایک دەبێت. ئەم وێنەیە بەتوندی بە وردەکارییەکانی ئەو دونیایەوە گرێ دراوە، کە لەگەڵ هاتنەکایەی مۆدێرنەدا دێتە کایەوە و یەکێک لە دەرکەوتە سەرەکییەکانی مۆدێرنە لەم ڕووەوە لەدایکبوونی چەمکی "هاوولاتی"، چەمکێک وەک پێشتر نیشانمان دا، بەشێک نییە لە مێژووی هیچ یەکێک لە کۆمەڵگەکانی دونیا و هیچ یەکێک لە دینەکان و شێوازەکانی تری بیرکردنەوەی نادینییش. بیرۆکەی سەرەکیی "هاوولاتیبوون"ی مۆدێرن، بیرۆکەی یەکسانبوونی مرۆڤەکانە لە بەردەم یاسا و لە بەرامبەر یەکتریدا، هاوشان بە ئامادەگیی کۆمەڵێک ماف، کە هیی هەموو ئەوانەیە وەک هاوولاتی دەبینرێن و مامەڵە دەکرێن. وێنەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا لەناو دونیای مۆدێرندا بەتوندی بە چەمکی هاوولاتیبوونەوە گرێ دراوە. من لە بەشەکانی پێشتری ئەم نووسینەدا باسم لە لەدایکبوونی بیرۆکەی "مافی سروشتی" و بیرۆکەی "پەیمانی کۆمەلایەتی" کرد، لێرەدا باس لە چەمکی سێهەم

دەکەم، کە ڕۆڵێکی گەورە لە دروستبوونی وێنەی مرۆڤدا وەک بوونەوەری یەکسان دەبینێت، کە چەمکی هاوولاتییە.

لە فیکری سیاسی و کۆمەلایەتیی مۆدێرندا هاوولاتی کەسێکە هەم خاوەنی مافە، هەم خاوەنی خۆیەتی و هەم ئازادیشە، هەم لەناو دەولەتێکدا ئامادەیە کە لەسەر بنەمای "ڕێککەوتنی کۆمەلایەتی" دروست بووە و کار دەکات. لە مێژووی مۆدێرندا چەمکی هاوولاتیبوون لە پەیوەندیدا بە دەولەتەوە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ بە چەمکی "نەتەوە"ی مۆدێرنەوە گرێ دراوە، نەتەوە ئەو چوارچێوە سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕەمزییە سەرەکییەیە کە تیایدا چەمکی هاوولاتی و هاوولاتیبوون لەدایک دەبێت. لە "ڕووی پرنسیپەوە" لەناو ئەم یەکە سیاسییە نوێیەدا، واتە لەناو نەتەوەدا، هیچ جۆرە جیاکاری و هەلاوێردنێک لەسەر بنەمای سروشت و ڕەگەز و چین و توێژی کۆمەلایەتیدا لەنێوان ئەوانەدا ناکرێت کە دەبن بە بەشێک لەم نەتەوەیە. هەموو کەسێک بە هەمان بڕ و بە هەمان ڕادە ئەندامی ئەو نەتەوەیەیە، کەس لە کەس ئەلمانیتر و ئەمەریکیتر و کوردتر و فەرەنسیتر نییە. دەلێم لە ڕووی پرنسیپەوە، نەک لەڕووی واقیعی و مێژوویییەوە، جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا ناکرێت، چونکە لە دونیای مۆدێرن و لە چوارچێوەکانی دەولەتی نەتەوەدا چەندان شێوازی هەلاوێردن و جیاکاری لە ئارادایە، کە تا ئەمڕۆش هەن و بەردەوامن. ئەوەی لێرەدا ڕوو دەدات، دروستبوونی "یەکسانی"ی ڕاستەقینە نییە لەناو مێژوودا، بەلکوو دروستبوونی لانی کەمی یەکسانییە، یان دروستبوونی"وێنەیەکی یەکسانییە" کە هەمووان لە ڕووی تیۆرییەوە قبولیانە. لەدایکبوونی ئەم

وێناکردنە، لەدایکبوونێکی گرنگە و هەنگاوێکی بنەڕەتییە بە ئاراستەی دۆزینەوەی پێوەرێک بۆ پێوانی بڕ و ڕادەی یەکسانی و نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا. پێناسەکردنی مرۆڤ لە ڕێگەی مافەکانیەوە، نەک لە ڕێگەی ئینتیمای دینی و کۆمەلایەتی و ئەتنییەوە، لەناو چوارچێوە گشتییەکانی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا، ئەو هەنگاوە گرنگەیە کە وێنە سەرەکییەکانی مرۆڤ وەک مرۆڤی خاوەنماف و یەکسان لە دونیای مۆدێرندا مەیسەر دەکات. دەوڵەتی نەتەوەش یەکەیەکی سیاسیی نوێی ناو دونیای مۆدێرنە و یەکێکە لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی تازەگردنەوەی ئەو دونیایەش.

دەوڵەتی مۆدێرن و نەتەوە

لە سەردەمی ماکیاڤیلییەوە (١٤٦٩-١٥٢٧)، واتە لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەمەوە، دەوڵەت وردە وردە وەک ئەو چوارچێوە گرنگە بیری لێ دەکرێتەوە، کە سەرجەمی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگە ڕێک دەخات. واتە دەوڵەت دەبێتە چوارچێوەی سەرەکیی ڕێکخستنی سەرجەمی مەسەلە جیاوازەکانی پێکەوەبوونی کۆمەلایەتی لەناو ڕووبەرێکی سیاسیی گشتیدا. لەم ڕوانینە تازەیەدا، دەوڵەت دەبێتە هەڵگری کۆمەڵێک یاسا بۆ حوکمڕانی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە، کە هیچیان کەمتر نییە لەو یاسایانەی جوڵەی وەرزەکان ڕێک دەخەن.[١] بە مانایەکی دیکە، دەوڵەت لێرەدا وەک دیاردەیەکی سروشتی

---

١ بڕوانە: تاریخ الافکار السیاسیە. معهد الانماء العربی. ل٥٣

وێنا دەکرێت و یاساکانی بە یاساکانی سروشت بەراورد دەکرێت. بەلام ئەم "سروشت"ە تازەیە ئەو "سروشت"ە نییە کە ئەرستۆ باسی دەکات، وردتر بدوێین، ئەم سروشتە چیی تر ئەو سروشتە ئەرستۆییە نییە کە تیایدا هەندێک بە کۆیلایەتی و بۆ کۆیلایەتی لەدایک دەبن و هەندێک بۆ حوکمڕانی و بەسەروەربوون. لەم ڕوانینە تازەیەدا، بۆ دەوڵەت دەستەبەرکردنی "یەکێتیی سیاسی" مەرجی سەرەکیی ژیانی کۆمەلایەتییە، دەوڵەت یاسادانەری ئەم "یەکێتییە سیاسی"یەیە کە ئاکارێکی سروشتیی پێ دەبەخشرێت و بە بنەمای هەموو ئارامی و ئاسایشێک دادەنرێت. هەر خودی ئەم یەکێتییە سیاسییەش دەستنیشانی ئەوە دەکات چ سیاسەتێک ڕاستە لە کۆمەلگەدا پەیڕەو بکرێت و چییش خراپە وازی لێ بهێنرێت و نەکرێت. ئەم یەکێتییە سیاسییەش کە دەوڵەت دەیەوێت دروستی بکات، یەکێتییەکی زۆر فراوانتر و کراوەترە لەوەی ئەرستۆ بیری لێ دەکردەوە و زۆر فراوانتریشە لەوەی لە ڕووی کردەییەوە لە شارە یۆنانییە کۆنەکاندا پیادە دەکرا. بەلام ئەو دەوڵەتە، کە هەم ماکیاڤیللی لە ئاستی تیۆریدا باسی دەکات و هەم ئەوەشی بە کردەوە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە و ئامادە بووە، هێشتا دەوڵەت نییە بە مانا مۆدێرنەکەی دەوڵەتی نەتەوە. ئەو یەکە سیاسییە گشتییە کە ماکیاڤیللی باسی دەکات نەتەوە نییە بە مانا مۆدێرنەکەی. نەتەوە هێشتا وەک یەکەی سەرەکیی کۆکردنەوەی کۆمەلایەتیی کەس و گروپە جیاوازەکان لەدەوری پرۆژەیەکی سیاسیی دەستەجەمعی لەدایک نەبووە. دەوڵەتی سەردەمی ماکیاڤیللی هێشتا دەوڵەتێکی فیودالیی دەرەبەگایەتییە، تیایدا پادشا و

لۆرد و دەسـەڵاتە لۆکاڵییەکان، ئەمیرەکان و ئەرستۆکراتەکان، سـێنتەری هێز و دەسـەڵات و ئینتیمان. ئەو سـەرزەمینەش کە ئەمانـە حوکمڕانیی دەکەن، کۆمەڵێک ئیمارەت و میرنشینی بچووکە کە پادشاکان و ئەمیرەکان بە موڵکی شەخسیی خۆیانی دەزانن و وەک موڵکی شەخسیی خۆشیان مامەڵەی دەکەن. هێشتا شتێک بە مانای سـەرزەمینێکی نەتەوەیی کە بوونی سـەربەخۆ و یەکگرتووی هەبێت و هیی هەموو کۆمەڵگە بێت، لەدایک نەبووە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، لە سـەردەمی ماکیاڤیللییەوە دەوڵەت تا دێت پێگەیەکی گەورەتر و گرنگتر لـە ژیانی کۆمەڵگەکاندا وەر دەگرێت و پێبەپێی گۆڕانی ئەو کۆمەڵگەیانەش شێواز و ئەرک و دەزگا و کارەکانی گۆڕانی گەورەیان بەسـەردا دێت. ئەم گەشـەکردنەی دەوڵەت ئەو هەلە بە ماکیاڤیللی دەدات کە کایەی دەوڵەت و کایە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لـە یەکتر جیا بکاتەوە و لەوێشـەوە "کایەی سیاسەت" لە هەردوو "کایەی دین" و "کایەی ئەخلاق" دابڕێت و وەک کایەیەکی سـەربەخۆ نماییشی بکات. لای ماکیاڤیللی، سیاسـەت تەکنۆلۆژیای سـەرەکیی حوکمڕانیکردنە، چالاکییەکە جیاواز لـە چالاکییە ئینسانییەکانی تر و هەڵگری لۆژیکێکیشـە تـەواو جیاواز لـە لۆژیکی چالاکییەکانی تر. لـە سـەردەمی ماکیاڤیللییەوە ئەنجامدانی هەڵە و کارەساتی سیاسی لەلایەن دەوڵەتـەوە وەک گوناهێکی دینی یان ئەخلاقی وێنا ناکرێت، بەڵکوو وەک هەڵە و گوناهێکی سیاسی و سەربازی وێنا دەکرێت و پێویستیشە بەپێی لۆژیکی سیاسییە مامەڵە لەگەڵ ئەم هەڵە و گوناهـە سیاسییەدا بکرێت. لـە پەیوەندیدا بـە دینەوە، ماکیاڤیللی لەسـەر ئەو باوەڕە بوو کە ناکرێت یاسا ئەخلاقییەکانی دین

بین بە یاسا ئەخلاقییەكانی سیاسەت، لەكوێشدا یاسا ئەخلاقی و دینییەكان بوونە هۆی دروستبوونی كێشە و ململانێی سیاسیی گەورە و كارەساتی سیاسییان لێ كەوتەوە، لەوێدا دەبێت ئەو یاسا ئەخلاقی و دینییانە پەك بخرێن. ئەم ڕوانینە نوێیە بۆ كار و ئەركی سیاسەت، ئەو ڕووبەرە مرۆییە تەواو گەورە دەكات كە دەوڵەت بە ڕووبەری كاركردنی خۆی دەزانێت، چیی تر تەنها ئەندامی ئەم یان ئەو دین، یان ئەم یان ئەو مەزهەبی ئایینی وەک "ڕەعیەت"ی دەوڵەت مامەڵە ناكرێت، بەڵكوو ئەم "ڕەعیەتبوونە" فراوانتر دەبێت بۆ بەشی هەرە زۆری ئەو "دانیشتووان"ەی دەكەوێتە ناو سنوورەكانی ئەو دەوڵەتەوە، بەبێ گوێدانە ئینتیمای دینییان. یەكێک لەو كارانەی دەوڵەتی مۆدێرن لە سەردەمی ماكیاڤێللییەوە وردە وردە پێی هەڵدەستێت، وازهێنانێكی لەسەرخۆی دابەشكردنی مرۆڤەكانە لە ڕێگەی دینەوە و كۆكردنەوەیانە بە هەموو جیاوازییەكانیانەوە لەژێر چەمكی "دانیشتووان"دا. لەم ڕوانینە نوێیەدا خودا تا ئەو شوێنە دەخرێتە ناو سیاسەتەوە و دەبێت بە بەشێک لە دەوڵەت، كە نەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی و پارچەپارچەبوونی دۆخی سیاسی وڵات و كارەساتی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی لێ نەكەوێتەوە، واتە خودا نەبێتە هۆكاری لەتلەتبوونی سیاسی و كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگە. ئەم بۆچوونە تازەیەی ماكیاڤێللی تەواو ناكۆک بوو بە بۆچوونی پیاوانی دینیی سەردەمەكەی خۆی و دوای خۆشی، چونكە، بۆ نموونە تەنانەت كەسێكی وەک مارتن لوتەریش كە نوێنەرایەتیی ڕیفۆرمی دینیی دەكرد، لەسەر ئەو باوەڕە بوو، ئەگەر خودا لە بوارێكدا كرایە دەرەوە، بۆ نموونە لە سیاسەتدا، ئەودەم

لە هەموو بوارەکانی تریشدا دەکرێتە دەرەوە. بۆیە دژایەتیی کردنەدەرەوەی خودای لە سیاسەتکردندا دەکرد.[1]

لای ماکیاڤیللی گرنگیی سیاسەت وەک چالاکییەکی نوێ لەسەرووی گرنگیی سەرجەمی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوەیە، بوونی حکومەت و حوکمڕانییەکی کارا و لێزان بنەمای ژیانێکی هێمن و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی ئامێزان و ژینگەیەکی مەدەنییە. لێرە بەدوا، بیرکردنەوە لە دەوڵەت بەگشتی و لە مەسەلەی حوکمڕانی بەتایبەتی، ئازادییەکی ڕێژەیی وەر دەگرێت کە دەرەنجامەکانی لە سەدەکانی دواتردا دەر دەکەوێت، لە پەیوەندیشیدا بە کۆمەڵگەوە هێدی هێدی سەرەتاکانی دەرکەوتنی چەمکی "دانیشتووان" دێتە کایەوە، کە سەرجەمی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە سنووری دەوڵەتێکدا ئامادەن و دەوڵەت هەموویان بە بەشێک لە پێکهاتەی خۆی دەزانێت. ئەم گەشە ناوەکییە، وەک فۆکۆ دواتر باسی دەکات، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا گەشەی تەواوەتی دەکات و "دانیشتووان" دەکاتە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو سیاسەتی مۆدێرن.[2]

ئەم پێگە گرنگەی دەوڵەت لە ژیانی کۆمەڵگەدا بەدەستی دەهێنێت، دواتر لای هۆبز تێکەڵ دەبێت بە وێنەیەکی تایبەت

[1] بڕوانە: کۆمەڵێک وانەی زانا و کۆمەڵناسی ئەڵمانی George L. Mosse لە زانکۆی واشنتۆن لە ساڵی ١٩٦٩دا. http://mosseprogram.wisc.edu/audio_history119.htm

[2] بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، بڕوانە: Bruce Curtis(2002). **Foucault on Governmentality and Population: The Impossible Discovery.** *The Canadian Journal of Sociology / Cahiers canadiens de sociologie* Vol. 27, No. 4 (Autumn, 2002), pp. 505-533

بۆ ئینسان و بۆ دۆخی سروشتیی مرۆڤەکان، هەروەها بۆ گەشەدان بە فەلسەفەیەکی تایبەت سەبارەت بە ئارەزووەکانی مرۆڤ. ئەگەرچی لێرەدا ناچارم هەندێک لە بۆچوونەکانی هۆبز جارێکی دیکە دووبارە بکەمەوە، بەلام دووبارەکردنەوەکە بە مەبەستی نیشاندانی ئەو دیدە تازەیەیە کە هۆبز لە پەیوەندیدا بە دەولەت و کۆمەلگەوە لەدوای ماکیاڤیللییەوە بەرگریی لێ دەکات. هۆبز ڕای وا بوو کە مرۆڤ "ئامێرێکی سروشتی"یە و زنجیرەیەک هۆکاری ورد ئەم ئامێرە ئاراستە دەکات، لەپێش هەمووانیشەوە ئارەزووەکان و تواناکانی مرۆڤ بۆ جوولە و جێگۆڕکێ. لەم ڕوانینە هۆبزییەدا، مرۆڤ هەم بوونەوەرێکی خاوەنئارەزووە، هەم بوونەوەرێکی خاوەن هێز و تواناشە، بۆیە ئەم هێز و توانایە پەیوەندییەکی پتەو بە مەسەلەی دابینکردنی ئەو ئارەزووانەوە دروست دەکەن. مرۆڤ بە سروشتی خۆی، ئامێرێکە ئارەزوەکانی دەیجوولێنێت و ئەو هێز و توانایەشی هەیەتی دەیخاتە گەڕ بۆ پیادەکردنی ئەو ئارەزووانە. ئەوەی لەم "دۆخە سروشتی"یەدا سنوور بۆ هەلسوکەوت و کار و کردەوەکانی مرۆڤ دادەنێت، تەنها بڕ و ڕادەی هێز و توانا ماددییەکانی مرۆڤە، کەی مرۆڤ بەهێز بوو، هەموو شتێک دەکات بۆ پیادەکردنی ئارەزووەکانی و کەی لاوازیش بوو بەپێی گەورەیی و بچووکیی خالە لاوازەکانی هەلسوکەوت دەکات. بەلام مرۆڤ لای هۆبز لە هەمان کاتدا "ئامێریکی هەستدار"یشە، هەستی ڕق و حەز و حەسودی و بەغیلی و ترس لە هەستە سەرەکییەکانیەتی و ئەمانەش بەسەر یەکەوە هەلسوکەوتی مرۆڤ ئاراستە دەکەن، بەتایبەتی ترس لە مردن و ئازارچەشتن و دەردەسەریی زۆر. ئەم دۆخە وا

دەكات دۆخی سروشتیی مرۆڤ لە یەک كاتدا هەم دۆخی ئارەزووی زۆر و هەم دۆخی ترسی زۆر بێت، هەموو ئەمەش لە دۆخی نەبوونی كۆمەڵێک یاسا و بەهادا، كە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەكان ڕێک بخات، جگە لە پەیوەندیی هێز، وا دەكات مرۆڤ هەم لە دۆخی جەنگی بەردەوام و هەم لە دۆخی بەدبەختی و ترسێكی بەردەوامدا بژی. لە دۆخی سروشتیدا حەزی مرۆڤ لە ژیان و هەوڵدانی ئەو بۆ پیادەكردنی ئارەزووەكانی تێكەڵ دەبێت بە ترسێكی بەردەوام لەوی تری بەهێز و لە ئازار و لە مردن. حەز لە هێز و حەز لە ژیان، بەتایبەتی ژیانێک بەئارامی بەڕێوە بچێت، ئەو ناكۆكییە سەرەكییەیە كە مرۆڤەكان لەناوەوە ئاراستە دەكات. ئەم دۆخە مرۆڤەكان ناچار دەكات بیر لە شتێک بكەنەوە، بتوانێت لانی كەم ترسە بەردەوامەكەیان بڕەوێنێتەوە و چوارچێوەیەكی هاوبەش دروست بكەن بۆ مەیسەركردنی لانی كەمی پێكەوەبوونێكی هێمنانە. لە دیدی هۆبزدا، دروستكردنی هێزێک كە بتوانێت سەرجەمی هێزەكانی تر بهێنێتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە، ئەو ستراتیژەیە كە بە هۆیەوە مرۆڤ لە دۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی مەدەنی یان بۆ دۆخی سیاسی دەپەڕێتەوە، ئەم هێزە گەورە و گشتییەش كە دروست دەكرێت، دەوڵەتە. دەوڵەت لێرەدا وەک خودایەک یان وەک بوونەوەرێكی خورافیی گەورە و هەمەتوانا وێنا دەكرێت، كە هیچ هێزێک ناتوانێت سنووورداری بكات جگە لە پێشمەرجی دابینكردنی ئاسایش بۆ كۆمەڵگە، یان پاراستنی ژیان و دواخستنی مردنی مرۆڤەكان، یان كورتكردنەوەی مردن تەنها بۆ مردنێكی سروشتی و سەندنەوەی ماف و توانای كوشتن لە مرۆڤەكان خۆیان. ئەم وێناكردنە بۆ ئینسان،

بنەما سەرەکییەکەی کتێبی لڤیتان دەستنیشان دەکات، کە ساڵی ١٦٥١ نووسراوە.[١] ئەم دۆخە وا دەکات، دەوڵەت خاوەنی سەروەرییەک بێت گەورەتر لە هەموو سەروەرییەکانی تر، ئەم سەروەرییەش، واتە سەروەریی دەوڵەت، شتێکە ناکرێت دابەش ببێت و هیچ سنوورێکیش نییە دەوڵەت نەتوانێت بیبەزێنێت، گەر هات و ئەو بەزاندنانە لەپێناوی دابینکردنی ئەمن و ئاساییشدا بێت. تیۆرەی دەوڵەت لای هۆبز هێما بۆ ئەوە دەکات کە مرۆڤ تەنها بە ئەخلاق ناژی و ئەخلاق ناتوانێت مرۆڤ لە خراپەکاری و ئەنجامدانی توندوتیژی و پەلاماردانی دونیای دەوروبەری بپارێزێت. پەنابردن بۆ دەوڵەت وەک داوەرێک لەنێوان مرۆڤە جیاوازەکاندا، مانای نائومێدبوونە لە توانا ئەخلاقییەکانی مرۆڤ و لەوێشەوە نائومێدبوونە لە دین و کولتوور و فیکر لەوەی بتوانن بەتەنها ژیانێکی هێمن و دوور لە توندتیژی دروستبکەن. ئەوەی لەم دۆخە هۆبزییەدا نوێیە، سەرلەنوێپێداگرتنەوە نییە لەسەر ئەو دیدە ماکیاڤیللییە کە بواری سیاسی و بوارەکانی دیکە لە یەکتری جیا دەکاتەوە و کاری دەوڵەت وەک کارێکی سیاسی دەناسێنێت، بەڵکوو ئەوەشە کە مرۆڤەکانی ناو "رێککەوتنی کۆمەڵایەتی" لای هۆبز چیی تر یاسای ئاغا و کۆیلەیان بەسەردا پیادە نابێت و زۆرینەی ئەو مرۆڤانە دەچنە دۆخێکی نوێوە کە دۆخی بە"رەعیەت"بوونێکی یەکسان یان نیمچەیەکسانە لە بەردەمی ئەو بوونەوەرە تازەیەدا کە ناوی دەوڵەتە.

دۆخی سروشتی لای هۆبز لە زۆر سەرەوە یەکسانە بەو دۆخی "فیتنە"یەی فەلسەفەی سیاسی لە ئیسلامدا، بەتایبەتی لە

---

١ تاريخ الافكار السياسيه. ل ٧٢-٧٣-٧٤.

ئیسلامی سوننەدا، بەرگریی لێ دەکات. ئەگەر لای هۆبز هەموو دەسەڵاتێکی ڕێکخراو لە دۆخی سروشتی باشتر بێت، ئەوا لای فوقەهاکانی ئیسلامیش هەموو دەسەڵاتێکی ڕێکخراو لە دۆخی فیتنە باشترە. هۆبز لەم ڕووەوە دەنووسێت "دەسەڵاتێکی خاوەنسەروەری کەمتر ئازاربەخشە تا دۆخی نەبوونی هیچ دەسەڵاتێک."[1] ئەمەش لە زۆر سەرەوە دووبارەکردنەوەیەکی تەواوی ئەو قسەیەی ئیبن تەیمییەیە کە دەڵێت "شەست ساڵ ستەمگەری لە ڕۆژێک فیتنە باشترە." ئەوەی جیاوازە لەپشتی ئەم وێناکردنەی هۆبزەوە بۆ دەوڵەت، وێنەیەکی کۆمەڵگە ئامادەیە جیاوازە لەو وێنەیەی لە دیدی فوقەها ئیسلامییەکاندا هەبوو. ئەم خاڵە لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەدرێژی باس کرا.

گەشەکردنی ئەم دەوڵەتە تازەیە لە سەردەمی ماکیاڤێللییەوە بە دوو ئاراستەدا دەڕوات. لە سەرێکەوە لە "دەوڵەتی ئابسلوتیزم"ەوە بۆ "دەوڵەتێکی لیبراڵ" و دیموکراسیی خاوەندەستوور، لە سەرێکی دیکەوە لە "دەوڵەتی ئەمیر"ەوە بۆ "دەوڵەتی نەتەوە." ئەم گەشەیەش لەگەڵ خۆیدا وێنەی مرۆڤەکان وەک هاوڵاتی و تاکەکەسی یەکسان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. پرۆسەی مۆدێرنبوونەوەی کۆمەڵگەکان و پرۆسەی دەستکاریکردنێکی بەردەوامی شێوازەکانی دەوڵەت، هاوشانە بە دروستبوونی وێناکردنی نوێ بۆ مرۆڤ تا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا مرۆڤ لەناو ئەم پرۆسە جیاوازانەدا لە ڕەعیەتێکی سیاسییەوە دەگۆڕێت بۆ "هاوڵاتی" و لە ئەندامی ئەم یان ئەو تائیفەی دینی و ئەتنییەوە دەبێت بە ئەندامی نەتەوەیەکی مۆدێرن. بەکورتی،

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧٦.

ئەوەی لەنێوان سەدەی شانزەهەم و کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا ڕوو دەدات، گۆڕانی "دەوڵەتی ئەمیر"ی ماکیاڤێللییە بۆ "دەوڵەتی نەتەوە"ی مۆدێرن و گۆڕانی "ڕەعیەت"ەکانی ئەم دەوڵەتانەیە بۆ "نەتەوە." پرسیاری سەرەکی لە دروستبوونی نەتەوەدا، پرسیاری ئەوەیە ئایا سنوورەکانی نەتەوە لەکوێدا کۆتاییان دێت؟ کێ دەتوانێت بەشێک لە نەتەوە بێت و کێ هاوولاتیی ئەو دەوڵەتەیە کە نەتەوە دروستی دەکات؟ کێش دەکەوێتە دەرەوەی سنوورەکانی نەتەوەوە؟

نەتەوە وەک چوارچێوەیەک بۆ مرۆڤی یەکسان

یەکەمین هەوڵی تیۆری بۆ پێناسەکردنی نەتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمەدا نووسەرێک بەناوی ئیمانوێل جۆزێف سیەس Sieyes (١٧٤٨-١٨٣٦) بۆ یەکەم جار کتێبێک بڵاو دەکاتەوە کە لە مێژووی ناسیۆنالیزمدا بە یەکێک لەو کتێبە سەرەتاییانە دادەنرێت، کە باس لە دیاردەی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوە دەکات. ناونیشانی کتێبەکە ئەمەیە: "ئایا عامەی خەڵک کێن؟"[1] لای ئەم نووسەرە، "عامەی خەڵک" چیی دی خەڵکی بەشی ژێرەوەی کۆمەڵگە و ئەو زۆرینە کۆمەڵایەتییە نین کە ئەرستۆکرات و فیوداڵەکان وەک گەمژە و ڕەعیەت و گاگەل مامەڵەیان بکەن، بەڵکوو بەشێکن لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی نوێ کە ناوی "نەتەوە"یە. نەتەوە لە

١ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٣٧.

دیدی ئەم نووسەرەدا، پێدراو یان دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو یەکەیەکی تایبەتە بەر لە هەر کارێکی سیاسی و تەشریعی بوونی هەیە، نەتەوە دیاردەیەکی سروشتییە بەلام هەڵگری کۆمەڵێک ماف و بەرپرسیارێتیی یەکسانە. نەتەوە لە کۆمەڵە تاکەکەسێکی ئازاد و یەکسان و سەربەخۆ و فرەڕەنگ و جیاواز پێک دێت، کە کۆمەڵێک پێداویستیی هاوبەش و سروشتیی پەیوەست بە مرۆڤبوونەوە و ئیرادەی پێکەوەژیانێکی هاوبەش بەیەکەوە کۆی کردوونەتەوە. ئەم نووسەرە پێی وایە، بەبێ بوونی ئەم ئیرادەیە و بەبێ وێناکردنی نەتەوە خۆشی وەک فیکرەیەک، تاکەکەسەکان ناتوانن خۆیان بپارێزن و لە بەردەم ئەو هێزە خراپەکارانەشدا خۆڕاگر بن کە دێنە ڕێیان. واتە نەتەوە دیاردەیەکی سروشتییە کە مرۆڤ و تاکەکەس پێویستیان پێیەتی بۆ ئەوەی بتوانن بەیەکەوە بژین و خۆیان لە مەترسییەکانی لەناوچوون بپارێزن. لەناو ئەم دیدەدا بۆ نەتەوە، هەموو تاکەکەسێک توانا و ئەگەری ئەوەی تێدایە کە ببێت بە هاوولاتیی ئەو نەتەوەیە، بەلام ئەوەی کەسێک بە کردەوە دەکات بە هاوولاتیی ڕاستەقینە، کۆبوونەوەی ئیرادەی ئەو کەسەیە لەگەڵ ئیرادەی کەسەکانی تردا بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانن دەسەلاتێکی نەتەوەیی دروست بکەن. مەرجی کۆکردنەوەی ئیرادە تاکەکەسییەکان و ڕێکخستنیان لە یەک ئیرادەی گشتیدا ئەوەیە، سەرجەمی ئەو دەسکەوت و ئیمتیازانە لا ببرێت کە بەشێک لە خەڵک لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە هەیانە و بەشێکی تریش لە هەمان ساتەوەختەوە نییانە. یەکسانبوونی هەمووان لە خاڵی سەرەتادا مەرجی بنەڕەتیی

دروستبوونی نەتەوەیە. پاكژكردنەوەی كۆمەڵگەش لەوانەی نایانەوێت دەستبەرداری ئەو دەسكەوت و ئیمتیازاتە بۆماوانە ببن، مەرجی سەرەكیی یەكخستنی ئیرادەیە و یەكخستنی ئەم ئیرادەیەش مەرجی سەرەكیی دروستبوونی نەتەوەیە. ئیرادەی گشتی و یەكخراو تەنها ئیرادەی پێكەوەژیان نییە، بەڵكوو ئیرادەی پێكەوەژیانێكی یەكسانە، ئیرادەی ئەوەیە كەس لە ڕۆژی لەدایكبوونییەوە لەوی تر زیاتر یان كەمتر نەبێت، شتێك بوونی نەبێت ناوی "سروشت"ی جیاوازیی ئەم یان ئەو تاكەكەس بێت لە یەكتر و لەسەر بنەمای ئەم "سروشت"ە گریمانكراوەش مافی زیاتر یان كەمتر بەم یان بەو تاكەكەس ببەخشرێت. سەرچاوەی ڕەوایەتیی ئەو دەسەڵاتەش كە كەسەكان وەك بوونەوەری یەكسان مامەڵە دەكات، خودی نەتەوە خۆیەتی، نەتەوە خۆشی كۆی ئەو خەڵكە جیاوازانەیە كە لەناو كۆمەڵگەدا بەیەكەوە دەژین. ئەو یەكە سیاسییەش كە پێویستە ئەم دەسەڵاتە نەتەوەییە ڕێک بخات و ئازادی و یەكسانیی نێوان هاوولاتییان و مافە سروشتییەكانیان بسەلمێنێت، دەوڵەتی نەتەوەیە. لەم ڕوانینەدا نەتەوە چیی تر لەناو جەستەی ئەمیر و پادشاكاندا بەرجەستە نابێت، لەشی پادشا و لەشی نەتەوە یەك لەش نین و لەشی پادشا سیمبۆڵ و نوێنەری لەشی نەتەوە نییە، بە پێچەوانەوە، نەتەوە لەباتی ئەوەی لەناو لەشی پادشا و دەسەڵاتداراندا نیشتەجێ ببێت، لەناو چەندان دەزگا و دامەزراو و شێوازی نوێنەرایەتیكردنی نوێدا بەرجەستە دەبێت. دەوڵەت خۆشی چیی تر درێژكراوەی لەشی پادشا نییە و لەو لەشەوە نایەتە دەرەوە، بەڵكوو بەرجەستەكەری لەشی نەتەوەیە و لە لەشی

نەتــەوەوە دێتــە دەرەوە و نوێنەرایەتیی ئــەو لەشــەش دەکات.[1]
ئــەوەی لــەم ڕوانینــەدا تازەیــەدا بۆ نەتــەوە و دەوڵەتی نەتــەوە ئامادەیــە، تێزی یەکسانبوونی ئەندامانی ئــەم یەکــە مۆدێرنەیــە لەگــەڵ یەکــدا، بەبێ دروســتبوونی ئــەم چوارچێــوە سیاســییە تازەیــە، زەحمــەت بوو بیر لــەو وێنــە تازەیــەی مرۆڤ بکرێتــەوە کــە وەک بوونــەوەرێکی یەکســان و خاوەنمــاف وێنــای دەکات. بــەم مانایــە، دروســتبوونی وێنــەی مــرۆڤ وەک بوونــەوەرێکی یەکســان، پابەســتی دروســتبوونی وێنــەی نەتەوەیــە وەک یەکەیەکــی سیاسیی نــوێ کــە تیایدا ئەندامانــی ئــەو نەتەوەیــە لــە ڕووی پرنســیپەوە بــە یەکتــری یەکســانن، بــۆ ئــەوەی تاکەکەســەکان بــە یەکتری یەکسان بن، وێنەیەکی کۆمەڵگــە و دەوڵــەت پێویســت بــوو کــە ئــەوان وەک ئەندامــی یەکسانی نــاو ئــەو دوو یەکــە گشــتییە تازەیــە وێنــا بــکات.

مافەکان و دۆکۆمێنتە سیاسییەکان

دوو شۆڕشــی کۆمەڵایەتی و سیاســی ڕۆڵێکی هێجگار گرنــگ لــە قووڵکردنــەوەی ئــەو وێنانــەی ســەرەوەدا دەبینــن و زمــان و ڕوانین و وێناکردنێک گەشــە پێ ئــەدەن کــە مــاف و یەکســانیی مرۆڤــەکان دەســتەواژە هــەرە ســەرەکییەکانیانە. یەکەمیــان شۆڕشی ئەمەریکیی ساڵی ١٧٧٦ و ڕاگەیاندنی سەربەخۆبوونی ئەمەریکایــە کــە بڵاوکردنــەوەی "بەیاننامــەی مافــەکان"ی ســاڵی ١٧٨٧ی لــێ دەکەوێتــەوە. دووهەمیــان شۆڕشــی فەرەنســیی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣٨-١٣٩.

ساڵی ١٧٨٩ و بڵاوكردنـەوەی "بەياننامـەی مافەكانـی مـرۆڤ و هاووڵاتی"يـە. ئـەم دوو بەياننامەيـە سـەرجەمی ئـەو گۆڕانكارييانـەی باسـمان كـردن لـە چوارچێوەيەكـی تـازەدا كۆ دەكەنـەوە و ئـەو وێنـە مۆدێرنـە بـۆ مـرۆڤ بەتـەواوی دەچەسـپێنن كـە مـرۆڤ وەك بوونەوەرێكـی خاوەنمـاف و وەك بوونەوەرێكـی يەكسـان لەگـەڵ مرۆڤەكانـی تـردا وێنـا دەكات. بێگومـان بـەر لـەم بەياننامانـە هەندێـك دۆكومێنتـی تـر لـە مێـژووی سياسـيدا هەبـوون كـە هەوڵـی سـەرەتاييیان تێدايـە بـۆ دانانـی سـنوورێك بـۆ دەسـەڵاتی پادشـاكان و ئـەو نايەكسـانی و خراپبەكارهێنانـەی دەسـەڵات كـە لـە ئـارادا بـووە، كەمەكێـك سـنووردار بكـەن. نموونـەی ئەمانـەش ماگنـا كارتـا، Magna Carta سـاڵی ١٢٩٧ و "كەمپينـی مافـەكان، Petition of Right ١٦٢٨"ی سـاڵی ١٦٢٨ لـە ئينگلتـەرادا. هـەردوو دۆكومێنتەكـە لـە بەريتانيـا نووسـراون و بەشـێكن لـە مێژووی سياسـيی ئـەو وڵاتـە. ماگنـا كارتـا ئـەو دۆكومێنتەيـە كە لە سـاڵی ١٢٩٧دا هەندێك لە پياوانی چينی سـەرەوەی ئـەو وڵاتـە بـە مەبەسـتی سـنووردار‌كردنی هەندێـك لـە دەسـەڵاتە ڕەهاكانـی پادشـای بەريتانيـا دەينووسـن. نووسـينی ئـەم دۆكومێنتە دوای دروسـتبوونی كۆمەڵێك ناكۆكيی گـەورە دێت كە لەنێوان پادشـای بەريتانيـا و هەندێـك لـە بارۆنەكانـی ئـەو سـەردەمەی وڵاتەكـەدا دروسـتدەبێت. دۆكومێنتەكـە داوای دوو مافی سـەرەكی دەكات، يەكەميـان مافـی پاراسـتنی كەنيسـە لـە دەسـتتێوەردانی بەردەوامـی پادشـا، دووهەميـان مافـی بارۆنـەكان لـەوەدا كـە بـێ هـۆ نەگيرێـن و زينـدان نەكرێـن. ئەمـە جگـە لـە داواكردنـی كەمكردنـەوەی بـڕی ئـەو باجـەی

فیودال و دەرەبەگەکان پێویست بوو بە پادشای ببەخشن. بۆ پیادەکردنی ئەم داوایانەش، لیژنەیەک دروست دەکەن لە ٢٥ بارۆن و ئەم لیژنەیە دەکەوێتە دانوستانەوە لەگەڵ پادشادا. خاڵی سەرەکیی ئەم دۆکومێنتە، بەرگریکردن نییە لە شتێک بە ناوی "مافی مرۆڤ"ەوە، ئەوەی هەیە داواکردنی پاراستنی مافی هەندێک لە توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵگەیە لە بەردەم دەسەڵاتی پادشادا، ئەمە جگە لە پاراستنی مافی کەنیسە وەک دەزگایەک. ئەوەی لێرەدا ئامادەیە، داواکردنێکی تایبەتە لە پادشا کە هەندێک ماف بە هەندێک کەسی دیاریکراو ببەخشێت و خۆی هەموو بڕیارەکان دەر نەکات، ئەو کەسانەش کە ماف وەر دەگرن "خەڵک"ی ئاسایی نین، بەڵکوو گروپە بەهێز و دەستڕۆیشتوو و دەوڵەمەندەکانی ناو کۆمەڵگەن، لۆردەکان و فیوداڵەکان و ڕابەرانی کەنسیە و پیاوە دینییە گەورەکان و هەندێک ئەرستۆکراتن. بەڵام سەرەڕای بەرتەسکیی داواکارییەکان و بەرتەسکیی ئەو هێزانەی داواکارییەکان بەرز دەکەنەوە، ئەم دۆکومێنتە لە مێژووی سیاسیی مافەکاندا وەک هەنگاوی یەکەم دەبینرێت بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی پادشا و مامەڵەکردنی هەندێک گروپی ناو کۆمەڵگە وەک کەسانی خاوەنماف. ئەو مافانەش بریتی بوون لەوەی پادشا نەتوانێت چۆنی دەوێت ئاوا باج لەو کەسانە بسێنێت، یان موڵک وماڵیان لێ زەوت بکات، یاخود بیانگرێت و زیندانیان بکات.

دۆکومێنتی دووهەم، وەک وتمان، دۆکومێنتی "کەمپینی مافەکان"ی ساڵی ١٦٢٨، .Petition of Right ئەم کەمپینەش کۆمەڵێک لە سیاسەتمەدارانی بەریتانیا پێی هەڵدەستن دژ بە

پادشای بەریتانیا لە سەدەی حەڤدەهەمدا. ئەم سیاسەتمەدارانە داوای ئەوە دەکەن کۆمەڵێک ئازادی دەستەبەر بکرێت کە پادشا بۆی نەبێت دەستیان بۆ ببات، واتە مەبەستی سەرەکیی کەمپینەکە ئەوەیە بتوانن سنوورێک بۆ دەسەڵاتی پادشا دابنێن. بۆ نموونە پادشا نەتوانێت بڕیاری کۆکردنەوەی باجێک دەر بکات کە پەرلەمان لەسەری ڕازی نەبوویێت، پادشا بۆی نەبێت بەزۆر سەرباز لای خۆی گل بداتەوە، یان بەبێ هۆکارێک و لەخۆیەوە کەسێک بگرێت و بخاتە زیندانەوە، پادشا نەتوانێت لەخۆیەوە دادگای تایبەت دابنێت و دۆخی ناکاو و ئەحکامی عورفی ڕابگەیەنێت. ئەوانەی بەم کارە هەستان، پەنایان بۆ دۆکۆمێنتی یەکەم، واتە بۆ ماگنا کارتا برد، و داواکارییەکەی خۆیان خستە پاڵ مێژووی ئەو داواکارییانەوە و باسی ئەوەیان دەکرد کە ماگنا کارتا تا ئەمڕۆش زیندووە.

ئەم دوو دۆکۆمێنتە نیشانمان ئەدات بەریتانیا وڵاتی دروستبوونی مافەکانە و یەکەمین باسکردنێکی ماف لە دەرەوەی مافی ڕەهای پادشاکاندا لەم وڵاتەوە دەست پێ دەکات. سیستمی سیاسیی ئینگلیزی بەردەوام سیستمێکی پادشایی بەهێز بووە، بەڵام ئەم پادشایە بەردەوام لەپاڵ بوونی پەرلەمانێکدا کاری کردووە، کە لە کەسانی سەرەوەی کۆمەڵگە پێک هاتووە. لە سەدەی حەڤدەهەمدا ڕۆڵی ئەم پەرلەمانە چالاکتر و بەهێزتر دەبێت و لەوە دەکەوێت بەشێک بێت لە دیکۆرێکی سیاسیی پادشایانە. بەڵام هاوکات بوونی پەرلەمان لە ئەزموونی بەریتانیدا مانای ئەوە بووە کە بەردەوام دەسەڵاتی پادشا، گەر بە شێوەیەکی زۆر

سادە و سەرەتاییش بووبێت، سنووردار بووە و ئەو دیکۆرە سیاسییەی کە هەبووە، هەندێک جار لەوە کەوتووە تەنها ڕۆلی دیکۆرێک ببینێت. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا ڕووی داوە لە بەشەکانی تری ئەورووپادا، بەتایبەتی لە فەرەنسادا، پادشا دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە و کەس و هیچ لایەن و دەزگایەک لە ئارادا نەبووە بتوانن لە کار و کردەوەکانی پادشاکان بپرسنەوە. ئابسولیتیزم شێوازی سەرەکیی حوکمڕانیکردن بووە. سنووردانان بۆ دەسەڵاتی پادشا تەنها لە ئینگلتەرەدا بەتەواوی لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا دەر دەکەوێت. لە کۆتاییی بەیاننامەیەکدا کە پەرلەمانی ئینگلتەرا لە ساڵی ١٦٠٤دا بڵاوی دەکاتەوە، پەرلەمانی ئەو وڵاتە بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی خۆی وەک پەرلەمان بە هەمان ڕادەی دەسەڵاتی پادشا بە پیرۆز دادەنێت. لەو بەیاننامەیەدا نووسراوە: "دەنگی خەڵک لەو مەسەلانەدا کە زانیارییان دەربارەی هەیە، وەک دەنگی خوداوەند وەهایە." دەنگی خەڵک کە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە دەر دەبڕدرێت، بە هەمان ڕادەی دەنگی خودا و دەنگی نوێنەرەکەی خود، واتە پادشا، پیرۆزە.[1] ئەم جۆرە دۆکۆمێنتانە ئەگەرچی گرنگن و ڕۆڵی بەرچاو لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئینگلتەرادا دەگێڕن، بەڵام هێشتا هەڵگری ئەو وێنە گەردوونییە بۆ مرۆڤ نین کە وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و یەکسان نمایشی بکەن. ئەو مافانەی داواش دەکرێن، هەندێک مافی کەمن بۆ هەندێک

---

١ بڕوانە: کۆمەڵێک وانەی زانا و کۆمەڵناسی ئەڵمانی George L. Mosse لە زانکۆی واشنتۆن لە ساڵی ١٩٦٩دا. http://mosseprogram.wisc.edu/audio_history119.htm بەتایبەتی ئەو دوو وانەیەی باس لە سیستمی سیاسیی ئینگلیزیی ئەو سەردەمە دەکات.

کەس و گرووپی بچووکی ناو کۆمەڵگە. وەک پێشتریش وتمان، مەسەلەی لەدایکبوونی مرۆڤی خاوەنماف، وەک دیاردەیەکی گەردوونی دوا دەکەوێت بۆ سەردەمی شۆڕشی ئەمەریکی و شۆڕشی فەرەنسی. تەنها لە سەردەمی ئەم دوو شۆڕشە و لەناو ڕووداوەکانی ئەم دوو شۆڕشەدا ئەو وێنەیەی مرۆڤ لەدایک دەبێت کە خاوەنی مافی یەکسان و مافی گەردوونییە.

ڕۆشنگەری و وێنەی مرۆڤ

خاڵێک کە پێویستە لێرەدا ئاماژەیەکی خێرای بۆ بکەین، پەیوەندیی نێوان لەدایکبوونی وێنەمرۆڤە وەک بوونەوەرێکی یەکسان و خاوەنماف، لە پەیوەندیدا بە "ڕۆشنگەری"یەوە. وەک ئاشکرایە ڕۆشنگەری یەکێکە لە بزووتنەوەی فیکری و مەعریفییە گرنگەکانی دونیای مۆدێرن و خاوەنی چەندەها دید و ڕوانینی نوێیە بۆ مرۆڤ و جیهان و عەقڵ و ئازادی و یەکسانی، کە لە سەدەکانی دوای خۆیدا، واتە لەدوای سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمەوە، کاریگەریی گەورە لەسەر بەشێکی گەورەی دونیا بەجێ دەهێڵن. دوو بیرۆکەی سەرەکیی ناو ڕۆشنگەری، کاریگەریی گەورە لەسەر ڕوانینی سیاسی بەگشتی و لەسەر وێنەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف بەتایبەتی، بەجێ دەهێڵن. یەکەمیان ئەو پەیوەندییە پتەوەیە کە ڕۆشنگەری لەنێوان سیاسەتکردن و حوکمڕانی و زانستدا دروستی دەکات، دووهەمیان بیرۆکەی

ئازادییە.[1] مەبەست لە بیرۆکەی یەکەمیان داهێنانی جۆرێکی نوێیە لە سیاسەت کە بنەماکەی دین یان یاسای سروشتی یان کەلەپوور، یان عورف و عادەت نییە، بەڵکوو زانستە. ئەم دوورکەوتنەوەیە لە دین و کەلەپوور و سروشت و عادەت و تەقالید، مانای بەجێهێشتنی هەموو ئەو جیاکاری و هەرەمیەتانەشە کە لەسەر بنەمای ئەو شتانە لەنێوان ئینسانەکاندا دروست دەکران و دەپارێزران. لەباتی ئەمانە پەنابردن بۆ زانست وەک بنەمای ئەنجامدانی کاری سیاسیی مانای کۆتاییهێنان بە هەڵاوێردن و دروستکردنی فەرق و جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا. چونکە لە دیدی ڕۆشنگەراندا، زانست لەسەر بنەمای دۆزینەوەی ڕاستی کار دەکات، نەک لەسەر بنەمای دروستکردن و پاراستنی جیاوازیی دینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. ئاشکرایە ئەم پەنابردنە بۆ زانست هەندێک جیاوازی دەسڕێتەوە و لەناو دەبات، بۆ نموونە جیاوازیکردن لەنێوان دینەکان و بەهاکان و کەلەپوورەکاندا، بەڵام هاوکات هەندێک جیاوازیی نوێ دروست دەکات، کە پێشتر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونیان نەبووە، بۆ نموونە جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز-Race، لەسەر بنەمای "قۆناغ"ەکانی گەشەکردن، لەسەر جیاکردنەوەی ئەوانەی "مێژوویان هەیە" لەگەڵ ئەوانەدا کە "مێژوویان نییە." ئەم جیاوازییە تازانە بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دێنە

١ بۆ وردەکارییەکانی ئەم دوو ئاکارەی ڕۆشنگەری خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەو کۆمەڵە وانەیە بگەڕێتەوە کە پرۆفیسۆر ئیان شاپیرۆ لە زانکۆی یل-Yale University، دەربارەی ڕۆشنگەری پێشکەشیان دەکات. کۆمەڵە وانەکە لەسەر یوتوب هەن و خوێنەر دەتوانێت گوێیان لێ بگرێت. بڕوانە:
http://oyc.yale.edu/political-science/plsc-118

کایەوە و دەبنە هۆکارێک بۆ بەخشینی ڕەوایەتی بە ڕاسیزم و ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم. دەڵێم سەرەڕای ئەم ڕاستییە تاڵە کە عەقڵیەتی زانستی لە گەشەکردنی خۆیدا دروستی دەکات، خاڵێک کە شوێنی نکوولیکردن نییە، ئەوەیە گەڕانەوەی ڕۆشنگەری بۆ زانست و کردنی بە بنەمای سیاسەت، کۆتایی بە قۆناغێکی درێژی مێژووی سیاسی دەهێنێت، کە تیایدا جیاوازییە دینی و فەرهەنگی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان بنەمای کاری سیاسی و ڕێکخستنی سیاسییانەی کۆمەڵگە بوون. بەمەش زەمینە بۆ سڕینەوەی بەشێکی زۆری ئەو جیاوازییانە دەسڕێتەوە کە فیکر بەگشتی و فیکری سیاسی بەتایبەتی بەر لە ڕۆشنگەری لەنێوان مرۆڤەکاندا و لە نرخاندنی مرۆڤەکاندا دروستیان دەکات و دەیانپارێزێت.

بیرۆکەی دووهەمی ڕۆشنگەری، کە گرنگە و ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی وێنەی مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف دەبینێت، بیرۆکەی ئازادییە، بەتایبەتی بیرۆکەی ئازادیی تاکەکەسی وەک باشترین و سەرەکیترین چاکەکارییەکی سیاسی. ژێرخانی ئەم ڕوانینە تازەیەی ڕۆشنگەری بۆ ئازادی، بریتییە لە بوون و ئامادەگیی ماف، ماف وەک ئەو چوارچێوەیە کە ئازادی لەناویدا دروست دەبێت و گەشە دەکات. ئازادی لێرەدا دیاری یان بەخشش یان دەرەنجامی دڵپیسووتان و بەزەییی دەسەڵاتداران بۆ کۆمەڵگە نییە، هەروەها بەشێک نییە لە گووتارێکی سایکۆلۆژیی موناجاتئاسا سەبارەت بە مرۆڤ، بەڵکوو مافێکە لە مافە تاکەکەسییە هەرە بنەڕەتییەکان، کە لە چوارچێوەیەکی سیاسیی تایبەت و لەناو تێگەیشتنێکی تایبەتدا بۆ سیاسەت لەدایک دەبێت. پەیوەندیی

نێوان زانست و ئازادی لە ڕۆشنگەریدا پەیوەندییەکی پتەوە و زۆر جار پرسیاری سەرەکیی ڕۆشنگەری ئەوەیە: چۆن لەسەر بنەمای زانست کۆمەڵگەیەک دروست بکەین، مرۆڤ تیایدا زۆرترین ئازادیی هەبێت؟ هەموو کەلەپووری تیۆرەی "کۆنتراکت" یان "پەیمانی کۆمەڵایەتی" لەدوای جۆن لۆکەوە سەرقاڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە، پێشم وایە بەشێکی گەورەی فیکری مارکسیزم و خودی مارکس خۆشی لە پرسیارێکی لەو بابەتەوە دەست پێ دەکات و ئەوەی مارکس و مارکسییەکانیش باسی دەکەن، دۆزینەوەی زەمینەیەکی نوێیە بۆ ئازادی لەسەر بنەمای لێکدانەوەیەکی زانستییانەی کۆمەڵگە و مێژوو. باسکردنی زیاتری ئەم بابەتانە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری ئەم باسەوە. ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە ڕۆشنگەری لە دوو سەرەوە بەشدارە لە پتەوکردنی وێنەی مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی یەکسان و خاوەنماف.

پێداگرتن لەسەر بیرۆکەی ئازادیی مرۆڤ، دەرەنجامی هێجگار گەورە و گرنگی بۆ شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردنی مرۆڤ و بۆ مۆدێلەکانی حوکمڕانی لێ دەکەوێتەوە. چونکە بەشی هەرە زۆری دەرکەوتە سەرەکییەکانی دونیای مۆدێرن لەژێر باڵتۆکەی چەمکی ئازادیی مرۆڤەکانەوە دێنە دەرەوە. بۆ نموونە ئازادیی بیرکردنەوە و توانای ئازادیی مرۆڤ بۆ پرسیارکردن و پشکنین دەبێتە هۆی لەدایکبوونی زانستی مۆدێرن. لە ئازادیی مرۆڤەوە بۆ بەشداربوون لە ژیانی گشتیدا مەسەلەی دیموکراسیەت لەدایک دەبێت. لە ئازادیی ئاڵوگۆڕ و بازرگانیکردنەوە ئابووریی پیشەسازیی مۆدێرن

لەدایک دەبێت. لە ئازادیی مرۆڤەوە لە ژیانی تایبەت و ژیانی گشتیدا مافەکانی مرۆڤ لەدایک دەبێت. لە ئازادیی تاکەکەسەوە سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانە لەدایک دەبن، کە لەناو بوونیادی خێزان و خێڵ و پەیوەندییکانی خزمخواهیدا دروست دەبێت. ئازادیی ویژدان دەبێتە هۆی لەدایکبوونی بیرۆکەی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و لەدایکبوونی بیرۆکەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ئازاد. ئەو تێزەش کە لەپشتی ئەم ڕوانینەوە بۆ ئازادی ئامادەیە، ئەوەیە کە ئازادی هۆکاری دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەریی زیاترە، بەبێ ئازادی، نە یەکسانی و نە دادپەروەری ناتوانن دروست ببن و گەشە بکەن. کە ئەمە دەڵێم، مەبەستم نییە بڵێم ئازادیی مرۆڤ چارەسەری هەموو کێشەکانی مرۆڤ دەکات، سەرەڕای گرنگیی گەورە و هەمەلایەنەی ئامادەگیی ئازادی، بەلام ئازادی بەتەنها بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی بڕێکی زۆری کێشەکانی دونیای مۆدێرن، چونکە ئازادی ناتوانێت چارەسەری کێشەی نایەکسانی و کێشەی هەژاری و کێشەی دادپەروەری بکات، بۆیە تێکەڵکردنی ئازادی بەم مەسەلانە و بەستنەوەی بەو کایە تازانەوە، دەبێت بە بەشێک لە مێژووی بیرکردنەوە و مێژووی دەوڵەت و مێژووی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان. ئەمانەش وا دەکەن هەندێک جار دەوڵەت یان کۆمەڵگە سنوورێک بۆ هەندێک لەو ئازادییانە دابنێن بە مەبەستی دەستەبەرکردنی هەندێک دەسکەوتی کۆمەلایەتیی گرنگ. بۆ نموونە دانانی سنوور بۆ ئازادیی ئاڵوگۆڕی ئابووری لەپێناوی پاراستنی یەکسانیدا، یان لەپێناوی پیادەکردنی سیاسەتێکی دادپەروەرانەتری

دابەشکردنی سەروەت و سامانی نیشتیمانیدا. بۆ ئەوەی ئازادی هەندێک جار خۆی بە دەستی خۆی ویران نەکات، پێویست بەوە دەکات یاسا و دەزگای تایبەت هەبن کە پەیوەندییەکان و کردەکان و جوولەکانی ئازادی ناو دونیا ڕێک بخەن و ئاراستە بکەن. بەلام لەدایکبوونی مرۆڤی ئازاد لەناو دیدە جیاوازەکانی ناو ڕۆشنگەریدا، هەنگاوێکی گرنگی گواستنەوەیە بەرەو لەدایکبوونی ئەو مرۆڤەی بە کۆمەڵێک مافی سەرەکی و بنەڕەتییەوە لەدایک دەبێت و کەسیش بۆی نییە ئەو مافانەی لێ بسێنێتەوە. ئەمەش ئەو دواهەمین پاڵە مێژووییە گرنگە بوو، کە بۆ لەدایکبوونی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ پێویست بوو.

بەیاننامەکانی مافی مرۆڤ

وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا دوو بەیاننامەی گرنگ لە دوو شوێنی جیاوازی دونیاوە دەربارەی مافەکانی مرۆڤ دەر دەچێت. یەکەمیان "بەیاننامەی مافەکانە، Declaration of Rights" کە لە ١٢ی مانگی شەشی ساڵی ١٧٧٦دا لە ویلایەتی ڤێرجینیا لە ئەمەریکا دەر دەچێت. دووهەمیان "بەیاننانەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی"یە، کە لە فەرەنسا لە ٢٦ی مانگی هەشتی ساڵی ١٧٨٩دا لە پاریس دەر دەچێت. وەک مێژوونووسی هۆڵەندی پیتەر کۆپ دەڵێت، دەکرێت ئەو مافانەی لەم دوو

بەياننامەيەدا هاتوون بەسەر سێ جۆر مافدا دابەش بکەين:[1]

يەکەم، ئەو مافانەی کە پەيوەندييان بە مافی هەبوونی مولکيەتەوە هەيە. بەپێی ئەم مافانە مرۆڤ دەتوانێت خاوەنی ملکيەتی تايبەت بێت و کەسيش بۆينييە ئەم مافەی لێبسێنێتەوە. بەپێی ئەم مافانە هيچ کەسێک لەويتر زياتر يان کەمتر مافی بوون يان نەبوونی ملکيەتی تايبەتی نييە، ئەرستۆکراتێک و جووتيارێک و بۆرژوايەک بەقەد يەک مافی ئەوەيان هەيە خاوەنی مولکيەت بن.

دووهەم، ئەو کۆمەڵە مافانە کە پەيوەندييان بە بوون و ئيشکردنی خێزانەوە هەيە، وەک هێزێکی گرنگی ئاميژانبوونی سياسی کە کۆمەڵگەی لێ دروست دەبێت. مرۆڤ مافی ئەوەی هەيە خێزانی هەبێت و دروستی بکات، وەک چۆن مافی ئەوەشی هەيە لەناو خێزاندا مولکيەتی تايبەت بە خۆشی هەبێت. هەر لەم کۆمەڵە مافەدا باس لە هەندێک مافی تر دەکرێت، کە پەيوەندييان بە ئازاديی تاکەکەسييەوە هەيە، کە وا دەکەن مرۆڤ کەسايەتيی خۆی لەناو خێزاندا لەدەست نەدات. ئەمە جگە لە دابينکردنی مافی ئەوەی کە لەشی مرۆڤ نابێت بشێوێنرێت و نابێت ئازار بدرێت. هەروەها نابێت مرۆڤ بەبێ هۆکاری دروست و ياسايی بگيرێت و زيندان بکرێت.

سێهەم: کۆمەڵێک ماف کە گفتوگۆی ئاشکرای سياسی دەستەبەر دەکات و دەپارێزێت، چونکە بەبێ ئەم مافانە، ناکرێت بۆچوونی ئاشکرا هەبێت و دروست ببێت. هەروەها

---

[1] بڕوانە: Peter C. Kop (2009). Men en Burger: een geschiendenis van grondrechten. Walburg Pers. P. 19-20.

دابینکردنی مافی کۆڕ و کۆبوونەوەدروستکردن، مافی ئازادیی بڵاوکردنەوە و نەهێشتن و لابردنی سانسۆر. هەموو ئەمانەش ئەو زەمینە تایبەتە ساز دەکەن کە هەموو هاووڵاتییەک بتوانێت بەشداریی سیاسیی هەبێت لە سەرجەمی ئەو مەسەلانەدا کە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا لە ئارادان. ئەم کۆمەڵە تایبەتە لە ماف، ئازادیی دینییان هێنایە کایەوە.

ئەوەی لەم بەیاننامانەدا تازە و گرنگە ئەم خالانەیە:[1]

-١ سەرجەمی ئەو مافانەی لەو دوو بەیاننامەیەدا هاتوون وەک مافی گەردوونی ناسراون، هیچ یەکێکیان تەنها بۆ ئەم یان ئەو دەستە و تاقم و چین و توێژی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە نییە، هەریەکێکیش لە مافەکان بۆ هەموو مرۆڤێکە لە هەر شوێنێکی دونیادا بێت. ئەوەی جێی تێرامانە، ئەو مافانە تەنانەت باس لەوە ناکەن کە مرۆڤ پێویستە هاووڵاتیی ئەم یان ئەو دەوڵەت بێت بۆ ئەوەی بتوانێت سوود لەو مافانە ببینێت، بەڵکوو باس لە مافی مرۆڤ دەکەن وەک مرۆڤێکی گەردوونیی بان نەتەوەیی. مرۆڤ لێرەدا لەسەر بنەمای ڕەگەز، نێر و مێ، هەژار و دەوڵەمەند، ڕەش و سپی، چینی سەرەوە و چینی خوارەوە، ئەندامی ئەم یان ئەو نەتەوە، لەیەکتری جیا نەکراونەتەوە. ئەم وێناکردنە گەردوونییەی مرۆڤ، پێشتر لە سەرەتای سەدەکەدا لای جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤) و لای جان جاک ڕۆسۆش (١٧١٢-١٧٧٨)، ئامادە بوو.

-٢ خاڵێکی گرنگی تر ئەوەیە، ئەو مرۆڤەی ئەو دوو

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٠-٢١.

بەیاننامەیە باسی دەکەن، مرۆڤە وەک تاکەکەس، تاکەکەسێکی ئازاد، نەک ئەندامی دەستە و گروپێکی دیاریکراو. لەو بەیاننامانەدا مافەکان بە تاکەکەس دراون و پەیوەندییان بەوەوە نییە داخۆ مرۆڤ سەر بە کام گروپی کۆمەڵایەتییە. ئەم ئاکارە تاکگەرایییەی مافەکان و وێناکردنی خودی مرۆڤ خۆشی وەک تاکەکەس، سەرەتای لەدایکبوونی ئەو سەردەمە تازەیە کە تیایدا مرۆڤ بەر لە هەموو شتێک، خۆی وەک تاکەکەس دەبینێت، نەک وەک ئەندامی ئەم یان ئەو گروپی کۆمەڵایەتی و دینی و فەرهەنگیی جیاواز و تایبەت.

-٣ ئەم مافانە هەموویان مافێکن مرۆڤ لە ساتەوەختی لەدایکبوونیەوە خاوەنیانە، واتە مافی سروشتیی مرۆڤن و بە "سروشت" یان "جەوهەر"ی مرۆڤەوە گرێ دراون.

-٤ ئەم مافانە بە جۆرێک دارێژراون، مافی ئەوە بە مرۆڤ دەدەن داوا لە دەوڵەت بکات بە شێوەیەک دروست بکرێت و کار بکات، کە بتوانێت ئەو مافانە بپارێزێت. واتە مافەکان ڕەهەندێکی سیاسیی گرنگیان هەیە، کە پەیوەستە بەوەوە دەوڵەت چۆن بێت و دەسەڵاتدار دەتوانێت چی بکات و چی نەکات.

بەکورتی، مرۆڤ لەم وێناکردنە نوێیەدا تەنها بوونەوەرێکی گەردوونی نییە بەتەنها، بەڵکوو بوونەوەرێکی عەقڵانی و ئەخلاقیی ئازادیشە. بە مانایەک لە ماناکان، ئەو مافانەی ئەم بەیاننامانە پێداگریی لەسەر دەکەن، بۆ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت هەم عەقڵ و هەم ویژدانی ئەخلاقییانەی خۆی بەوپەڕی سەربەخۆیی بەکار بهێنێت.[1] ئەم مرۆڤە عەقڵانی

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٣.

و ئازادە تەواو ناکۆکە بەو وێنەیەی، بۆ نموونە، هۆبز بۆ مرۆڤی هەیە وەک بوونەوەرێک کە حەز و ئارەزووەکانی دەیجووڵێنێت، یان بەو وێنەیەی کە لە ئیسلامی کلاسیکیدا بۆ مرۆڤی گشتی، یان عامە، هەیە وەک بوونەوەرێکی بێمێشک و گەمژە و بەربەری و توندوتیژ.

ئەوەی لەم مافانەدا گرنگە، دوو بیرۆکەیە، یەکەمیان بیرۆکەی یەکسانیی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکدا. دووهەمیان ڕێگرتنە لە دەوڵەت یان لە هەر دەسەڵاتێکی دیکە لەوەی ئەو مافانە پێشێل بکات. واتە مافەکان لە سەرێکەوە یەکسانیی مرۆڤەکان دەستەبەر دەکەن، بەڵام لە سەرێکی دیکەوە سنوورێک دەکێشن بۆ دەسەڵات، بەتایبەتی دەسەڵاتی دەوڵەت و حوکمڕانان، کە نەتوانن بیبەزێنن. وەک پێشتریش چەند جارێک باسم کرد، دروستبوونی ئەم وێنەیە بۆ مرۆڤ و مافەکانی، مانای ئەوە نییە وێنەکە ڕاستەوخۆ بووە بە واقیع و مێژووی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم مێژووی پیادەکردنی ئەو وێنەیەن لەناو مێژوودا. ڕاستە بیرۆکەی یەکسانبوونی مرۆڤەکان بیرۆکەیەکی گرنگە و لەو بەیاننامانەدا بۆ یەکەم جار بەو ئاشکرایی و ڕوونییە بە "سروشت"ی مرۆڤەوە وەک مرۆڤ گرێ دراوە، بەڵام پیادەکردنی ئەو مافانە لە واقیعدا مێژوویەکی تەواو جیاوازی هەیە. هیچ شتێک هێندەی دۆخی تۆماس جێفرسۆن خۆی وەک بەرگریکەری ژمارە یەک لە مافی یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەک و لە مافی ئازادبوونیان، ڕاستیی ئەم مەسەلەیەمان بۆ ئاشکرا ناکات.

تەحەداکانی بەردەمی بیرۆکەی یەکسانی

وەک نیشـانمان دا، "بەياننامەی مافەکان" ی شۆڕشـی ئەمەریکی لـە سـەدەی هەژدەهەمـدا بەگشـتی و تۆمـاس جێفرسـۆن بەتايبەتـی، پـێ لەسـەر يەکسـانيی مرۆڤـەکان لەگـەڵ يەکدا دادەگرن و ئەم يەکسـانييەش دەبەستنەوە بەوەوە کە مـرۆڤ مرۆڤە. بـەڵام سـەرنجدانێکی خێرا لـە ژيان و کارەکانـی تۆمـاس جێفرسـۆن خـۆی وەک تاکەکەسـێکی سـەدەی هەژدەهـەم نيشـانمان ئـەدات، ئـەم مەسـەلەی يەکسـانييە تەنانـەت لای ئـەم پياوە تەنهـا فيکرەيەکی گرنگـە، بەبـێ دابەزينـی بـۆ نـاو واقيـع، لانـی کـەم بـۆ نـاو ژيانـی تايبەتيی تۆمـاس جێفرسـۆن خۆشـی. يەکسـانيی مرۆڤـەکان لەگـەڵ يەکدا، لای جێفرسـۆن زياتـر ڕيتۆريکێکـی سياسـی بـووە تـا بيرۆکەيـەک کـە دەرەنجامـی کردەيـی لـە ژيانـی شەخسـيی ئـەودا وەک مـرۆڤ و وەک سـەرۆکی ئەمەريـکا هەبێـت. ئەگەرچـی تۆمـاس جێفرسـۆن خـۆی پاڵەوانـی بەرگريکردنـە لـە مافـی يەکسـانيی مرۆڤـەکان و لە ئازاديی مرۆڤ، بـەڵام لـە ژيانـی تايبەتيی خۆيدا ڕێزگرتنـی هيـچ يەکێـک لـەم پرنسـيپانە ڕەنگـی نەداوەتـەوە. جێفرسـۆن خـۆی خاوەنـی کۆمەڵێک کۆيلە بـووە کە ڕازی نەبـووە ئازاديان بکات، تەنانـەت لـە سـاڵی ۱۸۲۲دا، واتـە چوار سـاڵ بـەر لـەوەی بمرێت، ژمـارەی کۆيلـەکان لـە کۆشـکە شـاهانەکەيدا لـە ڤێرجينيا بـەرز دەبێتـەوە بـۆ ۲٦۷ کۆيلـە.[۱] چـوار سـاڵ دواتـر و لـە

۱ بڕوانـە: Shafer,Gregory (2002). Another side of Thomas

سەرەمەرگدا تەنها بەوە ڕازی دەبێت سێ کەس لە کۆیلەکان ئازاد بکرێن. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو، تۆماس جێفرسۆن وەک سێهەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، خۆی بە قوتابییەکی دڵسۆزی ڕۆشنگەری و شوێنپێهەڵگرێکی ڕاستەقینەی جۆن لۆک و جان جاک ڕۆسۆ دەزانی. ئەمە جگە لەوەی جێفرسۆن خوێنەرێکی باشی فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانیی کۆن بووە، هەروەها وەک پیاوی عەقڵ و پیاوی بەرگریکردن لە سیستمی حوکمڕانیی کۆماری وێنا دەکرا. خۆشی خۆی بە مرۆڤێک دەزانی، خەریکی بوونیادنانی وڵاتێک و نەتەوەیەکی تازەیە، کە نەک تەنها بەشی هەرە زۆری نەخۆشییەکانی ڕابردووی تێدا نییە و مۆدێلێکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بەڵکوو بەرگری لە یەکسانیی مرۆڤەکان و لە ئازادییان دەکات.

ئەو خاڵەی دەمەوێت لێرەدا بەرگری لێ بکەم، ئەوەیە کە دەرچوونی ئەو بەیاننامانە و لەدایکبوونی ئەو وێنانە بۆ مرۆڤ، مانای کۆتاییهاتنی وێنە کۆنەکان و ڕوانینە کۆنەکان و هەڵسوکەوتە کۆنەکان نییە. کۆیلایەتی وەک واقیعێکی تاڵ و وەک هێمایەک بۆ نایەکسانییەکی ترسناک لەنێوان مرۆڤەکاندا، تا ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە. هەندێک نووسەر دەڵێن لە سەدەی هەژدە و نۆزەدا لە هەر پێنج ئەمەریکاییەک، یەکێکیان کۆیلە بووە.[1]

جاکۆبییەکانی شۆڕشی فەرەنسی زۆر جیددیتر و شێلگیرتر

---

١ بڕوانە: Katz، Stanley N.(1988). he Strange Birth and Unlikely History of Constitutional Equality. The Journal of American History, Vol. 75, No. 3 (Dec., 1988), p. 749

Jefferson. The Humanist,Jan-Feb, 2002, Vol.62 (1),p.16

بوون لە پیادەکردنی مەسەلەی یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان و دابەزاندنی ئەم پرنسیپە بۆ ناو واقیعی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی فەرەنسی، تا جێفرسۆن و ئەمەریکییەکان. ئەمەشیان تەنها لەبەر ڕێزگرتن لە پرنسیپەکان نەبوو، بەڵکوو پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی و ئاساییشی گرنگی لەپشتەوە بوو. جاکۆبییەکان پێویستیان بەوە بوو لەشکرێکی نوێ دروست بکەن بۆ پاراستنی فەرەنسا و بۆ خۆڕزگارکردن لەو هەموو ئەرستۆکراتەی زۆربەیان ئەفسەری پلەبەرزی ناو سوپای فەرەنسی بوون. دروستکردنی لەشکرێکی نوێ بۆ فەرەنسا پێویستی بەوە بوو دەرگاکانی سوپا بەیەکسانی بە ڕووی هەموو ئەوانەدا بکاتەوە، کە دەیانویست لە ببن بە بەشێک لەو سوپا تازەیە. پێداویستیی فەرەنسا بە دروستکردنی سوپایەکی نوێ و بەهێز لە ڕێگەی خزمەتی سەربازیی ئیجبارییەوە، یەکێکە لەو پاڵنەرە سەرەکییانە کە لە فەرەنسادا مەسەلەی "یەکسانبوون"ی مرۆڤەکان و نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان پێگە و پلە کۆمەڵایەتییەکاندا تەواو لاواز دەکات، لانی کەم لەناو لەشکردا خۆیدا. لەشکرە سوننەتییەکەی فەرەنسا، لەشکرێک بوو زۆرینەی هەرە زۆریی پێگە سەرەکی و پلە بالاکانی، ئەگەر هەر هەمووی نەبێت، لەژێر دەستی ئەرستۆکراتەکاندا بوو. شۆڕشی فەرەنسی کە دەسەڵاتی ئەرستۆکراتەکانی هەڵوەشاندەوە، لەشکری فەرەنسی لە پێگەی بەرزی ئەرستۆکراتەکان لەناو لەشکردا ئازاد کرد. ئەم پێگانە دەبووایە پڕ بکرێنەوە و مەرجی پڕکردنەوەکانیشیان بە توانا و شارەزایی و لێزانیی کەسەکانەوە گرێ درابوو، نەک بە پاشخانە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگی

پاڵنان بوو بە بیرۆکەی یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا. هەموو ئەمانە ڕۆڵیان لە سڕینەوەی هەندێک لەو جیاوازییە چینایەتی و دینی و فەرهەنگییانەدا بینی کە بەر لە شۆڕش ئامادە بوون و هەنگاوێک مەسەلەی یەکسانبوونی مرۆڤەکانی لەگەڵ یەکدا بردە پێشەوە.

لە شۆڕشی فەرەنسیدا، قورسایی پرنسیپی یەکسانی لە قورسایی پرنسیپی ئازادی گەورەتر بوو، ئەم ڕاستییەشە وا لە کەسێکی وەک مارکس دەکات، شۆڕشی فەرەنسی وەک شۆڕشێکی چینایەتی ببینێت و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشەکەی بەلاوە گرنگتر بێت تا ڕەهەندە سیاسییەکانی. لە بەرواری ٧-٨-١٧٩٢دا پەرلەمانی دوای شۆڕش، بەڕەسمی کۆتایی بە سیستمی پادشایەتی لە فەرەنسادا هێنا و پەرلەمانتارەکان لەناو هۆڵی پەرلەماندا هاواریان کرد: "بە ناوی نەتەوەی فەرەنسییەوە... یان ئەوەتا ئازادی و یەکسانی دەستەبەر دەکەین، یان ئەوەتا لەم شوێنەدا دەمرین."[1] بۆیە لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتیدا فەرەنسییەکان زۆر بەڕوونی نووسییان، "مرۆڤەکان بەئازادی و بەیەکسانی لە مافدا لەدایک بوون و بە هەمان شێوەش دەمێننەوە." جاکۆبییەکان ساڵێک دواتر، واتە ساڵی ١٧٩٣، مافی یەکسانییان خستە پاڵ مافە بنەڕەتییەکانی تری مرۆڤ، لەوانە مافی ئازادی، ئاسایش، موڵکیەت. ئەلێکسی دی تۆکفیل لە هەمووان باشتر ئەم مەسەلەی یەکسانییە لە شۆڕشی فەرەنسیدا دەبینێت و پێی وایە پێداگرتن لەسەر ئەم یەکسانییە بەهێزترین هۆکارێکە کە سیستمە کۆنەکە بەتەواوی لەبەر یەک هەڵدەوەشێنێتەوە و

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧٥٠.

شۆڕشی فەرەنسییش لە سەرجەمی شۆڕشەکانی بەر لە خۆی جیا دەکاتەوە. لە بەراوردکردنی شۆڕشی ئینگلزیی ساڵی ١٦٤٠دا بە شۆڕشی فەرەنسیی ساڵی ١٧٨٩دا، تۆکفیل پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە شۆڕشی ئینگلیزی، شۆڕشێکە لەپێناوی ئازادیدا، بەڵام شۆڕشی فەرەنسی، شۆڕشە لەپێناوی یەکسانیدا. تۆکفیل پێی وایە ئەگەر فەرەنسییەکان بتوانن هەڵبژێرن لەنێوان ئەوەدا کە ئازاد بن یان لەگەڵ یەکدا یەکسان بن، ئەوا بێدوودڵی یەکسانبوون هەڵدەبژێرن.[1] لە فەرەنسادا ئەو کەلەپووورە ڕۆسۆییەی پێ لەسەر گرنگیی یەکسانبوونی مرۆڤەکان دادەگرێت، ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەو گرنگییە گەورەیەدا کە شۆڕشی فەرەنسی بە مەسەلەی یەکسانیی ئەدات. ڕۆسۆ باوەڕی وا بوو کە کۆمەڵگە یەکسانبوونی نێوان مرۆڤەکان وێران دەکات، بۆیە ئەوە ئەرکی یاساکانە ڕێ لەم مەیلە وێرانکارەی ناو کۆمەڵگە بگرن و یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان بپارێزن. لە سەردەمی ڕۆسۆوە ئەو خاڵە ئاشکرا دەبێت، کە ئەوە ئەرکی یاسایە یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا بپارێزێت دژ بە هەموو ئەو هێز و مەیل و ئەگەرانەی لەناو کۆمەڵگەدا هەیە بۆ وێرانکردنی ئەم یەکسانییە. مۆنتسیکیو لەم خاڵەدا لەگەڵ ڕۆسۆدا هاوڕایە و پێی وایە "لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤەکان بەیەکسانی لەدایک دەبن، بەڵام ئەوان ناتوانن بەیەکسانی بمێننەوە. کۆمەڵگە ئەو یەکسانییەیان لێ دەسێنێتەوە و ئەوان تەنها دەتوانن لە ڕێگەی یاساوە جارێکی تر بە یەکتری یەکسان ببنەوە."[2]

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧٥٠.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧٥١.

تا بەر لە شۆڕشی فەرەنسی، جیاوازیی نێوان چینەکان و مرۆڤەکان تەنها جیاوازی نەبووە لە دەسەڵات و توانای ئابووریدا، تەنها جیاوازی نەبووە لەوەدا کە زۆرینەی کۆمەڵگە جووتیار بوون و زەوییەکانیان هیی فیوداڵ و ئەرستۆکرات و پیاوە دینییەکان بوو، هەروەها تەنها ئەوەش نەبوو کە ئەم زۆرینە گەورەیەی ناو کۆمەڵگە بە چەندان شێوازی جیاواز چەوسێندراونەتەوە و لە زۆر ڕووەوە تەواو لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی چین و توێژە باڵادەستەکانی ناو کۆمەڵگەدا ژیاون. ئەوەش نەبووە کە کرێکارانێک هەبوون هێزی کاری خۆیان فرۆشتووە و ئەم فرۆشتنەش تاکە ئامرازێکی دابینکردنی لانی هەرە کەمی ژیانێکی پڕ برسێتی و هەژاری و نەبوونی بووە، بەڵکوو لەوەشدا بووە کە جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان و توێژەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان دابەزیوەتە خوارەوە بۆ ئاستی جلوبەرگ و شێوازی خۆپۆشین و چۆنێتیی دەرکەوتن لەناو کۆمەڵگەدا. بۆ نموونە دانیشتووانی فەرەنسا لەناو سیستمێکی تەواو داخراوی چینایەتیدا نیشتەجێ بوون، کە زیاتر لە سیستمی "کاست"ەوە نزیک بووە تا هەر شتێکی دیکە. یەکێک لەدەرکەوتەکانی ئەم سیستمە چینایەتییە داخراوە و یەکێک لە ئامرازەکانی پاراستن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەشی لە شێوازی جلوبەرگدا بووە، هەر چین و توێژێک بۆی هەبووە جۆرێکی تایبەت لە جلوبەرگ لەبەر بکات، کە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەوان نیشان بدات. چین و توێژەکانی خوارەوە بۆیان نەبووە ئەو شێوازە لە جلوبەرگ بپۆشن کە چینەکانی سەرەوە پۆشیویانە، بوونیادی پەیوەندییە چینایەتییەکان لەناو جلوبەرگی ڕۆژانەدا

ڕەنگی داوەتەوە و پۆشاک یەکێک بووە لەو ئامرازانەی ئەو بوونیادە چینایەتییەی پاراستووە. تەنها لە سەردەمی ڕۆبسپیێردا، کە شۆڕشی فەرەنسی ڕووکارە توندوتیژ و تۆقێنەرەکەی دەر دەکەوێت و دەوڵەت دەست دەخاتە ناو سەرجەمی کاروبارەکانی ژیانی کۆمەڵگەوە، سیستمی جلوبەرگ گۆڕانی بەسەردا دێت و زۆرینەی کۆمەڵگە بۆیان هەیە هەمان جلوبەرگ بپۆشن. شۆڕشی فەرەنسی، بەتایبەتی دیکتاتۆریەتی جاکۆبییەکانی ناو شۆڕشەکە، زۆر شتی گۆڕی، لەپێش هەموانەوە دەستکاریکردنی ئینتیمای خەڵک و گۆڕینی لە ئینتیما بۆ پادشا و بنەماڵەوە، بۆ ئینتیما بۆ بیرۆکەی "نەتەوە" و "نیشتیمان." ئەم دەستکاریکردنەش بەناو داهێنانی چەندان ڕەمز و سیمبوڵی تازەدا تێپەڕی، لەوانە داهێنانی "ئاڵا" و "سروودی" نیشتیمانی و بەخشینی مافی جلپۆشین بەو شێوەیەی کە خەڵک خۆی دەیەوێت بە هەرکەسێک. داماڵینی پۆشاک لە مانا هیرارکییە نایەکسانەکەی بەو شێوەیەی لە سەردەمی باڵادەستیی ئەرستۆکراتەکاندا هەبوو، یەکێکە لە گۆڕانە گرنگەکانی ناو شۆڕشی فەرەنسی. ئەمە جگە لە داهێنانی خزمەتی سەربازیی ئیجباری بۆ پاراستنی نەتەوە و نیشتیمان و بەخشینی ماف بە هەموو ئەوانەی وەک فەرەنسی لەدایک دەبن، بۆ ئەوەی ببن بە بەشێک لە سوپا و لەناو سوپاشدا بەپێی لێوەشاوەیی و توانا تا بەرزترین پلەی سوپا بتوانن بەرز ببنەوە، بەبێ ئەوەی ئەم بەرزبوونەوە و پێشکەوتنە بە پاشخان و پێگە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە گرێ بدرێت...[1] پێشتر بەدرێژی لەسەر ئەم خاڵە وەستاین و لێرەدا

---

١ بڕوانە: کۆمەڵێک وانەی زانا و کۆمەڵناسی ئەڵمانی George L. Mosse

پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات.

لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تا دێت ژیانی گشتی زیاتر گەورەتر و قەرەباڵغتر دەبێت، لەو سەدەیەدا بۆ یەکەم جار قاوەخانە دروست دەبێت و کەسانی چینەکانی سەرەوە و پارەدارەکان لەو قاوەخانانەدا کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی باسی کاروبار و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە بکەن، باسکردنی سیاسەت و دەسەڵاتداران بەشێکی گەورەی باس و خواسی ناو قاوەخانەکان بووە. هاوکات بۆ ڕاکێشانی مشتەریی زیاتر بۆ ناو قاوەخانەکان، لەو قاوەخانانەدا ڕۆژنامەکان دادەنران و خەڵک دەیانتوانی بیانخوێننەوە و دوای خوێندنەوەشیان بۆچوونیان لەسەر بابەتەکانی ناو ڕۆژنامەکان دەر ببڕن. هابرماز ئەم دۆخە تازەیە ناو دەنێت دروستبوونی "مەجالێکی گشتی"ی بۆرژوازی، کە تیایدا قاوەخانەکان دەبنە ناوەندێکی گرنگ بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕکێی سیاسی، تا بە دروستکردنی پارت و ڕێکخراو و گروپی سیاسی دەگات و خۆشیان ڕۆڵی دەزگا و دامەزراوێکی سیاسیی گرنگ دەبینن. بەڵام ئەم قاوەخانانە لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا تەنها شوێنی خەڵکە پارەدار و دەوڵەمەندەکان بوون، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەم "مەجالە گشتیی"ە فراوانتر دەبێت و قاوەخانەکان دەرگاکانیان بە ڕووی بەشێکی زۆری چینی ناوەڕاستیشدا دەکرێتەوە.[1]

هەموو ئەم قسەوباس و گووتارانە سەبارەت بە

لە زانکۆی واشنتۆن لە ساڵی ١٩٦٩دا. http://mosseprogram.wisc.edu/audio_history119.htm

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

یەکسـانی لـە شۆڕشـی فەرەنسـی و دروسـتبوونی "مەجالـی گشـتی" و بلاوبوونـەوەی دیدێک بۆ مـرۆڤ، کـە خاوەنمـاف و یەکسـانە بەوانـی تـر، دیسـانەوە نابێتـە هـۆی لابـردن و سـڕینەوەی جیاوازییـەکان لەنێـوان کۆمەڵگـە ئەوروپییەکانـدا. سـەدەی نۆزدەهـەم لـە پەیوەندیـدا بـە مەسـەلەی یەکسـانیی نێوان مرۆڤەکانـەوە سـەدەیەکی پڕ ناکۆکییـە. لـە سـەرێکەوە سـەدەکە سـەدەی کۆتاییهێنانـە بـە کۆیلایەتـی و یاسـاغکردنی بازرگانیکـردن بـە کۆیلـەوە، هەروەهـا سـەدەی سـەرهەڵدانی سۆسـیالیزم و دیموکراسیەتیشـە، کە لە هەردووکیاندا بیرۆکەی یەکسـانیی مـرۆڤ بیرۆکەیەکـی بنەڕەتـی و سـەرەکییە، بـەلام هـاوکات سـەدەی سـەرهەڵدانی پۆلێنکردنـی مرۆڤەکانـە لەسـەر بنەمـای ڕەنـگ و جـۆری قـژ و جـۆری کەللەسـەر و ڕەگـەز و لەوێشـەوە سـەرهەڵدانی ڕاسـیزم. سـەدەی گەشـەکرنی کاپیتالیزم و شۆڕشـی پیشەسـازی و ڕاکێشـانی منـدالان و ژنانـە بـۆ نـاو بـواری کارکردنێکی ڕۆژانـەی درێـژ، کـە کاتژمێرەکانـی کارکـردن لەنێـوان ١٠ بـۆ ١٢ سـەعاتدا بـووە و لـە هەندێک دۆخـدا گەشـتۆتە ١٦ کاتژمێریش، هەمـوو ئەمانـەش بـە نرخێکـی هێجگار کـەم. هـاوکات سـەدەی نۆزدەهـەم سـەدەی سـەرهەڵدانی داروینیزمـە، کـە هـەم لای داروین خـۆی و هـەم دواتـر لـە "داروینیزمـی کۆمەلایەتـی"دا بـاس لـە جیاکردنـەوەی مرۆڤـەکان دەکرێت لەسـەر بنەمـای قابیلیـەت و توانـای ژیـان و خوگونجانـدن لەگـەڵ دونیـادا، بەرامبـەر بـەو مرۆڤانـەی ناتوانن بگونجێن و لەنـاو دەچن، مرۆڤـی تـر هـەن کـە دەتوانن بگونجێن و بـەردەوام بـن. داروینیزمـی کۆمەلایەتیی مرۆڤـەکان لەسـەر بنەمایەکـی دیکـە دابـەش دەکات و بەتـەواوی هەمـوو جـۆرە

یەکسـانییەک لەنێوانیانـدا دەسـڕێتەوە. لـە ئاسـتی فەلسەفیشـدا نیتشـە یەکێکـە لـەو دەنگـە فەلسـەفییە گەورانـەی سـەدەی نۆزدەهـەم، کـە باوەڕی بـە یەکسـانیی نێوان مرۆڤـەکان نییـە و بەگـژ ئـەم بیرۆکەیەشـدا دەچێتـەوە.

تێز و شێوازی نوێی نایەکسانی

چەمکی گەشـەکردن-evolution، لە سـەدەی نۆزدەهەمدا یەکێکە لە چەمکە تیۆرییە هەرە گرنگەکان و بەشـێکی گرنگی ڕوانیان بۆ دونیا و بۆ مێژوو و بۆ سروشت لەپاڵ ئەم چەمکەدا دێتە کایەوە. بەڵام هـاوکات ئـەم چەمکـە یەکێکـە لـەو چەمکـە سـەرەکییانەی کـە کۆمەڵگەکان و مرۆڤـەکان لـە یەکتری جیا دەکاتـەوە و بـەم جیاکارییەشی جارێکی تـر نایەکسـانی لەسـەر بنەمایەکی تیۆریی نـوێ دەهێنێتـەوە کایـە. وەک دەزانیـن، ئـەم چەمکـە لای داروین، لای ئۆگسـت کۆمـت، لای مارکس و زۆرانێکی تـر ئامـادە بـووە و بەشـێکی گـەورەی فیکـر و ڕوانینەکانـی ئـەم تیۆریسـتانە لـە دەوری ئەم چەمکە سـووڕاوەتەوە. تیۆرە بەناوبانگەکەی داروین لەسـەر "ڕەچەڵەکی جۆرەکان،" خۆی ناوی تیۆرەی گەشـەکردنە و باس لە گەشـەکردنی جۆرەکانی ژیان دەکات لە ژیانی سـادەی بوونـەوەرە سـادەکانەوە بـۆ ژیانـی ئاڵۆز و پێشـکەوتووی مرۆڤ، بەمەش کۆمەڵێک قۆناغی جیاواز لەم ڕێگەی پێشکەوتنەدا گریمان دەکات. کاتێک داروینیزمـی کۆمەڵایەتـی دێتە کایـەوە، ئـەم تێزەی داروین بەسـەر کۆمەڵگەکانـدا پیادە دەکرێت. هێربێرت سـپێنسـەر بـە داهێنـەری داروینیزمـی کۆمەڵایەتی ناو دەبرێت، ئەگەرچی ئەو

خۆی هەرگیز ئەو دەستەواژەیەی بەکار نەهێناوە. سپێنسەر پێی وا بوو مرۆڤەکان تا بەرەو پێشەوە بڕۆن، لە ڕووی جۆرەوە باشتر دەبن، لە مرۆڤی کەمتر باشەوە بۆ مرۆڤی زۆرتر باش و باشتر گەشە دەکەن.[1] تیزی گەشەکردنی شتەکان لە ڕێگەی جووڵەی مێژوو و تێپەڕینی کاتەوە فیکرەیەکی باڵادەستە لە سەدەی نۆزدەهەمدا. لای هیگل بە تێپەڕینی کات و لە ڕێگەی گەشەکردنەوە ڕۆحی ڕەها تا دێت باشتر گوزاهشت لە خۆی دەکات و تا دێت باشتر لەناو مێژوودا بەرجەستە دەبێت، لای مارکس لە ڕێگەی گەشەکردن و جووڵانی بەردەوامی مێژوو بەرەو پێشەوە، ململانێی چینایەتی تا دێت کۆمەڵگە و مرۆڤی باشتر دروست دەکات، لای هێربێرت سپێنسەر، خەڵک تا دێت باشتر دەبن، چونکە مەعریفەی باشتر و زۆرتر بەدەست دەهێنن و ئەمەش لە ڕێگەی جینەکانی مرۆڤەوە بۆ نەوەکانی دواتر دەگوازرێتەوە، ئەمەش وا دەکات هەموو نەوەیەک لە نەوەکەی بەر لە خۆی باشتر بێت. لە پیادەکردنی ئەم دیدەدا بەسەر کۆمەڵگەدا، سپێنسەر ڕای وا بوو، دوو جۆر کۆمەڵگە لە مێژوودا هەیە، یەکەمیان کۆمەڵگەی چەکدارە، دووهەمیان کۆمەڵگەی پیشەسازییە. یەکەمیان ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە تیایدا خەڵک هێز بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی بەسەر مرۆڤەکانی تردا سەر بکەون و بیانهێننە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. ئەم کۆمەڵگەیە بە شێوەیەکی سروشتی و لە گەشەی خۆیدا دەگۆڕێت بۆ جۆرێکی نوێ لە کۆمەڵگە کە کۆمەڵگەی پیشەسازییە. لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا

---

١ بڕوانە: Offer, John (2010). Social change and selectionist thought: on Spencer, Darwin and Runciman. The Sociological Review, 58:2

هەموو کەس بەپێی هەوڵی خۆی و لە ڕێگەی سیستمی بازاڕ و بەرهەمهێناوە هەقی خۆی وەر دەگرێت و تا ئەو شوێنەی ئەم کۆمەڵگەیە لە ساتێکی تایبەتی گەشەکردنی خۆیدا پێویستی بە دەوڵەت نامێنێت و کۆمەڵگا خۆی دەتوانێت هەموو ئەو کارانە ئەنجام بدات کە دەوڵەت ئەنجامیان ئەدات. تیۆرەی داروینیزمی کۆمەلایەتی، بڕێکی گەورەی کۆمەڵگەکانی دونیا وەک کۆمەڵگەی چەکدار دەبینێت، کە مرۆڤەکانی ئەو گەشەیەیان نەکردووە کە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان کردوویانە، بۆیە لەم دوو جۆرە کۆمەڵگەیەدا دوو جۆر مرۆڤی جیاواز و نایەکسان دەژین. چەمکی "گەشەکردنی مرۆڤ-human progress" لای سپێنسەر، لە کۆتاییی سەدەکەدا دەبێتە چەمکێکی زۆر گرنگ و لە سەردەمی زۆرینەی پیاوانی فیکرە. بەم جۆرە داروینیزمی کۆمەلایەتی شەپازلەیەکی گەورە لە مەسەلەی یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان دەدات و لەسەر وێناکردنێکی تایبەتی مێژوو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هەندێک مرۆڤ لە ئینسانیەتیاندا زیاتر لەوانی تر گەشەیان کردووە و زیاتر لەوانی تر لە مەقام و پێگەیەکی مێژووییی بەرزتردان.[١]

ئەگەر سەدەی نۆزدەهەم لە سەرێکەوە سەدەی زیاتربوون و فراوانبوونەوەی مافەکان بێت، بەتایبەتی مافە سیاسییەکان، سەدەیەک بێت کرێکاران و دواتر ژنان مافی دەنگدان وەر بگرن و کەمایەتییە دینییەکان و چینە کۆمەلایەتییەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە ببنە خاوەنی پارتی سیاسیی سەربەخۆی خۆیان و کاریگەرییان لەسەر کرانەوەی زیاتری دەوڵەت هەبێت بە ڕووی گروپ و هێز و چینە جیاوازەکاندا، سەدەی لەدایکبوونی

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم و بەهێزبوونی ئەم ئایدیۆلژیایە بێت، واتە ئەگەر سەدەی نۆزدەهەم لەم ئاستەتەدا سەدەیەک بێت خەریکی دابەزاندنێکی لەسەرخۆی وێنەکانی مرۆڤ بێت وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف بۆ ناو مێژووی کۆمەڵگە ئەورووپییەکان، ئەوا هاوکات سەدەکە سەدەی سەرهەڵدانی ئیمپریالیزم و داگیرکردنی بەشێکی گەورەی دونیایە لەلایەن هێزە ئەورووپییەکان و سەدەی سەرهەڵدانی داروینیزمی کۆمەلایەتی و سەدەی هاتنەکایەی ڕاسیزم و بیرۆکەی "گەشەکردن"ی جیاوازیی مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکانە. هەموو ئەمانەش تەحەدای نوێ ڕووبەڕووی بیرۆکەی یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان دەهێننە کایەوە و هاوکات ڕووبەری نوێ بۆ بەرگریکردن و بەگژاچوونەوەی جیاوازییە چینایەتی و ڕەگەزی و فەرهەنگی و فیکری و شارستانییەکاندا دێنە کایەوە. لەناو ئەم دۆخە ئاڵۆزەدا، وێنەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی یەکسان و خاوەنماف بزر نابێت و لە ئاستی جیاواز و بە شێوازی جیاواز کاری خۆی لەناو مێژووی ئەو سەدەیە و سەدەکەی دوای خۆشیدا دەکات. هاوکات سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، سەدەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانە، سەدەی پەیدابوونی ناسیۆنالیزمە وەک بزووتنەوەی سیاسیی بەهێز و سەدەی گۆڕانی چوارچێوەکانی دەوڵەتی نەتەوەیە بۆ چوارچێوە سەرەکییەکانی دەستنیشانکردنی شووناسی تاکەکەسی و دەستەجەمعی. ئەم گۆڕانانەش دەرەنجامی گەورە و سەرەکییان دەبێت بۆ مەسەلەی چۆنێتیی وێناکردنەکانی مرۆڤ و مافەکانی. لە سەدەی بیستەمدا مافەکانی مرۆڤ دەبنە شتێک کە مرۆڤ تەنها لە چوارچێوەی

دەوڵەتی نەتەوەییدا دەتوانێت سوودیان لێ وەر بگرێت و پەنایان بۆ ببات، لە دەرەوەی ئەو چوارچێوانەدا، مرۆڤ ناتوانێت بۆ هیچ مافێک لە مافەکان بگەڕێتەوە. ڕاستە وێنەکانی مرۆڤ لە مافەکانی مرۆڤدا وێنەی گەردوونین و پابەستن بە وێناکردنی مرۆڤەوە وەک مرۆڤ، نەک بە ئەندامی ئەم یان ئەو دەوڵەتی نەتەوەییەوە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا ئەم مافانە بە کردەوە کورت دەکرێنەوە بۆ مافی ئەو کەسانەی هاوولاتیی ناو یەکێک لەو دەوڵەتە نەتەوەییانەیە. ئەم کورتکردنەوەیە لە سەدەی بیستەمدا و لەدوای سەرهەڵدانی نازیەت و کوشتنی ملیۆنەها جوولەکە و قەرەج و پیر و پەککەوتە لە هۆلۆکۆستدا، دەکەوێتە ژێر ڕەخنەی بڕێک لە بیریارە گرنگەکانی سەدەکەوە، لەپێش هەمووانیشەوە، ژنە فەیلەسووفی ئەڵمانی هانا ئارێنت (١٩٠٦-١٩٧٥).

هانا ئارێنت و مافی هەبوونی ماف

یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی دونیای مۆدێرن لەوەدایە کە ئەو ڕووبەرە سیاسییە سەرەکییەی تیایدا دروست دەبێت و دەبێتە چوارچێوەی هەموو مافەکان و وێناکردنە تازەکان بۆ مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف، چوارچێوەیەکی نەتەوەییە. ئەو بوونەوەرە سیاسییەیە کە لە دونیای مۆدێرندا ناوی "دەوڵەتی نەتەوە"ی لێ نراوە. یەکێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی ئیشکردنی ئەم ڕووبەرە سیاسییە نوێیەش بریتییە لە کێشانی هێڵێک لەنێوان

ئەوانەی بەشێکن لەو ڕووبەرە و ئەوانەی بەشێکنین لێی، ئەوانەی سەر بەو نەتەوەیەن و ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو نەتەوەیەوە. لەو بەشەدا کە باسم لە ڕوانینی ئاگامبن کرد بۆ بابەتی هۆمۆساکەر، لەوە دوام کە ئاگامبن پێی وایە لە دونیای مۆدێرندا "هۆمۆساکەری نوێ" هەن کە دەوڵەتی نەتەوە دروستیان دەکات، واتە ئەو کەسە بێمافانە هەن کە لەناو دەوڵەتی نەتەوەدا دروست دەبن و ژیانیان لەناو ئەو دەوڵەتەدا کورت دەبێتەوە بۆ "ژیانێکی ڕووت." ئەمانەش بریتین لە پەناهەندەکان و بیانییەکان و هەموو ئەوانەی کە ناتوانن ببن بە بەشێک لەو "نەتەوە" سیاسییەی کە دروست کراوە، ئەمانە لەباتی داننان بە مرۆڤبوونیاندا و قبوڵکردنیان لەسەر ئەو بنەمایە، وەک "ئەوی ترێکی ڕادیکاڵ" دەبینرێن و نماییش دەکرێن، وەک کەسێک کە ناتوانێت ببێت بە ئەندامێکی خاوەنمافی ناو ئەو نەتەوەیە و بەمەش وەک بوونەوەرێکی بێماف دەمێنێتەوە. ئەم دۆخە وا دەکات زۆرێک لە تیۆریستە سیاسییەکانی ئەم سەدەیە پێیان وا بێت تەحەدای سەرەکیی دونیای ئەمرۆ، ئەوەیە چۆن سنوورە سیاسییە نەتەوەییەکان بە ڕووی "ئەوی ترە" جیاواز و نەناسراوەکاندا بکرێتەوە. وەک چۆن لە یۆنانی کۆندا خەیاڵی سیاسی ناتوانێت ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی "پۆلس،" polis، واتە ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی شاردەوڵەتی یۆنانی کۆنەوە، وەک مرۆڤ وێنا بکات، لە دونیای مۆدێرندا، دەوڵەتی نەتەوە هەمان مەیلی شاردەوڵەتەکانی یۆنانی کۆنی هەیە و ناتوانێت ئەوانەی کە بەشێکی دانپیانراو نین لەو نەتەوەیەی دەوڵەت حوکمڕانیی

دەکات وەک مرۆڤ، بەتایبەتی مرۆڤی خاوەنماف، وێنا بکات. هەموو کەسێک تەنها کاتێک دەبێت بە مرۆڤ و مافی ئەوەی دەبێت ببێت بە بەشێک لە شار یان لە نەتەوە یان لە کۆمەڵگە، کە لەناو ئەو یەکانەدا بێت و وەک بەشێک لەو یەکانە ببینرێت و مامەڵە بکرێت، کەی لە دەرەوەی ئەو یەکانەدا بوو وەک بەشێک لەو یەکانە نابینرێت و لەوێشەوە نەک تەنها مافی نییە، بەڵکوو تەنانەت وەک مرۆڤیش نابینرێت و مامەڵە ناکرێت. ئەوەی لەم دۆخەدا ئامادەیە، لۆژیکی دابەشکردنی جیهانە بۆ ماڵی نەتەوەیی و ئەتنی و دینیی جیاواز و لەیەکدابڕاو، کە هەر ماڵە یاسا و بەها و یەکێتیی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەوانەی وەک مافی مرۆڤ وێنا دەکرێن، تەنها ئەو کەسانەن کە لەناو چوارچێوەی ئەو ماڵانەدا ئامادەن. بەکورتی، ئەوەی لەم دیدە ناسیۆنالیستییەدا غائیبە، مرۆڤە وەک بوونەوەرێکی خاوەنی جیهان، یان وەک دانیشتوویەکی ناو جیهان، وەک بوونەوەرێکی گەردوونی و یۆونیڤێرساڵی، مرۆڤی ئەودیوی ئینتیما بۆ وڵاتێک و نەتەوەیەک. ئەگەر چەمکی نەتەوە لە سەرەتای دروستبوونیدا وەک یەکەیەکی نوێ بەشێکبوو بێت لە سڕینەوەی جیاوازییەکان لەنێوان مرۆڤەکاندا، ئەوا لە سەدەی بیستەمدا دەگۆڕێت بۆ یەکێک لەو یەکانەی جیاوازی و بێمافی دروست دەکات.

ڕەخنەگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، بەو شێوەیەی لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و مافی هاووڵاتی لە شۆڕشی فەرەنسیدا هاتووە، مێژوویەکی درێژی هەیە، ڕەنگە ڕەخنەکانی کارل مارکس لەم مافانە لە هەرە دیارترین و

بەناوبانگترینی ئەو ڕەخنانە بێت لە سەدەی نۆزدەهەمدا و ڕەخنەکانی هانا ئارێنتیش لە هەرە دیارترینی ئەوانەی لە سەدەی بیستەمدا لەو بەیاننامانە دەگیرێن. مارکس پێی وایە ئەو "مرۆڤ"ەی لە بەیاننامەی "مافەکانی مرۆڤ"دا پێشنیار کراوە، مرۆڤێکی خەیالی و ئەبستراکتە، کوڕی هیچ مێژوویەک و هیچ کۆمەڵگەیەکی کۆنکریت نییە، وێنەکە "وێنەیەکی فانتازییە،" خەوناوییە، هەرکاتێکیش ئەو وێنەیە کۆنکریت دەکرێت و دادەبەزێنرێتە ناو مێژووەوە، دەکەوێتە ناو سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوەی مۆدێرنەوە. واتە ئەو مرۆڤە یان ئەوەتا ئەبستراکت و خەیالییە، یان مرۆڤێکی نەتەوەییە. وەک دەزانین مارکس یەکێکە لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی ئەم دەوڵەتە نەتەوەییە و پێی وایە قۆناغی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوە قۆناغێکی تێپەڕە و جوولەی مێژوو بەرەو ئەوە دەڕوات کۆتایی بە هەردووکیان بهێنێت. جگە لەمە، مارکس پێی وایە پاراستنی مافی بوونی موڵکیەتی تایبەت لەو بەیاننامانەدا وا دەکات موڵکیەت بە ئەبەدی بکرێت و توانای ئەوە لە مرۆڤایەتی بسەنرێتەوە، بیر لە کۆمەڵگەیەکی بێموڵکیەتی تایبەت بکاتەوە. مارکس پێی وایە بەیاننامەی مەفاکانی مرۆڤ هەموو مافەکان دەخاتە خزمەتی پاراستنی موڵکیەتەوە، بەمەش هەموو ڕەهەندێکی گەردوونی و یونڤێرسالی لەو مافانە دەسێنێتەوە. مارکس پێی وایە ئەو مافانە مرۆڤ وەک "هاووڵاتیی دەوڵەت" پێناسە دەکات و لەم ڕێگەیەشەوە مرۆڤ بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی پێناسە ناکات، هاوڵاتی چەمکێکی سیاسییە و پێناسەکردنی مرۆڤیش وەک هاووڵاتیی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، کورتکردنەوەی

پێناسەکردنی مرۆڤە بۆ مانا سیاسییەکەی. مارکس پێی وایە ئەو مرۆڤەی لەناو ئەو مافانەدا ئامادەیە، مرۆڤێکی گەردوونی نییە، بەڵکوو کەسێکە دەوڵەتی نەتەوەیی دروستی دەکات.[1]

هاوکات لە دیدی مارکسدا ئەو وێنەیەی مرۆڤ کە لەپشتی بەیاننامەکانی مافی مرۆڤەوە ئامادەیە، وێنەی تاکەکەسێکی دابڕاوە لەناو کۆمەڵگەیەکدا کە پێویستە ئەو تاکەکەسە لەو کۆمەڵگەیە بپارێزرێت. کۆمەڵگە لەناو ئەو بەیاننامانەدا ڕووبەرێک نییە تاکەکەس لەناویدا دروست ببێت و پێبگات و گەشە بکات، بەڵکوو شوێنێکە دژ بە تاکەکەس و پێویستە تیایدا تاکەکەس لە خودی کۆمەڵگەکە بپارێزرێت. بە مانایەکی دیکە، ئەو وێنەیەی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ بۆ کۆمەڵگەی دروست دەکات، وێنەی کۆمەڵگەیەکی ناحەز و دوژمنکارە لە پەیوەندیدا بەو مرۆڤەوە کە لەو کۆمەڵگەیەدا دەژی، مرۆڤێک لە دیدی مارکسدا کورتکراوەتەوە بۆ تاکەکەسێکی سەربەخۆ و دابڕاو. بەکورتی لەدیدی مارکسدا وێنەی ئەو تاکەکەسەی لەپشتی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیی شۆڕشی فەرەنسییەوە ئامادەیە، وێنەی تاکەکەسێکە لە هەلومەرجێکی هۆبزیدا، تیایدا هەمووان دژ بە هەمووانن و ئەرکی ئەو مافانە ئەوەیە مافەکان و ئازادییەکانی تاکەکەس لە پەیوەندیدا بە تاکەکانی تر و بە کۆمەڵگەوە بپارێزرێت. بە بۆچوونی مارکس، پەیوەندیی مرۆڤ و مرۆڤ لەو

---

[1] بڕوانە: Hamacher,Werner (2015). On the Right to Have Rights Human Rights; Marx and Arendt. The New Centennial Review, Volume 14, Number 2, Fall 2014, p.173.

بەیاننامەیەدا پەیوەندییەکی ناتەندروست و پڕ مەترسییە و ئەوەی پێویستە ڕوو بدات، پاراستنی تاکەکەسە لە تاکەکەسەکانی تر. مارکس پێی وایە، ئەم ڕوانینە وا دەکات شتێک بە ناوی کۆمەڵگەوە لەناو ئەو بەیاننامانەدا بوونی نەبێت، ئەگەر هەشبێت، ئەوا وێنەی کۆمەڵگەیەکە بەبێ کردەی کۆمەڵایەتیبوون، بەبێ توانای وێناکردنی مرۆڤەکان لە دیدێکی جیاواز لەو دیدە هۆبزییەی مرۆڤەکان وەک دوژمنی یەکتری وێنا دەکات. وێنەی کۆمەڵگەی ناو مافەکان، وێنەی کۆمەڵگەیەکە پڕ لە تاکەکەسی لەیەکدابڕاو و داخراو، کە هیچ پەیوەندییەکی هاوبەش و پێکەوەیی جگە لە پەیوەندیی دوژمنایەتی و ململانێ و ترسی بەردەوام لە یەکتری کۆیان ناکاتەوە. هاوکات شتێک بە ناوی هارمۆنیەت و هاریکاری و هاودەردییەوە لەم وێناکردنەدا بۆ کۆمەڵگە بوونی نییە. لە دیدی مارکسدا، ئەم مافانە لە باشترین حاڵەتدا دەتوانن تاکەکەس لە ڕووی سیاسییەوە ئازاد بکەن، بەڵام ناتوانن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئازادی بکەن. ئەگەر مافەکان گەردوونی و یونیڤێرساڵیش بن، ئەوا ئەو مافانە مافی ژمارەیەکی بێشوماری تاکەکەسی داخراو و بێپەیوەندیین، کە شتێکیان بە ناوی کۆمەڵگە و کۆمەڵایەتیبوونەوە لەناودا نییە.[1] سەرەڕای هەموو ئەم ڕەخنانە، مارکس پێی وایە کە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ دیاردەیەکی نوێیە و هێما بۆ ئاستێکی نوێ لە "گەشەکردنی ڕۆحی مرۆڤانە دەکات."[2]

هانا ئارێنتیش لە کتێبی "بنەماکانی تۆتالیتاریزمدا"

۱ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل۱۸۰.

۲ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل۱۷۹.

دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ و ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی ڕەهەندە یاساییەکانی ئەم مافانە دەکات. لای ئەم فەیلەسووفەش، مافەکانی مرۆڤ وەک مافی هاووڵاتیبوون پێناسە کراون و هاووڵاتیبوونیش دیاردەیەکی سەرەکیی ناو چوارچێوەکانی دەوڵەتی نەتەوەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت پەنا بۆ مافەکانی مرۆڤ ببات، دەبێت هاووڵاتیی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بێت، دەنا ناتوانێت پەنا بۆ هیچ یەکێک لەو مافانە ببات. ئەم گرێدانەی "مافەکانی مرۆڤ" بە "مافی هاووڵاتییەوە،" ئەو خاڵە سەرەکییەیە کە هانا ئارێنت ڕەخنەی دەکات. لە دیدی ئارێنتدا، ئەم بەستنەوە لۆژیکییەی مافەکانی مرۆڤ بە دەوڵەتی نەتەوەییەوە، مانای ئەوەیە ئەو کەسەی بێدەوڵەت بوو بێمافیش دەبێت، ئەو کەسەی چوارچێوەی دەوڵەتێک نەیگرێتە خۆی، هیچ یەکێک لەو مافانە نابێت بە مافی ئەو وەک مرۆڤێک. هاوکێشەکە لای ئارێنت زۆر سادەیە: "بێدەوڵەتی مانای بێمافی." خاڵێکی دیکە کە ئارێنت جەختی لێ دەکاتەوە، مەترسییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنە، ئەو ڕاستییەیە کە دەوڵەتی نەتەوە لە دونیای مۆدێرندا توانای ئەوەی هەیە لەناو سنوورە نەتەوەییەکانی خۆیدا پێناسەی ئەوە بکات، کێ مرۆڤە و کێ مرۆڤ نییە، یانی کێ مافی هەیە و کێ مافی نییە، بەمەش هەموو مانایەک لەو بنەما گەردوونی و یونیڤێرساڵییانە دەسێنێتەوە، کە ئەو مافانە هەڵگریین. ئەمە وا دەکات دەوڵەتی نەتەوە بتوانێت کەی بیەوێت ئەو مافانە پەک بخات و نەهێڵێت هیچ

کاریگەرییەکیان هەبێت.[1] بە بۆچوونی ئارێنت، ئەم گرێدانەی مافەکانی مرۆڤ و بە مافی هاوولاتیبوونەوە، وا دەکات لە سەدەی بیستەمدا چەندەها دەوڵەت مافی هاوولاتیبوون لە ملیۆنەها مرۆڤی ناو سنوورەکانی خۆیان بسێننەوە و بیانگرن و لە ژینگەی ڕەسەنی خۆیان هەڵی ناکەنن و لە کەمپەکانی کوشتندا کۆیان بکەنەوە و دواجاریش بیانکوژن. هاوکات ئەم دۆخە وا دەکات بە ملیۆنەها مرۆڤ وڵاتەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن و لە شوێنێکی دیکەدا ببن بە پەنامەندە. هاوکێشەکە لای ئارێنت بەم شێوەیەیە: دەرکردنە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوە مانای لەدەستدانی هاوولاتیبوون و لەدەستدانی هاوولاتیبوونیش مانای لەدەستدانی هەموو مافێک، بە مافەکانی مرۆڤیشەوە. لای ئارێنت هەم بە هۆی نەبوونی دەزگا و هێز و لایەنێکی نێونەتەوەیی و گەردوونییەوە، کە لە مەسەلەی ڕێزگرتن و پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ بپرسێتەوە، هەم بە هۆی ئەو گرێدانە توندەی مافەکانی مرۆڤ بە مافی هاوولاتیبوونەوە، دۆخێک دروست بووە، تیایدا مافەکانی مرۆڤ گۆڕاون بۆ کۆمەڵێک پرنسیپی لاواز، کە دەوڵەتی نەتەوە بتوانێت بەئاسانی پەلاماریان بدات و بێڕێزییان بەرامبەر بکات.

وەک دەبینین، ئەو خاڵەی هانا ئارێنت لێیەوە دەستِ پێ دەکات بۆ ڕەخنەکردنی مافەکانی مرۆڤ، هەمان ئەو خاڵەیە کە مارکس گرنگی پێ دەدات، واتە مەسەلەی بەستنەوەی ئەم مافانەیە بە مافی هاوولاتیبوونەوە، بە جۆرێک، هەموو

---

[1] بڕوانە: لاپەڕە ٣٦٩-٣٨٤ Arend, Hannah (2004). The Origins of Totalitarianism. New York: Schocken Books.

لەدەستدانێکی مافی هاوولاتیبوون، مانای لەدەستدانی مافەکانی مرۆڤیش بێت. بە حوکمی ئەوەش، دونیای مۆدێرن یەک دونیایە و بەتەواوییش ڕێکخراو و دیسپلینکراوە، بۆیە لەدەستدانی ئەو مافانە لە شوێنێکی ئەم دونیایەدا مانای "لەدەستدانی جیهان" دەگەیەنێت، چونکە هەموو شوێنەکانی جیهان نەک تەنها بەیەکەوە گرێ دراون، بەڵکوو هەموویان بەهەمان شێوە ڕێک خراون و هەمان پرنسیپەکانی دەوڵەتی نەتەوە و هاوولاتیبوون لەناویاندا سەروەرە. ئەمە وا دەکات مافەکانی مرۆڤ مافی مرۆڤێکی ئەبستراکت بێت بەبێ جیهان، یان مافێک بێت لە جیهانێکی ئەبستراکتدا بەبێ مرۆڤ، دەرکردن لە نیشتیمانی نەتەوەیی مانای دەرکردن بێت لە جیهان، چونکە هەموو جیهان لەسەر بنەمای دابەشبوونی نیشتیمانی نەتەوەیی ڕێک خراوە. ئەمە وا لە ئارێنت دەکات، لەباتی قسەکردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ، باس لە "مافی هەبوونی ماف" بکات، وا بکات بەرگری لە شتێک بکات، کە پابەست بێت بە "سروشت" ی ئینسانەوە وەک ئینسان، نەک بە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئەتنییەوە. بەرگری لە مافێک بکات، بەر لەوەی ببێت بە مافی ناو شێوازێکی تایبەتیی ڕێکخستنی جیهان.

بە بۆچوونی من، ئەو مەترسییە گەورەیەی ئارێنت لە دونیای مۆدێرندا نیشانی ئەدات، مەترسیی "لەدەستدانی جیهانە،" ئەوە نییە مرۆڤ نیشتیمانێکی نەتەوەیی لەدەست بدات، بەڵکوو ئەوەیە جیهان لەدەست بدات، چونکە جیهانی مۆدێرن جیهان نییە بە مانا گشتییەکەی جیهان، بەڵکوو جیهانێکە دابەش کراوە بۆ چەندان "ماڵ" و "نیشتیمانی

نەتەوەیی،" بە ڕادەیەک، لە دەرەوەی ئەو "نیشتیمانە نەتەوەییانەدا" شتێک بە ناوی "جیهانە"وە نەماوەتەوە، بۆیە دەرکردن لە یەکێک لەو نیشتیمانانە، مانای دەرکردنە لە جیهان خۆی. ئەمەش لە دیدی ئارێنتدا مانای ئەوەیە مرۆڤ لە دونیای مۆدێرندا "سروشت"ی مرۆڤبوونی لەدەست داوە و بووە بە ئەندامی ناو ئەم یان ئەو یەکەی سیاسی کە "نیشتیمانە نەتەوەییەکانە." ئەمەش تەنها یەک مانای هەیە: شووناسی سیاسیی مرۆڤ وەک ئەندامی ئەم یان ئەو نەتەوە، کۆتایی بە "شووناسی سروشتی"ی مرۆڤ وەک مرۆڤ هێناوە. "مافی هەبوونی ماف،" وەک ئارێنت لە کۆتاییی کتێبی بنەماکانی تۆتالیتاریزمدا باسی دەکات، مانای ئەوەی مرۆڤ لە چوارچێوەیەکدا بژی، تیایدا لەسەر بنەمای کردەوەکانی و لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی داوەری بکرێت، نەک لەسەر بنەمای ئەندامبوون یان نەبوون لەم یان لەو گروپی ئەتنی و دینی و نەتەوەییدا، بەڵام هاوکات مانای ئەوەشە کە مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت سەر بە گروپ و کۆمەڵەیەکی مرۆییی ڕێکخراو بێت،organized community.[1] ئارێنت پێی وایە، لەباتی یاسا نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، یاسایەکی نوێ پێویستە کە هەموو جیهان وەک یەکە ببینێت، یاسایەک، ئەو ناوی دەنێت ''یاسایەکی تازە بۆ زەمین-"**new law of the earth** کە وەک پرنسیپێکی سیاسیی تازە کار بکات و بەرگری لە کەرامەتی ئینسانی بکات.[2] ئارێنت لە ڕێگەی بەرگریکردن لەوەوە کە مرۆڤ

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٦-٢٧٧.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل xxvii.

مافی ئەوەی هەیە خاوەنماف بێت، بەرگریی لە مافێکی بنەڕەتیتر دەکات لە مافی هاوڵاتیبوون، ئەم مافەش نەک تەنها مافێکی بنەڕەتییە، بەڵکوو تاکە مافێکی سیاسییشە کە دەتوانێت وەک چوارچێوەی سەرەکیی مافەکانی تری مرۆڤ کار بکات. ئارێنت ئەو مافە بنەڕەتی و دامەزرێنەرە ناو دەنێت مافی "پێکەوەژیان و ڕێکخستنی ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤ و لەپێش هەمووانیشەوە ژیانی گشتییەوە هەیە، بەڵام لە ڕێگەی زمانەوە نەک لە ڕێگەی توندوتیژییەوە." [1]

بەکورتی، ئەو خاڵەی ئارێنت بەرگریی لێ دەکات، ئەوەیە کە بەر لە ڕیزکردنی مافەکانی مرۆڤ لەپاڵ یەکدا، مافێکی بنەڕەتیتر و بنچینەییتر هەیە کە مرۆڤ پێویستە هەیبێت، ئەویش "مافی هەبوونی مافە،" ئەوەشی کوڵەکە فیکرییەکانی ئەم مافە دەستنیشان دەکات، "مافی سروشتی" یان "مافی خوداکرد" نییە، بەڵکوو مافێکە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسییە و توانای دروستکردنی کۆمەڵە و کۆمەڵگە و یەکەی دەستەجەمعیی فرەشێوە و گەورەی هەیە. ئەم مافە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکە توانای دەرکردنی بڕیاری دەستەجەمعیی هەیە دەربارەی ئەو سیستەمەی مرۆڤەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، دەربارەی ئەوەی ئەو سیستەمە چی بێت و چۆن بێت. مافی هەبوونی ماف ئەو پرنسیپەیە کە دەکەوێتە پێش دەرکردنی بڕیارە دەستەجەمعییەکانەوە سەبارەت بەوەی کۆمەڵگە چییە و هیی کێیە و چۆن

---

١ بڕوانە: .(٢٠١٥) Hamacher, Werner لاپەڕە ١٨٨-١٨٩.

ڕێک بخرێت. لای ئارێنت، وەک لای ئەرستۆ، مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسییە، سیاسیبوونیشی دەکەوێتە پێش دەرکەوتەکانی تری مرۆڤبوونیەوە، بۆیە مافی هەبوونی ماف، مافێکە کاری ڕێکخستنی ئەو دۆخی سیاسیبوونەی مرۆڤە، بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو سیاسیبوونەیە لە ئەگەری خراپبەکارهێنانی ئەگەرە سیاسییەکانی ناو مرۆڤ. لای ئارێنت، هەموو مافێک و ئەو کۆمەڵگەیەشی کە ئەو مافانە ڕێک دەخات، بەرهەمی بڕیاری مرۆڤانە و دەستەجەمعییە، بۆیە "مافی هەبوونی ماف،" ئەو دۆخەیە کە دەکەوێتە پێش دەرکردنی بڕیارە دەستەجەمعییەکان، ئەو پێشینەیەیە کە نەک تەنها پێشمەرجی بڕیارە دەستەجەمعییەکانە، بەڵکوو دەرەنجامی ئەو بڕیارانەشە. واتە هەموو ئەو بڕیارانەی دەستنیشانی ئەوە دەکەن چ جۆرە کۆمەڵگەیەک و چ جۆرە ژیانێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی دەستەجەمعی دروست ببێت، هەم پێشمەرجەکانیان و هەم دەرەنجامەکانیان دەبێت "مافی هەبوونی ماف" ڕێکیان بخات. ئەمەش مەسەلەیەک نییە یەک جار بڕیاری لەسەر بدرێت و تەواو ببێت، بەڵکوو دۆخێکی بەردەوامە و لەگەڵ مرۆڤ و بڕیارە دەستەجەمعییەکانیدایە، لە بەردەمی هەموو بڕیارێکدا، کە پەیوەندیی بە ژیانی گشتییەوە هەیە، سەرلەنوێ ئامادەیە.[1] "مافی هەبوونی ماف،" شتێکە دەکەوێتە پێش هەموو پارادایمێکی تایبەتی چۆنێتی وێناکردن و تێگەیشتن و پێناسەکردنی مرۆڤەوە، بە مرۆڤی سروشتی خۆشیەوە.

ئەم مانایەی مرۆڤبوون لای ئارێنت مانایەکە دەکەوێتە

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٩٠.

پێش هەر پێناسەیەکی ئەخلاقی و مێژوویی مرۆڤەوە، دەکەوێتە پێش بەخشینی هەر "جەوهەر" و "سروشت"ێکەوە بە مرۆڤ. لە ڕاستیدا ڕوانینی ئارێنت بۆ مرۆڤ تەواو ناکۆکە بە هەر وێنەیەکی "جەوهەرگەرا" بۆ مرۆڤ. ئارێنت مرۆڤ وەک خاوەن "جەوهەر" و "سروشت"ێکی تایبەت نابینێت کە مافەکان بەو جەوهەر و سروشتەوە گرێ درابن، بە پێچەوانەوە، ئارێنت مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی پلوارالی بێجەوهەر دەبینێت، کە کراوەیە بەسەر چەندەها شێوازی بوون و شێوازی جیاوازی ئامادەگی لەناو جیهاندا. "مافی هەبوونی ماف،" وەک چۆن پابەندە بە توانای مرۆڤەوە بۆ دەرکردنی بڕیاری دەستەجەمعی و دەرکردنی بڕیار سەبارەت بە ژیانی گشتی، ئاواش پابەستە بەو ڕاستییەوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی پلوراڵە و مرۆڤبوون لە هیچ جەوهەر و وێنەیەکی سروشتیدا بەند ناکرێت. "مافی هەبوونی ماف،" بەشێکە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ ڕزگارکردنی ئەم پلوورالیزمە و ڕێگرتن لەوەی کورت بکرێتەوە بۆ دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی مرۆڤبوون. بۆیە ئەم مافی هەبوونی مافە، مافێک نییە بەتەنها بۆ کەسێک یان کۆمەڵگەیەک، شتێک نییە هیی ئەم یان ئەو مرۆڤ بێت بەتەنها، بەڵکوو مافێکە هیی هەموو ئەو "ئەوانی تر"ەشە کە بەشێکن لە دۆخی پلورالی مرۆڤبوون لەناو جیهاندا، مافێکە بەر لە دروستکردنی یاساکان و بەهاکان و ئەخلاقە تایبەتەکان ئامادەیە، بەر لە فۆرمیلەکردنی ئەم وێنە یان ئەوی تر بۆ مرۆڤ. لە بەشی سێیەمی ئەم نووسینەدا، بەدرێژی باس لە بۆچوونی هانا ئارێنت بۆ پلوورالیزمبوونی ژیان دەکەین.

دەرەنجام

لەدایکبوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و وەک کەسێک یەکسان لەگەڵ کەسەکانی تردا، دیاردەیەکی تەواو نوێی ناو مێژووی مرۆڤایەتییە. دەکرێت بەئاسانی ئەم لەدایکبوونە بگەڕێنینەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و بیبەستینەوە بە هەردوو شۆڕشی ئەمەریکی و فەرەنسییەوە و بە لەدایکبوونی ئەو بەیاننامانەوە کە ئەو دوو شۆڕشە تیایدا بەرگری لە مرۆڤ و مافەکانی دەکەن. لەم دوو شۆڕشەدا مرۆڤ بە مانای بوونەوەرێک، خاوەنی کۆمەڵێک مافی بنەڕەتی، کە هیچ کەس و لایەن و هێزێک بۆی نییە لێی بسێنێتەوە، لەدایک دەبێت. ئەم لەدایکبوونە پابەستە بە لەدایکبوونی پارادایمێکی سیاسی و تیۆری و مەعریفیی نوێوە، کە لە قۆناغەکانی پێشتردا بوونی نەبووە. لەم پارادایمەدا ئەوەی لەدایک دەبێت مرۆڤە، بە مانا گەردوونییەکەی، مرۆڤە وەک مرۆڤ، مرۆڤە لە دەرەوەی دەستنیشانکردنە دینی و ئەتنی و نەتەوەیی و ژیارییەکانیەوە. لەدایکبوونی ئەم پارادایمە، تەنها کارێکی فیکری و تیۆری نەبووە، تەنها کاری نووسەران و زانایان و خوێندەواران نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی ڕەنج و کۆشش و خەباتی ژمارەیەکی بێشوومار لە سەرباز و کەسانی نەناسراون، کە بەسەر یەکەوە مێژووی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دروست دەکەن. یەکێک لە ئاکارە سەرەکییەکانی مۆدێرنە، ئەوەیە کە مرۆڤی سادە دەگۆڕێت

بۆ بکەرێکی مێژوویی. کە باس لە لەدایکبوونی پارادیمێکی نوێ دەکەم، تیایدا مرۆڤی خاوەنماف و مرۆڤی یەکسان یەکەی سەرەکین، پێویستە سێ خاڵ تەواو ئاشکرا بێت، یەکەمیان ئەوەیە کە بەر لە لەدایکبوونی دونیای مۆدێرن و لە قۆناغەکانی پێشووتری ژیانی مرۆڤایەتیدا، هەندێک بۆچوون و ڕوانین هەبوون، مرۆڤیان لە سێنتەری گرنگیپێدان و نرخاندنی بەرزدا ناساندووە، شتێکیان داوا کردووە، نزیک لەوەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف ببینێت، بەلام هەموو ئەمانە جگە لە ساتەوەختی کورت و جگە لە خواستی ناڕوون و جگە لە گووتارێکی هێجگار سەرەتایی زیاتر نەبوون. مەسەلەی خەمخۆری و مشوورخواردن بۆ ئەوانی تر، بەشێکە لە مێژووی مرۆڤ لە سەردەمە کۆنەکانەوە تا ئەمڕۆ، ئەم ئەوانی ترەش دەشێت کەسانی جیاواز بن، دەشێت کەسانی نزیکی وەک باوک و دایک و برا و خوشک و دۆست و ناسراون بن، بەلام دەشێت کەسانێک بن، مرۆڤ نەشیانناسێت کەچی بە ئەرکی خۆی زانیبێت کە لە خەمیاندا بێت، وەک خەمخۆری بۆ کەسانی پیر و پەککەوتە، کەسە لاواز و پەراوێزییەکانی ناو کۆمەڵگە، ئەوانەی زۆر هەژار و نەدارن هتد... بەکورتی، مشوورخواردنی کەسانی نەناسراو بەشێک بووە لە کەلەپووری دینی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکانی دونیا، بەلام ئەم خەمخۆرییە، خەمخۆرییەکی ئەخلاقییە و تەواو جیاوازە لە وێناکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و یەکسان بە کەسەکانی تر، کە وێناکردنێکی سیاسییە و پەیوەستە بە کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەلایەتیی گرنگەوە. ماف

وەک دیاردەیەکی سیاسی، گووتارێکی تەواو نوێیە و بەشێکە لە مێژووی لەدایکبوونی دونیای مۆدێرن.

خاڵی دووهەم ئەوەیە، ڕاستە بەر لە سەدەی حەڤدەهەم و بەر لە دوو شۆڕشە گەورەکەی ئەو سەدەیە چەندان دۆکۆمێنتی سیاسی و بیرۆکەی ئەخلاقی و پەیامی دینی هەبوون، کە لە ڕێزگرتنی مرۆڤ و نرخدانان بۆ مرۆڤ نزیک بوونەتەوە، بەڵام هیچیان بە ڕادەی ئەو پارادایمە نوێیە ئاشکرا و ڕوون نەبوون و ئەو یەکسانی و مافبەخشینەش کە ئەو بەیاننامانە باسی دەکەن، بەو شێوە گەردوونی و یونڤێرساڵییە نمایش نەکراون.

خاڵی سێهەمیش ئەوەیە، کە لەدایکبوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی گەردوونیی خاوەنماف، لەدایکبوونێکی بێکێشە نەبووە و ئەو وێناکردنەی کە لەپشتی بەیاننامەکانی مافی مرۆڤەوەن، هەم ڕەخنە کراون، وەک لای مارکس و هانا ئارێنت بینیمان، هەم کەوتوونەتە ناو چوارچێوەکانی دەوڵەتی نەتەوەییەوە و بەسەر هەموو مرۆڤێکدا پیادە نەکراون، هەم زۆر جاریش لە ئاستی گووتاردا ماونەتەوە و بەزەحمەت دابەزیونەتە ناو مێژووەوە. هاوشان بەمانەش، چەندەها شێوازی نوێی هەڵاوێردن و نایەکسانی و بێمافی دروست بووە، کە وا دەکەن مەسەلەی بەرگریکردن لە ماف و لە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی یەکسان، کاری هەموو سەردەمەکان و ئەرکی هەموو نەوەکان بێت. تەنها لەدوای جەنگی جیهانیی دووهەمەوە، بەتایبەتی لە ساڵانی شەستەوە، لە ئەورووپا و ئەمەریکادا، مافەکانی مرۆڤ بە شێوازی جیاواز و زۆر جار سنووردار، دەکەونە بواری پیادەکردنەوە. ڕەنگە

دروستبوونی "دەوڵەتی یاسا و خوشنودگەرایی،" کە تیایدا مرۆڤ کۆمەڵێک مافی گرنگ وەدەست دەهێنێت، بێگومان بە هەموو نووقسانییەکانیەوە، تاکە ئەزموونێکی سیاسیی ناو دونیای مۆدێرن بێت، کە ڕێزگرتن لە وێنە تازەکەی مرۆڤ وەکَ بوونەوەرێکی خاوەنماف و یەکسان، پیادە بووبێت. تەنها لەم ئەزموونانەدا مرۆڤ دەبێت بە بەهایەکی دەستووری، کە دەبێت لەلایەن هەمووانەوە ڕێزی لێ بگیرێت، بەڵام لێرەشدا هەم چوارچێوە نەتەوەییەکان و هەم دۆخی هەلاوێردنی ناوەکی ئامادەن، کە پیادەکردنی ئەم مافانە زەحمەت دەکەن.

لەپشتی دروستبوونی وێنەی مرۆڤەوە وەک بوونەوەرێکی گەردوونیی خاوەنماف، هەم کۆمەڵێک داواکاریی سیاسی ئامادەیە و هەم خواستی دروستکردنی شێوازێکی تایبەت لە دەوڵەت و کۆمەڵگە ئامادەیە، هەم کۆمەڵێک داواکاریی ئەخلاقییش ئامادەیە، لە نموونەی گرنگیدان بە مەسەلەی مشوورخواردنی مرۆڤە قوربانییەکان و هاریکاریکردن و بەدەمەوەچوونیان، وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤ لەناو دونیادا. پێداگرتن لەسەر هاودەردی و هاوهەستی و هاوچارەنووسیی یونڤێرساڵیی مرۆڤەکان بەشێکە لەو وێنە تازەیەی بۆ مرۆڤی خاوەنماف لەدایک دەبێت. بێگومان بەرامبەر بە مانا گەردوونییەکەی بوونی مرۆڤ چەندان مانای تر هەیە، کە تەواو ناگەردوونی و ناوچەیین، لەوانەش، بوونی مرۆڤ وەک ئەندامی خێزان، خێڵ، ئەتنیەت، نەتەوە، جێندەر، کاست، دین، ئاستی شارستانی، جۆری حەزی سێکسی، هتد... مانا گەردوونییەکانی بوونی مرۆڤ نابێت مانای سڕینەوەی ئەو ئینتیما تایبەتانەی تری

مرۆڤ بێت، بەڵکوو پێویستە مانای کۆکردنەوەی هەموو ئەو ئینتیمایانە بێت لەناو چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مەعریفیی نوێدا، کە تیایدا مانا گەردوونییەکان هەوڵ بدەن ببن بە بەشێک لە مانا ناوچەیی و لۆکاڵییەکان و ئەمانەش هەوڵ بدەن ببن بە بەشێک لەو وێنە گەردوونییە مافساز و یەکسانەی مرۆڤ کە وێنە گەردوونییەکەی مرۆڤ هەڵگریەتی.

لەم ناوچەیەی ئێمەدا مرۆڤ تا ئەمڕۆ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و یەکسان بوونی نییە. نە لە سیاسەتدا، نە لە ئابووریدا، نە لە دیندا، ئەم مرۆڤە یەکسان و خاوەنمافە بوونی نییە، بەڵام سەرەتاکانی لەدایکبوونی لەناو هۆشیاریی زیاد لە گرووپ و چینێکی کۆمەڵایەتیدایە. درووشمەکانی بەهاری عەرەبی، کە بریتی بوون لە "ئازادی و نان و کەرامەت" گوزارشت لە سەرەتا زەحمەتەکانی ئەم لەدایکبوونە دەکەن.

بەشی دووهەم
دەربارەی پرسی کەرامەت

سەرەتا

ئەم وتارە تايبەتە بە دەستنيشانكردنی ماناكانی كەرامەت وەك چەمكێكی تيۆری و فيكری و وەك بەشێكيش لە پێكهێنەرە هەرە بنەڕەتی و سەرەكييەكانی مرۆڤبوونی مرۆڤ. چەمكی كەرامەت تەنها چەمكێكی ئەخلاقی نييە كە شتێكمان لەسەر چۆنێتيی وێناكردن و مامەڵەكردنی مرۆڤ پێ بڵێت، بەڵكوو چەمكێكی سياسيشە كە دەتوانێت زۆر شتمان دەربارەی مۆدێلەكانی دەسەڵات پێ بڵێت، هەروەها شتێكی زۆريشمان دەربارەی ئەو كۆمەڵگەيە پێ بڵێت كە لەژێر خوێندنەوە و ڕاڤەكردندايە. كەرامەت لەم گۆشەنيگايەوە چەمكێكی تيۆريی گرنگە بۆ نرخاندن و داوەريكردنی مۆدێلەكانی دەسەڵات و شێوازی كۆمەڵگەكان. پرسياری سەرەكی دەربارەی كەرامەت ئەوەيە: ئايا مرۆڤ لەناو چ جۆرە سيستمێكی دەسەڵات و چ جۆرە كۆمەڵگەيەكدا دەژی؟ ئايا لەو جێگەيانەدا وەك بوونەوەرێكی خاوەنكەرامەت دەبينرێت و مامەڵە دەكرێت يان نا؟ ئايا دەزگا و ياسا و بەها و ئەخلاقياتی پاراستنی كەرامەت لەو دەولەت كۆمەڵگەيەدا هەن يان نين؟ ئايا مرۆڤ وەك بوونەوەرێك دەبينرێت كە هەڵگری "شتێك"ە نەكرێت دەستی بۆ ببردرێت و بريندار بكرێت، چونكە ئەو "شتە" پەيوەنديی بە كەرامەتی مرۆڤەوە هەيە، يان خودی كەرامەتی ئەو مرۆڤەيە؟ لە پەيوەنديدا بە كۆمەڵگەی كوردستانەوە ئەم

نووسینە دەیەوێت کەمەکێک لەسەر مێژووی کۆمەڵگای ئێمە لە سەدەی بیستەمدا بوەستێت و لە ڕێگەی چەمکی کەرامەتەوە هەندێک بۆچوونی تایبەت لەسەر ئەو مێژووە دەر ببڕێت.

بەشی یەکەمی ئەم نووسینە تەرخانە بۆ ڕاڤەکردنێکی کورت و خێرای مێژووی میللەت و مرۆڤی ئێمە لە سەدەی بیستەمدا لەپاڵ چەمکی کەرامەتدا، بەتایبەتی لەپاڵ ئەو وێناکردنەدا کە فرانز فانۆن بۆ دیاردەی داگیرکردن و کۆلۆنیالیزمی هەیە. لە بەشی دووهەمی نووسینەکەدا، چەمکی کەرامەت بەدرێژی شی دەکرێتەوە و چەند دیدێکی تیۆریی جیاواز دەخرێتە ڕوو، لەوانەش، دیدی ئەرستۆ و دیدی ئیمانوێل کانت. پاشان بەدرێژی لەسەر ڕوانینەکانی دوو فەیلەسووفی هاوچەرخ دەوەستین، کە مەسەلەی کەرامەت یەکێک لە بابەتە سەرەکی و گرنگەکانی ناو نووسینەکانیانە: یەکەمیان فەیلەسووفی کەنەدی چارلس تایلەرە و دووهەمیان فەیلەسووفی ئەڵمانی ئالێکس هۆنێسە، کە بە نەوەی سێهەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت دادەنرێت.

کۆمەڵگەی ئێمە و کەرامەت

لە کتێبێکدا بە ناوی "کەرامەت"ەوە، دەروونناسی ئەمەریکی دۆنا هێکس دەنووسێت: "ئەگەر بێکەرامەتی شتێک بێت مرۆڤ بکات بە بوونەوەرێکی پارچەپارچە و لەتوپەت، ئەوا کەرامەت ئەو شتەیە کە ئەو پارچە و لەتانە کۆ دەکاتەوە و جارێکی دیکە دەمانکاتەوە بە مرۆڤ."[1] دەکرێت مێژووی سەدەی

1 Hicks, Donna (2011). Dignity: Its Essential Role in Resolving

بیستەم کۆمەڵگەی ئێمە، مێژووی داگیرکردن و بێمافکردن و بێڕێزیکردن بەرامبەر بە مرۆڤی ئەم کۆمەڵگەیە، وەک مێژووی شکاندنی کەرامەت و هەوڵدان بۆ بێکەرامەتکردنی مرۆڤی ئێمە تەماشا بکەین. هەموو کردەی داگیرکردنێک، کۆلۆنیالیزم وەک پرۆژە و وەک ئاکار، وەک شێوازی ئیدارەدان و حوکمڕانی، تەنانەت وەک شێوازێکی تایبەتی شارسازی، کردەی شکاندنی کەرامەتی ئەو میللەت و نەتەوانەیە کە داگیر دەکرێن. لەناو هەموو پەیوەندییەکی کۆلۆنیالیدا، کردەی شکاندنی کەرامەت ئامادەیە، جۆرێک لە ڕاسیزم ئامادەیە کە مرۆڤ و میللەتەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە و یەکێکیان بە خاوەنکەرامەت و ئەوی تریان وەک بێکەرامەت وێنا دەکات. ڕەنگە کەس هێندەی فرانز فانۆن ئەم ڕاستییە مێژووییانەی نەناسیبێت و بەوردی تیۆریزەی نەکردبێت. لای فانۆن، کۆلۆنیالیزم پرۆژەیەکی گەورەی شکاندنی کەرامەتی میللەتان و کەرامەتی تاکەکەسە داگیرکراوەکانە. بۆیە سیانەی کەرامەت و داگیرکردن و خەباتی نیشتیمانی، دەبنە سیانەیەکی لەیەکدانەبڕاو و فانۆن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان مافی بەکارهێنانی توندوتیژی و تیمارکردنی کەرامەتێکی بریندارکراودا پێشنیار دەکات، کتێبی "چەوساوەکانی سەرزەوی،" مانیفیستێکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیی ئەم ئاکارە سەرەکییەی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزم و کاردانەوەیە بە ڕووی کۆلۆنیالیزمدا. تێزێکی سەرەکی کە فانۆن لەم کتێبەدا بەرگریی لێ دەکات، ئەوەیە کە کۆلۆنیالیزم لە هەموو شێوەکانیدا کردەیەکەی توندوتیژ و ڕاسیستانەیە و شکاندنی کەرامەتی تاکەکەسی و دەستەجەمعی

Conflict. Yale University Press. P. xii.

بەشێکی ناوەکیی ئەو کردەیەیە، بۆیە پەنابردن بۆ توندوتیژی بۆ سڕینەوەی برینە سیاسی و دەروونییەکانی کۆلۆنیالیزم و بۆ ساڕێژکردنەوەی کەرامەتی شکێنراو، نەک تەنها کردەیەکی ڕەوایە، بەڵکوو پێداویستییەکی سیاسی و فەرهەنگی و سایکۆلۆژیشە. لە بەشی یەکەمی کتێبی "چەوساوەکانی سەرزەوی"یەوە بۆ بەشی چوارەمی کتێبەکە، فانون بەدرێژی بەرگری لەم تێزە دەکات.[1] لە دیدی فانۆندا، مرۆڤی داگیرکراو و کەرامەتشکێنراو دەتوانێت تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە خۆی لە سەرجەمی ئیهانەکارییەکان و گرێ دەروونییەکانی کۆلۆنیالیزم ڕزگار بکات، بەتایبەتی گرێی خۆبەکەمزانین و تەماهیکردن لەگەڵ داگیرکەران خۆیاندا.[2]

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکەی دۆنا هێکس. ئەگەر ئەو بۆچوونەی دۆنا هێکس لەسەر پەیوەندیی نێوان شکاندنی کەرامەت و لەتلەتبوونی ناوەکیی مرۆڤ ڕاست بێت، ئەوا دەکرێت مێژووی سەدەی بیستەمی کۆمەڵگەی ئێمە وەک مێژووی پارچەپارچەکردنێکی ناوەکیی مرۆڤی ئێمە و مێژووی لەتلەتکردنی دونیای ناوەوەی ئەو مرۆڤە وێنا بکەین، تا ڕادەی هەوڵدان بۆ سڕکردنی هەستکردنی ئەم مرۆڤە بە بوونی مرۆڤانەی خۆی، وەک بوونەوەرێکی

---

١ بڕوانە: Fanon,F. (١٩٨٢). Thewretcheodftheearth. New York: Grove

٢ ئەوەی من لێرەدا باسی دەکەم، تێزە سەرەکییەکەی فانۆنە، ئەم باسکردنە مانای باوەڕبوون بەو تێزە و بەرگریکردن لەو تێزە نییە. بەڵام ئەم ڕوانینانەی فانۆن ڕۆڵێکی گرنگ لە بزووتنەوە دژەکۆلۆنیالییەکاندا دەبینێت و بەردەوام بەشێک بووە لە سایکۆلۆژیا و خەیاڵی سیاسیی بزووتنەوە دژەکۆلۆنیالییەکان.

یەککگرتوو و کامڵی پارچەپارچەنەبوو لە ڕووی دەروونی و ویژدانییەوە. مێژووی بێمافکردن و بێنرخکردنی بەردەوامی تاکەکەس و گروپەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بەدرێژاییی سەدەی بیستەم، مانای دەستدرێژیکردنێکی بەردەوام بۆ سەر مرۆڤبوونی ئەم مرۆڤە و ڕێگرتن لە هەستکردنی ئەم مرۆڤە بە یەکپارچەییی دەروونی و ڕەمزی و سیاسی و ئەخلاقیی خۆی. یەککگرتن بە مانای بوونی "جەوهەر"ێکی نەگۆڕ نیا، بەڵکوو بە مانای بوونی لانی کەمی هارمۆنیەتی ناوەکی و لانی کەمی هەستکردنی ناوەکیی ئەم مرۆڤە بە بەهای خۆی وەک مرۆڤێکی خاوەنکەرامەت. کردەی کۆلۆنیالیزم کردەی وێرانکردنی ناوەکیی مرۆڤە لە ڕێگەی پەلاماردانی دەرکەوتە جیاوازەکانی کەرامەتی مرۆڤەوە. وەک وتم، لە کتێبی "چەوساوەکانی سەرزەوی"دا، فرانز فانۆن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ گریمان دەکات لەنێوان وێناکردنی نیشتیمان و زەوی لەلایەن میللەتە داگیرکراوەکانەوە و مەسەلەی کەرامەتەوە، چونکە نیشتیمان لەم ڕوانینەدا تەنها زەوییەک نییە سەرچاوەی نان و ئاو بێت بۆ مرۆڤ، بەڵکوو سەرچاوەی کەرامەتیشە. بەم مانایە، کردەی داگیرکردن خۆی کردەی سەندنەوەی کەرامەتە لە مرۆڤەکان و چۆنێتیی مامەڵەکردنی ئەو مرۆڤانەشە وەک کەمتر لە مرۆڤ. لەم گۆشەنیگایەوە، دەکرێت هەموو شۆڕش و یاخیبوون و بەرگرییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، زۆربەی هەرە زۆری ئەدەبیاتی ئێمە لە سەدەی بیستەمدا، هەموو ئەو کردە مێژووییانەی ئەم مرۆڤە هۆشیارانە لەناو مێژووی خۆیدا پیادەی کردووە، وەک هەوڵدانێک بۆ دەرچوون لەو دۆخی کەرامەتشکاندن

و لەوێشەوە لەمرۆڤخستنە وێنا بکەین، کە لە شکاندن و بریندارکردنی کەرامەتەوە لەدایک دەبێت. لەم گۆشەنیگایەوە، مێژووی سەدەی بیستەمی کۆمەڵگەی ئێمە، مێژووی کەڕانی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگەیەیە بەدوای وەدەستهێنانەوەی کەرامەت و ساڕێژکردنی برینەکانی کەرامەتێکی شکاو و بریندارکراودا، مێژووی هەوڵدانیەتی بۆ وێناکردن و دانپیانان بەم مرۆڤەدا وەک کەسێکی خاوەنکەرامەت.

کردنی کەرامەت بە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی دونیای ئێمە، تەنها بۆ دەستکاریکردنی شێوازی ئەو حوکمڕانی و دەسەڵاتە نییە کە سڵ لە درێژەدان بە شکاندنی کەرامەتی مرۆڤی ئێمە ناکاتەوە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پارچەپارچەبوونە ئەخلاقی و سیاسی و ڕەمزییانەش کە مێژووی درێژی بێمافی و بێڕێزیی داگیرکەران لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دروستی کردوون. بێگومان دروستکردنی ئەو دۆخی پارچەپارچەبوونە ناوەکییە تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە نەبووە، تەنها لە ڕێگەی گرتن و لێدان و ڕاونان و کوشتن و بێماڵ و بێحاڵکردنەوە نەبووە، بەڵکوو پرۆسەی بریندارکردنێکی دەروونیی قووڵ و بەردەوامیشی لەپشتەوە بووە. کردەیەکەی بەردەوامی بێنرخکردنی مرۆڤ ئاراستەی کردووە و میکانیزمە سەرەکییەکەشی میکانیزمی لەمرۆڤخستن بووە. چونکە هەوڵدان بۆ شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ، تەنها لەوەدا بەرجەستە نییە ئێسقانەکانی بشکێنن و جەستەی پڕ بکەن لە برین، تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە نییە، بەڵکوو لە ڕێگەی کردەی ڕێزنەگرتن و تەماشانەکردنی ئەو کەسەشەوەیە وەک بوونەوەرێکی بەهادار،

وەک کەسێک بەردەوام پەراوێز بخرێت، بێنرخ بکرێت، ئیهانە و سووکایەتیی پێ بکرێت، ئازادییەکانی سنووردار بکرێت، بێماف بکرێت و وک کەسێکی بچووک و گرگن و گەمژە و نەزان و جاهیل ناو بنرێت و مامەڵە بکرێت و هتد... هەموو ئەمانە وایان کردووە ویناکردنەکانی ئینسانی ئێمە بۆخۆی لە سەدەی بیستەمدا پڕ ببێت لە برینی ماددی و ڕەمزیی قووڵ، لە بریندارکردنی ئازادی و دادپەروەری و مافەکانیەوە بیگرە بۆ بریندارکردنی ویژدان و ڕۆحی، تا بە بریندارکردنی زمان و جلوبەرگ و بۆنە نیشتیمانی و دەستەجەمعییەکانی دەکات. بەم مانایە، سەدەی بیستەم سەدەی مامەڵەکردنی مرۆڤی ئێمەیە وەک بوونەوەرێکی بچووک، وەک کەسێکی بێنرخ و بێڕێز، وەک مرۆڤێکی پارچەپارچە و بریندار، وەک ناکەسێکی گەمژە و نەزان و جاهیل، چ لەلایەن داگیرکەرانەوە، چ لەلایەن ئەو نوخبە سیاسی و ڕۆشنبیرەشەوە کە لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا خودێکی فووتێکراو و نارسیسیزمێکی ناتەندروست ئاراستەیان دەکات. نارسیزمێک، تەنها لەسەر خودئەڤینی و خۆخۆشویستنێکی پەڕگیر کار ناکات، بەڵکوو لەسەر نەفیکردن و بێڕێزییەکی گەورەش بەرامبەر بە هەموو ئەوانی تر کار دەکات.

وەک وتم، لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا، ئەزموونی حوکمڕانیی کورد خۆی شتێکی ئەوتۆی لە پێکهاتی ئەم مێژووە پڕکەرامەتشکاندن و پڕبرینە نەگۆڕیوە. ئەزموونی دوای ڕزگاربوون، ئەزموونی هەڵوەشاندنەوەی گرێ دەروونی و برینە ویژدانی و ئیهانەکردنە ماددی و ڕەمزییەکانی مرۆڤی ئێمە نەبووە، بە پێچەوانەوە، ئەم ئەزموونە برین

و پارچەپارچەبوونـی نوێـی دروسـت کـردووە بریـن و پارچەپارچەبوونـی لا نەبـردووە، ئیهانەکردنـی نوێـی داهێنـاوە، ئیهانـە کۆنەکانـی لا نەبردووە، مرۆڤی ئێمـەی بچووک و گرگن کـردووە، وزەیەکـی پۆزەتیڤـی تێـدا دروسـت نەکـردووە. ئـەو بریناَنـەی لـە سـەدەی بیسـتەمدا و لـە پەیوەنـدی بـە چەمکـی کەرامەتـەوە لـە دونیـای دەرەکـی و ناوەکیـی مرۆڤـی ئێمـەدا دروسـت کـراون، لەمرۆدا لەباتـی سـارێژکردنیان، هـەم شـێواز و دەرکەوتـی تریـان وەر گرتـووە، هـەم قووڵاییـی نوێیـان پـێ بەخشـراوە و هـەم ڕەهەنـدی نوێیـان تێدا کراوەتـەوە. لە بیست سـاڵی ڕابـردوودا، کۆمەڵگـەی ئێمـە پـڕ کـراوە لـە ململانێـی توندوتیژ و فرەلایـەن، لـە ملشـکاندنی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقـی، لـە دروسـتکردنی مرۆڤـی پلـەدوو و پلەسـێی بێمـاف، لـە دابەشـکردنێکی نائینسـانی و نائەخلاقیی نرخاندنـی جیاوازی مرۆڤـەکان، لـە پەلاماردانـی ژیـان و گوزەرانـی چەنـدان هێـزی کۆمەڵایەتـی، لـە کوشـتنی ژنـان و چەوساندنەوەی بەردەوامـی مرۆڤـە لاوازەکان، لـە بێئومێدکردنێکـی فرەلایەنـی سـەرجەمی هێزەکانـی دونیـای ئێمـە، هتـد... ئەوەشـی ئـەم گشـتە وێرانـە ئاراسـتە دەکات و یاسـای سـەرەکیی ململانێکانـی ناویەتـی، یـان لانـی کـەم ئـەو بەهـا سـەرەکییەیە کـە ململانێکان ئاراسـتە دەکات، مەسـەلەی شـکاندنی کەرامەتـی بەرامبـەرە نەیـار و لاواز و نادۆسـتەکانە، بریندارکردنـی مرۆڤبوونـی مرۆڤـەکان و بێنرخکردنـی بەهاکانیانـە، بەخشـینەوەی گرگنـی و بچووکییـە بەسـەر هەمـوو ئەوانـەدا کـە لەگـەڵ یاسـا نائینسـانییەکانی ئـەو دونیایەدا ناتەبان. ئەم دۆخەش دۆخێکی دروستکراو و ڕێکخراو و پلانبۆدانراوە، مەبەسـت لێی دروسـتکردنی مرۆڤێکـە، ڕوانینـی

بۆ خۆی ڕوانینێک بێت پڕ لە بێنرخی و هەستکردن بە لاوازی و بە هیچی و بە بێتوانایی، پڕ بێت لە وێناکردنی خۆی وەک بوونەوەرێکی بچووک و بێهێز و پەراوێزی. ئەوەی لێرەدا زۆر بەقووڵی و بەفراوانی ئامادەیە، کارکردنە لەسەر ئەوەی مرۆڤەکان بەر لەوەی ڕێزیان بۆ یەکتری نەمێنێت، ڕێزیان بۆ خۆیان نەمێنێت، خۆیان بە کەسێک نەزانن شایستەی ڕێز و ماف بن، بە گەمژە و گەلحۆ و گەوج بکرێن، یان ئەوەیان تێدا بچێنرێت، کە گەمژە و جاهیل و لەوە نەزانتر و هەژارترن داوای ماف و داوای پاراستنی کەرامەتی خۆیان بکەن، پێیان ئاساییبێت سوکایەتییان پێبکرێت و نرخیان بۆدانەنرێت، ئاسایی بێت وەک بوونەوەری بچووک مامەڵە بکرێن، زۆر کەمتر و نزمتر لە کەسوکاری ئەم بنەماڵە و خێزان و حیزب و گروپ و ناوچە، ببینرێن و مامەڵە بکرێن.

هەموو ئەو دەرکەوتانەی سەرەوە وا دەکات ناونان و باسکردن و نیشاندانی شێوازە جیاوازەکانی بێکەرامەتکردنی ئینسان و قسەکردن لەسەر دەرکەوتە جیاوازەکانی، نیشاندانی شێوازەکانی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی بێکەرامەتی بە کۆمەڵگەدا، یەکێک بێت لە ئەرکە سەرەکییەکانی فیکری ڕەخنەیی و ئینسانی لە دونیای ئێمەدا. بەرگریکردن لە کەرامەت وەک کرۆکی سەرەکیی ژیان، وەک ئەو چوارچێوەیەی پێویستە مرۆڤەکان و گروپەکان لەگەڵ یەکدا کۆ بکاتەوە، هەم ئەرکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، هەم ئەرکێکی فیکری و تیۆرییە، هەم ئەرکێکی ئەخلاقییە. ئەم وتارە هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، چونکە جەنگ بۆ پاراستنی کەرامەت لە دونیای ئێمەدا کۆتایی نەهاتووە.

کەرامەت وەک چەمک

کەرامەت دەستەواژەیەکی ئینشایی نییە، وشەیەک نییە ساکار و بێقوولایی، بەتەنهاش بەشێک نییە لەو زمانە ڕۆژانەییەی مرۆڤ بۆ ئاخاوتن بەکاری دەهێنێت، کەرامەت چەمکێکی فیکریی گرنگی ناو دونیای مۆدێرنە و هێمایەکی ڕاستەوخۆشە بۆ ڕوانینێکی تایبەت بۆ مرۆڤ و ماف و دانپیانانی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن و نرخاندن. واتە کەرامەت بەشێکی بنەڕەتی و سەرەکییە لە ڕوانین و مرۆڤبینییەک، کە پێداگرتن لەسەر بەها و نرخی مرۆڤ وەک بەها و نرخێکی پارێزراو و دەستبۆنەبراو، ژێرخانە یاسایی و سیاسی و ئەخلاقییەکەی دەستنیشان دەکات. بە بۆچوونی من، کەرامەت بەر لە هەموو شتێک، چەمکێکی ئەخلاقییە، پێ لەسەر مامەڵەکردنی مرۆڤ وەک بەهایەکی گەورە دادەگرێت، کە نابێت لەژێر هیچ ناوێکدا لە نرخی کەم بکرێتەوە. بەڵام ئەم ڕوانینە ئەخلاقییە چەندان دەرەنجامی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی لێ دەکەوێتەوە، کە بەسەر یەکەوە شێوازێک لە کۆمەڵگە و شێوازێک لە حوکمڕانی و شێوازێک لە دەزگا و شێوازێک لە پەیوەندیی فرەجۆر لەنێوان ئەو لایەنانەدا گریمان دەکات. خاڵی سەرەکییش لە هەموو ئەمانەدا، ڕێزگرتنی مرۆڤە وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و خاوەنبەها و نرخێکی ناوەکیی گرنگ. کەرامەت هێماش بۆ گرنگیی دروستکردنی دونیایەک دەکات، مرۆڤ تیایدا

وەک بەهایەکی ناوەکیی گەورەی ناو ئەو دونیایە ببینرێت و مامەڵە بکرێت. بەکورتی، کەرامەت چەمکێکە پەیوەستە بە شوێن و جێ و پێگەی مرۆڤەوە لەناو کۆمەڵگەدا.[1] کەرامەت ڕوانگەیەکە، پێمان دەڵێت مرۆڤ لەکوێدا وەستاوە و چ نرخ و بەهایەکی لەناو کۆمەڵگە و لە پەیوەندیدا بە کەسەکانی ترەوە هەیە. چەمکی کەرامەت خۆی چەمکێکی پێوانەییە و بەرگری لە شوێن و جێ و نرخی یەکسانیی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا دەکات، ئەوەشی هەم پێوەری ئەم یەکسانییە و هەم ئەم یەکسانییەش دەسەپێنێت، خودی مرۆڤبوون خۆیەتی.

لەپشتی وێناکردنی مرۆڤەوە وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت، وێناکردنێکی تایبەتی کۆمەڵگە و وێناکردنێکی تایبەتی دەسەڵات و وێناکردنێکی تایبەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش ئامادەیە، کە لە دونیای مۆدێرندا خۆی لە وێناکردنی مرۆڤدا دەبینێتەوە وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و وەک کەسێک یەکسان بە کەسەکانی تر. وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کرد، وێنەی لەدایکبوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و بوونەوەرێکی یەکسان بەوانی تر، وێنەیەکی نوێیە و لەناو چوارچێوە یاسایی و سیاسی و مەعریفییەکانی دونیای مۆدێرندا دروست بووە. بەم مانایە، چەمکی کەرامەتیش بەو مانایانەی لەسەرەوە باسمان کرد، چەمکێکی سەرەکیی ناو دونیای مۆدێرنە و وێناکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت بەشێکە

---

1 Waldron, Jeremy (2012). How law protects dignity. The Cambridge law journal, Vol 71, Issu 1, March 2012,p 201.

لەو وێناکردنە مۆدێرنە، کە لە دونیای مۆدێرندا بۆ مرۆڤ لەدایک دەبێت. بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە، دونیای بەر لە دروستبوونی دونیای مۆدێرن دونیایەک بووە چەمکی کەرامەت تیایدا ئامادە نەبووبێت، تێکستە دینییە کۆنەکان و ئەدەبیات و هەندێک ڕوانگەی ئەخلاقیی کۆمەڵگەکانی بەر لە دونیای مۆدێرن، بێبەش نین لە چەمکی کەرامەت، بەڵام ئەوەی شوێنی سەرنجە، ئەوەیە کە چەمکی کەرامەت لە دونیای کۆندا چەمکێک نەبووە گرێ درابێت بە مرۆڤبوونەوە وەک مرۆڤ، بەڵکوو گرێدراوبووە بە کۆمەڵێک پلەوپایە و مەقامی کۆمەڵایەتیی تایبەتەوە. ئەوانەی سەر بە چین و توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە بوون، خاوەنی کەرامەت و ئەوانەی لە خوراوەی کۆمەڵگەدا بوون، بێکەرامەت یان خاوەنی کەرامەتی کەمتر بوون، ئەوانەشی کە بێکەرامەت یان کەرامتیان کەمتر بووە، ئیتر هەم مافی کەمتر و هەم نرخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کەمتریان هەبووە.[1] تەنها لەناو چوارچێوەکانی دونیای مۆدێرندا چەمکی کەرامەت دەبێت بە چەمکێکی دیموکراس و کراوە بە ڕووی هەموو مرۆڤەکاندا.

مێژووی کەرامەت لە دونیای مۆدێرندا مێژووی بەئەبستراکتبوونی چەمکی کەرامەتە، واتە مێژووی دابڕانیەتی لە پێگە چینایەتی و کۆمەڵایەتی و دینی و فەرهەنگییە تایبەتەکان و بەستنەوەیەتی بە چەمکی مرۆڤەوە

1 Sulmasy, F. P. (2007). Human dignity and human worth. In J. Malps, & N. Lickiss (Eds.), Perspectives on human dignity: Aconversation (pp. 9-18). Dorderecht, The Netherlands: Springer.

وەک چەمکێکی ئەبستراکت، بە مرۆڤەوە وەک مرۆڤ، نەک بە مرۆڤەوە وەک ئەندامی چین و توێژ و دین و گروپە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە تایبەتەکان. ئەگەرچی بڕێکی زۆر لە دینەکان مرۆڤ وەک نوێنەری خودا، یان وەک دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی خودا لەسەر زەوی وێنا دەکەن، بەم مانایەش هەموو مرۆڤێک دەکەنە خاوەنی ڕەهەندێکی خودایی، کە قابیلی ئیهانەکردن و سووکایەتیپێکردن نییە، بەڵام ئەو خوداییبوونە ناوەکییە هەمیشە لەناو مێژوو و لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوازی جیاواز دەر کەوتووە، یان زۆر جار هەر دەر نەکەوتووە. ئەم خودایە تەنها خودای ناو ئەم یان ئەو دین بووە بەتەنها، یان خودای ناو ئەم یان ئەو گروپی ئیماندار بووە بەتەنها، کەسانی بێدین و یان کەسانی خاوەن دینیتر هەڵگری ئەم ڕەهەندە خوداییە نەبوون. بە مانایەکی دیکە، کەرامەتی مرۆڤ لە دیدە دینییەکەدا گرێ دراوە بە باوەڕبوونی مرۆڤەوە بەم یان بەو خودا و ئینتیمای بۆ ئەم یان ئەو دین، لە دەرەوەی ئەو باوەڕ و ئینتیمایەدا، مرۆڤ هەڵگری کەرامەت نەبووە، یان کەرامەتێکی نوقسان و بیماری هەبووە، تەواو نایەکسان لەگەڵ کەرامەتی مرۆڤە باوەڕدارەکاندا. بۆیە بەدرێژاییی قۆناغی دینەکان، مەسەلەی کەرامەت مەسەلەیەک نەبووە گرێدراو بە بوونی مرۆڤەوە وەک مرۆڤ، مرۆڤێک دینی هەبێت یان نەیبێت، باوەڕی بە خودایەک لە خوداکان هەبێت یان بێ خودا بەناو بووندا تێبپەڕێت و لەپاڵ مرۆڤەکانی تر و لەناو کۆمەڵگەدا بژی.

لە دونیای هاوچەرخدا، چەمکی کەرامەت یەکێکە لە

چەمکە سەرەکییەکانی بەرگریکردن لە مرۆڤ لەبەرامبەر سەرجەمی ئەو پەیوەندی و دەزگا و شێوازانەی دەسەڵات و هێزانەدا کە لەسەر بێنرخکردن و چەوساندنەوە و گرگنکردنی مرۆڤ کار دەکەن و چەندان ڕووبەری کۆمەڵایەتی و ڕەمزیی توندوتیژ دروست دەکەن، کە تیایاندا شێوازی جیاوازی مرۆڤبوون و شێوازی جیاوازی لەناو-دونیادا-بوون و شێوازی جیاوازی شووناس، بێدەنگ و پەراوێز، یان بەتەواوی نەفی دەکەن. چەمکی کەرامەت، چەمکێکە تەواو ناکۆک و دژ بە هەموو ئەو هەڵسوکەوت و وێناکردنانەی کە لەسەر بێنرخکردن یان سوکایەتیکردن، ئیهانەکردن یان برینداركردنی مرۆڤبوونی مرۆڤ کار دەکەن. هەندێک ئەم چەمکە فراوانتر دەکەنەوە و باس لە بوونی کەرامەت تەنها لەلای مرۆڤ ناکەن، بەڵکوو باس لە بوونی کەرامەت لای هەموو بوونەوەرێکی زیندوو دەکەن، هەموو ئەو شتانەی ژیانیان تێدایە، پێویستیان بەوەیە ڕێز بۆ ئەو ژیانە دابنرێت کە تیایاندایە، واتە ڕێزی کەرامەتیان بگیرێت.[1]

ئەگەر چەمکی مرۆڤ خۆی چەمکێکی نۆرماتیڤی بێت، واتە چەمکێک بێت پێوانەیی و ناوەڕۆکێکی پۆزەتیڤی هەبێت، ئەوا چەمکی کەرامەت مانای بەرگریکردن لەو مانا پۆزەتیڤەی مرۆڤ و سەلماندنی ئەو مانا پێوانەییەی مرۆڤبوون. ئەم مانا پێوانەیی و پۆزەتیڤەش لە زمانی ڕۆژانەدا کاتێک دەر دەکەوێت، کە مرۆڤ لەلایەن کەسێک

1 Fischer, Johannes (2010). "The social recognition of human dignity." ESKA I Journal International de Bioethique. Vol. 21, 3 PP. 45.

یـان لایەنێکـەوە پەلامـار بدرێـت و سـووکایەتیی پـێ بکرێـت، یاخـود ئـازار بدرێـت و بچەوسـێنرێتەوە، ئـەوکات گوێمـان لـە کاردانـەوەی لـەم بابەتـە دەبێـت: "ئـەو کەسـە مرۆڤـە و وەک مرۆڤیش شایستەی ئەو جۆرە مامەڵەیە نییە،" "نابێت مرۆڤ بـەو جۆرە مامەڵـە بکرێت،" "ئـەو جۆرە هەڵسوکەوتانە قابیلی مـرۆڤ نین." لەپشـتی بەکارهێنانـی چەمکی مـرۆڤ لـەو دۆخانـەدا، وێناکردن و مانابەخشـینێک بـە مـرۆڤ لـە ئارادایـە، کە لەسـەر ڕێزگرتن و نرخاندنـی پۆزەتیڤی مرۆڤبـوون بەنـدە. مرۆڤبـوون خۆشـی وەک بەهایەکـی ئەبسـتراکت دەبینرێـت و نابەسـترێتەوە بـە ئەندامبـوون لـەم یـان لـەو چیـن و توێـژ و گروپی کۆمەڵایەتیدا. چەمکی کەرامـەت چەمکی بەرگریکـردن و سـەلماندنی ئـەم ڕووە پۆزەتیڤـەی مـرۆڤ و مرۆڤبوونـە. بەکورتـی، لەنـاو مانـا پێوانەییەکانـی چەمکـی مـرۆڤ خۆیـدا، بیرۆکـەی ڕێزگرتنـی مـرۆڤ و داننـان بـە مرۆڤـدا وەک بوونەوەرێکـی بەهـادار و ئەبسـتراکت ئامادەیـە. لـە زمانـی ڕۆژانـەدا کـە دەوترێـت فـلان یـان فیسـار کـەس کەرامەتـی شـکاوە، مانـای ئەوەیـە هێرشـێکی قـووڵ کراوەتـە سـەر ئینسـانبوونی ئـەو کەسـە، وەک بوونەوەرێکی بێنرخ و بێبەها مامەڵە کراوە، گەمەیەکی ناشـیرین بـە ئینسـانبوونی کـراوە و بچـووک و گرگـن و بێنـرخ کـراوە.

وەک وتـم، بەخشـینی ئـەم مانـا ئەبسـتراکتە بـە کەرامـەت و نیشـاندانی وەک بەشـێک لـە مرۆڤبوونـی مـرۆڤ دوا دەکەوێـت بـۆ سـەردەمی لەدایکبوونـی مۆدێرنـە، ڕەنگـە فەیلەسـووفی ئەڵمانـی ئیمانوێـل کانـت، یەکـەم فەیلەسـووف بێـت ئـەم چەمکـەی بـە شـێوەیەکی ڕوون بـاس کردبێـت و وەک بەشـێک

لە فەلسەفە ئەخلاقییەکەی و وەک بەشێک لە ڕوانینی گشتیی خۆی بۆ ئینسان وەک بەهایەکی ئەبستراکت و گەردوونی نیشان دابێت. لە ڕاستیدا وەک شارەزایانی فیکری کانت دەڵێن، چەمکی کەرامەت چەمکێکی بنەڕەتی و هەرە سەرەکیی ناو فەلسەفە ئەخلاقییەکەی ئەم فەیلەسووفەیە. لای کانت، هەموو مرۆڤێک خاوەنی کەرامەتە، هەموو مرۆڤێک کە بتوانێت ئازاد بێت و خاوەنی عەقڵ و توانای بیرکردنەوە بێت، بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەتە.[1] مادامەکیش مرۆڤ مرۆڤە، کەسێکە خاوەنی عەقڵە و توانای ئازادبوونی هەیە، بۆیە ئەو یاسا ئەخلاقییە بنەڕەتییە دەیگرێتەوە کە کانت بەم شێوەیە دای دەڕێژێت، یاساکەی کانت دەڵێت: "بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکەیت، وەک ئەوەی هەموو مرۆڤایەتی لە کەسایەتیی خۆتدا یان لە کەسایەتیی یەکێکی تردا بەکار دەهێنیت، هەروەها لە هەمان کاتدا مرۆڤ وەک ئامانج ببینیت و هەرگیزیش وەک ئامرازێک بەکاری نەهێنیت." بەم مانایە، مرۆڤ پێویستە هەمیشە وەک ئامانج و غایەت ببینرێت، نەک وەک ئامراز بۆ بەدەستهێنانی ویست و خواستی تایبەت. کەرامەت لە شێوە "کانت"ییەکەدا، مانای وێناکردنی مرۆڤ وەک بەشێک لە مرۆڤایەتییەکی گەورەتر، مرۆڤێکی ئەبستراکت، هەروەها مانای مامەڵەنەکردنی مرۆڤ وەک ئامراز و شتومەک، ئەمە جگە لە مامەڵەکردنی بەو شێوەیەی کە مرۆڤ مامەڵەی خۆی دەکات. کانت لەم ئاستەدا دەنووسێت: "مرۆڤ خاوەنی کەرامەتە (واتە خاوەنی

1 Giesinger, Johannes (2012). Kant on dignity and education. Educational Theory Vol 62, nr 6, p 609.

نرخێکی ڕەهای ناوەکییە) کە وا دەکات هەموو بوونەوەرێکی عەقلانی لە دونیادا ڕێزی بگرێت."[1] بەم مانایە، کەرامەت شتێک نییە مرۆڤ نەیبێت و پێویستە بەدەستی بهێنێت یان کۆی بکاتەوە، بەڵکوو پێدراوێکی سروشتییە، بەشێکە لە مرۆڤبوونی مرۆڤ، لەناو هەموو منداڵێکدا چێنراوە و لەگەڵ لەدایکبوونیدا بە کەرامەتەوە لەدایک دەبێت. ئەم دۆخە وا دەکات پاراستنی کەرامەت پێویستی بە ڕێزگرتنی مرۆڤ هەبێت وەک مرۆڤ. بە بۆچوونی کانت، ئەو برە سەرەتایی و بنەڕەتییە لە کەرامەت کە لەناو هەموو منداڵێکی بچووکدا ئامادەیە، ئەو کەرامەتەی کە منداڵێک پێیەوە لەدایک دەبێت، پێویستە زەمینە و هەلومەرجی بۆ بخولقێنرێت بۆ ئەوەی بتوانێت تەنها لەناو تاکەکەس خۆیدا، بەڵکوو لەناو دونیادا وەدی بهێنرێت و لەناو خۆشیدا بە شێوەیەکی بەهێزتر بەرجەستەی بکات. لای کانت، ئینسان تەنها لە ڕێگەی وەدیهێنانی کەرامەتەوە دەتوانێت ببێت بە بوونەوەرێکی ئەخلاقیی سەربەخۆ، مادامەکیش کەرامەت شتێکە بە شێوەیەکی سروشتی لەناو مرۆڤ خۆیدا ئامادەیە، کاری ژینگە دەرەکییەکانی مرۆڤ ئەوەیە یارمەتیی مرۆڤەکان بدەن لەو بوونە سروشتییەی کەرامەت ئاگادار بکرێنەوە. مرۆڤ لێرەدا هەم هەستی ڕێزگرتنی خۆی بۆ خۆی لا بەهێز و گەورە دەبێت، هەم هەست بە ڕێزگرتنی ئەوانی تریش، بەم جۆرە کەرامەت دەتوانێت ببێت بەو چوارچێوە گشتییە کە کەسەکان بە یەکدییەوە دەبەستێتەوە و کۆ دەکاتەوە.

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦١٠.

کەرامەت وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی

وەک باسمان کرد، چەمکی کەرامەت ئاماژە بۆ پلەوپایە و نرخاندنێکی بەرز و پۆزەتیڤیی مرۆڤ وەک مرۆڤ دەکات، هێما بۆ پلەوپایەیەکی ئینسانی دەکات، کە شوێن و جێی شیاوی هەموو مرۆڤەکانە وەک مرۆڤ، نرخاندن و ڕێزێک بۆ مرۆڤبوونی مرۆڤ پێشنیار دەکات، کە وا بکات کەس نەتوانێت سووکایەتی بە مرۆڤبوونی مرۆڤەکان بکات. هەموو ئەمانەش بەبێ گوێدانە شووناس و پێگە و کولتوور و شێوەژیانی ئەو مرۆڤە. لەم ڕوانینەدا بریندارکردنی کەرامەت مایەی لە نرخ و پلەوپایە کەمکردنەوەی مرۆڤە وەک مرۆڤ. ئەوەی لە مەسەلەی برنیدارکردنی کەرامەتدا گرنگە ئاشکرا بێت، ئەوەیە کە ئەم بریندارکردنە، ئەم کەمکردنەوەی پلەوپایەی مرۆڤ وەک مرۆڤ، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەک سروشتی، پەیوەندیی بە شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و پەیوەندیی بە دەزگاکان و یاساکانەوە هەیە. شتێک بۆ ئەوەی وەک کردەی بریندارکردنی کەرامەت ببینرێت، پێویستە لەلایەن مرۆڤەوە ڕوو بدات، نەک بۆ نموونە، دەرەنجامی کارەساتێکی سروشتی، یان هەر کارەساتێکی تری دەرەوەی کردەی مرۆڤانە بێت. لەپشتی بریندارکردنی کەرامەتەوە، جۆرێک لە بێنرخکردن و ناچارکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییش هەیە، ئەو کەسەی کەرامەتی دەشکێندرێت، کەرامەتشکاندنەکەی

دەرەنجامـی فشـار و هێـرش و هەڵسوکەوتی کەسـانێکی تـرە و پابەسـتە بـە کۆمەڵێـک پەیوەندیـی هێـز و دەسـەڵاتەوە کـە لـەو سـاتەدا باڵادەسـتە. بریندارکردنـی کەرامـەت مانـای ئـەوە نییـە مـرۆڤ ژیانـی خـۆی لـە دۆخـی هەژاریـی و نەداریـی و نەبوونیـدا ببینێتـەوە، بەڵکـو مانـای ئەوەیـە مـرۆڤ هـەژار و نـەدار و نەبـوو کرابێـت.[1] هـەژاری بـە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکـی هێرشـکردنە سـەر کەرامەتـی مـرۆڤ نییـە، بـەڵام هەژارخسـتن لـە هەمـوو فۆرمەکانیـدا، هێرشـکردنە سـەر کەرامەتـە. بۆیـە پێشـێلکردنی کەرامـەت کەمتـر ی بـەو هەلومەرجـە بابەتییـەوە هەیـە کـە مرۆڤـەکان خۆیانـی لەنـاودا ئەدۆزنـەوە و زیاتـر پەیوەندیـی بـە جـۆر و شـێوازی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە هەیـە. بریندارکردنـی کەرامـەت، پەیوەندیـی بـە کۆمەڵێـک پرۆسێسـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و فەرهەنگییـەوە هەیـە، کـە تیایـدا هەندێـک مـرۆڤ وەک بوونـەوەری کەمتـر و سـووکتر مامەڵـە بکرێـن، هەروەهـا پەیوەندیـی بـە کارلێکردنـی مرۆڤەکانـەوە لەسـەر یەکتـر و بـە دروسـتکردنی کۆمەڵێـک بوونیـاد و ڕووبـەری تایبەتیـی دروسـتکراوی نـاو کۆمەڵگـەوە هەیـە، هەروەهـا پەیوەندیـی بـە ڕێکخسـتنی شـوێن و پێگـەی تاکەکەسـەکانەوە لەنـاو ئـەو بوونیادانـەدا هەیـە.[2] بـەم مانایـە، بریندارکردنـی کەرامەتـی ئینسـان کەمتـر پەیوەندیـی بـە دۆخـی نەبوونـی، یـان نائامادەگیـی هەندێـک پێشـمەرجی تایبەتـەوە

1 Forst, Rainer (2011). 'The Grounds of Critique: on the Concept of Human Dignity in Social Orders of Justification'. Normative Orders Working Paper. Institut für Politikwissenschaft, Frankfurt am Main. P, 4.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥.

هەیە، کە بتوانێت ژیانێکی باش یان ماقول بۆ مرۆڤ دابین بکات، بەڵکوو پەیوەندیی بە دەستدرێژیکردنێکی هۆشیارانە و مەبەستدارەوە هەیە بۆ سەر شوێن و جێی ئەخلاقی و ماددیی مرۆڤ لەناو هەلومەرجە ی ژیان لەناو کۆمەڵگەدا، بەبێ ئەوەی هیچ هۆکار و پاساودانێکی ماقول و عەقڵانی بۆ ئەنجامدانی ئەو دەستدرێژیکردنانە لە ئارادا بێت. بریندارکردنی کەرامەتی مرۆڤ، مانای دابەزاندنی مەقامی مرۆڤ بەبێ بوونی هیچ هۆکارێکی ڕاستەقینە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. کەرامەت لێرەدا مانای ئەوەیە، مرۆڤ بۆ هیچ هۆکارێک لە هۆکارەکان وەک مرۆڤێکی کەمتر لەوانی تر و بێماف، یان پەراوێزخراو یان بێبەشکراو لە پێشمەرجە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ژیانی ئینسانی و کۆمەڵایەتی مامەڵە نەکرێت. هیچ هێز و دەسەڵاتێک نەتوانێت بەبێ بوونی بەهانە و هۆکاری ڕاستەقینە و پاسایی گومانهەڵنەگر، دەست بخاتە ناو ژیانی کەسەکان و باڵادەست بێت بەسەریاندا.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە وێناکردنی مرۆڤەکان وەک کەسانی خاوەنکەرامەتی یەکسان دیاردەیەکە سەر بە دونیای مۆدێرنە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دونیای مۆدێرن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دونیای ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤەکانە. دونیای مۆدێرن پڕە لە شێوازی جیاوازی هێرش و پەلاماردان بۆ سەر کەرامەتی مرۆڤ و پەراوێزخستن و وێرانکردنیشی. سووکایەتیکردن بە مرۆڤ و بریندارکردنی کەرامەتی بەشێکە لە زۆرێک لە ڕووداوە گەورە و بچووکەکانی ناو دونیای ئەمڕۆ. ئەمڕۆکە بە شێوەیەکی ڕۆژانە و لە زیاد لە شوێنێک و لە زیاد لە

ئاستێکدا سووکایەتی بە ژمارەیەکی زۆری مرۆڤەکانی سەر ئەم ئەستێرەیە دەکرێت. بەڵام هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییە سادەیە ناشارنەوە کە داواکردنی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ وەک مرۆڤ، وێناکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت، داواکاری و وێناکردنێکی تازەن و لەپشتیانەوە جۆرێک لە پێداگریی ئەخلاقی و سیاسی ئامادەیە، کە دروستکردنی شێوازێکی تایبەتیی دەوڵەت و حوکمڕانی و شێوازێکی تایبەتی کۆمەڵگە گریمان دەکەن. لە دونیای ئەمڕۆدا، ئەو شێوازە لە دەوڵەت "دەوڵەتی یاسا" و ئەو کۆمەڵگەیەش کۆمەڵگەیەکی لیبراڵە.

کەرامەت و نرخ

کانت کەرامەت و نرخ لەبەرامبەر یەکتریدا ڕادەگرێت و دەڵێت لە دونیای حەز و ئارەزوو و هیواکاندا شتەکان یان ئەوەتا نرخیان هەیە، یان ئەوەتا کەرامەتیان هەیە. کە وتمان فڵان شت یان فیسار شت نرخێکی تایبەتی هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو شتانە دەکرێت بە چەندان شتی تر بگۆڕدرێنەوە کە هەمان نرخیان هەبێت. واتە بەرامبەر بە نرخ، نرخ هەیە، بەڵام کە وتمان فڵان شت کەرامەتی هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو شتە لەسەرووی هەموو نرخێکەوەیە، ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت باییی چەندە، چونکە هیچ شتێک ناتوانێت نرخی کەرامەت دیاری بکات. بۆیە لای کانت، لەبەرامبەر کەرامەتدا نرخ نییە، بەڵکوو ئینسانبوونی ئینسان هەیە،

ئینسان وەک خاوەنی عەقڵ و بیرکردنەوە بوونی هەیە.[1] شتێک کە کەرامەتی هەبوو، مانای ئەوەیە ناکرێت بە هیچ شتێکی دیکە بگۆڕدرێتەوە، یان هیچ شتێکی دیکە لە شوێنی ئەو دابنرێت. شتی خاوەنکەرامەت، شتێکە نرخەکەی لەناو خۆیدایە و هیچ شتێک ناتوانێت ئەو نرخە بهێنێتە دەرەوە، لێی کەم بکات یان تێچوون و بەهاکەی دەستنیشان بکات. بەم مانایەش، کەرامەت جارێکی دیکە بە شێوەیەکی توند و ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە فیکرەی مرۆڤبوون خۆیەوە، ئینسان مادام ئینسانە، کەواتە خاوەنی کەرامەتە، کەرامەتیش تەنها بە ڕێزگرتن و هەبوونی ماف و نرخاندنی مرۆڤبوونی مرۆڤ دەپێورێت، نەک بە شتی دیکە. لە ڕاستیدا ئینسان بۆیە ئینسانە، چونکە خاوەنی کەرامەتە، کەرامەت شتێکە، بەقووڵی بە بوونی ئینسانەوە وەک ئینسان بەستراوەتەوە.

کە دەوترێت کەرامەت شتێکە گرێ دراوە بە بوونی ئینسان خۆیەوە وەک ئینسان، کەرامەت لێرەدا پەیوەندیی نییە بە شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە، پەیوەندیی نییە بەوەوە ئینسان چ کارەیە و چۆن دەژی، دینی هەیە یان نا، خەڵکی لادێیە یان شار، دەرچووی زانکۆیە یان دەرچووی خوێندنی سەرەتاییە، سیاسییە یان ڕۆشنبیر، بێکارە یان کاردارە. لە گۆشەنیگای کەرامەتەوە، هەموو ئەو جۆرە کەسانە مرۆڤن و کەرامەتیان بە مرۆڤبوونیانەوە گرێ دراوە. ئەوەی کەسێک بە ڕێکەوت لەم یان لەو خێزان و لەم یان لەو بنەماڵە و

1 McCurdden, C (2008). "Human dignity and jiudical intrepretation of human rights." The European Journal of International Law 19(4). P. 659

لەم یان لەو چین و توێژی کۆمەڵایەتیدا لەدایک بووە، مانای ئەوە نییە ئەو کەسە کەرامەتی لە کەسێکی دیکە زیاترە. مرۆڤەکان وەک مرۆڤ، هەموویان بە هەمان بڕ خاوەنی کەرامەتن، کە لەدایک دەبن بە هەمان بڕ لە کەرامەتەوە لەدایک دەبن.

ئەم وێناکردنە بۆ کەرامەت، وێناکردنێک نییە دەرەنجامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەبێت، بە پێچەوانەوە، دەرنجامەکانی لەو ئاستانەدا گەورە و فرەلایەنن. کە دەوترێت ئینسان بەوەی ئینسانە خاوەنی کەرامەتە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو دونیایەی کە ئینسانی تێدا دەژی، دەبێت ڕێزی ئەم پێدراوە وجودی و ئەخلاقی و شارستانییە بگرێت، دەبێت ئەو دونیایە وا ڕێک بخرێت، هیچ کەسێک نەتوانێت تیایدا کەرامەتی ئەوی تر بریندار بکات، توانا و ئەگەری وەدیهێنانی کەرامەتی خۆی بە مرۆڤ ببەخشێت، وا بکات هەم خۆی وەک بوونەوەرێکی خاوەن ڕێز ببینێت و هەم دەوروبەرەکەشی ئەو ڕوانینەیان بۆی هەبێت. لەپشتی ئەم دیدەوە بۆ کەرامەت، کۆمەڵێک هەندەسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئامادەیە، پرۆژەی تایبەت بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئامادەیە، کە بنەما سەرەکییەکانیان لەسەر ڕێزگرتن لە مرۆڤبوونی مرۆڤ دروست بووە. یەکێک لە تێکستە گرنگەکانی دونیای ئەمڕۆ، بریتییە لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، کە پەیوەندییەکی پتەوی بە مەسەلەی کەرامەتی مرۆڤەوە هەیە. چەندان نووسەر و شارەزای بواری لێکۆڵینەوەی یاسایی باس لەوە دەکەن، کە پاراستنی کەرامەت تەنها مافێک لە مافەکانی ناو ئەو جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکوو

ژێرخانە فیکری و ئەخلاقییەکەی سەرجەمی مافەکانی تری ناو جارنامەکەیە.[1] بەم مانایە، لە رووی تیۆرییەوە، مەسەلەی رێزگرتن لە کەرامەت و پاراستنی لەپشتی بەشێکی زۆری دەستوور و یاساکانی ئەو کۆمەڵگەیانەوەیە کە لە دونیای مۆدێرندا رێزی مافەکانی مرۆڤ دەگرن. لە راستیدا لە هەرشوێنێکدا باس لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مافەکانی، باس لە مەسەلەی پاراستن و رێزگرتنی ئەو مافانە کرا، لەوێدا چەمکی کەرامەت بەشێکە لەو زمانەی بەکار دێت بۆ قسەکردن و بەخورد لەسەر ئەم بابەتانە.

مرۆڤ وەک بوونەوەری بێکەرامەت

وەک ئاماژەمان پێ کرد لەو لێکدانەوە "کانتی"یانەی سەرەوەدا، چەمکی کەرامەت بەشێکە لە دونیابینییەکی نوێ، کە ژێرخانە فیکری و ئەخلاقییەکەی بینینی مرۆڤەکانە وەک بوونەوەری یەکسان، یەکسان لە کەرامەت و نرخ و بەها و مافدا. بەڵام ئەم دیدە رۆژگارێکی هێجگار درێژە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئامادە نەبووە. لێرەدا نامەوێت مێژوو و شێوازی نایەکسانییەکانی نێوان مرۆڤ بگێرمەوە، بەڵام با جارێکی دیکەش سەرنجێکی خێرا لە روانینی یەکێک لە فەیلەسووفە هەرە گەورەکانی دونیای کۆن بدەین و بزانین ئەم جارەیان لە پەیوەندیدا بە چەمکی کەرامەتەوە، چ جۆرە

1 Waldron, Jeremy (2012). "How law protects dignity." The Cambridge law journal, Vol 71, Issu 1, March 2012, pp 201.

ڕوانینێکی بۆ ئەو مرۆڤانە هەبووە کە لە کۆمەڵگەی یۆنانیدا ئامادە بوون، مەبەستم لەو فەیلەسووفەش ئەرستۆیە. (داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم، کە دەشێت بەشێک لەم پەرەگرافە دووبارەکردنەوەی هەندێک بۆچوون بێت کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا نیشان دران).

بە بەراورد بە ئەفلاتوون، ئەرستۆ وەک فەیلەسووفێکی هێمنتر و عەقڵانیتر ناسراوە، کەمتر تەماشای ئاسمان و زیاتر تەماشای زەویی کردووە، لەباتی سەیرکردنی خوداکان و ئایدیالییە ئاسمانییەکانیش، تەماشای مرۆڤ و ژینگە و دەزگا و دەستوور و پەیوەندییەکانی مرۆڤی لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەریدا کردووە، بەتایبەتی لە کتێبی "سیاسەت"دا، کە سەرچاوەی سەرەکیی ڕوانینەکانی ئەرستۆیە بۆ کۆمەڵگە و دەسەڵاتداریتی و شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا. ئەم خۆخەریککردنەی ئەرستۆ بە ژیانی مرۆڤەوە لەسەر زەوی و بە کێشەی ڕێکخستنی ژیانی هاوبەش و گشتییەوە، وا دەکات یەکەم داهێنەری ڕاستەقینەی زانستە سیاسییەکان بێت لە مێژووی فیکردا. ئەرستۆ نووسینێکی زۆری لەسەر مەسەلەی هاوولاتیبوون و بەشداربوون لە کاروبار و بەڕێوەبردنی ژیانی گشتیی کۆمەڵگەکاندا هەیە، ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا کەمەکێک لەسەری بوەستم، لە پەیوەندیدا بە چەمکی کەرامەتەوە، مەسەلەی ڕوانینی ئەرستۆیە بۆ پێگەی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی ڕوانینی بۆ بوونی مرۆڤی کۆیلە و بوونی سیستمی کۆیلایەتییە لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا. ئەوانەی شارەزاییەکی سەرەتاییان لەم ڕەهەندە تایبەتەی فیکری

ئەم فەیلەسووفە گەورەیەی دونیای کۆن هەبێت، دەزانن ئەرستۆ چ بەرگرییەکی سەرسەخت لە سیستمی کۆیلایەتی و لە کۆیلەکردنی ئینسان دەکات و چۆن وەک دیاردەیەکی "سروشتی" و "شەرعی" دەیبینێت و مامەڵە دەکات. بۆ وردەکاریی زیاتر، خوێنەر دەتوانێت بۆ بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بگەڕێتەوە.

دەستەواژەی "سروشت" یەکێکە لە دەستەواژە سەرەکییەکانی ناو فیکری ئەرستۆ، لای ئەم فەیلەسووفە یۆنانییە، هەموو شتێک لە گەردووندا سروشتێکی تایبەت و نەگۆڕی هەیە و ئەو شتانەش بەپێی ئاکارەکانی ئەو سروشتە تایبەتە دەژین و دەجووڵێن و کار دەکەن. هەموو گۆڕانکارییەکیش لە مێژووی مرۆڤدا گۆڕانە بەرەو گەیشتن و وەدیهێنانی خواست و ئاکارەکانی ئەو سروشتە. ئەگەر گۆڕانکاری لای ئەفلاتوون مانای دوورکەوتنەوەی بەردەوام بێت لەو "جەوهەر" و "سروشتە" نموونەیی و ئاسمانییانەی لە دونیای ئایدیالدا ئامادەن، واتە گۆڕان لە "جەوهەر"دا کردەیەکی خراپ و نێگەتیڤ بێت، ڕووی لە سەرووەرکردنی "کۆپییەکان" بێت بەسەر نوسخە "ڕەسەن" و "بنەڕەتی"یەکەدا، چونکە "گۆڕانی زیاتر" مانای "دوورکەوتنەوەی زیاتر" لە سروشتی ئاسمانییانە و ئایدیالانەی شتەکان، ئەوا گۆڕان لای ئەرستۆ تەواو پێچەوانەی ئەم دیدە ئەفلاتوونییەیە و بە مانای جووڵەی بەردەوامی شتەکان دێت بە ئاراستەی گەیشتن بە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان کە لە قووڵایی هەر شتێکدا ئامادەیە، هەروەها جووڵەیە بە ئاراستەی وەدیهێنانی ئەو

سروشتە کە مرۆڤ و دەزگاکان و شتەکان هەیانە.[1] بە مانایەکی تر، ئەگەر گۆڕان لای ئەفلاتوون دوورکەوتنەوەی هەرچی زیاتری شتەکان و دیاردەکان بێت لە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان، ئەوا گۆڕان لای ئەرستۆ جووڵەی شتەکان و دیاردەکانە بەرەو گەیشتن بەو سروشتە و وەدیهێنان و بەرجەستەکردنی توانا و خواستەکانی ئەو سروشتە. لە پەیوەندیدا بە مرۆڤەوە، ئەرستۆ پێی وایە، باشترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە بەپێی سروشتی ڕەسەنی خۆی دەژی و لەو سروشتە ڕەسەنە لا نادات و دوور ناکەوێتەوە، واتە ئەو مرۆڤە سروشتی خۆی بەو شێوەیە دەژی کە لەناو ئەودا ئامادەیە. کێشەکە لەوەدایە، ئەرستۆ مرۆڤەکان بە خاوەنی "یەک سروشتی ئینسانیی یەکسان" نازانێت، پێی وا نییە "سروشتی" مرۆڤەکان یەک سروشتە، بە پێچەوانەوە، ئەرستۆ ڕای وابوو "سروشت"ی ژن جیاوازە لە سروشتی پیاو و "سروشت"ی کۆیلەش جیاوازە لە "سروشت"ی خاوەنکۆیلە. هەروەها پێی وایە سروشتی پیاو لە هیی ژن و سروشتی کەسی ئازاد لە کەسی کۆیلە بەرزتر و پێگەیشتووتر و بەهادارترە. بۆیە ئەرستۆ هەموو هەوڵدانێکی کۆیلە بۆ ئەوەی لە کۆیلایەتی ڕزگاری ببێت و هەموو هەوڵدانێکی ئافرەت بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە ژیانی گشتیی دەرەوەی خێزان و بەدەستهێنانی مافی یەکساندا، نەک تەنها وەک کارێکی ناڕاست و خراپ وێنا دەکات، بەڵکوو وەک تەعەداکردنە سەر ئەو "سروشت"ەش دەبینێت کە کۆیلەی وەک کۆیلە و ئافرەتی وەک ئافرەت پێک هێناوە.

---

1 Curtis, Micael (2008). The great political theories. New York, HarperPerennial. p. 29.

لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە ئەرستۆ باس لەوە دەکات کە مرۆڤەکان بەردەوام پێویستیان بە یەکترە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هەر لە بنەڕەتیشەوە کۆمەڵگە ناتوانێت بەبێ هاریکاریی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا دروست ببێت، هەروەها بەبێ ئەم هاریکارییە، مرۆڤایەتییش ناتوانێت بێتە کایەوە و بەردەوام بێت. بۆ نموونە ژن و پیاو پێویستیان بە یەکە بۆ ئەوەی منداڵیان ببێت و کاروباری ناوماڵیان ڕێک بخرێت و لەوێشەوە درێژە بە ژیانی مرۆڤایەتی بدەن، بەلام لەم پێویستییەدا "سروشت"ی ژن وایە لە ماڵەوە بمێنێتەوە و منداڵی ببێت و کاری ناو ماڵ بەڕێوە ببات و "سروشت"ی پیاویش وایە، ژیانی گشتی ڕێک بخات و بەڕێوە ببات. حوکمڕان و حوکمکراویش پێویستیان بە یەکە بۆ ئەوەی بتوانن کاروباری وڵات ببەن بەڕێوە، بەلام حوکمڕان کەسێکە بە سروشت وا دروست بووە حوکمڕان بێت و حوکمکراویش بە سروشت وا دروست بووە کە حوکم بکرێت، لادان لەم سروشتە بە زیانی هەردووکیان و بە زیانی حوکمڕانی و بە زیانی مرۆڤایەتی کۆتایی دێت. ئەرستۆ کە باس لە ئاغا و سەپان، دەسەلاتدار و بێدەسەلات، ئازاد و کۆیلە دەکات، باس لە پێگەی جیاواز ناکات کە "پەیوەندییەکی سیاسی" و "کۆمەلایەتی" دروستی کردبن، واتە ئەو پەیوەندییانە وەک پەیوەندیی کۆمەلایەتی و سیاسی نابینێت، بەلکوو باس لە "پەیوەندیی سروشتی" دەکات و وەک دەرکەوتی جیاوازیی "پەیوەندیی سروشتی"ش وێنایان دەکات. بە بۆچوونی ئەرستۆ، ئەوەی وا دەکات کەسێک کۆیلە بێت، بوونی سیستمێکی سیاسیی دیاریکراو و پەیوەندییەکی تایبەتیی هێز و مۆدێلێک لە دەسەلات و شێوازێکی تایبەتی

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو سروشتی کۆیلە وەک کۆیلە و سروشتی ئاغا وەک ئاغا لە بوونی ئەم شتانە بەرپرسیارن. کۆیلە بە "سروشت" کەسێکە خاوەنی خۆی نییە، بەڵکوو کەسێکی تر خاوەنیەتی، موڵکی کەسێکی ترە و ئامرازی دەستی کەسێکی ترە، "سروشت"ی ئەو کەسەی تریش لە سروشتی کۆیلەکە جیاوازە. بوونی ئەم سروشتە جیاوازانەش شتێک نییە لەپڕ و لەخۆیەوە دروست بووبێت، بەڵکوو لە ئەزەلەوە هەن و بەو جۆرەن، هەندێک کەس هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونیانەوە دروست بوون بۆ ئەوەی حوکمڕان بن و هەندێکی تریش بۆ ئەوەی کۆیلە بن.[1]

ئاشکرایە شتێک لێرەدا بە ناوی مرۆڤەوە وەک بوونەوەرێکی یەکسان و مرۆڤبوون وەک بەهایەکی یەکسان ئامادە نییە، بۆیە هاوکات شتێکیش بە ناوی کەرامەتەوە، بەتایبەتی بەو مانا "کانتی"یەی باسمان کرد، لە بیرکردنەوەی ئەرستۆدا بوونی نییە. ئەگەر کەرامەت مانای ڕێزگرتن و بەرزنرخاندن و یەکسانوێناکردنی مرۆڤەکان بێت وەک مرۆڤ، ئەگەر کەرامەت شتێک بێت کە هەمووان وەک مرۆڤ بە هەمان ڕادە و بڕ هەیانبێت، نەکرێت نرخێکی بۆ دابنرێت، ئەوا شتێک بەم مانایە لە دونیای کۆندا بوونی نەبووە. ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە لە کەرامەت و لە وێناکردنی مرۆڤ لە دونیای کۆندا نائامادەیە. ئەگەر بمەوێت لە دیدی ئەرستووە باس لە کەرامەت بکەم، کە تەواو دیدێکە ناکۆکە بە دیدی کانت، دەکرێت بڵێم کەرامەتی کۆیلە لای ئەرستۆ لەوەدایە ڕێزی کۆیلەبوونی خۆی و ڕێزی ئاغابوونی خاوەنکۆیلەکە وەک ئاغا

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٨.

بگرێت، هەوڵ نەدات سنوورەکانی کۆیلەبوون تێبپەڕێنێت و دەستدرێژی نەکاتە سەر ئەو "سروشت"ەی لە ئەزەلەوە پێی بەخشراوە. ئەوەی لەم دیدە ئەرستۆییەدا نائامادەیە، داننانە بە مرۆڤدا وەک مرۆڤ، وەک بوونەوەرێک یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا، نەسڕینەوەی ئەو جیاوازییانەیە کە کەرامەت بۆ کەرامەتی جیاواز و بۆ کەرامەتی بەرز و نزم دابەش دەکات. ئەوەی نائامادەیە، وێناکردنی چەمکی مرۆڤە وەک چەمکێکی ئەبستراکت، کە هێما بۆ گەردوونیبوونی مرۆڤ بکات وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەتی یەکسان، ئەوەی بیرلێنەکراوەیە مەسەلەی "داننان"ە بە مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا. ئەم نائامادەییە هەم لەناو دینەکان و هەم لەناو فیکری فەلسەفیی دوای ئەرستۆشدا ئامادەیە، ڕوانینی ئیبن ڕوشد و فارابی و ئیبن سینا لە دونیای ئیسلامدا بۆ خەڵکی ئاسایی، ئەوەی پێی دەڵێن عەوام یان عامە، هەمان ڕوانینی نایەکسان و هەرەمیی سەردەمی ئەرستۆ و ئەفلاتوونە. (بۆ وردەکارییەکانی ئەم خاڵەش خوێنەر دەتوانێت بۆ بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بگەڕێتەوە). مرۆڤایەتی پێویستی بە سەدەها ساڵ خەبات و تێکۆشان بوو تا بتوانێت ببێت بە خاوەنی خەیاڵێکی کۆمەڵایەتی و ئینسانیی نوێ، کە تیایدا بکرێت یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان وێنا بکرێت. تا دەر کەوێت شتێک هەیە ناوی کەرامەتی ئینسانییە و ئەمەش وا لە مرۆڤەکان بکات یەکتری وەک بوونەوەری یەکسان ببینن. مامەڵەکردنی مرۆڤە جیاوازەکان وەک مرۆڤی یەکسان لەگەڵ یەکدا سەرەتای هەرە سەرەتاکانە، بەڵام ئەم سەرەتایە هەزاران ساڵ نائامادە و غائیب بووە.

هیگڵ و مەسەلەی دانپیانان

لە سەرەتاکانی دروسستبوونی دونیای مۆدێرندا کەس وەک فەیلەسووفی ئەڵمانی هیگڵ بە مەسەلەی دانپیانانەوە سەرقاڵ نەبووە. دیالێکتیکی ئاغا و کۆیلە لای ئەم فەیلەسووفە، کە بەشێکی گرنگی فیکری ئەوە، قسە لە کێشەی دانپیانان دەکات. لای هیگڵ غیابی دانپیانانێکی ڕاستەقینە لەنێوان ئاغا و کۆیلەدا بۆشاییەکی وجودیی گەورە دروست دەکات، بەڵام ئەم بۆشاییە لە نایەکسانیی نێوان مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم نایەکسانییە وا دەکات کەسی بەهێز لە داننانی کەسی لاوازدا بە مرۆڤبوونی ئەودا وەک کەسێکی بەهێز، وەک ئاغا و سەروەرێک، دڵنیا نەبێت و لە بۆشاییەکی وجودیدا بژی. کەسی لاوازیش باوەڕی بە داننانی کەسی بەهێز بە مرۆڤبوونی ئەودا نەبێت، چونکە ئەو سەروەر و باڵادەستە. بە بۆچوونی من، مەسەلەی داننانی مرۆڤەکان بە یەکتریدا لای ئەم فەیلەسووفە، بەتوندی بە بوونی پێگەی دەسەڵاتی نایەکسانی نێوان مرۆڤەکانەوە گرێ دراوە. بۆ دەرچوون لەم بۆشاییە وجودییە، دروستکردنی کۆمەڵگەیەک پێویستە کە داننان بە یەکسانیی نێوان مرۆڤەکاندا بکات بە ژێرخانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقییەکەی خۆی. لە هیگڵ بەدواوە، کە باس لە دانپیانان دەکرێت باس لە دانپیانانێکی دوولایەنە دەکرێت، باس لە دانپیانان و ڕێزی دوولایەنەی مرۆڤەکان بۆ یەکتری وەک بوونەوەری دەگمەن و جیاواز و یەکسان لەگەڵ

یەکدا دەکرێت، نەک دانانی کۆیلەیەک بە ئاغاکەیدا و دانانی ئاغایەکیش بە کۆیلەکەیدا.[1] لەم دیدە نوێیەدا هەموو مرۆڤێک مرۆڤێکی تایبەت و دەگمەنە و لە کەسەکانی دەوروبەری جیاوازە، بەڵام ئەم جیاوازبوونە مانای ئەوە نییە کە نایەکسانە، هەروەها هۆکارێکیش نییە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەڵاوێردن و پەراوێزخستن ببێتەوە. بە پێچەوانەوە، جیاوازبوونی مرۆڤ لە مرۆڤەکانی تر، لە دەوروبەر و ژینگەکەی، بەشێکە لەسەر زەمینی یەکسانبوونی لەگەڵ ئەوانی تردا. لێرەدا جیاوازبوون بەشێکە لە دۆخی پلورالبوونی مرۆڤەکان، ئەمەش بە هیچ مانایەک نابێتە ئامرازی دروستکردنی نایەکسانی و نایەکسانیش ڕەوایەتی وەر ناگرێت بە ناوی جیاوازبوونەوە. (بۆ مەسەلەی پلورالبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان بڕوانە بەشی سێهەمی ئەم کتێبە). بەم مانایە، دانپیانان چەمکێکە هەم جیاوازیی مرۆڤ و دەگمەنبوونی دەسەلمێنێت، هەم یەکسانبوونی لەگەڵ کەسەکانی تردا. ئەم تێگەیشتنەیە وا دەکات مەسەلەی دانپیانان ببێت بە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی تێگەیشتنمان لە مەسەلەی کەرامەت. مرۆڤ لەڕێگەی بەدەستهێنانی دانپیانانەوە بە بوونی خۆیدا وەک مرۆڤ، لە ڕێگەی پاراستنی مرۆڤبوونی خۆیەوە وەک مرۆڤ، هەستکردنی بە خودی خۆی وەک خودێکی تایبەت و وەک کەسێکی تەندروست و خاوەنتوانا لەلا دروست دەبێت، ئەمەش هاریکاریی مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئازادانە و بە هەموو تواناکانیەوە لە کۆمەڵگەدا بەشدار ببێت.

---

١ بڕوانە: Honneth, A 2001. 'Recognition or redistribution?: Changing perspectives on the moral order of society'. Theory, Culture & Society no.18 pp.45.

چارلس تایلەر و چەمکی کەرامەت

چارلس تایلەر یەکێکە لە فەیلەسووفە گرنگەکانی دونیای ئەمڕۆ، بە ڕەگەز کەنەدییە و کارەکانی زیاد لە بوارێکی گرتۆتەوە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک کتێبی گرنگی لەسەر ڕووکارە گرفتئامێزەکانی مۆدێرنە، لەسەر مەسەلەی شووناس و خود، مەسەلەی عەلمانیەت، مەسەلەی کولتوور و کۆمەڵگەی فرەکلولتووری نووسیوە. ڕوانینی تایلەر بۆ چەمکی کەرامەت یەکێکە لە ڕوانینە گرنگەکان و ئەوەی ئەم پیاوە لەسەر ئەم بابەتەی دەڵێت، لای بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لەسەر ئەم چەمکە کار دەکەن، بە شێوازی جیاواز دووبارە دەبێتەوە. من لێرەدا هەوڵ ئەدەم زۆر بەکورتی پوختەی دیدی ئەم فەیلەسووفە کەنەدییە سەبارەت بە کەرامەت بە خوێنەران بناسێنم و ئەو خاڵە دەستنیشان بکەم کە چارەسەرکردنی کێشەی کەرامەت لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. تایلەر چەمکی کەرامەت بە چەمکی شووناسی تاکەکەسی و بە ڕێزگرتن لەو وێنانەوە دەبەستێتەوە کە مرۆڤ بە وێنەی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێت، وەک چۆن هاوکات ئەو وێنانە وەک قوولکردنەوەیەک بۆ ڕووبەر و ماناکانی ئازادیی خۆی وێنا دەکات (Taylor ١٩٩٤.) واتە کەرامەت پەیوەندیی بە شووناسی تاکەکەسەوە هەیە، پەیوەندیی بەو وێنانەوە هەیە کە تاکەکەس دەخوازێت بۆ خۆی دروست بکات و بە وێنەی

ڕاستەقینەی خۆی بزانێت لەناو کۆمەڵگەدا. ئەم ڕوانینە بۆ کەرامەت، لای چارلس تایلەر، کەرامەت دەکاتە چەمکێکی فیکری و سیاسیی مۆدێرن، هەڵگری ڕەهەندێکی گەردوونی و ڕەهەندێکی یەکسانخواز، کراوە لە بەردەم هەموو شووناسێک و هەموو تاکەکەسێکدا. لای ئەم پیاوە، کەرامەت شتێک نییە پابەست بێت بە جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤبوونەوە، یان تەنها لەناو ئەم یان ئەو کولتوور و کۆمەڵگە و ناوچەی تایبەتی دونیادا بوونی هەبێت و گرنگ بێت، بەڵکوو چەمکێکە پابەستی دروستبوونی مانا مۆدێرنەکانی مرۆڤبوون و پابەستی دروستبوونی تێگەیشتنە مۆدێرنەکانە بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و بۆ تاکەکەس بەتایبەتی. بەستنەوەی چەمکی کەرامەت بە ڕێزگرتن و ئازادییەوە چەمکەکە لەوە دەر دەکات تەنها چەمکێکی کولتووری یان تیۆریی بێت، بەڵکوو وا دەکات ئەم چەمکە هاوکات چەمکێکی سیاسیی گرنگیش بێت و بەتوندی بە شێوازێکی دیاریکراوی ڕێکخستنی کۆمەڵگەوە و بە شێوازێکی تایبەتیی مامەڵەکردنی تاکەکەسەوە، بەسترابێتەوە. ڕەهەندە فیکرییەکانی ئەم چەمکە، کەرامەت وەک پێدراوێکی گەردوونی پێناسە و پێشنیار دەکەن، بەڵام ڕەهەندە سیاسییەکانی دەیبەستنەوە بەو پرۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەوە کە هەم ئازادیی تاکەکەسی و هەم ڕێزگرتنی مرۆڤ وەک مرۆڤ، دەستەبەر دەکەن. لای چارلس تایلەر، هەردوو دەرکەوتەکەی چەمکی کەرامەت، دەرکەوتی مۆدێرنن و لەگەڵ گەشەکردنی دونیای مۆدێرندا دێنە کایەوە.[1]

1 Taylor, Charles (1994). 'The Politics of Recognition'. Multiculturalism: Examining the Politics of Recognition. Ed.

وەک پێشتریش وتم، لە کۆمەڵگەکانی بەر لە دونیای مۆدێرندا، ڕیزبەستی مرۆڤەکان ڕیزبەستێکی هەرەمی بوو، ئەوانەی لە سەرەوەی کۆمەڵگەدا نیشتەجێ بوون، نەک تەنها ماف و ڕێز و دەسکەوتی ماددیی زیاتریان هەبوو، بەڵکوو وەک بوونەوەری خاوەنکەرامەتی زیاتریش وێنا دەکران. بە بۆچوونی تایلەر، لە هەرەمیەتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا، مرۆڤەکان نە یەکسانن بە یەک، نە هەمان مافیان هەیە، نە هەمووشیان خاوەنی هەمان شەرەف و هەمان بڕ لە کەرامەتن. ئەوە هەڵوەشاندنەوەی ئەم هەرەمیەتە کۆمەڵایەتییەیە لە دونیای مۆدێرندا و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و لەدایکبوونی بیرۆکەی مافی یەکسان و مەسەلەی هاوولاتیبوونە، وا دەکەن چەمکی کەرامەت ببێت بە یەکێک لە چەمکە هەرە سەرەکییەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیی دونیای مۆدێرن.[1] خاڵی سەرەکی لە چەمکی کەرامەتدا، پێداگرتنە لەسەر ئەوەی مرۆڤەکان هەمان نرخ و بەها و قورساییان هەیە، هیچ مرۆڤێک لەوی تر بەنرختر یان کەمنرختر نییە، ئەمەش مەحاڵە بەبێ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەمی بوونیادە بنەڕەتییەکانی دونیای کۆن و شوێنکردنەوەیان بە بوونیادە بنەڕەتییەکانی دونیای مۆدێرن. بەم مانایە، چەمکی کەرامەت ئەو بنەما ئەخلاقی و فەلسەفییە تایبەتەیە کە سیستمی سیاسیی دیموکراسیەتی نوێی لەسەر دروست کراوە، خاڵی سەرەکی لەم سیستمەدا، ئەو سەرەتا گرنگەیە کە مرۆڤەکان وەک هاوولاتیی یەکسان

Amy Gutmann. Princeton: Princeton University Press. 25-73س

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

وێنا دەکات و هەمان بڕ لە کەرامەت بە مرۆڤبوونی ئەو مرۆڤانەوە گرێ ئەدات. چەمکی کەرامەت لێرەدا دەچێتە شوێنی چەمکی "شەرەف." چەمکی شەرەف بنەمای سەرەکیی سیستمە ئەخلاقییەکەی دونیای بەر لە دونیای مۆدێرنە، لەو دونیایەدا هەندێک کەس و لایەن و هێزی کۆمەلایەتی خاوەنی شەرەفی زیاترن و پێگە ئەخلاقی و شەرەفمەندییەکەیان بەرزتر و قورسترە لەوانی تر. گۆڕانی چەمکی "شەرەف" بۆ چەمکی "کەرامەت،" مانای هەلوەشاندنەوەی ئەو دونیا ڕەمزییەی شەرعیەتی بە هەرەمیەتە کۆمەلایەتییەکەی ناو کۆمەلگە تەقلیدییەکان ئەبەخشی و جێگرتنەوەی بە دونیایەکی نوێ، کە کەرامەت ژێرخانە ئەخلاقییەکەیەتی. کەرامەتیش وەک وتم، وەک شووناسێکی تاکەکەسیی تایبەت و وەک ڕێزگرتنی کۆمەلێک وێنە و مانا کە تاکەکەس بە ژیانی خۆی لەناو کۆمەلگەدا دەبەخشێت. شووناس لێرەدا هێمایە بۆ ئینتیمای تاکەکەسەکان بۆ خۆیان و بۆ ئەو شێوازە لە بوون کە لەناو بوونی کۆمەلایەتی و دەستەجەمعیدا هەلی دەبژێرن و پیادەی دەکەن. شووناسیش شێواز و دەرکەوتی فرەجۆر و فرەچەشنی پڕ گۆڕان و تازەبوونەوەی بەردەوامی هەیە، لە شووناسی ئەتنی و نەتەوەیی و نیشتیمانییەوە بیگرە، بۆ شووناسی ئایدیۆلۆژی و جێندەر و شێوەژیانی سێکسی و ئینتیمای کولتووری و دینی و ڕەمزی، هتد... دابینکردن و ڕێزگرتنی ئەم شووناسانەش، ئەو پێشمەرجەیە کە سیستمی دیموکراسیی مۆدێرنی لەسەر بوونیاد نراوە. بەکورتی، ئەو جیاکارییەی تایلەر لەنێوان چەمکی "شەرەف" و چەمکی "کەرامەت"دا دەیکات، هەمان ئەو جیاکارییەیە کە لەنێوان

کۆمەڵگەی تەقلیدی و کۆمەڵگەی مۆدێرنیشدا دەیکات. لای تایلەر، چەمکی کەرامەت چەمکی ناو سیستمی دیموکراسییە و هێما بۆ یەکسانبوونی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا دەکات، بەڵام چەمکی شەرەف چەمکی کۆمەڵگە تەقلیدییەکانە و هێما بۆ نایەکسانیی مرۆڤەکان دەکات.[1]

یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی چارلس تایلەر ئەوەیە، کە ئەم جێگۆڕکێیە لەنێوان شەرەف و کەرامەتدا، ئەم جێگرتنەوەیەی چەمکی کەرامەت بۆ چەمکی شەرەف وەک ڕوانینێکی گەردوونی و هەڵگر بۆ مانای یەکسانبوونی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا، وا دەکات تێگەیشتنی نوێ و مانای نوێ بۆ "شووناسی تاکەکەسی" بێتە کایەوە. مرۆڤ کە باس لە شووناسی تایبەتی خۆی دەکات، باس لەو هەست و هۆشیاربوونە بە خود بکات کە وای لێ دەکات خۆی وەک کەسێکی تایبەت و دەگمەن ببینێت، کەسێک خۆی دروستکەری ناوەڕۆکی مرۆڤبوونی خۆیەتی و خۆی نووسەری ژیان و ئەخلاق و ئاکارەکانی خۆیەتی. ئەم مرۆڤە بەشێکە لە مرۆڤایەتی، لە کۆمەڵگە، لەو گروپە کۆمەڵایەتییانەی لەگەڵیاندا دەژی، بەڵام هاوکات سەربەخۆ و جیاواز و خاوەنی تایبەتمەندیی خۆشیەتی. لای چارلس تایلەر، ئەم تایبەتمەندی و دەگمەنبوونە ئینسانییە مانای ئەوەیە ئینسان بتوانێت و هەلومەرجی ئەوەی بۆ ڕەخسێندرابێت لەگەڵ بوونی خۆی و لەگەڵ شێوازی تایبەتی ئامادەبوونی لەناو دونیادا ڕاستگۆ بێت.[2] ئەمەش مانای ئەوەیە، مرۆڤ ناچار

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٨.

نەکرێت شووناسی درۆزنانە و شێوەژیانی ساختەکارانە و بوونێکی هەڵە هەڵبژێرێت، ببێت و بکرێت بەو کەسەی کە خۆی نایەوێت ببێت و ناچار بکرێت بەو شێوەیە بژی کە خۆی ناخوازێت بژی. تایلەر لێرەدا ڕەهەندێکی سیاسیی گرنگ بە چەمکی کەرامەت دەبەخشێت و ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکەوە، بتوانێت مەرجی دەستەبەرکردنی ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ کەرامەت بۆ مرۆڤەکانی برەخسێنێت. لەم ڕوانینەدا بۆ کەرامەت، ئەو بیرۆکەیە باڵادەستە کە مرۆڤ نەک تەنها بوونەوەرێکی دەگمەن و جیاواز و ناوازەیە، بەڵکوو پێویستی بەوەشە دان بەم دەگمەنبوون و ناوازەیی و لەویترنەچوونەدا بنرێت. تایلەر باس لە کۆمەڵێک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ناو دونیای ئەمڕۆ دەکات، کە لە ئێستادا بەشێکن لە بزووتنەوە سیاسییەکانی دونیا، کە بۆ دانپیانانی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشن. لەوانەش بزووتنەوەی ئافرەتان، بزووتنەوەی داواکاریی فرەکولتووری، پێداگرتن لەسەر شووناسی تاکەکەسی و دەستەجەمعی، پێداگرتن لەسەر ئازادیی هەبوونی شێوەژیانی تایبەت، هتد... تایلەر بەرگریکردن لە داواکارییەکانی ئەم بزووتنەوانە و بەدەستهێنانی ئەو داواکارییانە وەک بەشێکی گرنگ لە کردەی دەوڵەمەندکردن و قووڵترکردنەوەی دیموکراسیەت لە وڵاتە خۆرئاواییەکاندا دەبینێت و وەک گەشەدانێکی گرنگ بە لیبراڵیزمی سیاسی و فەرهەنگی و وەک قووڵکردنەوەی زیاتری چەمکی ئازادی نمایشی دەکات.

بە بۆچوونی من، پێداگرتن لەسەر کەرامەت و لەسەر مەسەلەی دانثان بە مرۆڤدا وەک مرۆڤ، وەک کەسێک کە

پێویستی بەوەیە بەو جۆرە ببینرێت کە دەیەوێت ببینرێت و ئەو وێنەیە بە خۆی و بە ژینگە و کۆمەڵگەکەی ببەخشێت کە بە وێنەی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێت، مەسەلەیەکی هێجگار گرنگە لە دونیای ئەمڕۆدا، بە دونیای ئێمەشەوە. لای ئێمە زەحمەتە هیچ پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بە ئاکارێکی دیموکراسییانەی ڕاستەقینەوە دروست ببێت، بەبێ دەستپێکردن لەم خاڵە سەرەتاییەوە، مەبەستم لە خاڵی بینینی مرۆڤەوە وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت، وەک بوونەوەرێکی دەگمەن و داننراو بە تایبەتمەندی و جیاوازییەکانیدا، وەک خاوەنی شووناسێک، کە خۆی دروستکەر و بوونیادنەرەکەی بێت. بەبێ بەخشینی ئەو مانایەی لەسەرەوە بە چەمکی کەرامەت درا و بەبێ وێناکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە پێداویستییەکی گەورە و سەرەکیی بەوە هەیە دان بە مرۆڤبوونیدا بنرێت، هیچ پرۆژەیەکی سیاسی لە وڵاتی ئێمەدا مانای نابێت. ئەمە کاتێک قابیلی ڕوودانە، کە لە چەمکی شەرەفەوە بپەڕینەوە بۆ چەمکی کەرامەت، شەرەف وەک مانایەکی ڕەمزیی نایەکسان و سەپاو بگۆڕینەوە بە چەمکی کەرامەت وەک مانایەکی کراوە و یەکسان و ئازاد.

مرۆڤ لە دونیای ئێمەدا بە شێوازی جیاواز بێکەرامەت دەکرێت و بە کۆمەڵێک نایەکسانی و جیاوازیی ترسناکیشەوە لەدایک دەبێت، هەموو هەوڵدانێکی ڕاستەقینە بۆ دەستکاریکردنی دونیای ئێمە بە دەستکاریکردنێکی هەمەلایەنی ئەم وێنانەی مرۆڤ دەست پێدەکات. مەسەلەی سەرەکی لە بینینی مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت

و لـە دانـانـان بـە مرۆڤـدا وەک کەسـێکی خاوەنکەرامـەت، پەیوەسـتە بـە تێگەیشـتن لـە مەسـەلەی شـووناس، شـووناسێک، وەک تایلـەر دەڵێت، ئامـاژە بـۆ "تێگەیشـتنی کەسـەکان بـکات لـەوەی ئـەوان خۆیان چین و کێن و ئاماژە بۆ تێگەیشتنیشیان بـکات لـە بنەڕەتیتریـن ئـاکاری ئـەوان وەک مـرۆڤ."[1] تایلـەر پێی وایـە بەشـێکی گرنگـی شـووناس بـە هـۆی دانپیانـان یـان بێبەشکردنەوە لـە دانپیانـان دروسـت دەبێت، بۆیـە "دانپیانەنـان یـان دانپیانانـی هەڵـە،" واتـە بەخشـین یـان سـەپاندنی کۆمەڵێک ئـاکار و مانـا بەسـەر کەسـێکدا، کـە ئـەو کەسـە بـە هیـی خـۆی نەزانێت، نـەک تەنهـا مـرۆڤ تووشـی ئازارچەشـتن و ناڕەحەتـی و نامۆبـوون دەکات، بەڵکـوو مرۆڤبوونیشـی بەقووڵـی بریـندار و پڕخـەوش دەکات. ئەمـەش جگـە لـەوەی جۆرێکـە لـە بریندارکردن و چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ، هـاوکات دیلکردنـی کەسـێکە لەنـاو هەندێـک وێنـەدا، کـە ئـەو کەسـە بـە وێنـەی ڕاسـتەقینەی خـۆی نازانێت، یـاو وەک تایلـەر دەڵێت، "زیندانیکردنـی مرۆڤـە لەنـاو شـێوازێک لـە بووندا، کـە سـاختە و شـێواو و بەرتەسـکە."[2] لـە دونیـای ئێمـەدا، گەڕاندنـەوەی کەرامـەت بـەم مانایـە بـۆ مرۆڤـی ئێمـە، سـەرەتای سـەرەتاکان و ئـەو پێوەرەیـە کـە پێویسـتە بـەو هۆیـە بتوانین بـاش لـە خراپ و دەشـێت لـە ناشـێی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و دینـی و ئەخلاقـی و فەرهەنگـی جیـا بکەینـەوە، گوێنـەدان بـەم لایەنـە گرنگـەی ژیانـی مرۆڤ لـە دونیـای ئێمـەدا، بەردەوامیدانـە بـە شـکاندنی کەرامەتـی ئـەو مرۆڤـە.

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٥

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٥.

کەرامەت و دیالۆگ

ئەگەر کەرامەت بەشێکی هێجگار گرنگ بێت لە شووناسی مرۆڤ وەک مرۆڤ و لە ڕوانین بۆ مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەننرخ، ئەوەدەم ئەو خاڵەی گرنگە پێی لەسەر دابگرین، ئەو ڕاستییەیە کە ئەو شووناسەی مرۆڤ بۆ خۆی دروست دەکات، ئەو ڕوانینەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دروستی دەکات، چ لە ئاستی ڕوانینی مرۆڤ بۆ خودی خۆی، یان لە ئاستی ڕوانینی مرۆڤەکانی تردا بۆ ئەو، ڕووداوێک نییە بەتەنهایی و لە بۆشاییدا دروست ببێت. بەرهەمهێنانی شووناس و گەلاڵەکردنی ڕوانین بۆ مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت، یاخود مامەڵەکردنی کەرامەت وەک بەشێکی دانەبڕاو لە شووناسی مرۆڤ، لە پرۆسەیەکی دیالۆگیی گەورەی ناو کۆمەڵگادا دروستدەبێت. شوناس شتێکە لە پەیوەندیدا بەوانی ترەوە، بەو کەسانەوە کە لەگەڵیاندا دەژین و لەگەڵیاندا ژیان و بوونمان دابەش دەکەین، دروست دەبێت، شووناس بەتەنهایی و بەدابڕاوی لەوانی تر و لە کۆمەڵگە دروست نابێت. کردەی دانپیانان هەمیشە کردەیەکی دیالۆگییە، لە پەیوەندیدا بەوانی ترەوە دروست دەبێت و هەر ئەوانی تریش دەتوانن نکوولی لێ بکەن و دانی پێدا نەنێن. ئەم ڕاستییە سادەیە لە ئاستە فەلسەفییەکەیدا لە سەردەمی هیگڵەوە تێوریزە کراوە و بووە بە بەشێک لە فیکر و مەعریفەی مۆدێرن. لە ڕوانینە هیگلییەکەدا، شووناسی مرۆڤ

هەمیشـە شووناسـێکی دیالۆگییـە، ڕێکەوتـن و دارشـتنەوە و دەسـتکاریکردن و تازەکردنـەوە و گۆڕانـی شـووناس، بەشـێکی سـەرەکیی ئـەو دیالۆگـە و کردەی سـەرەکیی دروسـتکردنی ئـەو شووناسـەیە. کارکردنمـان لەگـەڵ یـەک و کارلێککردنمان لەسـەر یەکتـری، پێکەوەبوونـی کۆمەڵایەتیمـان، شـێوازی ڕێکخسـتن و مانابەخشـین بـە پەیوەندییەکانمـان، کەوتنەپەیوەندییـەوە لەگـەڵ ئـەو ژینگەیـەدا کـە تیایدا دەژیـن، هێنانـی دونیا بۆ نـاو خـودی خۆمـان و بردنـی ئـەم خـودە بـۆ نـاو دونیـا، ئەمانـە پێکهێنـەرە سـەرەکییەکانی شووناسـی مرۆڤـن، هیـچ یەکێکیـش لەمانـە بەتەنهـا و بەبێ ئەوانـی تر و بەدابڕاوی لـەو ژینگەیـەی مرۆڤی تیـادا دەژی، ڕوو نـادات. شووناسـی مـرۆڤ کەمتر پێدراوێکـی سـایکۆلۆژی و زیاتـر پێدراوێکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و فەرهەنگییـە. داننـان بـە مرۆڤیشـدا وەک بوونەوەرێکـی خاوەنکەرامـەت، کۆڵەکـەی سـەرەکیی نـاو ئـەو دونیا کۆمەڵایەتی و سیاسـی و فەرهەنگییەیە و گـەر ئـەم دانپیانانـە بوونـی نەبوو، ئـەوا دۆزینـەوەی ئەلتەرناتیـڤ بـۆی لەنـاو دونیـای دەروونیـی ئـەم یـان ئـەو تاکەکەسـی تەنهـا و دابڕاودا، مانایەکی ئەوتـۆی نابێـت. تایلـەر تـا ئـەو شـوێنە دەڕوات کـە بڵێـت داننـان بـە مرۆڤـدا وەک مـرۆڤ و وەک بوونەوەرێکـی خاوەنکەرامـەت "یەکێکـە لـە سـەرەکیترین و بنەڕەتیتریـن پێداویسـتییەکانی مـرۆڤ."[1] واتـە مـرۆڤ وەک چـۆن پێویسـتی بـە خـۆراک و پۆشـاک و ژینگەیـەک هەیـە بـۆ پاراسـتنی، ئـاواش پێویسـتی بـە پاراسـتنی کەرامـەت هەیـە بۆ ئـەوەی بتوانێـت وەک مـرۆڤ بژی. بۆ ئـەوەی مرۆڤیش وەک بوونەوەرێکـی خاوەنکەرامـەت

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٦.

ببینرێت، پێویستی بەوەیە ئەو گشتە گەورەیە لە پەیوەندی و لە شێوازی ڕێکخستن و مانابەخشین کە بەدەوری مرۆڤدا دروست دەبێت، کەرامەت وەک بەشێکی گرنگی شووناسی مرۆڤەکان ببینێت. پەیوەندیی بەو گشتە گەورەیەوە وا دەکات شووناس ڕەهەندێکی سیاسیی هێجگار گرنگی هەبێت. مرۆڤ بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێکی خاوەنکەرامەت ببینرێت، دەبێت چوارچێوە سەرەکییەکانی دانان بە مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت ئامادە بن، ئیتر لە چوارچێوە یاساییەکانەوە بیگرە بۆ چوارچێوە سەرەکییەکانی پەروەردە و فێرکردن و نرخاندن و لەوانیشەوە بۆ پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە و تاکەکەس و دەزگاکان و مرۆڤەکان بەیەکەوە.

خاڵێکی دیکە کە لە پەیوەندیدا بە مەسەلەی کەرامەتەوە گرنگە ئاماژەیەکی خێرای پێ بکەین، ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێک نییە "جەوهەر"ێکی شاراوە یان "بۆشاییەک" لەناویدا بێت و کاری ئەو لە ژیانیدا ئەوە بێت ئەو "جەوهەر"ە شاراوەیە بدۆزێتەوە. ئەم دیدە بۆ شووناس و بۆ مرۆڤبوون دیدێکی جەوهەرگەراییە و لەسەر وێناکردنێکی هەڵەی مرۆڤبوون دروست بووە. ئەم دیدە مرۆڤ وا وێنا دەکات، وەک ئەوەی هەڵگری خودێکی "ڕاستەقینە" و "شاراوە" بێت، کە گوایە لە "قووڵایی"یەکی گریمانکراوی ناو "ڕۆح، یان "کەسایەتی"دا نیشتەجێیە و تەپوتۆز و سەرقاڵییەکانی ژیانی ڕۆژانە ناهێڵێت ئەو خودە "ڕاستەقینە" شاراوەیە ببینرێت و بدۆزرێتەوە. ئەم ڕوانینە میتافیزیکیی و زۆر جار ئینشاییە، ڕوانینی باڵادەستە بۆ مرۆڤبوون لای بڕێکی زۆر

لـە شـاعیران و هونەرمەنـدان و نووسـەران، هەروەهـا لای ئـەو کەسـانەی دیدێکـی جەوهەرگەرایـان بـۆ ئینسـان هەیـە. ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە مـرۆڤ جەوهەرێکـی نەگـۆڕی نییـە، شـتێک نییـە "جەوهـەر" و خودێکـی "شـاراوە" و "بـزر" لـە "قووڵاییـدا" و کاری مـرۆڤ ئـەوە بێـت بیدۆزێتـەوە و دەری بهێنێـت، ئـەوەی لـە بنەڕەتیشـەوە هەیـە "دۆزینـەوە"ی خـود نییە، بەڵکوو "دروسـتکردنێکی بـەردەوام"ی خـودە، داڕشـتنەوە و دەسـتکاریکردن و داهێنانـی بەردەوامی خـودە، خـود هەرگیز نادۆزرێتـەوە، بەڵکوو بـەردەوام دروسـت دەکرێت، لـە قووڵایی و بۆشـاییەکی گریمانکراوی نـاو مرۆڤدا بەشـاراوەیی ئامـادە نییـە، بەڵکوو لەنـاو کـردەی ڕۆژانـەی لەگـەڵ ئەوانیتربـوون و لەنـاو دونیادابـوون و لەنـاو پێکەوەبوونـدا دروسـت دەکرێـت. مـرۆڤ خـودی شـاراوەی خـۆی نادۆزێتـەوە، بەڵکوو خـودی خـۆی بەبەردەوامـی دروسـت دەکات و دای دەهێنێـت و دای دەڕێژێتـەوە. ئەمـەش لـە تەنهاییدا ناکات، تەنها لـە ڕێگـەی کتێب و نووسینیشـەوە ئەنجامـی نـادات، بـە موناجـات لەگـەڵ خـود خۆیـدا دروسـت نابێـت، بەڵکوو لـە ڕێگـەی پەیوەندیـی بەوانـی ترەوە، لـە ڕێگەی کارلێککردنـی فرەجەمسـەرییەوە و لـە ڕێگەی ئامادەگیـی چـڕ و هەمەلایەنـەوە لەنـاو شـێوازە جیاوازەکانـی پێکەوەبوونـی کۆمەڵایەتیدا ئەنجام ئەدرێت. لە کـردەی دیالۆگدا لەگـەڵ ئـەم گشـتە ئاڵۆزەدایـە مـرۆڤ وێنەیەکی تایبـەت بۆ خۆی و مانایەکـی تایبـەت بـە ژیانـی خـۆی دەبەخشـێت، بەبێ ئـەوەی ئـەو وێنـە و مانایـە وەک وێنـە و مانـای ئەبـەدی ببینرێن. ئـەم ئامادەبـوون و دیالۆگەشـە پرۆسـەیەکی بێکۆتاییـە، برانـەوەی نییـە و هەمیشـە هەیـە و بەڕێوەیـە، ئەگـەر شـتێک هەبێت لـەم

گشتەدا نەگۆڕ بێت، ئەوا خودی دیالۆگە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازە جیاوازەکانی پەیوەندی و پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتییە. بەڵام کە باس لە ئامادەبوونی مرۆڤ لەناو دونیادا و لەگەڵ ئەوانی تردا دەکەم، ناکرێت ئامادەبوون کورت بکرێتەوە تەنها بۆ ئامادەبوونە جەستەیی و فیزیاییەکانی مرۆڤ لەناو دونیادا، بەڵکوو سەرجەمی ئەو ئامادەبوونە خەیاڵی و ڕەمزییانەش دەگرێتەوە کە مرۆڤ بەوانی تر و بە دەوروبەرەکەیەوە گرێ ئەدات. دانپیانانی ئەوانی تر بە ئێمەدا وەک کەسێکی خاوەنکەرامەت و هی ئێمەش بەوانی تردا بە هەمان ناوەڕۆک، بەشێکی گرنگ و سەرەکیی ئەم دۆخە کۆمەڵایەتییەیە، گەر ئەم دانپیانانە نەبوو، مرۆڤ ناتوانێت ببێت بە مرۆڤ و ناتوانێت مرۆڤبوونی خۆی بە شێوازە ئازاد و تەندروستەکەی بژی. ئەم پێداگرتنە گەورەیە لەسەر دانپیانان، ئاکاری سەرەکیی بیرکردنەوەی چارلس تایلەرە لە چەمکی کەرامەت. ئەمەش دەرەنجامێکی گرنگی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە. ڕێزگرتنی مرۆڤ و پاراستنی کەرامەتی تەنها لە ڕێگەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامانی نیشتیمانی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی ماددییەوە نابێت کە مرۆڤ لە زەلیلبوون بپارێزێت، بەڵکوو پێویستی بە سیاسەتێکی دانپیانانیش هەیە، ئەو ڕووبەرە ئازادە بە مرۆڤ ببەخشێت، بتوانێت بە هۆیەوە بەو شێوەیە بژی کە لەگەڵ وێنەکانی مرۆڤ لەسەر خۆی و تێگەیشتنەکانیدا بۆ خۆی وەک مرۆڤ، دەگونجێت. دانپیانان جیاوازە لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامانی ماددی، بەگژاچوونەوەی هەژاریی مەسەلەیەک جیاوازە لە دەستەبەرکردنی داننان بە

کەرامەتـی مرۆڤەکانـدا. ئەگەرچـی چارلـس تایلـەر وەک کانـت بـاس لـەوە نـاکات کـە مـرۆڤ بـە کەرامەتـەوە لەدایـک دەبێت، بەڵکوو کەرامـەت وەک دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەبینێت، بـەڵام لـەو خاڵـەدا لەگـەڵ کانتدا یـەک دەگرێتـەوە، کـە مـرۆڤ پێویستە دونیایـەک دروسـت بـکات، تیایدا بتوانێت وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامـەت لەدایک ببێت و بژی. دونیایـەک، دانپیانـان بـە مرۆڤـدا وەک بوونەوەرێکـی خاوەنکەرامـەت، ژێرخانـە ئەخلاقـی و بەهاییەکـەی بێت.

چەمکی کەرامەت لای ئالێکس هۆنێس

ئالێکس هۆنێس فەیلەسـووفێکی ئەڵمانییـە و سـەر بـە نـەوەی سێهەمی قوتابخانـەی فرانکفۆرتـە. ئـەم فەیلەسـووفەش کاتێک بـاس لـە مەسـەلەی کەرامـەت دەکات، وەک چارلـس تایلـەر، لەپاڵ چەمکی دانپیاناندا باسی دەکات و لـە هەمـان ئـەو ڕەوتە تیۆرییـەدا جێگیری دەکات کە چارلس تایلەر جێگیری دەکات. لای هۆنێسـیش دانپیانـان یەکێکـە لـە پێداویسـتییە ئینسـانییە گرنگـەکان و بەشـێکی سـەرەکی و بنەڕەتییـە لـە مەسـەلەی وەدیهێنانی ئینسـان بـۆ خـود و ئینسـانیەتی خـۆی و بـۆ بوون بـەو شتەی کـە مـرۆڤ دەخوازێت و حـەز دەکات ببێت پێی. هۆنێس لـە دوو کتێبـدا کـە یەکێکیـان لـە سـاڵی ١٩٩٥دا و ئـەوی تریـان لـە سـاڵی ٢٠٠٧دا بـڵاوی دەکاتـەوە، بەدرێـژی لەسـەر مەسـەلەی دانپیانـان دەوەسـتێت و گرنگییەکانـی لـە

ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆدا ڕوون دەکاتەوە.[1]

چەمکی دانپیانان لای هۆنێس چەمکێکی ئاڵۆزترە لەوەی لای چارلس تایلەر بینیمان، هۆنێس سێ شێوازی جیاوازی دانپیانان لە یەکتری جیا دەکاتەوە و هەریەکێکیشیان دەخاتە ناو فەزایەکی تایبەتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئینسانییەوە. ئەو سێ شێوازە جیاوازەی دانپیانانیش بریتین لە: یەکەم، خۆشەویستی. دووهەم، بوونی ماف. سێیەم، هاریکاری و بەدەمەوەچوونی ئینسانی و کۆمەڵایەتی.

خۆشەویستی و مافداری و هاریکاریی ئینسانی لای هۆنێس دەرکەوتی سێ شێوازی جیاوازی دانپیانانن بە مرۆڤەکاندا. هەریەکێک لەم سێ شێوازە تایبەتەی پەیوەندیی ئینسانی و کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ جۆرێکی تایبەت و جیاواز لە دانپیانان دەکات. بە بۆچوونی هۆنێس، مرۆڤ تەنها لە دۆخی بەدەستهێنانی ئەو سێ شێوازە جیاوازانەی دانپیاناندا دەتوانێت پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ و دەوڵەمەندی بە خۆیەوە هەبێت و تەنها لە ڕێگەی ئەو سێ شێوازەوە لە دانپیانان دەتوانێت ببێت بەو مرۆڤەی کە دەیەوێت ببێت. ئەوەی هۆنێس دەیەوێت لێرەدا پێی لەسەر دابگرێت، گرنگیی پەیوەندییە ئینسانییەکانە بۆ دروستکردن و پاراستنی شووناسی تاکەکەسیی مرۆڤەکان وەک مرۆڤ. نوقسانی لە هەریەکێک لەو دانپیانان و پەیوەندییانەدا نوقسانییەک

[1] ئەو دوو کتێبەش بریتین لە:

Honneth, A.,(1995). The Struggle for Recognition: The Moral Grammar of Social Conflicts. Cambridge: The MIT Press

Honneth, A., (2007). Disrespect: The Normative Foundations of Critical Thyheory. Cambridge: Polity Press

لە مرۆڤبوونی مرۆڤدا دروست دەکات. هەریەکێک لەم دانپیانانە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی مرۆڤبوون بەهێز و قووڵ دەکەنەوە، کە بەسەر یەکەوە مرۆڤێک دروست دەکەن، بەر لە هەموو شتێک پەیوەندیی لەگەڵ خودی خۆیدا پەیوەندییەکی هاوسەنگ و گونجاو بێت. هۆنێس لە ڕێگەی لێکترجیاکردنەوەی ئەم سێ شێوازە لە دانپیانانی ئینسانی و کۆمەڵایەتییەوە، دەیەوێت تیۆرییەک گەشە پێ بدات دەربارەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤ کە لە ڕێگەی خۆشەویستی و ماف و بەدەمەوەچوونی ئینسانییەوە دروست ببێت و ببێت بە بەشێک لە پەیوەندی و لە کارلێککردنی چەندجەمسەرەی مرۆڤەکان لە یەکتری. هەروەها ببێت بە بەشێک لە کردەی بەدەستهێنانی هەستی باوەڕکردن بە خۆ و خۆدۆزینەوە لەناو دونیایەکدا کە کەرامەت و شووناسی ئەو کەسە وەک مرۆڤ بپارێزێت. بە مانەیەکی دیکە، تیۆرەی دانپیانان لای هۆنێس، تیۆرەیەکی سایکۆلۆژی نییە، موناجات و ڕۆحانیەتێکی دینی و نادینی نییە، بەڵکوو تیۆرەیەکە دەربارەی چۆنێتیی ئیشکردنی کۆمەڵگە، بەتایبەتی کۆمەڵگەیەک، بیەوێت بە مرۆڤ کەرامەت وەک بەهایەکی ئینسانی و کۆمەڵایەتیی گرنگ ببەخشێت. لای هونێس، دروستکردنی شووناس لای مرۆڤ بەبێ ئامادەگیی ئەم سێ شێوازە لە دانپیانان مەحاڵە، چونکە هەم سەربەخۆبوون و ئۆتۆنۆمبوونی مرۆڤ و هەم تاکێتیی تاکەکەسەکان، بە شێوەیەکی حەتمی تەحەدا دەکرێن گەر هات و ڕێز لە مرۆڤ نەگیرا و نرخ بۆ مرۆڤبوونی دانەنرا. دانپیانان لای هۆنێس پێچەوانەی ئەو دیدە داروینییە کە

باس لـە "کۆشـش لەپێنـاوی مانـەوەدا" دەکات، لای هۆنێس، دانپیانـان بریتییـە لـە "کۆشـش لەپێنـاوی دروسـتکردنی پەیوەندیـی دانپیانانـی دووجەمسـەرەدا." واتـە مەسـەلەکە هـەر لـە بنەڕەتـەوە پەیوەندیـی بـە ململانێـوە لەسـەر دەسـەڵات و لەسـەر سـەروەربوون و کۆیلەبـوون نییە، بەڵکوو پەیوەندیـی بە شێوازە جیاوازەکانی هاریکاریی کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە مـرۆڤ لەناویانـدا دەبێـت بـە هەڵگـری خـود و ئینسـانیەتێکی تایبـەت. لـە دیـدی هۆنێسـەوە، حـەز و ئـارەزووی مـرۆڤ بـۆ دانپیانـان بـە ڕادەیـەک بنەڕەتـی و گرنگـە بـۆ دروسـتکردن و وەدیهێنانـی خـود، وەک ئـەو هێـزە وێنـای دەکات کـە لەپشـتی گـۆڕان و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتییـەوە ئامادەیـە.[1]

خۆشەویسـتی وەک شـێوازی یەکـەم لـە دانپیانـان، بەرجەسـتەکەری ئـەو جۆرەیـە لـە پەیوەنـدی کـە لەنـاو مەجالـی تایبـەت و لەنـاو پەیوەندییـە کەسـی و تایبەتەکانـی مرۆڤـدا دروسـت دەبێت، لەوانـە لـە پەیوەندییەکانـی نـاو خێزانـدا و لـە پەیوەندیـی هاوڕێیەتـی و لـە پەیوەندیی خۆشەویسـتیدا. لێرەدا هەسـتێکی بەهێـز و قووڵـی مرۆڤـەکان بەرامبـەر بـە یەکتـری دروسـت دەبێـت، خۆشەویسـتی دەبێـت بـە بەشـێک لـەو پەیوەندییانـەی کەسـەکان لـەم مەجالـە تایبەتـەدا بەیەکـەوە کـۆ دەکاتـەوە، بـەڵام ئـەم شـێوازە لـە پەیوەنـدی، شـێوازێکی تـەواو سـنووردار و بەرتەسـکە، مـەودای کۆبوونـەوەکان و ژمـارەی ئەوانـەی دەچنـە پەیوەندیـی قـووڵ و چـڕی لـەو بابەتـەوە، مەوادیەکـی بەرتەسـک و ژمارەیەکـی بچووکـە. مـرۆڤ

[1] Honneth, A.,(1995). The Struggle for Recognition: The Moral Grammar of Social Conflicts. Cambridge: The MIT Press

تەنها ژمارەیەکی کەم لە مرۆڤەکانی خۆش دەوێت و ئەو خۆشەویستییەش دەربڕی پێداویستییەکی تایبەتی مرۆڤاکانە. هۆنێس ئەم جۆرە لە دانپیانان وەک پێداویستییەکی فیزیایی دەبینێت، پێی وایە مرۆڤ وەک چۆن پێویستی بە نان و ئاو وَ هەوا هەیە، ئاواش پێویستی بە خۆشەویستی هەیە. خۆشەویستی لێرەدا تەنها دەربڕینی هەستێکی تایبەت نییە بەرامبەر بە کەسێک، بەڵکوو شێوازی یەکەمی دانپیانانە بە مرۆڤبوونی مرۆڤدا، بە مرۆڤدا بەو شێوەیەی کە هەیە و بەو جۆرەی کە حەز دەکات هەبێت. دانپیانان لێرەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مشوورخواردنەوە بۆ یەکتری هەیە، مشوورخواردن بۆ مرۆڤبوونی یەکتری. ئەم دانپیانان و مشوورخواردنەش بێمەرج و بێبەرامبەرە. شێوە هەرە دیارەکەشی خۆشەویستیی نێوان منداڵان و دایک و باوکیانە، خۆشەویستییەکە کە کەسەکان بەئازادانە و بەبێ چاوەڕوانی ئەنجامی ئەدەن و لەگەڵیدا دەژین. دانپیانان بە مرۆڤ لەم ئاستەدا هەستی باوەڕبوونی مرۆڤ بە خودی خۆی و هەستی دڵنیابوون لە خودی خۆی دروست دەکات، وا دەکات ئینسان لەوە نەترسێت باسی ئارەزوو و پێداویستییەکانی خۆی بکات و ترسی ئەوەی نەبێت ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێت و ئەم خۆشی دەوێن لێی دوور بکەونەوە و بەتەنها جێی بهێڵن. بە بۆچوونی هۆنێس، ئەم شێوازە لە دانپیانان لە پێش دوو شێوازەکەی ترەوەیە.[1]

شێوازی دووهەمی دانپیانان، شێوازی بوون و دابینکردنی مافە. ئەگەر خۆشەویستی لەناو خێزان و

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠٧.

پەیوەندییە شەخسییەکاندا ڕوو بدات، ئەوا داننان بە مافدا لەناو کۆمەڵگەدا ڕوو دەدات. ئەگەر لە خۆشەویستیدا هەست و سۆزێکی چڕ و قووڵ ئاراستەی پەیوەندییەکان و ئینتیماکان بکات، لە بوونی مافدا تێگەیشتن و بیرکردنەوەی عەقڵانیی بناغەی پەیوەندییەکان و ئینتیماکان دادەڕێژێت. کەسەکان لێرەدا لە پەیوەندییەکی بەرپرسیار و ئەخلاقیی دووجەمسەردان لەگەڵ یەکدا و لەناو کۆمەڵگەدا. لێرەدا گرنگ نییە مرۆڤەکان لەناو چ جۆرە پەیوەندیی خێزانی و گروپیی تایبەتەوە هاتوون، ئەوەی گرنگە ئەوەیە وەک کەسێکی خاوەنماف ببینرێن و لەناو دابەشکردنێکی مافپەروەرانەی مافدا نیشتەجێ بن. ماف لێرەدا پەیوەندیی بە ئاکاری تایبەتی کەسەکانەوە نییە، بۆ نموونە گرنگ نییە ئەو کەسە درێژە یان کورت، لە خێزانێکی دەوڵەمەند و پڕ خۆشەویستییەوە هاتووە یان لە خێزانێکی هەژار و نەدارەوە، خاوەنی ئەم یان ئەو چاکەکاری و لێزانییە یان نا، ماف لێرەدا دانپیانانێکی یاساییە کە پێویستە بە هەموو کەسێکی ناو کۆمەڵگە بنرێت، ماف لەم ڕوانینەدا بەستراوەتەوە بە سیستمێکی یاساییەوە کە دەربڕی حەز و ئارەزوو و گرنگییدانە گشتییەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیە وەک کەسانی یەکسان بە یەکتری.[1]

مرۆڤ لێرەدا و لەپاڵ ئەم مافانەدا دەبێتە بوونەوەرێکی خاوەنهەست و بەبەرپرسیاریەت، دەبێت بە کەسێک، کە هەستێکی ئەخلاقیی بەرپرسیاری تێدا دروست دەبێت، لە کۆمەڵگەیەکدا یاسا و دادپەروەری کۆڵەکە سەرەکییەکانیەتی.

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠٩.

لەم ئاستەدا مرۆڤ پەیوەندییەکی ئەخلاقی و بەرپرسیارانە بە ئەوانی تر و بە دەوروبەرەکەیەوە گەشە پێ ئەدات، چونکە ئەم جۆرە پەیوەندییانە پێویستن بۆ هێشتنەوە و گەشەدان بەو کۆمەڵگەیە وەک کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر. مرۆڤەکان لێرەدا دان بە بوونی یەکتریدا دەنێن وەک کەسانی یەکسان و خاوەنماف، داننانەکانیش داننانی دووجەمسەرین، واتە هەم من دان بە مافی ئەوانی تردا دەنێم و وەک کەسانی خاوەنماف و یەکسان مامەڵەیان دەکەم، هەم ئەوانیش من بە هەمان شێوە دەبینن و مامەڵە دەکەن. مرۆڤەکان لێرەدا فێر دەبن یەکتری لە چاوی ئەوی ترەوە ببینن، واتە من خۆم دەبینم بەو شێوەیەی ئەوی تر وەک بوونەوەرێکی خاوەنماف و یەکسان تەماشام دەکات، هەم ئەویش فێر دەبێت خۆی لە دیدی منەوە ببینێت وەک کەسێکی خاوەنمافی یەکسان. هەر نکوولیکردنێک لەو مافانە و هەر شێوازێکی نەسەلماندن و ڕێزنەگرتنیان دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، وا دەکات ئەوانەی مافەکانیان لێ دەسەنرێتەوە یان نکووڵی لە مافەکانیان دەکرێت، جا چ لە ڕێگەی یاساوە بێت یان لە هەر ڕێگەیەکی دیکەوە، هەستی ئەوەیان لا دروست ببێت کە کەسانی یەکسان بە کەسەکانی تر نین و بە هەمان ڕادە ڕێزیان ناگیرێت و هەمان ئەو نرخەیان بۆ دانانرێت کە بۆ ئەوانی تر دادەنرێت. ئەمەش هەم هەستێکی بەهێزیان بە بێڕێزیکردن و هەم هەستی بریندارکردنی کەرامەتیان لا دروست دەکات و وا لەو کەسانە دەکات خۆیان بە ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیە نەزانن و بکەونە دەرەوەی سنووری ڕەمزی و ئەخلاقی

و یاساییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە. دیوێکی گرنگی تری هەبوونی ماف وەک شێوازی دووهەمی دانپیانان ئەوەیە، ڕێزی سەربەخۆبوونی کەسەکان بگیرێت و وەک کەسی سەربەخۆ مامەڵە بکرێن. ئەمەش مانای سەربەخۆبوونیان لە بڕیارداندا و دەرچوونیان لەژێر کۆنترۆڵی ئەوانی تردا، کۆنترۆڵێک، کە دەشێت لە ڕێگەی میکانیزمی جیاوازەوە بەسەر کەسەکاندا بسەپێندرێت. بەکورتی، داننان بە مافدا بەشێکی سەرەکیی دروستکردنی ژیانێکی هاوبەشە، کە مەرج نییە مرۆڤەکان یەکتریان خۆش بوێت وەک لە مەجالی تایبەتدا یەکتریان خۆش دەوێت، بەڵام مەرجە ڕێزی یەکتری بگرن و مافەکانی یەکتری بسەلمێنن. داننان بە مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی خاوەن بەشێکە لە دروستکردنی ئەو ژیانە گشتییە کە هەموان بە ژیانی خۆیانی بزانن. خاڵی سەرەکی لێرەدا، بوونی کۆمەڵێک یاسایە کە ئەم ژیانە بە شێوە مافپەروەرەکەی ڕێک بخات.

شێوازی سێهەمی دانپیانان شێوازی هاریکاری و بەدەمەوەچوونی کۆمەڵایەتییە. بەلای هۆنێسەوە مرۆڤ تەنها بە خۆشەویستیی کەسە نزیکەکانی و تەنها لە ڕێگەی هەبوونی مافی یاساییەوە ناژی، بەڵکوو پێویستی بە هاریکاریی کەسانی تریش هەیە. چونکە کەسەکان لێرەدا لە ڕێگەی کردەی هاریکارییەوە هەم پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ لەگەڵ خۆیان و هەم لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا دروست دەکەن. هاریکاریکردن هەستی ئەوە لە مرۆڤدا دروست دەکات کە کەسێکە قابیل و شایستەی هاریکاریکردنە، قابیلی ئەوەیە کەسانی تر مشووری بخۆن و بەدەمیەوە

بچن. هاریکاری وەک داننان بە توانای کەسێک و وەک پۆزەتیڤنرخاندنی کەسایەتیی ئەو کەسە وێنا دەکرێت. هاریکاریکردنی یەکتر مانای داننان بە ئاکار و تواناکانی یەکتریدا، داننان بەو ڕەهەندە تاکەکەسییانەدا کە کەسێک دەکات بە کەسێکی تایبەت و بە شایستەی هاریکاریی ئەوانی تر. نەبوونی ئەم شێوازە لە دانپیانان کێشەی گەورە بۆ کەسی دانپیانەنراو دروست دەکات. بە بۆچوونی هۆنێس، نکوولیکردن لە هاریکاری و بەدەمەوەچوون، مانای داننەنان بەو کەسەدا کە هاریکاری ناکرێت و داننەنان بەو توانا و بەها و نرخانەشدا کە هەڵگریەتی. هاریکاری و بەدەمەوەچوونی کۆمەلایەتی وێنەی کەسەکە لە بەردەمی خۆی و لە بەردەمی گروپ و کۆمەڵگەکەیدا وەک وێنەی کەسێک دەنەخشێنێت کە بەشێکە لە گشتێکی گەورەتر، لە گروپ و کۆمەڵگەیەک، کە پێکەوە و لەگەڵیاندا ئاسۆیەکەی هاوبەشی لە بەها و نرخی کۆمەلایەتی هەیە، شتێکیان لەگەڵدا بەش دەکات و شتێک بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە. ئەم شێوازە لە دانپیانان، تەنها لە ڕێگەی هاریکاری و مشوورخواردنی کۆمەلایەتییەوە دروست دەبێت، نەبوونی ئەم شێوازە لە هاریکاریی کۆمەلایەتی، وا دەکات مرۆڤ هەست بە بچووکی و بێڕێزی و کەمنرخیی خۆی بکات، وەدیهێنانی خود لێرەدا پەیوەستە بە هاریکاریی دەستەجەمعیی کۆمەڵگەوە.[1]

لای هۆنێس، ئەوەی سیستمە سیاسییەکان و شێوازەکانی تێکۆشان و خەباتکردنیش لە یەکتری جیا دەکاتەوە، ئەوە نییە ئایا ئەو سیستمە لیبراڵە یان سۆسیالیستییە یان هەر

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٥٢.

شتێکی دیکە، بەڵکوو ئەوەیە ئایا بڕ و ڕادە و فراوانیی یان سنووردارێتیی ڕووبەری دانپیانانەکانی بە مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت چەندە؟ ئەو شێوازانە لە کۆشش و خەباتی کۆمەڵایەتی کە ڕووبەر و شێوازەکانی دانپیانان گەورە و فراوانتر دەکەن کۆشش و خەباتێکی پێشکەوتنخوازانەی پۆزەتیڤن و ئەوەشی ئەو ڕووبەرانە بچووک بکاتەوە، کۆنەپارێز و داخراوە. ئەو سیستەمەی هاریکاریی مرۆڤ دەکات و ئەگەری وەدیهێنانی خودی کەسەکە و سەلماندنی تواناکانی و وەدیهێنانی ئارەزووەکانی و بەدەمەوەچوونی حەزەکانی هەڵگرتووە، سیستمێکە دەبێت خەباتی بۆ بکرێت، ئەوەشی پێچەوانەی ئەمەیە، دەبێت خەباتی دژ بکرێت. بەم جۆرە هۆنێسیش لە یەک کاتدا لە هەستێکی ناوەکییەوە بە خۆشەویستی و لە دانپیانانێکی مافدارانە و یاساییەوە دەست پێ دەکات و لەوانیشەوە بە پێداگرتن لەسەر گرنگیی هاریکاری و مشوورخواردنی کۆمەڵایەتی دەگات. بەم جۆرە ئەمیش لە جیهانی ناوەکیی تاکەکەسەکانەوە دەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی دواتر بمانهێنێتەوە ناو ئەو کردە مێژووییانەی پێویستن بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئەو ئاراستانەش دەستنیشان دەکات کە پێویستە کۆشش و خەباتی کۆمەڵایەتی بەرەو ڕوویان بڕوات. لای هۆنێس، ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤ لەو سێ ئاستەدا ئەو پێوەرە سەرەکییەیە کە کۆمەڵگەکان و سیستەمە سیاسییەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە.

کەرامەت و فیکری سیاسیی مۆدێرن

لە دونیای ئەمڕۆدا چەمکی کەرامەت بووە بە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو فیکر و تیۆرەی سیاسیی هاوچەرخ و زیاد لە زانایەکی کۆمەڵایەتی و زیاد لە تیۆریست و فەیلەسووفێکی سیاسی سەرقاڵی تیۆریزەکردنین. لە لاپەڕەکانی پێشوودا من هەندێک لەو هەوڵانەم بە خوێنەران ناساند، لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەم زۆر بەکورتی قسە لەسەر دەرکەوتە سیاسییەکانی چەمکی کەرامەت و "سیاسەتی دانپیانانی یەکسان" بکەم. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، جارێکی دیکە بۆ هەندێک لە بۆچوونەکانی فەیلەسووفی کەنەدی چارلس تایلەر دەگەڕێمەوە. تایلەر باس لە دوو شێواز لە سیاسەتی پاراستنی کەرامەت و دانپیانانی یەکسان بە کەرامەتی مرۆڤەکاندا دەکات.

یەکەمیان ئەو جۆرەیە لە سیاسەت کە باس لە بوونێکی گەردوونیی کەرامەتی یەکسان دەکات، کەرامەتێک کە لای هەموو کەسێک لە جیهاندا بە هەمان بڕ و ڕادە ئامادەیە. ئەم سیاسەتە پابەستە بە بوونی وێنەیەکی گەردوونییەوە بۆ مرۆڤ، کە تیایدا ئینسانی هەموو کۆمەڵگەکان و هەموو ناوچەکانی دونیا، بەبێ گوێدانە دین و کولتوور و بەها سیاسی و ئەخلاقییە تایبەتەکانیان، وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەتی یەکسان دەبینێت و نمایش دەکات. دەرکەوتە سیاسییەکەی ئەم وێنە گەردوونییە، پێداگرتنە لەسەر بوونی مافی یەکسان

بۆ هەرکەسێک لە هەر شوێنێکی دونیادا، پێداگرتنیش لەسەر هاوولاتیبوونی یەکسان و ئەندامبوون لە یەک مرۆڤایەتیدا، بنەما سیاسی و ئەخلاقییەکانی تری ئەم ڕوانینەیە.

جۆری دووهەمیان سیاسەتی داننانە بە جیاوازیی نێوان مرۆڤ و کولتوور و کۆمەڵگەکاندا بە شێوەیەک، هەر تاکەکەس و گروپ و کۆمەڵگەیەک بتوانێت جیاوازبوونی خۆی بەو شێوەیە بژی کە خۆی بە بەشێکی گرنگ و سەرەکیی شووناسی خۆی دەزانێت. ئەم سیاسەتە لەسەر پێداگرتن لەسەر نەبوونی مۆدێلێکی گەردوونی بۆ مرۆڤبوون کار دەکات، کە بیەوێت خۆی وەک جۆری هەرە ڕاست و هەرە تەواو و هەرە کامڵی مرۆڤبوون وێنا بکات و لە ڕێگەی بەراوردکردنیش بە خۆیەوە شێواز و دەرکەوتەکانی تری مرۆڤبوون بپێوێت. واتە ئەم جۆرە سیاسەتە لەسەر نەفیکردنی بوونی وێنەیەکی گەردوونیی یەککگرتوو و هاوشێوە بۆ مرۆڤ کار دەکات، کە وەک وێنەیەکی پێوانەیی ئامادە بێت و بە پێوانەی دووری و نزیکی لەو وێنەیەوە دووری و نزیکی لە مرۆڤبوونەوە بپێورێت. ئەم ڕوانینە لەو دیدەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێی وایە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا جۆرێک لە کولتوور و دین و سیستمی بەها و شێوازی ڕوانین بالادەست و خاوەن هەیمەنەیە، کە بەسەر یەکەوە وێنەیەکی تایبەتی مرۆڤبوون بالادەست دەکەن تایبەت بەو کۆمەڵگەیە. ئەم وێنەیە دەشێت جیاواز بێت لە وێنەی مرۆڤبوون لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا، بەڵام ئەم جیاوازبوونە نابێت ببێتە هۆی بێڕێزیکردن بەرامبەر بە کەرامەتی ئینسان. ئەوەی لەم سیاسەتەدا بالادەستە، ڕێزگرتنی شێوازە

جیاوازەکانی مرۆڤبوونە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، پاراستنی کەرامەتی ئەو فۆرمانەی مرۆڤبوونە کە لەگەڵ شێوازی تری مرۆڤبوون و پێناسەی تری کەرامەت لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا یەک ناگرێتەوە.

ئەم دیدە بۆ جیاوازی لەسەر ڕوانینێک بۆ کۆمەڵگە و هەیمەنە دروست بووە کە هەم خودی کۆمەڵگە و هەم دیاردەی هەیمەنە لەو کۆمەڵگەیەدا وەک دوو پێدراوی ناجێگیر و پڕجووڵە و پڕئەگەر و توانای گۆڕانکاری وێنا دەکات. ئەوەی لە سەردەمێکدا باڵادەستە، مەرج نییە لە سەردەمێکی تردا باڵادەست بێت، ئەوەی ئەمڕۆ لەو کۆمەڵگەیەدا وەک شێوازی باڵادەستی مرۆڤبوون و پێناسەی سەرەکیی کەرامەت دەر دەکەوێت، مەرج نییە سبەینێ بە هەمان مانا و ئامادە بێت. بۆیە دۆخی تەندروست ئەو دۆخەیە کە مۆدێلی ڕەها و شێوازی ڕەهای مرۆڤبوونی تیادا دروست نابێت و شێوازە جیاوازەکانی مرۆڤبوون وەک شێوازی شاز و نەشیاو مامەڵە ناکات. لەم دۆخەدا ناهێڵدرێت شێوازێکی باڵادەستی مرۆڤبوون ببێت بە ئامرازێک بۆ بێدەنگکردن و پەراوێزخستن و لەناوبردنی شێوازەکانی تری مرۆڤبوون. پێناسە باڵادەستەکەی کەرامەت نابێتە هۆی لەناوبردنی ڕوانینی تر بۆ کەرامەت کە لەگەڵ ئەو پێناسە باڵادەستەدا یەکانگیر نییە. لەم ڕوانینەدا هیچ دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی مرۆڤبوون وەک دەرکەوتی ساختە و ناڕاست و بێمانا مامەڵە ناکرێت، هیچ مرۆڤێک وەک مرۆڤی هەڵە و ناڕاست و نەشیاو نابینرێت، مرۆڤبوونی هیچ کەسێک وەک مرۆڤبوونێکی نوقسان نانرخێندرێت و مامەڵە ناکرێت.

ئەمە ئەو مەرجانەیە کە پێویستە کەرامەت وەک چەمکێک دەستەبەریان بکات و بەرگرییشیان لێ بکات.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، با سەرنجێکی خێرا لە کۆمەڵگەی خۆمان بدەین، بە بۆچوونی من، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر جار تەنها وێنەیەک بۆ مرۆڤبوون باڵادەستە و شێوازەکانی تری مرۆڤبوون لە پەیوەندیدا بەو وێنە پێوانەییەوە دەپێورێت و دەنرخێندرێت. دووری و نزیکی لەو وێنە پێوانەییەوە دەستنیشانی جۆرە شیاو و نەشیاوەکانی مرۆڤبوون دەکات. با لە ڕێگەی ڕوانین بۆ ژنەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەم خاڵە و ئەو وێنە پێوانەییە ڕوون بکەینەوە کە باسی دەکەم. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و لە زۆرێک لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لە کۆمەڵگەی ئێمە دەچن، زۆر جار ژن وەک سێبەری پیاو، یان وەک پیاوێکی نوقسان، یان شتێک کەمتر لە پیاو وێنا دەکرێت. وێناکردنی باڵادەست بۆ مرۆڤبوون وێناکردنی پیاوە و ئەوەی پیاو نەبووە مرۆڤبوونی نوقسانی و شەبەقێکی گەورە یان بچووکی تێدایە. مرۆڤبوونی ژن لەم دۆخەدا وەک ئەو جۆرە لە مرۆڤبوون دەبینرێت کە کەمترە لە مرۆڤبوونی پیاو. واتە هەر لە بنەڕەتەوە دیدێکی پێوانەیی و هەرەمی بۆ ڕیزبەستی نایەکسانیی شێوازە جیاوازەکانی مرۆڤبوون هەیە. شێوازی باڵادەستی مرۆڤبوون تەنها یەک جۆر مرۆڤبوون دەکاتە پێوەری هەموو جۆرەکانی تری مرۆڤبوون، کە مرۆڤبوونی پیاوە. لەم دۆخەدا هەموو شێوازەکانی تری مرۆڤبوون، بە حوکمی ئەوەی مرۆڤبوونی نوقسان و کەمن، خاوەنی کەرامەتی کەمتریشن.

بەکورتی، سیاسەتی بەرگریکردن لە مرۆڤبوونی

جیاوان، سیاسەتێکە تەنها کاتێک دەکرێت ببێتە بنەمایەک بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پڕکەرامەت، کە پێشتر چوارچێوەیەکی یاسایی و دەزگایی و ئەخلاقی و کولتووری هەبێت، بتوانێت و بیەوێت جیاوازییەکان نەک تەنها بپارێزێت، بەڵکوو هەموویان بە هەمان شێوە مامەڵە بکات و بە هەموویان لە خاڵی سەرەتادا یەک نرخ ببەخشێت. بەکورتی، سیاسەتی جیاوازی کاتێک دەتوانێت بێمەترسی و بێزیان بێت، کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ماف و جیاوازیدا دروست بکات.

"بەهاری عەرەبی" و مەسەلەی کەرامەت

هیچ ڕووداوێک لەو ناوچەیەی ئێمەدا بە ئەندازەی "بەهاری عەرەبی" چەمکی کەرامەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان نەهێنایە ناو کردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانەوە و کەرامەتی نەکرد بە بەشێک لەو زمانە سیاسییە کە مرۆڤی ئەم ناوچەیە بەکاری دەهێنێت بۆ داڕشتنی داواکارییە سیاسییەکانی. کە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ مرۆڤە تووڕەکانی دونیای عەرەب چوونە سەر شەقامەکان و بە ڕووی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیاندا تەقینەوە، زۆرینەیان هەڵگری درووشمێک بوون، کە سێ داواکاریی سەرەکیی لە خۆی دەگرت، داواکاریی دابینکردنی "نان و ئازادی و کەرامەت،" کە لە داڕشتنەوە سیاسییەکەیدا مانای دابینکردنی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی و کەرامەت." ئەمە یەکەم جار بوو

ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی ناوچەکە درووشمی پاراستنی کەرامەت بەو شێوە ئاشکرایە بەرز بکەنەوە، یەکەم جار بوو کەرامەت ببێتە داواکارییەک لەپاڵ ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا. لە پەیوەندیدا بەم نووسینەوە، هەوڵ ئەدەم زۆر بەکورتی لەسەر داواکاریی دووهەم و سێهەم بوەستم، واتە لەسەر مەسەلەی دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کەرامەت بۆ مرۆڤەکان و قسەکردن لەسەر مەسەلەی ئازادی هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی تر.

ئاشکرایە مەسەلەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەی ئێمەدا، بە پلەی یەکەم، مەسەلەیەکە پەیوەست بە چەوساندنەوەیەکی قووڵ و فرەلایەنی ئابوورییەوە، ئەو نارێکی و نایەکسانی و نادادپەروەرییە گەورەیە بەرجەستە دەکات کە لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی نیشتیمانیدا ئامادەیە و بە هۆیەوە ژیانی بەشێکی زۆری دانیشتووانی ئەم وڵاتانەی کردووە بە دۆزەخێکی ڕاستەقینە. مرۆڤی ئەم ناوچەیە زۆر جار توانای دابینکردنی سێ ژەم خۆراکی لە ڕۆژێکدا نییە، داهاتی ڕۆژانەی هەندێک جار تەنها دوو دۆلاری ئەمەریکییە، لە خانوویەکی یەکژووریدا دەژی کە هەندێک جار هەشت تا دە کەسی تێدایە. ڕۆژی ئیشکردنی ئەم جۆرە کەسە هەندێک جار نزیکەی ١٦ کاتژمێرە. لەپشتی بەرزکردنەوەی درووشمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە تەنها پێداگرتن لەسەر نارێکییەکی ترسناک لە دابەشکردنی سامانی نەتەوەییدا ئامادە نییە، بەڵکوو ئاماژەش بۆ غیابێکی پڕ مەترسیی چەمکی هاووڵاتیی یەکسان و خاوەنماف دەکات، کە لەناو سیستمێکی حوکمڕانیدا کە نە

ڕێزی یاسا دەگرێت و نە ڕێزی ماف و نە ڕێزی مرۆڤ خۆشی. لەناو ئەم جۆرە سیستمەدا هەموو ئەو شتانە ڕوو دەدەن کە قابیلی ڕوودان نین و هەموو ئەو خراپەکارییانە ئەنجام ئەدرێن کە مرۆڤ باوەڕ ناکات ڕوو بدەن.[1] غیابی دادپەروەری، ڕووی ئەودیوی دونیایەکی گەندەڵی پڕ دزی و جەردەیی و فێڵ و گزی و فزیی ئاشکرا و نهێنییە، جۆرێکە لە ئابووریی مافیایی، کە بەردەوام هەژاریی زیاتر و مرۆڤی تێکشکاوی زیاتر بەرهەم دەهێنێت. بەم مانایە، بەرزکردنەوەی درووشمی دادپەروەری ئاماژە بۆ چەوساندنەوەیەک دەکات کە زیاترە لە چەوساندنەوەیەکی ئابووریی بەتەنها، ئەگەرچی ئەو چەوساندنەوە ئابوورییەی لە دونیای عەرەبی و ناوچەکەدا ئامادەیە، بێوێنەیە لە دونیادا. وەک ئابووریناسی فەرەنسی تۆماس پیکیتی دەڵێت، نایەکسانی لە هیچ شوێنێکی دونیادا بە ڕادەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گەورە نییە، ئەم ناوچەیە خراپترین ناوچەی دونیایە لە مەسەلەی یەکسانیی نێوان بەشە جیاوازەکانی دانیشتووانیدا.[2]بەشێکی گرنگی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە نەک

---

١ بۆ وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی میسری لە سەردەمی حوکمڕانیی موبارەکدا، بڕوانە ئەم کتێبەی نووسەری میسری جەلال ئەمین، بەتایبەتی بەشی یەکەمی کتێبەکە (ل١١-٧٨) کە باسێکی درێژە لەسەر ئەخلاقیات و کاروکردەوەکانی نوخبەی باڵادەست لەو وڵاتەدا: جلال امین. مادا حدث للتوره المصريه؟ اسباب توره ٢٥ يناير و دواعي الامل و القلق و افاق المستقبل. دار الشروق.

٢ بڕوانە ئەم وتارە بە زمانی ئینگلیزی کە ئەم ڕوانینەی تۆماس پیکیتی بەرجەستە دەکات: https://www.washingtonpost.com/news/wonk/wp/2015/11/30/why-inequality-is-to-blame-for-the-rise-of-the-islamic-state/?postshare=7731448995247434&tid=ss_fb

تەنها بێبەشن، بەڵکوو بڕێکی زۆری ئەوانەشی کە ئیشیان هەیە، ئەوەی پەیدای دەکەن، بەشی دابینکردنی پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکان و هەرە بنەڕەتییەکانی ژیانیان ناکات.

ئامارەکانیش ئاماژە بۆ دۆخێکی قەیراناویی زەحمەت دەکەن، بۆ ئەوەی بکرێت هاریکاریی گەنجانی ئەم وڵاتانە بکرێت بۆ ئەوەی ببنە خاوەن کار پێویستە تا ساڵی ٢٠٢٠ دروستکردنی ٥٠ ملیۆن هەلی کار دروست بکرێت، ئەمە لەناو ئابوورییەکدا کە بەشێکە لە ئابووریی نیولیبراڵی بەجیهانیبوو کە لەسەر بازرگانی، زۆر جار قاچاغ و نایاسایی، بەندە و بە لۆژیکی بەدەستهێنانی قازانجی خێرا بۆ نوخبەیەکی بازرگانیی سیاسیی سەربازیی بچووک کار دەکات. ئەم دۆخە وای کردووە لە سەددا چلی ئەوانەی لە دونیای عەرەبدا بڕوانامەی دواناوەندی و زانکۆیان هەیە، بێکار بن.[1] ئەمە جگە لەوەی کە داهاتی ڕۆژانەی بڕێکی بەرچاوی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەنێوان دوو بۆ سێ دۆلارە لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا ژمارەیەکی کەم لە ملیۆنێر و ملیارلێردەکانی ئەم ناوچەیە تا دێت سەرمایەکانیان گەورەتر و توانا ئابوورییەکانیان قەبەتر دەبێت. بەرزکردنەوەی درووشمی دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەوڵدانە بۆ دەرچوون لەو دۆخە نائینسانییە و سڕینەوەی بڕێک لەو جیاوازییە ماددییە گەورانەی گرووپە لاواز و هەژارەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی لە گرووپە بەهێز و دەوڵەمەندەکان جیا کردۆتەوە. وەڵام بەم دۆخە بریتییە لە پیادەکردنی سیاسەتێکی نوێ کە خۆی

---

1 Filiu, Jean-Pierre (2011). **The Arab Revolution: Ten Lessons from the Democratic Uprising.** Oxford University Press. P32-33.

لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیەکی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانی نیشتیمانیدا بەرجەستە بکات، دابەشکردنێک، ڕێ لە گەورەبوونی بۆشاییی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندانی وڵاتەکان بگرێت و کۆتایی بهێنێت بەو میکانیزمانەی هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر دەکەن. ئەگەر سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیەکی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانی نیشتیمانی وەڵام بێت بە مەسەلەی غیابی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئاستە ئابووری و ماددییەکەیدا، ئەی باشە مەسەلەی کەرامەت چۆن چارەسەر دەکرێت؟ ئایا دابەشکردنەوەیەکی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانی نیشتیمانی مانای دەستەبەرکردن و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەکان دەگەیەنێت؟ وردتر بدوێین، ئایا ئەم سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیەی سەروەت و سامانی نیشتیمانی بەسە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی بێکەرامەتکردنی مرۆڤی ئەم ناوچەیە بکات؟

بە گەڕانەوە بۆ چەمکی دانپیانان چ لای چارلس تەیلەر و چ لای هۆنێکس، دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بە نەخێر بدەینەوە. نەخێر چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرامەت لە دونیای ئێمەدا تەنها بە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیەکی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانی نیشتیمانی جێبەجێ نابێت، ئەگەرچی ئەم دابەشکردنە هەنگاوێکی گرنگە بەو ئاراستەیەدا. وەڵام بە کێشەی بریندارکردن و پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤەکانی ئەم ناوچەیە تەنها بە سیاسەتێکی ئابووریی نوێ جێبەجێ ناکرێت، تەنها بەوە نابێت کار بۆ خەڵک بدۆزرێتەوە و مووچەی مانگانەیان زیاتر بکرێت،

بەلکوو پێویستی بە سیاسەتێکی نوێی دانپیانانیش هەیە، سیاسەتێک، کە دان بە مرۆڤبوونی مرۆڤەکاندا بنێت بەو شێوەیەی کە هەن و بەو شێوەیەی دەیانەوێت ببن. واتە مرۆڤەکان وەک بوونەوەری خاوەنرێز و خاوەنماف و خاوەنبەها و خاوەننرخی تایبەت، مامەڵە بکات. ئیشکردن لەسەر گەورەکردنی ڕێزی مرۆڤ بۆ خۆی و ڕێزی کۆمەڵگە و دەزگاکان بۆ مرۆڤ، بەشێکی سەرەکیی ئەو سیاسەتی دانپیانانەیە کە ئەم ناوچەیە پێویستی پێیەتی. بە وتەی فەیلەسووفی ئیسرائیلی، ئەڤیشای مارگەلیت، پاراستنی کەرامەت لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکەوە دەبێت، کە ئەو ناوی "کۆمەڵگەی بەحورمەت"ی لێ دەنێت- The decent society. لای ئەم فەیلەسووفە، "کۆمەڵگەی بەحورمەت" کۆمەڵگەیەک نییە تیایدا دادپەروەری و یەکسانی بەرقەرار کراوە، یەکسانی و دادپەروەری ئەو پێوەرانە نین کە کۆمەڵگەی بەحورمەت لە کۆمەڵگە بێحورمەتەکان جیا دەکاتەوە. ئەوەی ئەم کارە دەکات، چۆنێتیی هەڵسوکەوتی دەزگاکانە، لە کۆمەڵگەی بەحورمەتدا دەزگا گرنگەکانی کۆمەڵگە ناتوانن سووکایەتی بە مرۆڤەکان بکەن و ناتوانن ئیهانە و بێڕێزییان بەرامبەر بکەن و وەک مرۆڤی بچووک و بێبایەخ مامەڵەیان بکەن.[1] مارگەلیت "کۆمەڵگەی دادپەروەر" بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دەزانێت لە "کۆمەڵگەی بەحورمەت،" مرۆڤ بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر بگات، پێویستە سەرەتا

1 Margalit, Avishai (1998). The decent society. USA: Harvard University Press.

کۆمەڵگەیەکی بەحورمەتی دروست کردبێت. بۆیە ئەگەر نەکرێت ڕاستەوخۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر دروست بکرێت، ئەوا پێویستە هەوڵە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەکان چڕ بکرێنەوە بۆ دروستکردنی "کۆمەڵگەیەکی بەحورمەت." کۆمەڵگەیەک دروست بکرێت، تیایدا بەهێز لاواز و دەزگاکان خەڵک وەک بوونەوەری بێنرخ و بچووک مامەڵە نەکەن. وەک وتم، "کۆمەڵگەی دادپەروەر،" قۆناغێکی پێشکەوتووترە لە کۆمەڵگەی بەحورمەت لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەو قۆناغەیە کە تیایدا "کۆمەڵگەی بەحورمەت" گەشەی زیاتر دەکات و دەگۆڕێت بۆ "کۆمەڵگەی دادپەروەر." من لێرەدا سەروکارم لەسەر ئەم تەقسیمبەندییەی مارگەلیت نییە و باس لەوە ناکەم ئایا ئەو جیاکارییە لەنێوان ئەو شێوازە لە کۆمەڵگەدا ڕاستە یان نا، ئەوەی لە بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسووفە جوولەکەیەدا بەلامەوە گرنگە، پێداگرتنیەتی لەسەر "حورمەت" یان ڕێز وەک دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی کەرامەت و پاراستنی ئەم کەرامەتەش لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکەوە، دەزگا ڕەسمییەکان تیایدا نەتوانن و بۆیان نەبێت بێڕێزی و سووکایەتی بەرامبەر بە مرۆڤەکان بکەن. لەوانە بۆ نموونە، دەزگانی پۆلیس و لەشکر و ئاسایش و دەزگا ئیدارییەکان و دەزگاکانی حوکمڕانی و دەزگا بیرۆکراسییەکان بۆیان نەبێت ئیهانە بە مرۆڤ بکەن، وەک شتێکی بێنرخ و بێمانا مامەڵەیان بکەن. کۆمەڵگە دەکرێت هەژار بێت و توانای دابینکردنی ژیانێکی ئینسانیی تەواوی بۆ هەموو تاکەکەسەکان نەبێت، بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە نەتوانێت

کۆمەڵگایەک بێت، سەرەڕای هەژارییەکەی، کەرامەتی مرۆڤەکانی نەپارێزێت و دەزگاکانی مرۆڤ وەک دەعبا و نەخۆشییەک مامەڵە بکەن. دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی لەو باباتە، بەوە دەبێت مەسەلەی ڕێز و کەرامەت گۆڕابن بۆ مەسەلە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و سیاسەتێک و سیستمێک لە دەزگا ئەو کۆمەڵگەیە بەڕێوە ببات، پاراستنی کەرامەت و ڕێزگرتنی مرۆڤ بنەما ئەخلاقی و بەهایی و یاساییەکەی بێت.

ئەوەی لە دونیای عەرەب و دونیا ئێمەشدا غائیبی ژمارە یەکە، سیاسەتی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەکانی ئەو دونیایەیە، نائامادەگیی سیاسەتی دانپیانانە بە مرۆڤبوونی مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی بایەخدار و مانادار، غیابی وێناکردنی ڕێزگرتنی مرۆڤە وەک ماف، نەبوونی سیاسەتی دانانی ڕێزە بۆ دانیشتووان، بوون و ئامادەگیی دەیەها دەزگایە کە دەتوانن هەموو جۆرە سووکایەتییەک بە مرۆڤ بکەن. سەپاندنی بەزۆری شووناس و شێوەزمان و زەوق و چێژ و دین و تەنانەت جلوبەرگە بەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەدا کە لەناو خۆیاندا پڕن لە جیاوازی. ئامادەگیی سیاسەتێکی لێپرسینەوەی پڕ سوکایەتیکردن بەرامبەر بەوانەی ئەو کۆدە سەرەکییانە پەیڕەو ناکەن، بەشێکی بەرچاوە لەو سیاسەتی بێڕێزی و بێحورمەتیکردنە بەردەوام و ڕۆژانەییەی بەرامبەر بە خەڵک و کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچەیە پیادە دەکرێن. دونیای عەرەبیی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، دونیایەکە پڕ لە جیاوازی، پڕ لە هێز و گروپی کۆمەڵایەتیی جیاواز، دینی جیاواز، نادین و دونیاکەراییی جیاواز، گروپی

ئەتنیی جیاواز، چین و توێژی کۆمەڵایەتیی جیاواز، زمان و دیالێکتی جیاواز، زەوق و حەز و چاوەڕوانیی جیاواز، هتد... نەبوونی سیاسەتێک بۆ داننان بەم جیاوازییانەدا و پێداگرتن لەسەر کۆکردنەوەی بەزۆریان لەناو سیستمێکی ئەخلاقی و فەرهەنگیی بەزۆر سەپێندراو و لەناو چوارچێوەیەکی سیاسیی و دەزگاییی ئیهانەکار، ژێرخانی ئەو سیاسەتی بێڕێزی و شکاندنی کەرامەتە بەربڵاوەیە کە لە دونیای عەرەبیدا ئامادەیە. داننان بەو جیاوازییانەدا بەشێکی گرنگی داننانە بە مرۆڤبوونی ئەو ژمارە زۆرەی مرۆڤدا کە لەو ناوچەیەدا دەژین. ئەم داننانەش مانای داننان بە حەز و ویست و چێژ و خەون و کولتوور و شێوەژیان و سروتە تایبەتەکانی ئەواندا و ڕێزگرتن و نرخاندنی ئەو جیاوازییانە وەک بەشێکی گرنگ لە شووناسی ئەو کەسانە. داننان بەم جیاوازییانەدا بەوە نابێت سەروەت و سامانی نیشتیمانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە سەرلەنوێ دابەش بکرێتەوە، بەوەش نابێت کار بدۆزرێتەوە بۆ بێکارەکان و مووچە بۆ موچەدارەکان زیاد بکرێت، بەڵکوو بەوە دەبێت، دان بەو جیاوازییانەدا بنرێت و ڕێزیان لێ بگیرێت و وەک بەشێک لە شووناسی مرۆڤەکان تەماشا بکرێت. ئەو جیاوازییانە نەک نەچەپێندرێن، بەڵکوو وەک دەرکەوتێک لە دەرکەوتە زۆرکانی مرۆڤبوون و شێوە جیاوازەکانی "بوون لەناو ژیان" و "بوون لەناو دونیا" و "بوون لەناو کۆمەڵگە"دا تەماشا بکرێن. وەک دەبینین، ئەوەی پێویستە تەنها سیاسەتی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامانی نیشتیمانی نییە، بەڵکوو داهێنانی سیاسەتێکی نوێی دانپیانانی

کۆمەڵایەتیشە. بەتایبەتی لە دونیایەکدا، کە تا دێت ڕووبەری جیاوازییە کولتووری و شووناسی و شێوەژیانەکانی ناوی، تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت، دونیایەک پڕ لە کەناڵی پەیوەندیی هەمەجۆر بە بەشەکانی تری دونیاوە و پڕ لە وێنەی نوێ و شێوەژیانی نوێ و حەز و زەوق و چێژی نوێ، دونیایەک پڕ لە شووناسی نوێ. ئەوەی پێویستە سیاسەتی داننانە بەم شووناسە تازانەدا و بەو شێوازانە لە مرۆڤبووندا، کە لەگەڵ شێوازە باڵادەستەکاندا ناگونجێت. ئەمە جگە لە ناچارکردنی دەزگا گرنگ و گەورەکان بەوەی پەیڕەوی کۆمەڵێک کۆدی ئەخلاقی و یاسایی بکەن، کە نەتوانن و بۆیان نەبێت مرۆڤەکان ئیهانە و بریندار بکەن.

لەم گۆشەنیگایەوە مەسەلەی کەرامەت تەنها پەیوەندیی بە بواری ئابوورییەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە بواری یاسایی و کولتووری و سیاسەتی ڕەمزییشەوە هەیە، کەرامەت لێرەدا کەمتر پابەستە بە پارە و سەرمایەوە و زیاتر پەیوەستە بە دانپیانانی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە. کە ئەمە دەڵێم، نامەوێت نکووڵی لەو ڕاستییە سادەیە بکەم، کە دابینکردنی کار و بژێوی بۆ مرۆڤەکان، سەرەتای سەرەتاکانە و لە نەبوونی ئەوانەدا کەرامەتی مرۆڤ بە شێوەیەکی بوونیادی بریندارە. ئەوەی دەمەوێت بەرگری لێ بکەم، ئەوەیە کە کەرامەت کورت ناکرێتەوە بۆ ڕەهەندە ئابوورییەکەی بەتەنها، چونکە پاراستنی کەرامەت پەیوەندییەکی بەهێزیشی بە مەسەلەی ڕێزگرتن لە بەها و نرخ و کولتوور شێوەژیانی تاکەکان و گروپەکانەوە هەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە، پاراستنی کەرامەت کەمتر مەسەلەی

چەوساندنەوەی ئابووری و زیاتر مەسەلەی چەوساندنەوەی کولتووری و بەهایی و ئەخلاقییە. ئەم شێوازەش لە چەوساندنەوە، بە مانای ڕێزنەگرتنی دین و نادین و بەها و چێژ و ئەخلاق و شووناس و شێوەژیانی ئەو گروپانەی کە یان کەمینەن، یان جیاوازن لە کولتووری زۆرینە، یان لا دەدەن لە داخوازییەکانی کولتووری بالادەست لە کۆمەڵگەدا. ئەم خاڵەیە وا لە من دەکات بەرگری لەو تێزە بکەم کە مەسەلەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامانی نیشتیمانی بەتەنها ناتوانێت چارەسەری کێشەی کەرامەت بکات. چارەسەری ئەم کێشەیە پەیوەستە بە داهێنانی سیاسەتێکی نوێی دانپیانانی کۆمەڵایەتییەوە، سیاسەتێک دان بە ماف و بوونی ئەو بەها و نرخ و شێوەژیان و شووناسە ڕەمزییە جیاوازانەدا بنێت، کە دەشێت بەشێک نەبن لە ژیان و کولتووری بالادەست. ئەمەش مانای داهێنانی سیاسەتێک لەباتی کوشتنی جیاوازی لەناوبردنی، جیاوازییەکان بپارێزێت و بەرگرییان لێ بکات و دانیان پیا بنێت. بەکورتی، ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی سیاسەتی نەهێشتنی جیاوازیی ئابووری و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامانی نیشتیمانی پێویست بێت، ئەوا بۆ چارەسەری کێشەی کەرامەت پاراستن و هێشتنەوەی جیاوازی و سیاسەتی داننان بە جیاوازییەکاندا پێویستە.

دەرەنجام

کەرامەتی ئینسان مەسەلەیەکی بنەڕەتیی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسی و کولتوورییە و ئاماژە بۆ ئەو نرخ و بەها و شێوازی ڕێزگرتنە دەکات کە لە کۆمەڵگەدا بۆ مرۆڤەکان وەک مرۆڤ ئامادەیە. لەپشتی چەمکی کەرامەتەوە داخوازیی ڕێزگرتن لە مرۆڤ و دانان بە مرۆڤبوونی مرۆڤدا وەک بەهایەکی گەورە و پاراستن و پۆزەتیڤ نرخاندنی جیاوازییەکان ئامادەیە. لەم وێناکردنەی مرۆڤدا دوو مەسەلە سەرەکی و بنەڕەتین لە پێناسەکردنی کەرامەتی مرۆڤدا.

یەکەمیان ڕێزگرتنە لە مرۆڤ وەک مرۆڤ، وەک بەهایەکی موجەرەد و ئەبستراکت، وەک بوونەوەرێک، دابڕا و لە ئینتیمای دینی و ئەتنی و نەتەوەیی و چینایەتی و کولتووری، مرۆڤ لە ڕووتبوونی وجودییانەی خۆیدا، مرۆڤ وەک شووناسێکی تایبەت، کە دەربڕی پەیوەندیی مرۆڤە بە مرۆڤبوون خۆیەوە، نەک پەیوەندیی بەم یان بەو هێزی کۆمەڵایەتی و گرووپی ئەتنی و دینی و نەتەوەییەوە. ماناکانی کەرامەت لێرەدا لەو مانا "کانتی"یانەوە نزیکە کە من لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم کردن، کەرامەت وەک بەشێک لە پێکهاتەی ناوەکیی ئینسان و وەک دەرکەوتێک لە دەرکەوتە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤبوون. لەم ئاستەدا چەمکی کەرامەت چەمکی بەرگریکردنە لە مرۆڤ و وەک چۆن چەمکی سەلماندنی مانا پۆزەتیڤ و ڕووە پۆزەتیڤەکانی نرخاندنی مرۆڤ و مرۆڤبوونە. واتە

لەناو دەستەواژەی مرۆڤ خۆیدا بیرۆکەی ڕێزگرتنی مرۆڤ و داننان بە مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی بەهادار و ئەبستراکت ئامادەیە. ئەم ڕوانینە وا دەکات کەرامەت وەک بەشێک لە مرۆڤبوونی هەموو مرۆڤێک ببینین و مامەڵە بکەین، مرۆڤ وەک ئامانج، مرۆڤ بەدوور لە هەموو بەکارهێنانێکی ئامرازییانە، مرۆڤ وەک سەرەتایەکی ڕەها.

دووهەمیان مەسەلەی دابینکردنی ئاستێکی تایبەتی ڕێز و دانپیانانی کۆمەڵایەتی و ژیانی ماددییە، ئینسان بتوانێت لە ڕێگەیانەوە هەم باوەڕی بە خۆی وەک مرۆڤ بەهێز بێت، هەم ڕێزگرتنی بۆ خۆی وەک مرۆڤ لە ئاستێکی بەرزدا بێت، هەم بشتوانێت پێداویستییە سەرەکییەکانی دابینکردنی ژیانێکی مرۆڤانە مەیسەر بکات. هەموو ئەمانە بەبێ ئەوەی ناچار بکرێت سازش لەسەر ویست و حەز و خواست و خەون و ئارەزووەکانی بکات. بەم مانایە کەرامەت مانای بوونی ماف، بوونی ڕێز، بوونی ئاسایشی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، بوونی شانسی یەکسانیی پێشکەوتن، ڕێگرتن لە هەڵاوێردن و پەراوێزخستنی بەئەنقەست، مامەڵەنەکردنی مرۆڤ بە شێوەیەکی توندوتیژ و تێوەگلاو لە سووکایەتییکردن و ئیهانەکردن و هتد... ئەوەی ئینسانە جیاوازەکانی ناو بەشە جیاوازەکانی جیهان دەکات بە بەشێک لەو گشتە گەورەیەی ناوی مرۆڤایەتییە، بوونی ئەو شتەیە کە ناوی کەرامەتی مرۆڤیان لێناوە، کەرامەتێک بۆ هەمووان و لە هەموو شوێنێکدا وەک یەکە. هەموو هەڵسوکەوتێک بەرامبەر بە ئینسان بە مەبەستی هەژارکردنی، یان بچووککردنی، یاخود بێڕێزکردنی، یان ناچارکردنی، یان نانبڕین و ماڵوێرانکردنی،

خستنەژێرپێیەکی ڕاستەوخۆ و ترسناکی کەرامەتی مرۆڤە، مامەڵەنەکردنیەتی وەک ئینسان، ژێرپێخستنی ئەو بەشەیە لە بوونی ئینسانی کە ئینسان دەکات بە ئینسان.

لەگەڵ لەدایکبوونی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤدا لە ساڵی ١٩٤٥دا، ئیتر مەسەلەی پاراستنی کەرامەتی ئینسان دەبێت بە بابەتێکی گەردوونی و کەرامەت خۆشی دەبێت بە شتێک ئینسان لەگەڵ لەدایکبوونیدا هەڵگریەتی. لەو جاڕنامەیەدا مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا وەک مرۆڤێکی یەکسان و خاوەنکەرامەت لەدایک دەبێت، وەک بوونەوەرێک کە پلە و ڕادە و ئاستێکی دیاریکراوی نرخ و بەها و مشوورخواردن داوا دەکات و دابینکردنیشیان وەک بەشێک لە کردەی پاراستنی مرۆڤبوونی مرۆڤ و وەک ماف وێنادەکرێت. ئینسان لەناو جاڕنامەکەدا بوونەوەرێکە بە کەرامەتی ئینسانیانەوە لەدایک دەبێت، هەم مافی ئەوەی هەیە ڕێزی لێ بگیرێت و هەم مافی ئەوەشی ژیانێکی شایستە بە مرۆڤی بۆ دابین بکرێت. هاوکات جاڕنامەکە پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرێت، کە مرۆڤەکان یەکسانن لە بڕ و ڕادە و بوونی کەرامەتدا، هیچ مرۆڤێک کەرامەتی لە مرۆڤێکی دیکە زیاتر یان کەمتر نییە. وەک لەم نووسینەدا نیشانم دا، ئەم وێناکردنە بۆ مرۆڤ و بۆ کەرامەت، وێناکردنێکی نوێیە و بەشێکە لەو فیکر و ڕوانین و فەلسەفە ئەخلاقی و سیاسییانەی لە دونیای مۆدێرندا دێنە کایەوە. لە سەردەمە کۆنەکاندا نە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا یەکسان بوون و نە کەرامەت لە ڕێگەی لەدایکبوونەوە شتێک بووە هی هەمووان، هەندێک مرۆڤ لەوانی تر مرۆڤتر و هەندێکیش خاوەنی کەرامەتتر و زۆرانێکیش بێکەرامەت بوون.

کۆیلەکانی دونیای کۆن، وەک کەسانێکی خاوەنکەرامەت وێنا نەکراون، لە ڕاستیدا ئەوان نەک تەنها وەک خاوەنی کەرامەت مامەڵە نەکراون، بەڵکوو خاوەنی خۆشیان نەبوون، خۆیان مولکی کەسانی تر بوون. لەگەڵ دروستبوونی دونیای نوێدا و لەگەڵ هاتنەکایەی فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی نوێدا، ئینسان، هەموو ئینسانێک، وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت وێنا دەکرێت. بەڵام ئەم بینینە مانای ئەوە نییە ئیتر لە سەدەی حەڤدەهەم یان هەژدەهەمەوە مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت مامەڵە کراوە. لەنێوان بینینی مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت و لەنێوان مامەڵەکردنیدا وەک بوونەوەرێکی خاوەنکەرامەت، مێژووی سێ سەدە کۆشش و خەبات و یاخیبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئامادەیە. تەنانەت لە شوێنێکی وەک ئەمەریکادا، کە یەکێکە لە شوێنە گرنگەکانی لەدایکبوونی دونیای نوێ و دیموکراسیەت و بیرۆکەی ماف و کەرامەت، تا سالانی شەستی سەدەی بیستەم، ڕەشپێستەکان وەک بوونەوەری پلەدوو لەو وڵاتەدا تەماشا و مامەڵە دەکران.

لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لە کۆمەڵگەی ئێمە دەچن و پڕن لە بێدادیی کۆمەڵایەتی و پێشێلکاریی یاسایی و چەوساندنەوەی سیاسی، پڕن لە فشار و چەپاندنی ئەخلاقی و فەرهەنگی و ڕەمزی، لەو کۆمەڵگەیانەدا بریندارکردن و پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤ یاسایە نەک ڕێکەوت، بەشێکە لە ئاکاری باڵادەست، نەک ڕووداوێکی لاوەکی، لەناو دەزگا باڵادەستەکانەوە دێن نەک شتێک لە پەراوێزەکاندا. کێشەی

سەرەکیی کەرامەت لە دونیای ئێمەدا تەنها ئەوە نییە کە بەردەوام بریندار دەکرێت و دەشکێندرێت، بەڵکوو ئەوەشە کە زمانێکی سەربەخۆشی نییە بۆ باسکردنی خۆی. مرۆڤی ئێمە، بە ڕۆشنبیرانیشەوە، تا ئەمڕۆ ئەو زمانەیان دروست نەکردووە کە زمانی باسکردن و ڕاڤەکردن و تێگەیشتن بێت لە کەرامەت. ئەوەی هەیە دەنگەدەنگ و هات و هاوار و هەندێک چرپەی بیستراو و نەبیستراوە، بەر لە بوون و گۆڕینیان بۆ زمان و بۆ گووتار. لەمەش بترازێت، ڕادەی بریندارکردنی کەرامەتی مرۆڤی ئێمە تەنها سیاسەت و دەزگاکانی حوکمڕانی و ئەو سیستمە ئەخلاقیی و فەرهەنگییە سوننەتییە لێی بەرپرسیار نییە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باڵادەستن، بەڵکوو بڕێکی بەرچاوی ئەو زمانەش لێی بەرپرسیارە کە زمانی ڕۆشنبیریی ئێمەیە، زمانێک، لێوانلێوە لە سووکایەتیکردن بە مرۆڤ و پڕە لە شێوازە جیاوازەکانی توندوتیژیی ڕەمزی و لە نارسیسمێکی فەرهەنگیی مەترسیدار. ڕۆحی خۆ بە "گراندایزەر" و "سوپەرمان" زانین، ڕۆحێک نییە تەنها لەناو سیاسەتی کوردیدا ئامادە بێت، بەڵکوو بەشێکی بەرچاوی بەشێک لەو سیستمە ڕەمزییەشە کە ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران لە دونیای ئێمەدا دروستیان کردوە. زمانی ڕۆشنبیران پڕیەتی لە دەستەواژەی بە گەمژە و جاهیل و گاگەلکردنی کۆمەڵگە و مرۆڤەکان.

کەرامەت بەر لە هەموو شتێک پەیوەندییە، پەیوەندیی مرۆڤە بە مرۆڤەکانی تر و پەیوەندییەتی بە خودی خۆیەوە. پەیوەندییەکە تیایدا نرخ و بەها و قورسایی مرۆڤ وەک مرۆڤ پارێزراوە، مشوورخواردن و کوێپێدان و حیسابپۆکردن

و دانپیانان بەها سەرەکییەکانیەتی. کەرامەت تەنها نیشاندانی ڕێز نییە، کورت نابێتەوە بۆ ڕێزگرتن بەتەنها، بەڵکوو مشوورخواردنێکی بەردەوامیشە بۆ مرۆڤبوونی مرۆڤ، مامەڵەکردنی مرۆڤبوونی مرۆڤە وەک ماتریالێکی ناسک و قابیلی شکاندن و وێرانکردنی خێرا. گرنگیی ڕێز و مشوورخواردن بۆ مرۆڤ لەبەر ئەوە نییە کەسێک نووسەر یان هونەرمەند، یان یاریزان یان دارتاش، یان فیتەر یان سیاسییەکی باش یان خراپە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە هەموو ئەمانە مرۆڤن، مرۆڤن وەک پێدراوێکی ئەبستراکت، مرۆڤن بەر لە دروستبوونی زمانی باشە و خراپە، بەر لە ناونانی شتەکان. پاراستنی کەرامەت دەشێت بەشێک بێت لە هەموو پەیوەندییەک، بکرێت لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست ببێت، چ لەگەڵ یەک و چ لەگەڵ دەزگا سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگەدا، بەڵام دەشێت بێکەرامەتی، شکاندنی کەرامەت، بێنرخکردن و بەسووک تەماشاکردنی مرۆڤ، بەشێک بێت لە پێکهاتی ئەو پەیوەندییانە. بێکەرامەتکردن مەرج نییە تەنها بەشێک بێت لە پەیوەندییە سیاسییەکان، بەڵکوو دەشێت بەشێکیش بێت لە پەیوەندییە دینی و ڕۆشنبیری و فیکرییەکانیش، مەرج نییە تەنها ئاکاری ناو کایەی سیاسەت بێت، بەڵکوو دەشێت ئاکاری ناو کایەی دین و فیکر و نووسینیش بێت. ئەمەیە وا دەکات مەسەلەی بەرگریکردن لە کەرامەت مەسەلەی ژمارە یەکی ناو هەر کۆمەڵگەیەک و هەر کایەیەک بێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا، کە وەک وتم، شکاندن و بریندارکردنی کەرامەت یاسایە نەک ڕێکەوت، زمانە نەک چرپە و دەنگەدەنگێکی تێکەڵ. بەرگریکردنیش

لـە کەرامـەت یـەک ناوونیشـانی هەیـە: لەناوبردنـی ویسـتی بێڕێـزی و ویسـتی کۆنتـرۆڵ و ئاراسـتەکردنی ئەوانـی تـر، پاککردنـەوەی زمـان لـەو دەسـتەواژە و زاراوانـەی ڕوانیـن بـۆ مرۆڤبوونـی مـرۆڤ وەک شـتێکی کەمنرخ و کەمبەهـا مەیسـەر دەکـەن، لەناوبردنـی ئـەو جۆرانـە لـە غـرور کـە دونیـای دەرەوەی ئـەو غـرورە وەک شـتێکی کـەم و بچـووک و بێمانـا و هەڵـە وێنـا دەکات، سنووردارکردنی نەرجسیەتێک، ڕووی لـە قەبەکردنێکی بەردەوامـی خـود بێـت لەسـەر حیسـابی بچـووک و کەمنرخکردنـی هەمـوو شـتێکی دەرەوەی ئـەو خـودە. ڕێگرتـن لـە هەڵاوێردەکردنی کۆمەڵایەتـی و هەوڵـدان بـۆ بوونیادنـان و دروسـتکردنی دونیایەکـی بەتـاڵ لـە زەلیلـی. داننـان بـە توانـا و بـە بەشـداریی کەسـەکانی تـردا و بەرزنرخاندنـی ماندووبـوون و تەقەلاکانیـان لەنـاو ژیانـی کۆمەڵایەتیـدا، هەروەهـا داننـان بـە تواناکانـی بیرکرنەوەیانـدا، دەسـتەبەرکردنی ئاساییشـی تاکەکەسـی و دەسـتەجەمعی بـۆ هەمـووان، بەڕادەیـەک، هەرکەسـێک بتوانێـت بەئاسـانی و بەئـازادی بدوێـت و ئـەوەی بـە ڕاسـتی دەزانێـت بێ تـرس و بێ سانسـۆرکردن باسـی بـکات و بەرگـری لـێ بـکات. ئەمـە سـەرەڕای وێناکردنـی مـرۆڤ وەک بێتـاوان و شـوێنی بڕواپێکردن تـا ئـەو کاتـەی پێچەوانەکـەی دەر دەکەوێـت و دەسـەلمێت. هەمـوو ئەمانـە ڕەگـەزە جیاوازەکانـی نـاو سیاسـەتی کەرامـەت و ڕێزگرتنـی مرۆڤـن. هاریکاریـی مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی بتوانێـت ژیانـی خـۆی بهێنێتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە و وەک بوونەوەرێکـی سـەربەخۆ و ئـازاد بجووڵێتـەوە و بیـر بکاتـەوە، هـەم باوەڕی بـە خـۆی بێـت هـەم بـەو دونیایـەی تیایـدا دەژی، بتوانێـت خـەون ببینێـت و ئومێـدی بـە دونیایـەک

هەبێت، مرۆڤانەتر و جوانتر لەوەی لە ئێستادا هەیە، ئەمانەش بەشێکی تری ئەو سیاسەتی ئومێد و کەرامەتەن کە پێویستن. ئامادەبوون بۆ داوای لێبووردنکردن و بۆ بینینی هەڵەکانی مرۆڤ خۆشی، بەشێکی گرنگی مەیسەرکردنی زەمینەیەکە، مرۆڤ بتوانێت بە شێوەیەک مامەڵەی دونیا و مرۆڤەکانی تر بکات، کە نەبێتە هۆی بریندارکردنی کەرامەتیان.

بەکورتی، کەرامەت مانای پاراستنی مرۆڤەکەی ناومان لە هەموو ئەو ڕق و بوغز و تەماح و هەستی خۆبەگەورەزانینانەی مرۆڤێک لەناو خۆی و لەناو ئەوانی تردا دروستی دەکات، مانای بەهێزکردنی توانای گوێگرتن و بینینی حەز و ویست و خەون و ئەزموون و خەم و خۆشیی مرۆڤەکانی تر و ئامادەگی بۆ داننانپیایاندا. ئەوەی بەر لە هەموو شتێک لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا پێویستی بە گۆڕین و داڕشتنەوەیە، ئەو دۆخی بێکەرامەتی و بچووکتەماشاکردنەی مرۆڤە کە ڕۆژانە بە شێوازی جیاواز و لە ڕێگەی جیاوازەوە دەیانبینین. ئەمەش شتێک نییە تەنها سیاسییەکان لە پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەماندا ئەنجامی بدەن، تەنها دەزگا گەورەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە تاکەکەسەکان ئەنجامی بدەن، بەڵکوو بڕێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێمە، بە بڕێک لە ڕۆشنبیرانیشەوە، لە بنی پێیانەوە تا تەوقی سەریان لەناو ئەم سیاسەتی بێڕێزیکردنەدا بەرامبەر بە مرۆڤ، نوقمن. ئەوەی ئەمڕۆ بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە بەرگریلێکردنە، کەرامەتی مرۆڤی ئێمەیە.

سەرچاوەکان

Curtis, Micael (2008). The great political theories. New York, HarperPerennial.

Fanon,F. (1982). The wretched of the earth. New York: Grove.

Filiu, Jean-Pierre (2011). The Arab Revolution: Ten Lessons from the Democratic Uprising. Oxford University Press. P 32-33.

Fischer, Johannes (2010). The social recognition of human dignity. ESKA 1 Journal International de Bioethique. Vol. 21, 3 PP. 43-49.

Forst, Rainer (2011). 'The Grounds of Critique: on the Concept of Human Dignity in Social Orders of Justification'. Normative Orders Working Paper 01/2011. Institut für Politikwissenschaft, Robert-Mayer-Straße 5, 60325 Frankfurt am Main.

Giesinger, Johannes (2012). Kant on dignity and education. Educational Theory Vol 62, nr 6, pp 609-620.

Hicks, Donna (2011). Dignity: Its Essential Role in Resolving Conflict. Yale University Press. P. xii.

Honneth, A.,(1995). The Struggle for Recognition: The Moral Grammar of Social Conflicts,Cambridge: The MIT Press.

Honneth, A., (2007). Disrespect: The Normative Foundations of Critical Thyheory, Cambridge: Polity Press.

Honneth, A 2001. 'Recognition or redistribution?: Changing perspectives on the moral order of society'. Theory, Culture & Society no.18 pp.43- 55.

Honneth, The Struggle for Recognition, Cambridge 1996; idem, Unsichtbarkeit, Frankfurt am Main 2003.

Margalit, Avishai (1998). The decent society. USA: Harvard University Press.

McCurdden, C (2008). Human dignity and jiudical intrepretation of human rights. The European Journal of International Law 19(4): 655-724.

Taylor, Charles (1994). 'The Politics of Recognition'. Multiculturalism: Examining the Politics of Recognition. Ed. Amy Gutmann. Princeton: Princeton University Press. 25-73.

-Sulmasy, F. P. (2007). Human dignity and human

worth. In J. Malps, & N. Lickiss (Eds.), Perspectives on human dignity: Aconversation (pp. 9-18). Dorderecht, The Netherlands: Springer.

Waldron, Jeremy (2012). How law protects dignity. The Cambridge law journal,Vol 71, Issu 1, March 2012, pp 200-222.

بەشی سێهەم
دەربارەی پلوراليزم

هانا ئارێنت، جیانی ڤاتیمۆ و فارابی

سەرەتا

هیچ تەحەدایەک لە مێژووی کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بە ڕادەی تەحەدای ڕێکخستنی جیاوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕەمزییەکان گرنگ نییە. کۆکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا و دونیابینی و چوارچێوە ئەخلاقی و ڕۆحانییە جیاوازەکان لەناو یەکەیەکی هاوبەشی گەورەتردا، کێشەی پلورالیزمی دینی و نادینی و کێشەی پلورالیزمی دونیابینییە جیاوازەکان، کێشەی ژمارە یەکی دونیای مۆدێرنە. ڕێکخستنی جیاوازییش لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لە چوارچێوەیەکی پلورالدا، تەنها ڕێکخستنی ئەو جیاوازییانە نییە کە لە ڕابردووەوە بۆ ئەو کۆمەڵگەیە ماونەتەوە، بەڵکوو ڕێکخستنی ئەو جیاوازییانەشە کە لە ئێستا و ئەمڕۆ و سبەینێشدا دروست بدەن. مۆدێرنە خۆشی ماشینێکی گەورەی بەرهەمهێانی جیاوازییە و هیچ کۆمەڵگەیەک لە دونیادا نەماوە کە بەردەوام جیاوازی بەرهەم نەهێنێت. ئەگەر لە قۆناغەکانی بەر لە مۆدێرنەدا جیاوازیی ئایینی جیاوازیی ژمارەیەکی نێوان گروپ و کۆمەڵگەکان بووبێت، ئەوا لە سەردەمی مۆدێرنەدا ڕووبەری جیاوازییەکان بە ڕادەیەکی گەورە فروانتر دەبێت و دەیان شێوازی نوێ دەگرێتە خۆی، لە جیاوازیی شار و لادێوە بیگرە، بۆ

جیاوازیی چینەکان و پیشەکان و کایەکان و دونیابینییەکان و شێوەژیانەکان و شووناسە جیاوازەکان، جیاوازیی نەتەوەکان و کولتوورەکان و کەلەپوورە کۆن و نوێیەکان، جیاوازیی ڕوانینە ئەخلاقییەکان و بەهاکان و داوەریکردنەکان. هەموو ئەمانە بەشێکی بنەڕەتیی ئەو هەندەسە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەن، کە دونیای ئەمڕۆ دروست دەکات. ئەم جیاوازییانە لە دونیای مۆدێرندا دەبن بە بەشێکی بنەڕەتی و سەرەکیی ژیان. بۆیە پرسیاری ئەوەی چی لەو فرەڕەنگییە ئینسانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕەمزییانە بکەین؟ چی لە پلورالیزم بکەین؟ چۆن جیاوازییەکان ڕێک بخەین؟ چ چوارچێوەیەکیان بۆ بدۆزینەوە؟ دەبنە ئەو پرسیارە سەرەکی و بنەڕەتییانەی لە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە و فەرهەنگە جیاوازەکاندا دێنە کایەوە، بەتایبەتی لەو بەشانەی دونیادا کە پرۆسەی تازەبوونەوە کۆمەڵگەکانی ڕووبەڕووی چەندەها تەحەدا و کێشەی گەورە کردۆتەوە، نەک تەنها گیرخواردن بەدەست جیاوازییە کۆنەکانی ناو کەلەپوورە جیاوازەکانی خۆیانەوە، بەڵکوو بەدەست ئەو جیاوازییانەشەوە کە پرۆسەی تازەبوونەوە و لە دونیای ئەمڕۆشدا پرۆسە جیاوازییەکانی بەجیهانیبوون بەرهەمیان دەهێنێت.

ئەم نووسینە هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەی دیاردەی پلورالیزم وەک تەحەدایەک بۆ فیکری فەلسەفی و سیاسی و دینی. سەرەتاش لە ناساندنێکی گشتیی دیاردەی پلورالیزمەوە لای فەیلەسووفی ئەمەریکایی ویلیم جەیمس دەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی دواتر چەمکی پلورالیزم لای فەیلەسووفی ئەڵمانی هانا ئارێنت و فەیلەسووفی ئیتالی جیانی ڤاتیمۆ

و فەیلەسووفی ئیسلامی فارابی بخوێنێتەوە. لای ئارێنت، پلورالیزم بنەمایەکی ئەنترۆپۆلۆژیی هەیە کە پەیوەستە بەو ڕاستییەوە کە مرۆڤ هەمەجۆرە و هەموو تاکەکەسێکیش کە دێتە ناو جیهان، لەگەڵ خۆیدا ئەگەری سەرەتایەکی تازە و جیاواز دێنێتە کایەوە. لای ڤاتیمو، پلورالیزم بنەمایەکی سۆسیۆلۆژی و ئەستمۆلۆژیی هەیە و بەوەوە پەیوەستە کە کەسێک یان تێزێک یان تیۆرەیەک بەتەنها توانای ڕاڤەکردنی دونیای نییە، واتە شتێک لە مەعریفەدا بە ناوی "چاوێکی خودایی"ەوە بوونی نییە، کە بتوانێت هەموو شتەکان و دیاردەکان و دەرکەوتەکان ببینێت. فارابیش لە دیدێک نزیک لە دیدی کۆمەڵناسییەوە دەدوێت و پێی وایە ناکرێت بیر لەوە بکەینەوە کە جیهان وەک یەک جیهان ببینین و هەموو شارەکان و کۆمەڵگەکانی دونیا یەک دین و یەک شێواز لە حوکمڕانی و یەک جۆر مەعریفەیان هەبێت.

مەسەلەی پلورالیزم یەکێک لە مەسەلە هەرە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئەو ناوچەیەیە کە کۆمەڵگەی ئێمەی تێدا دەژی. لە شەست ساڵی ڕابردوودا، واتە لە قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزمدا، ئەو ناوچەیە ڕووبەڕووی دوو شێواز لە فیکر و دوو شێواز لە حوکمڕانی و دوو شێواز لە ڕێکخستنی جیاوازی بۆتەوە، کە لەسەر کوشتن و سڕینەوەی پلورالیزم کار دەکەن. یەکەمیان سەرجەمی ئەو ئایدیۆلۆژیا عەلمانییە نادینییانەیە کە بە ناوی قازانجی نەتەوە و قازانجی چینی کرێکار و خەباتی دژە ئیمپریالیزمەوە کاریان بۆ سەپاندنی یەک دید و یەک ڕوانین و یەک سیاسەت و یەک پارت و یەک سەرۆک و یەک جۆر ڕۆشنبیر بەسەر کۆمەڵگەکاندا دەکرد.

ئەویتریان سەرجەمی ئەو ئایدیۆلۆژییە دینییە ئیسلامییانەیە کە نەخشەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا دروست دەکەن و ئەمانیش لە دیدێکی هەقیقەتگەرا و ڕەسەنخواز و شووناسگەری دینییەوە، هەموو شتێکی دەرەوەی خۆیان نەفی دەکەن. ئەگەر سەید قوتب دونیای دەرەوەی ئیسلام و بەشێکی زۆری دونیای ئیسلامیش وەک جاهیلیەت ناو ببات، ئەوا ئایدیۆلۆژییەکانی دیکەش بە ناوی شارستانیەتی بۆرژوازی و دیموکراسیەتی درۆزنانە و لیبرالیزمی ڕیاکارەوە خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر بەشێکی گەورەی ئەزموونە سیاسی و فەرهەنگی و فیکرییەکانی دونیادا دەهێنن. هەوادارانی هەردوو بەرەکە، تا ئەمڕۆش لە ناوچەکەدا و لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئامادەن و زۆریان شەرابە کۆنەکان لە پەرداخێکی تازەدا دەفرۆشنەوە. لەمەشدا هەرچی شتێک لەو دیدە ئایدیۆلۆژییە داخراوانە نەچێت و بەشێک نەبێت لەو دونیابینییە تەسکبینە، یان وەک جەهل و گەمژەیی دەبینن، یاخود وەک کوفر و زەندەقە و جاهیلیەت وێنای دەکەن. گرەوی سەرەکیی ئەو ناوچەیە لە تێپەڕاندنی لۆژیک و بیرکردنەوە و کردەی مێژوویی هەردوو بەرەکەدایە.

بەڵام با بەر لە باسکردنی پلورالیزم، لە ئاستە فەلسەفی و ئەپستمۆلۆژی و دینییەکەیدا، چەند سەرنجێک لەسەر ئەو چوارچێوە سەرەکییە دەر ببڕین کە لە دونیای مۆدێرندا بۆ ڕێکخستن و ئیدارەدانی جیاوازی دروست کراوە، کە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیە.

دەوڵەتی نەتەوە

لە سەدەی هەژدەهەمەوە ئەو چوارچێوەیەی بۆ نیشتەجێکردن و پاراستنی پلورالیزم دروست کراوە، چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییی مۆدێرنە کە خۆی وەک یەکەیەکی گشتیی هاوبەش و بێلایەن نماییش دەکات و وای نیشان ئەدات لەسەرووی جیاوازییە کولتووری و دینی و کۆمەڵایەتی و ڕەمزییەکانەوەیە. دەوڵەتی مۆدێرن خۆی دەبێت بەو چوارچێوە گشتییە کە جێگەی دین و دونیابینییەکانی دیکە دەگرێتەوە، بە ئایدیۆلۆژیا گەورەکانی سەردەمی مۆدێرنە خۆشیەوە. واتە دەوڵەت خۆی وەک دەوڵەتێکی دینی یان ئایدیۆلۆژی یان ڕۆحانی نماییش ناکات، بەڵکوو خۆی وەک هاوبەشێکی گشتی، وەک جیهانبینییەکی نوێ نماییش دەکات کە جێگەی هەموو جیهانبینییەکانی تر دەگرێتەوە و شوێنیش بۆ هەموویان دەکاتەوە. نەتەوە لێرەدا دەبێتە ئەو چوارچێوە گشتییەی جیاوازییەکان لە هەناوی خۆیدا جێ دەکاتەوە و هەر خۆشی دەبێت بەو یەکە تازەیەی کە دەکەوێتە سەرووی هەموو یەکە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە. نەتەوە تەنها وەک چوارچێوەیەکی سیاسیی هاوبەش دەر ناکەوێت، بەڵکوو دەبێت بە چوارچێوەیەکی ئەخلاقیی هاوبەشیش، دەوڵەت خۆشی تەنها وەک چوارچێوەیەکی یاسایی ئامادە نییە، بەڵکوو چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و دەروونیی هاوبەشیشە. نەتەوە و دەوڵەت لەم ڕوانینەدا یەکەیەکی گەورەی بێلایەنن

بەرامبەر بە ئایدیۆلۆژیاکان و دینەکان و دونیابینییەکان، یەکەیەکن دەتوانن جێگە بە جیاوازییەکان ببەخشن بەبێ ئەوەی خۆیان ببن بە قسەکەر یان نوێنەری هیچ یەکێکیان. بەلام گۆڕانی نەتەوە بۆ ئەم چوارچێوە گشتییە بەبێ دابینکَردنی دوو پێداویستیی سەرەکی مەحالە، یەکەمیان یەکسانبوونی تاکەکەس و گروپەکانە بە یەکتری لەناو چوارچێوەی نەتەوەدا، دووهەمیان لێبووردەییی نەتەوەیە بەرامبەر بە هەموو جیاوازییەکانی ناو هەناوی. تەنها لە دۆخی دابینکردنی ئەم دوو مەرجەدا هەم نەتەوە و هەم دەولەت دەتوانن ببنە ئەو چوارچێوە گشتییەی کە هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەلگە بە چوارچێوەی خۆیانی بزانن و وەک شووناسێکی هاوبەش مامەلەی بکەن. چەمکی یەکسانی، کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باسمان کرد و چەمکی لێبووردنیش دەبن بە دوو چەمکی گرنگ و سەرەکیی ناو هەر سیاسەتێکی سەرکەوتووی ڕێکخستن و پاراستنی پلورالیزم لە دونیای مۆدێرندا، بەتایبەتی گەر نەتەوە یەکەی سەرەکیی کۆکردنەوەی جیاوازییەکان بێت بەیەکەوە. بێگومان ئەم ڕوانینە کون و کەلەبەر و نوقسانی زۆری تێدایە، کە خوێنەر بۆ شارەزابوون بە هەندێکیان دەتوانێت بۆ وتاری یەکەمی ناو ئەم کتێبە بگەڕێتەوە، بەتایبەتی بۆ ڕەخنەکانی مارکس و هانا ئارێنت لە چەمکی هاوولاتیبوون و لە مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ لەناو چوارچێوەی دەولەتی نەتەوەدا. هەروەها دەتوانێت بۆ ئەو کەلەپووورە تیۆرییە تایبەتە بگەڕێتەوە کە بێلایەنبوونی دەولەت و نەتەوە دەخەنە ژێر پرسیار و گومانەوە. بەلام سەرجەمی ئەم ڕەخنانە

لەو ڕاستییە ناگۆڕن کە دەوڵەتی نەتەوە ئەو چوارچێوە بالادەستەیە کە هەم مەسەلەی یەکسانی و هەم مەسەلەی پلورالیزم لە هەناویدا ڕێک دەخرێت.

ڕەخنەگرانی دونیای مۆدێرن لەسەر ئەو خاڵە تەبان کە لەگەڵ بوونی نەتەوەدا بە چوارچێوەی سەرەکیی کۆکردنەوەی جیاوازییەکان لەپاڵ یەکدا، چەندەها میکانیزمی ئامێزانبوون و دوورخستنەوە، قبوڵکردن و دەرکردن، نرخاندنی پۆزەتیڤ و پەراوێزخستن دێنە کایەوە و دەشبن بە بەشێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگە مۆدێرنەکان. بۆ نموونە، گووتاری ڕاسیزم و گووتاری مافەکانی مرۆڤ بەتەنیشت یەکەوە ئامادەن. زۆرێک لە ڕەخنەگران نیشانی ئەدەن، نەتەوە وەک چوارچێوەی سەرەکیی کۆکردنەوەی جیاوازییەکان، هەندێک جیاوازی قبوڵ و هەندێک جیاوازیی تر قبوڵ ناکات، بۆ نموونە هەموو مرۆڤێک بکەوێتە دەرەوەی سنوورەکانی نەتەوە یان دەوڵەتی نەتەوەوە، خاوەنی هەر ئاکارێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیش بێت، ناتوانێت ببێت بە بەشێک لە نەتەوە و وەک هاوولاتی مامەڵە ناکرێت. مەسەلەی بوون بە ئەندامیش لەناو نەتەوەیەکی دیکەشدا بەناو چەندان پرۆسەی یاسایی و فەرهەنگی و ڕەمزیی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، کە پڕن لە بەربەست و سنوور و هێڵی ئەستووری جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری.

ناچارکردنی مرۆڤ بۆ پەنابردن بۆ شووناسی لاوەکی و پەراوێزی، لە پەیوەندیدا بە شووناسی بالادەستەوە، بەشێکە لە دیاردەکانی ناو دونیای مۆدێرن. کێشەی مامەڵەکردنی مرۆڤیش وەک بوونەوەرێکی پلەدوو و پلەسێ بە هۆی

جیاوازیەکانییەوە، لە جیاوازیی دینییەوە بیگرە بۆ جیاوازیی ئەتنی و فەرهەنگی و ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی، تا ئێستاش لە کێشە هەرە بنەڕەتی و هەرە سەرەکییەکانی دونیای ئەمڕۆن. نە نەتەوەی مۆدێرن و نە دەوڵەتی نەتەوەش لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون، کە هەموو کێشەکانی پلورالیزمی سیاسی و کولتووری و ئەخلاقی و ڕەمزی چارەسەر بکەن. بەڵام هاوکات ڕێزگرتنی پلورالیزم یەکێکە لەو هەوڵانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە هاتۆتە کایەوە، پلورالیزم لێرەدا تەنها مانای بوونی جیاوازی نییە، بەڵکوو مانای دەرگیربوونە لەگەڵ ئەو جیاوازانەدا، دۆزینەوەی ڕێگەچارەیە بۆ مامەڵەکردنی جیاوازییەکان بەبێ لەناوبردن و پەراوێزخستنی ئەمیان لەسەر حیسابی ئەوی تریان.

لە مێژوودا بە زۆر شێوە هەوڵی ڕێکخستنی پلورالیزم دراوە، بۆ نموونە جیاکردنەوەی چین و توێژ و دینەکان لە یەکتری و دروستکردنی بەربەست و دیوار لەنێوانیاندا، تا ئەو شوێنەی "گیتۆ"ی تایبەت بە هەریەکێک لەوانە دروست بکرێت و لە ڕووی کردەییەوە ڕێ لە تێکەڵبوونیان بگیرێت. ئەزموونە سیاسییە ترسناکەکانی سەدەی بیستەم، نیشانیان داین کە ئەم شێوازە لە مامەڵەکردنی پلورالیزم چەند شێوازێکی نامرۆڤانە و وێرانکەرانەیە و چۆن دەکرێت دابڕانی مرۆڤەکان لە یەکتری، هەنگاوی یەکەمی لەناوبردنی ئەم گروپ یان ئەوی تریان بێت. پلورالیزم تەنها مانای لێبووردن و چاوداخستن نییە بەرامبەر بە یەک، مانای ئەوە نییە مرۆڤەکان و گروپەکان یەکتری ببینن و کەسیان هەقی بەسەر ئەوی تریانەوە نەبێت. پلورالیزمی ڕاستەقینە،

مانای دروستکردنی پەیوەندیی چالاک و فرەجۆرە لەنێوان کەسە جیاوازکاندا لەسەر بنەمای هاوبەشێکی ئینسانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەمزی. ڕاستە لێبووردن بەهایەکی فەرهەنگی و سیاسی و ڕەمزیی گرنگە، بەڵام بۆ ڕێکخستنێکی چالاکی پلورالیزم لێبوردن بەتەنها بەس نییە. ئەم ڕوانینە وادەکات پلورالیزم، یەکسان نەکەین بە ڕێژەگەرایی، چونکە لەپشتی پلورالیزمەوە، تەنها جیاوازییەکان ئامادە نین، بەڵکوو هاوبەشێکی ئینسانی و فەرهەنگییش هەیە، کە هیی هەموانە بە هەموو ئەو جیاوازییانەوە کە هەریەکێک هەڵگریەتی. لەم دیدەدا جیاوازییەکان نەک تەنها دەچنە پەیوەندییەوە لەگەڵ یەکدا، بەڵکوو خودی ئەو پەیوەندییانە لەناو چوارچێوەیەکی گشتی و هاوبەشدا ڕوودەدەن. ئەم دۆخەش بەر لە هەموو شتێک، پێویستی بە بوونی زمانێکی هاوبەشە، زمانێک کەسەکان و گروپەکان و کۆمەڵەکان بتوانن بە هۆیەوە لە دیالۆگ و گفتوگۆیەکی بەردەوامدا بن، کە بە هۆیەوە ڕەخنەگرتن لە خۆ و ڕەخنەگرتن لەوی تر بەشێکی گرنگ و بنەڕەتیی ئەو دیالۆگانە بێت. لە هەر شوێنێکدا ئەو زمانە و ئەو دیالۆگە بوونی نەبوو، واتە توانای گوێگرتن و قسەکردن بوونی نەما، شتێک بە ناوی پلورالیزمی ڕاستەقینەوە بوونی نامێنێت. بوونی دیالۆگیش مانای ئەوە نییە کە هەموان هەمیشە هاوڕای یەک و بێناکۆکی بن، بەڵکوو مانای ئەوەیە، ئازادانە لەگەڵ یەکدا لە گۆڕینەوەی بۆچووندا بن و هەم جیاوازییەکانیان بە یەکتری نیشان بدەن و هەم ئەو زەمینە هاوبەشانەش لە ئامێز بگرن، کە پێویستە دروست بکرێت. هەموو ئەمانە وا دەکەن تەحەدای چۆنێتیی ڕێکخستنی

پلورالیزم لە دونیای مۆدێرندا، نەک تەنها تەحەدای سەرەکیی ناو سیستەم و ڕژێمە سیاسییەکانە، بەڵکوو تەحەدای سەرەکیی ناو ئەخلاقی گشتی و ناو هۆشیاریی ئەم کۆمەڵگەیانەش بێت. وەک چۆن یەکێکە لە تەحەدا گەورەکانی ناو فیکر و بیرکردنەوەی تیۆرییش.

پلورالیزم چییە؟

پلورالیزم دەشێت بەکوردی دەستەواژەی "فرەجۆری" یان "فرەڕەنگی" یان "فرەدەنگی"ی بۆ بەکار بهێنین، هەریەکێکیش لەم دەستەواژانە، ئاماژە بۆ ڕاستییەکی زۆر سادە دەکەن، ڕاستیی ئەوەی هەمیشە زیاد لە ڕوانین و دید و بۆچوونێک هەیە بەرامبەر بەوەی ئایا دونیا و دیاردەکانی، ژیان و بەها سەرەکییەکانی، مرۆڤ و خەون و خولیاکانی، چین و کامانەن. هەمیشە زیاد لە ڕێگەیەک هەیە بۆ سەیرکردنی دونیا، زیاد لە گۆشەنیگایەک هەیە بۆ بینین و لێکدانەوەی شتەکان، زیاد لە فیکرێک هەیە بۆ دەرگیربوون لەگەڵ پەیوەندییەکان و دیاردەکاندا، زیاد لە وێناکردنێک هەیە بەرامبەر بە شتەکان و زیاد لە زمانێک هەیە بۆ پەیوەندیکردن و دروستکردنی دونیا. وەک پیتەر بێرگەر دەڵێت، پلورالیزم مێژوویەکی درێژی لە فیکری تیۆری و فەلسەفیدا هەیە و مانا هەرە سادەکەشی ئەوەیە "کە زیاد لە ڕێگەیەک هەیە بۆ تەماشاکردنی واقیع."[1]

١ بڕوانە: Peter Berger (٢٠١٤). The many altars of modernity. Toward a paradigm for religion in a pluralist age. De Gruyter

پلورالیزم لەم ئاستەدا شتێکە پەیوەستە بە بوونی چەندەها جۆر لە تاکەکەس و گروپی لەیەکجیاواز لەناو کۆمەڵگەدا، ئەمانەش ڕوانین و خەون و چاوەڕوانیی جیاوازیان هەیە. بەڵام پلورالیزم تەنها شتێک نییە لە سەری تاکەکەسەکاندا بوونی هەبێت، شتێک نییە تەنها پەیوەندیی بە "ڕوانین" و "تەماشاکردن"ەوە هەبێت، بەڵکوو پێدراوێکی کۆمەڵایەتیی بەرجەستەشە، لەناو کۆمەڵگەدا هێزی کۆمەڵایەتیی جیاواز هەیە، کە زۆر جار لە فۆرمی گروپ و توێژ و نوخبە و چینی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا دەر دەکەون. پلورالیزم لە یەک کاتدا بەشێکە لە هۆشیاری و سایکۆلۆژیای تاکەکەسی و دەستەجەمعی، وەک چۆن بەشێکیشە لە پێکهاتی سۆسیۆلۆژیی کۆمەڵگە. ئەو خاڵەی گرنگە بیزانین، ئەوەیە لە پلورالیزمدا تەنها "ڕوانینەکان" جیاواز نین، بەڵکوو "ڕاستییە کۆمەڵایەتی"یەکانیش جیاوازن، یانی "فاکت"ە کۆمەڵایەتییەکانیش جیاواز و هەمەجۆرن. کە باس لە "ڕاستیی کۆمەڵایەتی" دەکەم، بەو مانایە بەکاری دەهێنم، کە کۆمەڵناسی فەرەنسی، ئێمیلی دۆرکهایم بە "ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان" یان "فاکتە کۆمەڵایەتییەکان"ی دەبەخشێت.[1] لای دورکهایم، "ڕاستیی کۆمەڵایەتی" شتێکە لە دەرەوەی تاکەکەسەکاندایە، دیاردەیەکە لە دەرەوەی ڕوانین و هۆشداریی تاکەکەسدایە و پابەستە بە بوونی گروپ و چین

Mouton. P1

١ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی "ڕاستیی کۆمەڵایەتی" لای دورکهایم، بڕوانە: **Rawls, Anne Warfield (2012).** Durkheim's theory of modernity: Self-regulating practices as constitutive orders of social and moral facts. Journal of Classical Sociology, 2012, Vol.12(3-4), pp.479-512

و دەستەوتاقمی کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە. ڕاستیی کۆمەڵایەتی باوەڕێکی، کە لە دەرەوەی تاکەکەسەکاندا دروست دەبێت، ئەم باوەڕانەش بەسەر یەکەوە ئەو شتە دروست دەکەن کە ناوی "کۆمەڵگەیە." لەم ڕوانینەدا کۆمەڵگە یەکسان نییە بە کۆی تاکەکەسەکانی ناوی، بەڵکوو یەکسانە بە کۆی گروپ و دەستە و کۆمەڵە و چینەکان بەسەر یەکەوە. ئەم شێوازە کۆییانەی بوونی کۆمەڵایەتی، هەڵگری فشاری جیاوازن بۆ سەر تاکەکەس، چ لە بیرکردنەوە و ڕوانینیاندا، چ لە شێوەژیان و خەون و گرفتەکانیاندا، چ لە بەکارهێنانی زمان و ڕیتۆریک و وێنەکاندا. لەم گۆشەنیگایەوە، "ڕاستیی کۆمەڵایەتی" ئەو شتەیە کە تاکەکەس ئەنجامی ئەدات وەک دەرەنجامی فشاری گروپ و یەکە کۆمەڵایەتییە دەستەجەمعییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە بۆ سەر ئەو تاکەکەسە. لێرەدا تاکەکەس خۆی شتەکان هەڵنابژێرێت، بەڵکوو گروپ یان کۆمەڵە یان چین یان کۆمەڵگە وەک گشتێک بۆی هەڵدەبژێرێت، هەر گروپ و کۆمەڵە و چینێکیش هەڵبژاردنی جیاواز بەسەر تاکەکەسەکانی ناو هەناوی خۆی و ناو چوارچێوەکانیدا دەسەپێنێت.[1] بەم جۆرە، پلورالیزم لەم دیدەدا مانای فرەجۆری و فرەڕەنگیی تاکەکەسەکان نییە بەتەنها، بەڵکوو مانای فرەجۆری و فرەڕەنگیی "ڕاستییە کۆمەڵایەتی"یەکانیشە، فرەجۆریی فاکتەکانە، کە بوونیان بە شێوەیەکی ئۆرگانی بە بوونی دەستەجەمعیی گروپ و کۆمەڵە و توێژ و چین و یەکە کۆییەکانی تری ناو کۆمەڵگەوە گرێ دراوە.

---

١ بڕوانە: Collins, R., Makowsky, M. (red.), The Discovery of Society. (2010) New York: McGraw-Hill, pp. 92-104)

کە باس لە پلورالیزم دەکەم، باس لە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی ناکەم، کە پێ لەسەر پاراستنی جیاوازییەکان دابگرێت، بەڵکوو باس لە دۆخێکی وجودی و کۆمەڵایەتی و ئینسانیی هاوبەش و باس لە بوونی مرۆڤ دەکەم لە مانا پلوراڵەکەیدا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم خاڵەش، با وەک سەرەتا لەسەر هەندێک لە بۆچوونەکانی هانا ئارێنێت بوەستین، بۆ ئەوەی دواتر لە ڕێگەی بۆچوونەکانی ڤاتیمۆ و فارابییەوە درێژە بە باسەکە بدەین. ئەم سێ فەیلەسووفە سیاسییە کۆمەڵێک بۆچوونی گرنگ لەسەر مەسەلەی پلورالیزم دەر دەبڕن، کە نزیکن لەو مەبەستەوە من لێرەدا بەرگری لێ دەکەم.

پلورالیزم وەک بابەت

وەک پێشتریش وتم، پلورالیزم یەکێکە لە تێما گرنگەکانی ناو مێژووی فیکر و ناو مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی، بەتایبەتی لە دونیای مۆدێرندا. گرنگیی ئەم بابەتە لە دونیای ئەمڕۆدا زۆر ئاشکراتر و بەرچاوترە لە سەردەمەکانی تری مێژووی مرۆڤایەتی، چونکە ئەم دونیایە نەک تەنها لە هەموو دونیاکانی بەر لە خۆی پلوراڵتر و فرەچەشنترە، بەڵکوو هەر هەوڵدانێکیش بۆ تێگەیشتن لەم دونیایە، بەبێ چەمکی پلورالیزم، هەوڵدانێکی لاواز و نوقسان، ئەگەر نەڵێم نەزۆک و بێسەمەر دەبێت. ئەم ڕاستییە سادەیە، وا دەکات لەمڕۆدا مەسەلەی باسکردن و ڕاڤەکردنی پلورالیزم

بەشێک بێت لە چالاکییەکانی ناو زیاد لە کایەیەکی فیکری و تیۆری، زەحمەتە ساتەوەختێکی دیکە لە مێژوودا بدۆزینەوە بە ڕادەی ئەمڕۆ مرۆڤەکان وێنەی جیاوازیان بۆ واقیع و مێژوو و دونیا و مرۆڤ و خودا و گەردوون و بوون و دیاردەکانی دەوروبەریان هەبووبێت.

ڕەنگە یەکەمین نووسەری مۆدێرن کە بابەتی پلورالیزمی کردبێتە بابەتی تێرامان و خوێندنەوە تیۆرییەکانی، نووسەری ئەمەریکی ویلەیم جەیمس بێت، .William James، ئەم پیاوە لە ساڵی ١٩٠٨دا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد کۆمەڵێک وانە دەڵێتەوە، کە ساڵێک دواتر لە کتێبێکدا بە ناوی "گەردونێکی پلورالیست" چاپ دەکرێت، .A Pluralistic Universeی ویلیەم جەیمس لەم کتێبەدا زۆر بەوردی دیاردەی پالورالیزم لە دونیای مۆدێرندا شی، دەکاتەوە. کێشەی سەرەکیی ویلیەم جەیمس لەگەڵ ئەو شێوازە لە بیرکردنەوەی مێتافیزیکدایە، کە هەموو دیاردەکان و هەموو کێشەکان بۆ یەک پرنسیپی ڕەها، یان یەک تیۆرە، یان یەک چەمک دەگەڕێنێتەوە، ئەوەی ئەو بە "ئایدیالیزمێکی ڕەها و یەکلایەنە" ناوی دەبات. ئەم ئایدیالیزمەش وەک بیرکردنەوەیەکی ڕەها و یەکلایەن دەبینێت، هەم لە داوەریکردنی دیاردەکاندا و هەم لە ڕوانین و ڕاڤەکردنەکانیدا.[1] ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە، هەم ڕەهایە لە حوکمدانەکانیدا، هەم یەکلایەنەشە لە لێکدانەوە ڕاڤەکردنەکانیدا. لەم دیدەدا جیهان هەمیشە یەک جیهانە،

١ بۆ کتێبەکەی ویلیەم جەیمس بە زمانی ئینگلیزی، سەیری ئەم لینکە بکە:
http://hudsoncress.net/hudsoncress.org/html/library/western-philosophy/James,%20William%20-%20A%20Pluralistic%20Universe.pdf

ئەگەرچی دەشێت وەهمی ئەوە بە کەسەکان ببەخشێت، کە گوایە زیاد لە یەک جیهانە. لەم ڕوانینە مێتافیزیکییەدا، جیهان "یەک کوتلەی کەونی"یە و ئەو جیاوازییانەش کە هەن جیاوازیی ناو ئەم تاکە جیهانەن. بەڵام ویلیەم جەیمس باوەڕی وا بوو کە جیهان زیاد لە جیهانێکە و هەموو شتەکانی ناویشی مێژوویان هەیە، مێژوویەک کە مێژووی گۆڕانی ئەو شتانەیە، بۆیە جیهان و شتەکانی ناوی بە هیچ شێوەیەک کورت ناکرێنەوە بۆ یەک شت. خۆ ئەگەر واشی دابنێین جیهان یەکە و فرە نییە، ئەوا یەکبوونی ئەم جیهانە هەمیشە یەکبوونێکی ناتەواو و بەشبەشە و بەردەوامیش لە دۆخی گۆڕان و ناجێگیریدایە. ویلیەم جەیمس لە یەکەمین وانەدا بەگژ ئەو دیدە فەلسەفییەدا دەچێتەوە کە "بەشێک" لە جیهان وەر دەگرێت بۆ تەفسیرکردنی "هەموو" جیهان، دواتریش لە ڕەخنەکردنی هیگڵدا، لە وانەی سێیەمدا، هەمان ڕەخنە دووبارە دەکاتەوە. بە بۆچوونی ویلیەم جەیمس، ڕاڤەکردنی "هەموو" لە ڕێگەی "بەش"ێک لە بەشەکانەوە، هەوڵدانە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو هەموو ئەو شتانە بهێنرێت کە "سەیر" و "غەریب" و "نەناسراون،" بۆ ئەوەی وەک "هەموو"یەک نمایش بکرێت، کە هەموویەکی ناسراو و ناغەریب ناسەیرە. بەرەهاکردنی "بەش"ێک لە شوێنی بینینی هەموو جیاوازییەکانی ناو "گشت" یان "هەموو،" ئەو کێشەیەیە کە بیرکردنەوەی مێتافیزیکیی دژ بە ناسینی جیاوازییەکان هەڵگریەتی. ئەم ڕەخنە فەلسەفییانەی ویلیەم جەیمس لە ئایدیالیزمی ئەڵمانی، پابەستی ئەوەیە ئەو شێوازە لە فیکر توانای خوێندنەوەی دونیای تازەیان نییە، دونیایەک لە ئاستی

کۆمەڵایەتیدا پڕ بوو لە جیاوازی و فرەچەشنی و هەمەجۆری. ئەوەی لەناو ئەم دونیا کۆمەڵایەتییە فرەچەشن و جیاوازەدا سەرنجی ویلیەم جەیمس ڕادەکێشێت، گەشەکردنی دیاردەی کۆچکردن و زیادبوونی ژمارەی کۆچبەرانە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئەمەریکادا. لەو وانانەدا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، ویلیەم جەیمس هەوڵ ئەدات کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفی بۆ ئەم دیاردەی کۆچکردنە دابهێنێت، کە تێکەڵبوونێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕەمزیی لێ دەکەوێتەوە. ئەم دیاردە تازەیەی کۆچکردنی بەرفراوان، دواتر لەلایەن یەکێک لە قوتابییەکانی ویلیەم جەیمسەوە ناوی "پلورالیزمی کولتووری"ی لێ دەنرێت.[1]

وەک وتم، بەرگریکردنی ویلیەم جەیمس لە پلوارالیزم لە ئاستە فەلسەفییەکەیدا، پەیوەندیی بە بەگژاچوونەوەی ئەو بەشە لە فیکری فەلسەفییەوە هەیە کە ناوی "ئایدیالیزمی ئەڵمانییە"ە، فەلسەفەیەک کە یان بە ناوی "سیستەم"ێکەوە بۆ هەموو دونیا، یان بە ناوی "چاوێکی خودایی"یەوە دەدوێت، کە گوایە هەموو شتەکانی ناو مێژوو دەبینێت و دەشزانێت شوێنی "ڕاستەقینە"ی هەریەکێک لەو شتانە کامەیە. لەم ڕووەوە، ڕیشارد بێرنشتاین، Richard Bernstein دەنووسێت: "هەم لە ئێستادا و هەم بۆ هەمیشە، کۆمەڵێک دونیابینی هەن و دەبن، کە بە یەکدی ناکۆک دەبن و لەگەڵ یەکدا لە ململانێدا دەبن. بۆیە شتێک بوونی نییە ناوی ڕوانگەی

---

١ بۆ وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، بڕوانە: Richard J. Bernstein (2015). Cultural Pluralism. Philosophy and Social Criticism.

'چاوێکی خودایی' بێت، single God's- eye point of view، و ئینسان بتوانێت پێی بکات."[1] بە کوردییەکی سادەتر، شتێک بوونی نییە ناوی "یەک" ڕوانین بێت بتوانێت هەموو دیاردەکانی دونیا لێک بداتەوە، وەک چۆن دونیا خۆشی لەناو یەک سیستمی گەورە یان بچووکدا کۆ ناکرێتەوە، هەمیشە زیاد لە ڕوانینێک و زیاد لە وێناکردنێک هەیە کە لەگەڵ یەکدا ناکۆک و ناتەبا و تەنانەت لە ململانێدان. پلورالیزم هەم داننانە بەم دۆخە تایبەتەدا، هەم چوارچێوەیەکە بۆ ڕێکخستنی ئەو جیاوازییانە لەگەڵ یەکدا.

بەڵام پلورالیزم تەنها هێما بۆ گۆڕانێک لە فیکر و گۆڕانێک لە واقیعدا ناکات لە ڕێگەی کۆچکردن و تێکەڵبوونی مرۆڤ و فەرهەنگ و بیرکردنەوە و ڕەمزە جیاوازەکانەوە بە یەکتری، بەڵکوو هەمیشە گەشەیەکی ناوەکییش هەیە کە وا دەکات دونیا لە فۆرمێکی پلورالدا دەر بکەوێت. هەموو ئەوانەی لە بواری لێکۆڵینەوە لە دونیای کۆن و کلاسیکیدا شارەزان، باس لەوە دەکەن کە سەرلەبەری هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ناو دونیای کۆن، سەرلەبەری چین و توێژە جیاوازەکان، یەکەی کۆمەڵایەتیی داخراو بوون. دونیای کۆن دونیای خێزانە دەسەڵاتدارە گەورە و داخراوەکان بووە، ئەوانەی پێیان وتراوە ئەشراف، ئەمانە سەرجەمی پلەوپایە و نازناوە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ڕێگەی لەدایکبوونەوە بۆ ماوەتەوە و لەپاڵ ئەم نازناوانەشدا دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و داوەری و ئابووریان پیادە کردووە بەسەر ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی بچووکدا، کە زۆر جار بریتی بوون لە جووتیار و ڕاوچی و

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پیشەگەرە بچووکەکان.[1] ئەم مۆدێلە گەرچی ماوەیەکی درێژ لە مێژوودا دەمێنێتەوە، بەلام تەنانەت لەناو یۆنانی کۆندا خۆیدا و لە ئەزموونی شار-دەوڵەتدا درزی گەورەی تێدەکەوێت و ڕێگە بۆ جۆرێک لە ئەزموونی سیاسی چۆڵ دەکات، کە کورت نابێتەوە بۆ ئەزموونی چەند خێزان و توێژێکی کۆمەلایەتیی "داخراو." بیرۆکەی دروستبوون و هاتنەکایەی "دەستوور" لە یۆنانی کۆن خۆیدا، بەشێکە لەو هەولانەی لەباتی "داخران" هەوڵی "کرانەوە"ی کۆمەڵگە و دەوڵەت و دەزگا و پێکهاتەکان دەدات بە ڕووی ئەو جیاوازییانەی لەناو کۆمەڵگەدا هەیە. مەسەلەی سەرەکییش لەم دۆخە دەستوورییەدا ئەوەیە هەموو ئەندامێکی ناو ئەو شارانە خودشارەکان بە موڵکی خۆیان بزانن و مەسەلە گشتی و هاوبەشەکانی ژیانیان بەیەکەوە ڕێک بخەن و هەمووانیش ئامادە بن لە کاتی هێرش بۆ سەر شارەکەدا بەرگریی لێ بکەن. بێگومان ئەم ئەزموونانە پڕن لە کورتهێنانی گەورە و هەلاوێردنی ئینسانی و چینایەتی و جێندەریی جیاواز، بەلام دەشێت وەک سەرەتایەک بۆ هاتنەکایەی هەستکردن بە جیاوازی و هەستکردن بە پلورالیزم تەماشا بکرێن. ڕێکخستنی پلورالیزم ڕێکخستنی ململانێ و ناکۆکی و جیاوازییە گەورەکانی ناو ژیانی کۆمەلایەتییە، بە ئاراستەیەک، زۆرینەی هەرە زۆری ئەو کۆمەڵگەیە ئەو ڕێکخستنە بە بەشێک لە بەرجەستەبوونی ئیرادەی خۆی بزانێت. ئەرکی ئەم چوارچێوە گشتییە پلوراڵە، وەک نووسەرێک دەڵێت، ئەوەیە "دوژمن"ەکان بگۆڕێت بە

---

[1] بڕوانە: فرانسوا شاتالێ (١٩٨٤). تاريخ الافكار السياسيه. ترجمه د. خليل احمد خليل. بيروت. معهد الانما العربي. ل ١٣.

"ڕكابەر،"[1]دوژمنایەتی خۆشی بگۆڕێت بۆ ململانێیەكی هێمن و یاسایی و دەستووری. بەڵام پلورالیزم هەمیشە كۆمەڵێك دوژمنی هەبووە، هەرگیز دۆخێكی مێژوویی نادۆزینەوە هێزگەلی دژەپلورالیزمی تێدا نەبێت، لەوانەش بۆ نموونە، دۆگماچییە هەقیقەتگەرەكان، سیستمخواز و ئایدیۆلۆژیستە داخراوەكان، پۆپۆلیستە دینی و نادینییەكان، ئەوانەش كە پێیان وایە هەڵگری چاوێكی خوداییین و ئەمسەر و ئەوسەری جیهان و ئەمسەر و ئەوسەری مێژوو لە یەك نیگادا دەبینن. ئەمە جگە لە هەموو ئەو هێز و لایەن و فیكرانە كە فوو بە ڕۆحی فاشیزمدا دەكەن.

هانا ئارێنت و پلورالیزم

ژنە فەیلەسووفی ئەڵمانی، هانا ئارێنت(١٩٠٦-١٩٧٥)، گرنگییەكی لەڕادەبەدەر بە مەسەلەی پلورالیزم دەدات، ماناكانی ئەم گرنگیدانەش كاتێك بەباشی دەر دەكەوێت كە بزانین بەگژاچوونەوەی تۆتالیتاریزم سەرەكیترین ئەركێكی گرنگە ئەم ژنە فەیلەسووفە دەیگرێتە ئەستۆی خۆی. هەموو پرۆژە فیكری و فەلسەفییەكەی هانا ئارێنت بەگژاچوونەوەی دیاردەی تۆتالیتاریزمە لە سەدەی بیستەمدا، لە هەموو ئاستەكاندا، بەتایبەتی لە ئاستی فیكری و فەلسەفیدا. هانا

1 BERMAN , PAUL SCHIFF BERMAN (2013). Jurisgenerative Constitutionalism: Procedural Principles for Managing Global Legal Pluralism. Indiana Journal of Global Legal Studies Vol. 20, Issue 2, P. 665.

ئارێنت هەم خۆی وەک تاکەکەس و هەم ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژیا، کۆمەڵگەی ئەڵمانی، قوربانییە ڕاستەوخۆکانی تۆتالیتاریزم بوون. ئارێنت تۆتالیتاریزم وەک نەخۆشییە سیاسییە هەرە ترسناکەکەی سەدەی بیستەم دەناسێنێت و وەک سیستمێکیش وێنای دەکات کە نەفییەکی تەواوی هەموو جۆرەکانی پلورالیزمە. لای ئارێنت، مانای هەرە سەرەکی و هەرە ترسناکی تۆتالیتاریزم لەوەدایە، کە سیستمێکە دژ بە پلورالیزم و جیاوازی، لەسەر لەناوبردنی هەموو ئەو مرۆڤ و گروپانە کار دەکات کە لەوانە ناچن کە فاشیزم بە کەسانی ڕەسەن و ڕاستەقینەیان دەزانێت. ئەگەر فاشیزم وەک شێوازی سەرەکیی تۆتالیتاریزم نەفیکردنێکی پەرگیر و بنەڕەتیی جیاوازییەکان بێت، ئەوا بەگژاچونەوە و ڕەتکردنەوەی تۆتالیتاریزم لە دیدی هانا ئارێنتدا بەبێ بەرگریکردنێکی سەرسەخت لە پلورالیزم بە کردەیەکی بێمانا دەزانێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەی بەگژاچوونەوەیەش، بەتایبەتی لە ئاستی تیۆرە و فەلسەفەی سیاسیدا، ڕەخنەیەکی گەورە و فراوان لە سەرجەمی ئەو کەلەپوورە تیۆریی و فەلسەفییە دەگرێت، کە لە ئەفلاتوونەوە دەست پێ دەکات و دەگاتە سەر مارتن هایدیگەر و کارل شمیت.[1] ئارێنت پێی وایە فەلسەفەی سیاسیی خۆرئاوا تا ڕادەیەکی زۆر لە دونیایەکی تەواو تیۆری و موجەرەددا سووڕاوەتەوە بەبێ گرنگیدان بە شێوازە کۆنکریتەکانی بوونی کۆمەڵایەتیی تاکەکەس و گروپەکان و بەبێ بەستنەوەی ئەم فیکرە بە شێوازە

[1] بڕوانە: Hannah Arendt (2005). The Promise of Politics. Ed. Jerome Kohn. New York: Schocken.

جیاوازەکانی کارکردنی کۆنکریتی مرۆڤەوە لەناو مێژوودا. بە مانایەکی دیکە، ئارێنت پێی وایە ئەم فەلسەفە سیاسییە ئەوەندەی گرنگی بە فیکری موجەرەد داوە، ئەوەندە گرنگیی بە دیاردەی سیاسەت نەداوە وەک چالاکیی دروستکردنی دونیایەکی هاوبەش بۆ مرۆڤەکان بەیەکەوە. ئارێنت پێی وایە کێشەیەکی تری فیکر لە خۆرئاوادا بەگشتی، ئیتر لە فەلسەفی و خوداناسییەوە بیگرە بۆ سایکۆلۆژیا و بایۆلۆژیا، لەوەدایە لە هەریەکێک لەم بوارانەدا بەبەردەوامی باس لە مرۆڤ دەکرێت بە مانا موجەرەد و تاکەکەسییەکەی، مرۆڤ وەک "یەک" تاکەکەس، وەک بوونەوەرێکی تەنها، مرۆڤێکی موجەرەد، لە کاتێکدا ئەوەی لە فیکر و فەلسەفەی سیاسیدا پێویستە، ئەوەیە بە کۆ باس لە مرۆڤ بکرێت، لەباتی باس لە "مرۆڤ" باس لە "مرۆڤەکان" بکرێت، کەی باسیش لە مرۆڤەکان بە کۆ کرا، ئەودەم باس لە پلورالبوونی مرۆڤەکان دەکرێت. چونکە مرۆڤەکان لە یەک جیاوازن و ئەوەشی دەیانکات بە مرۆڤ، ئەم دۆخی پلورالبوونەیە. لای ئارێنت، دۆخی پلورالبوون دۆخی سروشتیی مرۆڤەکانە و ئەوەی وا لە ئارێنتیش دەکات گرنگییەکی گەورە بە سیاسەت لە کارە تیۆرییەکانیدا بدات، ئەوەیە سیاسەت چالاکییەکە پەیوەستە بە ژیانی کۆیی و گشتیی مرۆڤەکانەوە و پێ لەسەر "پلورالبوونی مرۆڤ و پلورالبوونی مرۆڤایەتی دادەگرێت."[1]

بە مانایەکی دیکە، هەموو باسکردنێکی "مرۆڤ" بەموجەرەدی و بەگشتگیری، هەموو قسەکردنێک لەسەر "مرۆڤ" وەک شتێکی تاک و تەنها، بەشێکە لەو فیکرە

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

تۆتالیتارییەی کە باز بەسەر پلورالبوونی مرۆڤەکاندا دەدات. خاڵی سەرەتا لای ئارێنت، ئەوەیە کە ناتوانیت هیچ جۆرە گشتگیرییەک سەبارەت بە مرۆڤ بکەیت، هەموو گشتگیرییەک نەک تەنها هەڵەیە، بەڵکوو تەواو ترسناکیشە، چونکە دەمانباتە بەردەمَ تۆتالیتاریزم، چ لە ئاستە فیکرییەکەیدا یان لە ئاستە سیاسییەکەیدا. تۆتالیتاریزم تەنها هێزێکی سیاسی نییە، بەڵکوو جۆرێکی تایبەتیشە لە ڕوانین و بیرکردنەوە، فیکرێکە باز بەسەر دیاردە کۆنکریت و مرۆڤە کۆنکریت و کۆمەڵگە کۆنکریتەکاندا ئەدات، بۆ ئەوەی باسی "مرۆڤ" بە ڕەهایی و بە موجەرەدی بکات. لەم ڕووەوە بۆچوونێک کە هانا ئارێنت زۆر بەگژیدا دەچێتەوە، ئەو بۆچوونەیە کە پێی وایە مرۆڤ لەسەر وێنەی خودا دروست کراوە، چونکە لای ئارێنت، خودا یەکە و فرە نییە، تاکە و کۆ نییە، بۆیە شوبهاندنی مرۆڤ بە خودا، وێرانکردنی ئەو پلورالیزمەیە کە بەشێکی هەرە بنەڕەتیی ژیان و بەشێکی هەرە بنەڕەتیی بوونی مرۆڤەکانە.

بیرۆکەیەکی سەرەکی لای ئارێنت، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پلورالیزمەوە هەیە، بیرۆکەی "سەرەتای تازە"یە. لای ئارێنت، گرنگترین ئاکاری دۆخی مرۆڤ و ئەو هەلومەرجەی مرۆڤ لەناویدا دەژی، تازەبوونەوە و دروستبوونی سەرەتای تازەیە. ئارێنت ئەم تێزە لە یەکەمین کتێبیەوە لەسەر چەمکی "خۆشەویستی لای ئۆگستینی قەشە" گەشە پێ ئەدات و لە کتێبی "هەلومەرجەکانی مرۆڤ"دا دەیکاتە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو بیرکردنەوەی. بەشێک لە ئاکاری مرۆڤ وەک تاکەکەس و بەشێک لە ئاکاری کۆمەڵایەتیی دەستەجەمعیی مرۆڤەکان ئەوەیە کە

دەتوانن لە خاڵێکدا ڕاوەستن و کۆتایی بە شتێک بهێنن بۆ ئەوەی "سەرەتایەکی نوێ" دەست پێ بکەن و شتێک ئەنجام بدەن، جیاواز لەوەی تا ئەو ساتە کردوویانە. دروستکردنی سەرەتای تازە، هەم بەشێکە لە ئاکاری مرۆڤەکان وەک تاکەکەس و هەم ئاکاری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکان. ئەمەش پابەستی ئەو بۆچوونەی ئارێنتە، کە پێی وایە مرۆڤ بەتەنها یەک جار لەدایک نابێت، بەڵکوو دوو جار لەدایک دەبێت. یەکەمیان لەدایکبوونی بایۆلۆژیی ئینسانە لەناو خێزاندا، لەناو ئەو فەزایەدا کە هانا ئارێنت ناوی "فەزای تایبەتی"ی لێ دەنێت. دووهەمیان لەدایکبوونەوەی مرۆڤە لەناو "فەزای گشتی"دا، ئەم لەدایکبوونە ئەو کاتە ڕوو دەدات کە مرۆڤ دەچێتە ناو ئەو "فەزا گشتیە"یەی ژیانی پێکەوەبیییەوە کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، ئەمەش فەزای ژیانی سیاسی و کولتووری و ڕەمزیی گشتیی کۆمەڵگەیە. ئەمەش ئەو جێگەیەیە کە مرۆڤ دەتوانێت تیایدا شتێکی نوێ ببیستێت و خۆشی شتی نوێ بڵێت و ئەنجام بدات، زمانی نوێی گوێ لێ بێت و هەبێت و کاری نوێش ببینێت و ئەنجام بدات.[1] لەدایکبوونەوەی دووهەمی مرۆڤ لەناو ژیان و فەزای گشتیدا، پێداگرتنی مرۆڤە لەسەر ئەوەی کە هەیە و ئامادەیە و کە دەیەوێت دەرەنجامەکانی ئەم هەبوون و ئامادەبوونەش بژی و هەردووکیشیان و بگۆڕێت بە بەشێک لە بەرپرسیاریەت بەرامبەر بە جیهان. ئارێنت تا ئەو شوێنە دەڕوات کە بڵێت لەگەڵ هەر دەستکاریکردن و

١ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم تیزەی ئارێنت، بڕوانە: Hannah Arendt (1958). The human condition. Chicago: University of Chicago Press. p 176-177.

گۆڕانێکی دونیادا، مرۆڤ جارێکی دیکە لەدایک دەبێتەوە، بەم لەدایکبوونەوەیەش، مرۆڤ دەگمەنبوونی خۆی وەک مرۆڤ نیشان ئەدات. هەم بە خۆی و هەم بە جیهانی دەوروبەری نیشان ئەدات، کە کەسێکە قابیلی ئەوە نییە بە هیچ کەسێکی دیکە بگۆڕدرێتەوە، هەروەها کەسێکە جیاوازییەکانی دەبن بە بەشێکی گرنگ لە بوونی ئەو. بەم جۆرە لەدایکبوونەوەی دووهەم لەدایکبوونەوەیەکی بەردەوامە و بەدرێژاییی ژیان لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوە، چونکە لەدایکبوونەوەیەکە پەیوەستە بەوەوە مرۆڤ لەناو فەزا و ژیانی گشتیدا ئامادەیە.[1] بەم مانایە، مرۆڤ دەتوانێت بەردەوام دەسپێشخەریی تازەی هەبێت، بە ڕێگەی تردا بڕوات، پەنجەرەی تر بکاتەوە، شتی تازە پێشنیار بکات، زمانی تری هەبێت و بیر لە دونیای تر بکاتەوە. خاڵێک کە پێویستە ئاگامان لێی بێت، ئەوەیە کە ئارێنت باسی مرۆڤ وەک تاکەکەسێکی دابڕاو ناکات، مرۆڤبوون لای ئارێنت هەمیشە هاوشان و تێکەڵە بە مەسەلەی "لەگەڵ ئەویتردا بوون،" ژیان لای ئەم خانمە فەیلەسووفە، ژیانێکی پێکەوەییە، تیایدا ئەوانەی ئامادەن مرۆڤ نین لە دۆخی تاککەوتندا، بەڵکوو مرۆڤن پێکەوە و لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا، مرۆڤن لەگەڵ یەکدا بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، بە بوونە پێکەوەییە هاوبەش و پلوراڵەکەیانەوە. هانا ئارێنت لە یەکێک لە دێڕە هەرە جوانەکانی کتێبی "هەلومەرجی ئینسانی"دا دەنووسێت، "ئەوەی لەسەر زەوی دەژی، مرۆڤ نییە، بەڵکوو مرۆڤەکانە،"[2] واتە مرۆڤ نییە بە تاک، بەڵکوو

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٧٧

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٤

مرۆڤە بە کۆ، مرۆڤە لەگەڵ یەک و لەپاڵ یەک و لەناو یەکدا.

لای ئارێنت، مرۆڤ هەر لە لەدایکبوونی یەکەمیدا بە کۆمەڵێک جیاوازییەوە دێتە ناو جیهانەوە، بە شووناسێکی ڕەگەزیی تایبەتەوە، نێر یان مێ، بە شووناسێکی دینی و ئەتنی و نەتەوەیی تایبەتەوە. هەرکەسێک کە دێتە جیهانەوە، بە پەساپۆرتێکی ئەتنی و کولتووری و دینی و ڕەمزی و نەتەوەیی و ڕەگەزییەوە دێتە دونیاوە. بەڵام مرۆڤ هەمیشە زیاترە لە پەساپۆرتەکەی، لەو ئاکارانەی کە پێیانەوە هاتۆتە ناو دونیاوە. "ژیانی گشتی" ئەو جێگەیەیە کە مرۆڤ ئەم زیادبوونەی خۆی تێدا دروست دەکات و بە جیهانی نیشان ئەدات. مرۆڤ بۆ ئەوەی لە شووناسە جێگیرەکانی ڕزگاری ببێت، پێویستی بە ژیانی گشتییە. لەدایکبوونەوەی دووهەم لەناو فەزای گشتیدا لەدایکبوونی مرۆڤە بە شێوەیەک، جیاواز لەوەی لەسەر پەساپۆرتە ئەتنی و نەتەوەیی و دینی و فەرهەنگی و ڕەمزی و ڕەگەزییەکەی نووسراوە. ئەمە وا دەکات مرۆڤ هەرگیز نەتوانێت وەڵامی پرسیاری تۆ کێیت؟ یان پرسیاری مرۆڤ چییە؟ بەکامڵی بداتەوە، چونکە هەمیشە شتێک لە گۆڕانکاری لەناو مرۆڤدا هەیە، کە ناهێڵێت تەسلیمی ئەو زانیاری و ئاکارانە ببێت کە لەسەر شووناس و پەساپۆرتەکەی نووسراوە. وەڵامی بنبڕ بە پرسیاری "تۆ کێیت؟" بوونی نییە، هیچ پێناسێک ناتوانێت پێمان بڵێت مرۆڤ چییە و کێیە. ئەم نەزانینەش تەنها لەبەر ئەوە نییە کە مرۆڤ دەگۆڕێت و بیرکردنەوە و ئەزموون و ڕوانینی نوێی لا دروست دەبێت و لەپاڵ ئەمانەشدا وێنەی بۆ خۆی دەگۆڕێت و تازە دەبێتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەشە

مـرۆڤ هەمیشـە لەگـەڵ ئەوانـی تردایـە و لـە بەردەمـی ئەوانـی تـردا دەر دەکەوێـت. ئـەم لەگەڵئەوانیتردابوونـەش، هەمیشـە بارگاوییـە بـە بینیـن و ئەزموونکردنـی شـتی جیـاواز. مـرۆڤ بـەلای ئارێنتـەوە، تەنهـا لـەم دۆخـی لەگەڵئەوانیتربوونـەدا دەتوانێت دەگمەنبـوون و تایبەتمەندبوونـی خـۆی نیشـان بـدات و بخاتـە بـواری کارکردنـەوە. تەنهـا لـەو کارکردنەشـدا لەگـەڵ ئەوانـی تـردا ئـەم جیاوازبوونـە بەوپـەڕی هێـزی خۆیـەوە دەر دەکەوێت و قووڵاییەکانـی ئاشـکرا دەبێت. ئـەوەی مرۆڤـەکان لەگـەڵ یەکـدا بەشـی دەکـەن، "لەدایکبوونـی دووهەم"یانـە، لەدایکبوونێکـە کـە هـەم دەیانکاتـە ئەندامـی کۆمەڵگـە و هـەم هەمـوو جیاوازییەکانیشـیان بەرجەسـتە دەکات.

لای ئارێنـت، لەدایکبوونـی یەکـەم، خۆشـی مانـای هاتنـی مرۆڤـی نوێیـە بۆ نـاو جیهـان، هاتنی کەسـانێکە کە ئێمـە نازانین دەبن بە چی و چ کار و دەستپێشخەری و پرۆژە و ئەزموونێک لەگـەڵ خۆیانـدا دەهێننـە نـاو دونیـاوە. لـە کتێبـی "لەنێـوان ڕابـردوو و ئاییندەدا" ئارێنت بەم شـێوەیە باس لـە هاتنی منداڵە تـازەکان بۆ نـاو دونیـا دەکات: "لەگـەڵ لەدایکبوونـدا بـەردەوام کەسـانی تـازە دێنـە نـاو دونیـاوە، منداڵانـی تـازە دێن کـە هیـچ کەسـێک لەوانـەی لـەو سـاتەدا دەژیـن، ناتوانێت پێشبینیی ئـەوە بکات ئـەو منالانـە چ کارێـک لەنـاو جیهاندا ئەنجام ئـەدەن."[١] لـە دیدی ئارێنتدا، مـرۆڤ بوونەوەرێکـە لەدایـک نابێـت بـۆ ئـەوەی دواتـر بمرێـت، بەڵکوو بوونەوەرێکە لەدایک دەبێت بۆ ئـەوەی سـەرەتایەکی نـوێ دەسـت پـێ بـکات. ئـەم توانـای دەسـتپێکردنی

---

١ بڕوانـە: Hannah Arendt (1993). Between Past and Future. New York: Penguin Books. p 61.

سـەرەتای تازەیەیـە کـە دەتوانێـت جیهـان ڕزگار بـکات. لـە کتێبـی "هەلومەرجـی ئینسـانی"دا، هانـا ئارێنـت لـەم بارەیـەوە دەنووسـێت: "ئـەو موعجیزەیـەی جیهـان ڕزگار دەکات، بریتییە لەو ڕاستییەی کە مرۆڤی تر لەدایک دەبن، لەدایکبوون کە لە ڕووی ئەنتۆلۆژییـەوە بێشـکەی هەمـوو تواناکانـی جووڵانـەوە و کـردەی مێژوویییـە لای مـرۆڤ."[1]

خۆشویستنی جیهان وەک ئەرکی یەکەمی مرۆڤ

ئارێنێت یەکێکە لـەو فەیلەسوفانەی کە باوەڕێکی گـەورەی بـە توانـای مرۆڤ هـەیە لـە بەرەنگاربوونـەوەی کێشـە گـەورەکانـی دونیـادا، بەتایبەتـی ئـەو کێشـانەی کـە لـە ڕووکارە تاریـک و مەترسیدارەکانی مۆدێرنـەوە دێن. چەمکی "سـەرەتای تـازە" بەشێکە لـە دیدی هانا ئارێنت بۆ مەسـەلەی لەدایکبوون، کە لەگەڵ خۆیدا ئەگـەری نوێ و توانـای نوێ بۆ گۆڕانـی دونیا دەهێنێـت. ئارێنـت پێـی وایـە لەگـەڵ هەمـوو لەدایکبوونێکـدا جۆرێک لـە تواناش لەدایک دەبێت بۆ دروسـتکردنی سـەرەتای نـوێ، دەسـتپێکردنەوەیەکی تـازە، دۆزینـەوەی ڕێگـەی تـر. ئەگـەر لای ی مـردن یەکێک لـە بیرۆکـە هـەرە سـەرەکییەکانی نـاو فیکـر بێـت، ئـەوا لای ئارێنـت پێچەوانەکـەی مـردن، واتـە لەدایکبـوون بیرۆکـەی سـەرەکییە. هایدیگـەر مەسـەلەی ئازادیـی مـرۆڤ بـە مەسـەلەی هۆشیاربوونی مـرۆڤ بـە مردنـەوە گرێ ئـەدات، بـەڵام ئارێنت ئازادیی مرۆڤ بە مەسـەلەی لەدایکبوون

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٤٩

و سیحریبوون و هاتنەدونیاوە دەبەستێتەوە.[1] ئەگەر مردن لای هایدیگەر بەسترابێتەوە بە مەسەلەی "بوون لەناو جیهاندا،" ئەوا مەسەلەی لەدایکبوون لای هانا ئارێنت بەستراوەتەوە بە بیرۆکەی بوون لەگەڵ ئەوانی تردا و بە بیرۆکەی "خۆشەویستنی جیهان"ەوە، خۆشویستن وەک دیاردەیەکی تاکەکەسانە نا، یان وەک خۆشویستنی تاکەکەسێک بۆ تاکەکەسێکی تر بەتەنها نا، بەڵکوو خۆشویستن وەک بەشێک لە هەستکردن بە بەرپرسیاربوون بەرامبەر بە ئەوانی تر و بەرامبەر بە جیهان.[2] خاڵی سەرەکییش لە خۆشویستنی جیهاندا مسۆگەرکردنی بەردەوامبوونی جیهان و ڕێگرتنە لە وێرانبوونی، لەپێش هەمووشیانەوە، وێرانبوونی فرەڕەنگی و فرەجیاوازی و پلورالبوونەکەی دونیا.

تا بەر لە هاتنی ئارێنت، فیکری فەلسەفی بە شێوەیەکی گشتی ئەوەندەی گرنگیی بە مردن و کۆتاییەکان ئەدا، هێندە گرنگیی بە لەدایکبوون و سەرەتاکان نەئەدا. لە سەردەمی هیگڵەوە ئێمە گوێمان لە کۆتاییی مێژوو، کۆتاییی ئایدیۆلۆژیا، مردنی خودا و مردنی مرۆڤ و مردنی هونەر و مردنی فەلسەفە و چەندان شتی دیکەی لەو بابەتە دەبێت. ژمارەی ئەو لاپەڕانەی لە مێژووی فەلسەفەدا لەسەر نائومێدی و مردن و کۆتاییەکان نووسراوە، لە ژمارە نایەن، بەدەگمەن نەبێت لەدایکبوون و سەرەتای تازە و ئومێد بەشێک نەبوون لە بیرکردنەوەی فەلسەفی. لەم

١ بڕوانە: Siobhan Kattago (2013). Why the world matters: Hannah Arendt's philosophy of New beginnings. The European Legacy, Vol. 18, No. 2, p174

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٧٤

ڕووەوە، هانا ئارێنت فەیلەسووفێکی دەگمەن و ناوازەیە. لەناو ئەو گروپە بچووکەدایە کە لە کەسانی وەک نیتشە و بێرجسۆن و ئێرنست بلۆخ پێک دێت. فەلسەفە لە خۆرئاوادا، وەک هانا ئارێنت دەڵێت، بەتوندی بە مەسەلەی مەرگەوە گرێ دراوە، مەیلێکی گەورەی بۆ مردن هەیە، تەواو بە مەرگەوە سەرقاڵە، ئەمەش وای کردووە گرنگییەکی ئەوتۆ بە وردەکارییەکانی ژیان و بە خودی ژیان خۆی نەدات. بەتایبەتی ژیان لەگەڵ ئەوانی تردا، ژیانی گشتی، ژیانێک مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا دابەشی بکات. ئەم مەیل و داشکانەش بەلای مەرگدا لە ئەفلاتوون خۆیەوە دەست پێ دەکات، ئەوەتا ئەفلاتوون کاتێک باس لە فەلسەفە دەکات، وەک "مەشقێک بۆ مردن" ناوی دەبات. ئەم ئیهمالکردنەی دونیا و گرنگینەدان بە ژیانی پێکەوەیی و لەگەڵئەویتربووندا وا لە هایدیگەر دەکات ساڵانێکی درێژ ئەندامی پارتەکەی هیتلەر بێت و بەبێ گوێدانە ئەو هەموو ئازار و تاوانانەی ئەم پارتە و ئەزموونی فاشیزم لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرهەمی دەهێنا. لەم ڕووەوە، هانا ئارێنت سڵ لەوە ناکاتەوە هایدیگەر بە "گەمژەیەکی سیاسی" ناو ببات.

بە پێداگرتن لەسەر مەسەلەی لەدایکبوون و لەسەر مەسەلەی دونیاییبوون، هانا ئارێنت وێنەیەکی جیهانمان بۆ دەکێشێت، کە لەسەر لەیادچوونەوە و لەبیرکردنی جیهان و بوون کار ناکات، بەڵکوو لەسەر دەرەنجامە ئەخلاقی و سیاسییەکانی بوون لەناو جیهاندا کار دەکات، لەسەر مەسەلەی بەسەرەکیکردن و بە سێنترالکردنی خودی جیهان خۆی و خودی کردە و جووڵەی مرۆڤ لەناویدا و مەسەلەی ئازادی

و خۆ بەجیهانـەوە گرێدان، کار دەکات. جیهانیش لـەم ڕوانینـە ئارێنتییـەدا، جیهانێکـە پـڕ پەیوەنـدی و کارلێـک و کارلێکـی پێچەوانـە، پـڕ زمـان و یـادەوەری و کولتـوور و کەلەپـوور و مێژووی جیـاواز. خاڵـی سـەرەکییش لـە بوونـی مـرۆڤ لەنـاو جیهانێکـی لـەو بابەتـەدا، لـە نووسـان و خۆگرێدانـەوە بـەو جیهانـەوە، بریتییە لـە خاڵی لەگەڵئەوانیتردابـوون، پێکەوەبـوون لەگەڵ کەسـانی تـردا، بوونـە بـە دراوسـێبوون لەنـاو جیهانـدا، ژیـان لەنـاو زمـان و لەپـاڵ زمانـی تـر و جیـاوازدا. ئـەم بەیەکەوەبوونـەش لەگـەڵ ئەوانـی تـردا، ئەگـەری کـردەی مێژوویـی تاکەکەسـی و دەسـتەجەمعی دەخولقێنێـت و ئـەم کردەیـەش دەکات بـە بەشـێک لـە ژیانـی مرۆڤ و کۆمەڵـەکان. جیهانێـک بەتـەواوی مانـا فرەڕەنـگ و پلـورال، کـە پاراسـتنی سـەرەکیترین بەرپرسـیارێتیی مرۆڤەکانـە لەناویـدا.

وەک وتـم، لای ئارێنت، لەگـەڵ لەدایکبوونـی هـەر منداڵێکدا، یـان لەنـاو کـردەی لەدایکبـوون خۆیـدا، هەمیشـە ئەگـەری دەسـتپێکردنەوەیەکی نـوێ و ئەگـەری ئەنجامدانـی شـتگەلێکی نـوێ، کـە تـا ئـەو سـاتە لـە دونیـادا بوونـی نەبێـت، ئامادەیـە. ئارێنـت پێـی وایـە مـرۆڤ توانایەکـی گـەورەی لەسـەر خۆشویسـتنی جیهـان هەیـە و هـەر ئەمەشـە هـەم جیهـان و هـەم مرۆڤـی پاراسـتووە، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا مـرۆڤ بوونەوەرێکـە توانـای وێرانکردنـی جیهانیشـی هەیـە، توانـای نفرۆکردنـی خـۆی و ئەوانـی تـر و شـتەکانی دەوروبـەری هەیە. ئـەوەی لـەو ناوەنـدەدا هاوکێشـەکان ڕادەگرێـت، هەسـتکردنی مرۆڤـە بـە بەرپرسـیاریەت بەرامبـەر بـە جیهـان، هەسـتێکی ئەخلاقییـە کـە وا لـە مـرۆڤ دەکات جیهانـی خـۆش بوێـت.

خۆشویستنی جیهان لای ئارێنت گرێ دراوە بە مەسەلەی مشوورخواردن و خەمخواردن لە جیهان، گرێ دراوە بە مەسەلەی هەستکردن بەوەی کە بەرپرسیارین بەرامبەر بە جیهان، جیهانێک کە هەمیشە جیهانێکی پلورال و پڕجیاوازییە و کورت ناکرێتەوە بۆ ئەم یان ئەو دەرکەوتی بەتەنها. ئەوەشی سیاسەت لای ئارێنت لە فەلسەفە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە فەلسەفە کە باس لە مرۆڤ دەکات، هەمیشە باس لە مرۆڤ دەکات وەک تاکەکەسێک، لە کاتێکدا سیاسەت وەک کۆ بیر لە مرۆڤ دەکاتەوە، وەک کەسێک لەگەڵ ئەوانی تردا. فەلسەفە بیر لە مرۆڤ دەکاتەوە و سیاسەت بیر لە مرۆڤەکان دەکاتەوە، جیاوازییەکەشیان لێرەدایە، سیاسەت لەباتی بیرکردنەوە لە کەسێک بەتەنها، بیر لە پلورالبوون و جیاوازبوون و پێکەوەبوونی مرۆڤەکان بە کۆ لەناو جیهاندا دەکاتەوە. لای ئارێنت، کێشەی فەلسەفە لەوەدایە، باسی ئینسان وەک بوونەوەرێکی موجەرەد، وەک تاکەکەسێکی گەردوونی دەکات، لە کاتێکدا، بە بۆچوونی ئارێنت، هەموو باسکردنێکی مرۆڤ بەو موجەرەدی و گشتگیرییە، هەم کوشتنی فەردانیەت و تاکەکەسبوونی دەگمەنی مرۆڤەکانە، هەم وێرانکردنی پلورالبوونی مرۆڤەکانیشە. چونکە وەک وتمان، دەگمەنبوونی مرۆڤ تەنها لەپاڵ مرۆڤەکانی تر و لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا دەر دەکەوێت. ئەگەر فەلسەفە بەرجەستەکەری مرۆڤ بێت وەک کەسێکی خاوەنمێشک، ئەوا سیاسەت بەرجەستەکەری مرۆڤە وەک بوونەوەرێک لە خوێن و گۆشت. ئەگەر فەلسەفە هەوڵدان بێت بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتر لە دەرەوەی ئەشکەوتە

ئەفلاتوونییەکەدا، واتە ئینکارکردن و نەفیکردنی ژیانی ڕۆژانە و ژیانی پێکەوەی پڕجووڵە و کردەی مرۆڤانە بێت، ئەوا سیاسەت سەرقاڵبوونە بە مرۆڤەوە لەناو ئەو ژیانە پێکەوەییە ڕۆژانەییەدا کە بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، ژیانێکی هاوبەش کە مرۆڤەکان بەیەکەوە دروستی دەکەن و بەیەکەوە تیایدا نیشتەجێ دەبن و بەیەکەوە ئازارەکان و ناخۆشییەکان و خەونەکانی بەش دەکەن. لەو کاتەدا کە فەلسەفە ژیانی ڕۆژانە و پێکەوەیی مرۆڤەکان بە شتێکی کەمنرخ دەزانێت و پشت لە جیهان دەکات و بەدوای واقیعێکی بەرزتر و نرخدارتری ئەبستراکتدا دەگەڕێت، سیاسەت لەسەر ئەم جیهان و ژیانە کۆنکریت و بەرجەستە و پێکەوەییە کار دەکات. بەکورتی، هەموو فیکری هانا ئارێنت، بریتییە لە هەوڵدانێکی بێماندووبوون بۆ هەڵگرتنی هەموو ئەو سنوورانەی لەنێوان فەلسەفە و سیاسەتدا دروست کراوە، بۆ سڕینەوەی ئەو بۆشاییەی خراوەتە نێوان فەلسەفە و سیاسەتەوە. ئەوەشی بنەمای پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەیە و ئەوەشی فەلسەفە و سیاسەت بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، بریتییە لە هەستکردنێکی هاوبەش بە بەرپرسیارێتیی بەرامبەر بە جیهان، بەرپرسیاریەتێک هانا ئارێنت ناوی "خۆشویستنی جیهان"ی لێ دەنێت. جیهانێک، کە هەمیشە و هەردەم پلوارالە و هەموو هەوڵدانێک بۆ سڕینەوەی ئەو پلورالیزمە، چ لە ئاستی فیکر و چ لە ئاستی سیاسەتدا، تاوانێکی گەورەیە و ئەرکی مرۆڤەکانە بە هەموو تواناکانیانەوە بەرەنگاری ببنەوە.

جیانی ڤاتیمۆ و پلورالیزم

جیانی ڤاتیمۆ فەیلەسووفێکی ئیتالییە و خاوەنی کۆمەڵێک ڕوانینی گرنگە دەربارەی چەمکەکانی جیاوازی و هەقیقەت و مرۆڤ، کە دەشێت هاریکارمان بن بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لە مەسەلەی پلورالیزم لە ئاستە فەلسەفییەکەیدا، بەتایبەتی لە دونیای ئەمڕۆدا، کە دونیایەکە پڕە لە ڕوانینی فیکری و فەلسەفی جیاواز و پڕە لە ئامادەبوونی زیاد لە گۆشەنیگایەک بۆ وێناکردنی هەریەکێک لەو چەمکانە. ڤاتیمۆ جیاوازی نابەستێتەوە بە مەسەلەیەکەوە، پابەستە بە لەدایکبوون و سەرەتای تازەوە، واتە نایبەستێتەوە بەو دیدەوە کە هانا ئارێنت لەسەر لەدایکبوونی مرۆڤ و دروستبوونی بەردەوامی سەرەتای تازە هەیەتی. بە مانایەکی تر، ڤاتیمۆ مەسەلەی جیاوازی و پلوالیزم نابەستێتەوە بە ڕاستییەکی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، بەڵکوو دەیبەستێتەوە بە هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لەو تەماحە فەلسەفییانەی دەیانەوێت هەموو دونیا لە ڕێگەی چەند تێز و پرنسیپێکی کەمەوە تەفسیربکەن. ڤاتیمۆ لەو خاڵەدا لەگەڵ هانا ئارێنتدا هاوڕایە، کە ئیشی فیکر بریتییە لە گرنگیدان بە "فەردی" و "تایبەت" و بەخشینی دەنگ بەوان لە دژی ستراکتور و سیستمە گەورەکانی ناو فیکر. لە سەردەمی کانتەوە، پرسیاری ئەوەی ئایا مرۆڤ دەتوانێت چیی بزانێت، یەکێکە لە پرسیارە گرنگەکانی ناو فیکر. پرسیارەکە پرسیارێکی ئەپستمۆلۆژی و مەعریفییە، بەلام

شـێوازی وەڵامدانـەوەی و خـودی وەڵامەکانـی ئـەو پرسـیارە، دەرەنجامـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئینسـانیی گـەورەی لـێ دەکەوێتـەوە. لای کانـت، مـرۆڤ دەتوانێـت تەنهـا لـە هەندێـک بواردا "هەقیقەت"ی شتەکان و دیاردەکان لە ڕێگەی لێکدانەوەی عەقڵانییـەوە بزانێت، زانست شتێکی تایبەتمـان لەسـەر دونیا پێ دەڵێت و بڕێک لـە نهێنییەکانمـان بۆ لێک ئەداتەوە، بەڵام زانسـت سنووری خۆی هەیـە و ئەوەشـی هێجگار گرنگە، بەئاگابوونـی خودی زانسـت خۆیەتی لـە سنوور و توانا تایبەتییەکانی. کانت داوای ئـەوە دەکات، زانسـت خـۆی بـە ڕەها نـەکات، دۆزینەوەکان و شـێوازە جیاوازەکانـی مەعریفـەی زانسـتی بەڕەهـا نـەکات، بەڵکوو لـەوە تێبگات، کـە ئـەوەی بەدەسـتی هێنـاوە بەرهەمـی ئیشـکردنی کایەیەکـی دیاریکـراوە و کـە گریمانـە و میتـۆد و شـێوازی ڕوانیـن و بەرخوردیـی تایبەتـی هەیـە. کانـت لەپـاڵ ژیانـی عەقڵ و مەعریفـەی زانسـتیدا بـاس لـە جـۆرە ژیانێکـی دیکـە دەکات کـە بـە "ژیانـی ئەخلاقـی"ی نـاو دەبـات و ئـەم ژیانەشـی بـە هەمـان ڕادەی ژیانـی عەقڵـی و زانسـتی بـەلاوە گرنگـە، ئەگـەر گرنگتریش نەبێت. لای کانت، مرۆڤـی عەقڵانـی و مرۆڤـی ئەخلاقـی یەکتـری تـەواو دەکـەن و لـەوە تێدەگـەن کـە زانیـن و ناسـینی دونیـا سـنووری هەیـە و لـە خاڵێکـدا دەوەسـتێت، مرۆڤـی عەقڵانـی سـەرەتا و کۆتاییـی مرۆڤبـوون نییـە و ئەخلاقیبوونـی مـرۆڤ ڕەهەندێکـی دیکـەی مرۆڤبوونـە، کـە گرنگییەکـی لەڕادەبـەدەری هەیـە. مرۆڤـی عەقڵانـی مرۆڤـی زانسـتە و مرۆڤـی ئەخلاقییـش مرۆڤـی هونـەر و ئەدەبیـات و دین و سـەرجەمی ئـەو چالاکییانەیـە کە ناچنـەوە ناو چالاکییـە عەقڵییەکانـەوە. لای کانـت، ئـەم دووانـەش لـە یەکتـری جیاوازن

و کەسیان ناتوانێت بچێتە شوێنی ئەوی تریان و کەسیشیان ناتوانێت وەزیفەی ئەوی تریان ببینێت. ئەم ڕوانینە کانتییە لە مێژووی فیکردا دەرگای بەسەر چەندەها مەسەلەی فیکریی نوێدا کردۆتەوە، لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە وەلامێکی بنبڕ بەو پرسیارانەی مرۆڤ بوونی نییە کە سەبارەت بە "جەوهەر"ی شتەکان و "دواهەمین ماناکان" دەکرێن. مرۆڤ ڕەنگە لە هەندێک ڕووبەر و ئاستی دیاریکراودا بە دڵنیاییی ڕەها بگات، بەلام لە زۆر ڕووبەر و ئاستی دیکەدا وەلامێکی بنبڕی بە پرسیارەکانی دەست ناکەوێت. ئەمە ئەگەر بۆ سەدەی هەژدەهەم و لای فەیلەسووفێکی وەک کانت ڕاست بووبێت، کە دونیا هێشتا پڕ بووە لەو ڕوانین و دونیابینییانەی کە وەلامی ڕەهایان بە پرسیارە گەورەکان هەبووە، ئەوا لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، کە دونیا فرەدین و فرەکولتوور و فرەڕوانین و فرەدونیابینییە و تەنانەت هەموو ئەمانە دەکرێت لەناو یەک تاکەکەسدا بدۆزرێتەوە، زۆر ڕاستترە. بۆیە ئەوەی لەمڕۆدا پێویستە، جۆرێکی دیکە لە بیرکردنەوەیە کە لە خەمی دۆزینەوەی جەوهەرەکان و هەقیقەتە ڕەهاکاندا نەبێت. ئەگەرچی ڤاتیمۆ فەیلەسووفێکی کانتی نییە، بەلام درێژە بەو دیدە کانتییە ئەدات کە ڕەخنە لە ناسینێکی ڕەهای بابەتییانەی دونیا و مرۆڤەکان دەگرێت و پێی وایە دەکرێت "هەقیقەت"ی شتەکان بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە بزانین و بدۆزینەوە.

ڤاتیمۆ بۆ بەرگریکردن لە پلورالیزم، جۆرێک لە بیرکردنەوە پێشنیار دەکات کە ناوی "بیری لاواز،" یان "بیری بێزەبر"ی لێ دەنێت. ئەمەش ئاماژە بۆ ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە دەکات، کە لە هەوڵی ئەوەدایە بوونیادە بالادەست

و سوننەتییەکانی بیرکردنەوە لە بوونیادی گشتگیر و تۆتالەوە بگۆڕێت بۆ بوونیادی خەفیفتری بێزەبر و بۆ بوونیادی لاوازی بێموتڵەق. ئەم لاواز و بێزەبرکردنەی فیکر، ئەم فیکرە لاوازە، بە مانای بیرنەکردنەوە یان لاوازکردنی تواناکانی بیرکردنەوە نایەت، مانای ئەوە نییە مرۆڤ میتۆدی نەبێت لە بیرکردنەوەدا، تێز و تیۆرەی تایبەتی نەبێت و هەوڵ نەدات بە شێوازی زانستییانە بیر بکاتەوە، بە پێچەوانەوە، بیر یان فیکری لاواز مانای کامڵبوونی فیکر و بەهێزبوونی لۆژیکی بیرکردنەوە لە ڕێگەی تێگەیشتنێکی هێمن و بێحەماسەت و بێتەماحی خورافی، لەو ڕاستییەی کە فیکری تیۆری پێویستە فیکرێکی نارەها بێت، سنوورەکانی خۆی بزانێت، تەماحی ئەوەی نەبێت ببێتە ئاسۆیەکی میتاتیۆری گەورە، هەمووان ناچار بن تەنها تەماشای ئەو بکەن. فیکری لاواز مانای ڕێگەگرتن لە دروستبوونی فیکری تۆتال و فیکری تۆتالیتاری، مانای دابەزاندنی فیکر بۆ ناو سیاقە مێژووییە جیاوازەکان، بەستنەوەیان بە بکەرە مێژووییە کۆنکریتییەکانەوە، وازهێنان لە خەباتی چەکداری لەناو فیکردا، کۆتاییهێنان بە تێرۆریزمی تیۆری و فیکری. مەبەستی ڤاتیمۆ لە دەستەواژەی "بێزەبر" یان "لاواز" دوو شتە: یەکەمیان پێداگرتن لە پلورالیزم و ناکامڵیی فیکر، دووهەمیان کۆتاییهێنان بە بیرۆکەی دواهەمین هەقیقەت. پلورالیزم هێمایە بۆ بوونی چەندەها تیۆرەی جیاواز، چەندەها لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی جیاواز، چەندەها تێزی جیاواز، چەندەها هەقیقەتی جیاواز، چەندەها چەمک و دەستپێکی جیاواز، کە هەموویان پێکەوە و لەیەک کاتدا ئامادەن و هەمووشیان شەرعییەتی تایبەتیان هەیە.

دووهەمیان مانای ئەوەیە، هیچ تێکستێک، هیچ لێکدانەوە و هەقیقەتێک، هیچ تێزێک دواهەمین لێکدانەوە و دواهەمین هەقیقەتی قەتعی نییە.[1] ئەمەش ئەو جۆرەیە لە فیکر، کە لە نادڵنیایی و گومانەکانی خۆی ئاگادارە، هۆشیارە بەوەی کە کامڵ نییە، ڕێژەییبوونی خۆی دەبینێت و ئەگەری فیکریی تر و تیۆرەی تر و لێکدانەوەی تر نەفی ناکات. فیکری لاواز وەک وتم، فیکرێکە خەباتی چەکداری دژ بە هەموو شێوەکانی تری فیکر ناکات، هەڵگری تێرۆری فیکری و نەفیکردنی ڕوانگەکانی تری بیرکردنەوە و تەماشاکردن ناکات. ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە، هەم بنەمایەکی ئەپستمۆلۆژیی هەیە، کە دژ بە ئەپستمۆلۆژیایەکی ڕەهایە بۆ هەقیقەت، هەم بنەمایەکی مێژوویی هەیە، کە ئاگاداربوونە هەم لە ئاڵۆزییەکانی ناو ساتەوەختە مێژووییەکان و هەم لە ئاکاری کاتیبوون و ڕێژەییبوون و پلورالبوونی ئەو ساتانە.

ڤاتیمۆ کتێبی "فیکری لاواز" لە ساڵی ١٩٨٣دا دەنووسێت، لە ڕەوتێکی تیۆری و فیکریدا کە تێزی سەرەکی لەناویدا تێزی "قەیرانەکانی عەقڵ"ە. لە ساڵانی هەشتادا ئەو باوەڕە سادەیەی ڕۆشنگەری بە عەقڵی هەیە، تەواو لاواز دەبێت و چەندەها شێوازی بیرکردنەوە دێنە کایەوە کە گومان لە تواناکانی عەوچ دەکەن. ئەم تێزەی "قەیرانەکانی عەقڵ" لەناو پێکدادانی چەندان شێواز و میتۆدی جیاوازی بیرکردنەوەدا لەدایک دەبێت، لەوانەش دیدە جیاوازەکانی مێژووگەرایی،

---

[1] بڕوانە: Vattimo, Gianni (2010). The responsibility of the philosopher. Ed. Franca D'agostini. New Yory: Columbia university press.p. 2-3.

historicism، مارکسیزم، بوونیادگەرایی و بیرکردنەوەی نێگەتیڤ، ئەمە جگە لە چەندان شێوازی بیرکردنەوەی ئایینیی جیاواز، تیۆرەی ئەخلاقی و ڕوانینی ئەپستمۆلۆژی و دیدگەی تەئویلی هەمەڕەنگ، کە بەسەر یەکەوە دۆخێکی فیکری و تیۆریی و ئەپستمۆلۆژی دروست دەکەن، کە فرەڕەهەند و فرەجۆر و ناکۆک و دژبەیەکە. تێزی "فیکری لاواز" لای ڤاتیمۆ، ڕەخنەیەکی هێمنە هەم لە میتافیزیکا و هەم لە ئایدیۆلۆژیا، ڕەخنەیە لەو شێوازانەی فیکر، کە لەدەوری چەمکەکانی "جەوهەر" و "بوونیادی قووڵ" و "بنەمای گەردوونی" و "سیستم"ی دونیایی ڕێک خراون، فیکرێک پێی وابێت دەتوانێت گوزارشت لە "هەلومەرجێکی موفاریق" بکات کە لە هەموو بەشەکانی دونیادا ئامادەیە و لە پشتی هەموو مێژووە ناوچەیی و لۆکاڵییەکانەوە ئامادەیە. "فیکری لاواز" بەستنەوەیەکی توند و فرەلایەنی دیدگە تیۆرییە جیاوازەکانە بە دۆخە مێژووییە کۆنکریتەکانەوە، فیکرێکە، ئەوە لەبیر ناکات کە زیاد لە ئاسۆیەکی کولتووری، زەمانەوانی، مێژوویی و چەمکیی هەیە و لەباتی پێداگرتن لەسەر بوونی ژێرخان یان بنەمای بابەتی، باس لە بوونی ژێرخان و بنەمای تەئویلی دەکات.[1] لەم فیکرەدا ڕاڤەکردن و لێکدانەوە ئامادەیە نەک دۆزینەوەی هەقیقەتی بابەتی، بۆیە ئەم فیکرە ئەگەر بنەمایەکی سەرەکییشی هەبێت، کە لەسەری دروست بووبێت، ئەوا ئەو گرێدانە کۆنکریتەی فیکرە بە واقیعەوە، هەم فیکر وەک دیاردەیەکی کۆیی و هەم واقیعیش وەک دیاردەیەکی کۆیی.

---

١ بڕوانە: Vattimo, Gianni & Pier Aldo Rovatti (2012). Weak Thought. State University of New York Press.p. 5

فیکری لاواز، فیکرێکە ئاڵۆزییەکانی ناو دونیای گواستۆتەوە بۆ ناو فیکر خۆی، نەک تەنها وەک تێز و تیۆرە، بەڵکوو لە ئاستی شێوازەکانی بیرکردنەوە و لە ئاستی بیرکردنەوەی ئەپستمۆلۆژیدا.

کێشەی سەرەکیی ئەم فەیلەسووفە ئیتالییە لەگەڵ چەمکی هەقیقەتدایە، وەک زۆرێک لە فەیلەسووفانی سەدەی بیستەم، چەمکی هەقیقەت جێگەی تێڕامانی ئەم پیاوەیە. ڤاتیمۆ سەبارەت بە هەقیقەت ئەم چوار ڕوانینە بنەڕەتییە نیشان ئەدات:[1]

١- هەقیقەت بەرهەمی پاسادان و بەڵگەهێنانەوەی بابەتی نییە، بەڵکوو دەرەنجامی پرۆسەی شیکردنەوە و سەلماندنێکی تایبەتە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەقیقەت بنەمایەکی میتافیزیکی یان لۆژیکیی نییە، بەڵکوو بنەماکانی لەناو زماندان، لەناو کۆمەڵێک ڕیتۆریک و گووتاردا.

٢- پرۆسەی شیکردنەوە و سەلماندنیش هەمیشە لەناو ئاسۆیەکی تیۆری و فیکریی کۆنترۆڵکراودا دێتە کایەوە، کە تیایدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئینسانیی جیاواز و پەیوەندیی نێوان نەوەکان و سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان، ئامادەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە، هیچ هەقیقەتدۆزێک لە خاڵی سفر و سەرەتاوە دەست پێ ناکات، بەڵکوو هەمیشە لەناو کۆمەڵێک بڕوا و قەناعەت و ئینتیما و لەناو کۆمەڵێک پەیوەندیی مەعریفی و نامەعریفییەوە دەست پێ دەکات. بەم مانایە، هەقیقەت هەمیشە لەناو ئاسۆیەکی تەئویلی و زمانەوانیی تایبەتدا بەرهەم دێت، نەک لەناو بۆشاییدا یان لەناو کردەیەکی

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨

بێگەرد و پاكژی بیركردنەوەدا.

٣- هەقیقەت هەمیشە بەرهەمی لێكدانەوە و ڕاڤەكردنە، نەك دۆزینەوەی پێدراوێكی بابەتی لەدەرەوەی مێژوو و لە دەرەوەی زمان و لە دەرەوەی مرۆڤبوونێكی كۆنكریتدا.

٤- هەقیقەت پەیوەستە بە پراكتیك و جووڵە و هەڵسوكەوت و ئەزموونی مرۆڤ خۆیەوە، مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی كۆنكریت، كە لەناو چوارچێوەیەكی ڕەمزی ئامادەیە و خاوەن كۆد و ڕێكەوتن و خو و ڕەوشتی تایبەتە. ئەم دۆخە پراكتیكییەی مرۆڤ، هەم سەرزەمینی بەرهەمهێنانی هەقیقەتە و هەم خۆشی بەشێكە لە كردەی بەرهەمهێنانی ئەو هەقیقەتە.

هەموو ئەمانە ئەوە نیشان ئەدەن، كە ڤاتیمۆ مەسەلەی جیاوازی و پلوالیزم نابەستێتەوە بە ڕاستییەكی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، وەك هانا ئارێنت دەیكات، بەڵكوو دەیبەستێتەوە بە دەستپێكێكی سۆسیۆلۆژیی ئەپستمۆلۆژییەوە، بە شێوازی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە هەقیقەتەوە. ڤاتیمۆ پلورالیزم وەم پێدراوێكی ئەنترۆپۆلۆژی مامەڵە ناكات، بەڵكوو وەك پێدراوێكی سۆسیۆلۆژی و مەعریفی مامەڵەی دەكات. ئەوەی ڤاتیمۆ ئەنجامی ئەدات، بەستنەوەی جیاوازی و پلورالیزمە بە كۆمەڵێك گۆڕانكاریی گەورەوە لە دونیای ئەمڕۆدا، كە وای كردووە پلورالیزم ئاكاری سەرەكیی ئەو دونیایە بێت. ئەم دەستپێكە سۆسیۆلۆژییە ئەپستمۆلۆژییە بە یەكێك لە مردنە هەرە گەورەكانی مێژووی دوو سەد ساڵی ڕابردوو دەست پێ دەكات، مەبەستم مردنی خودایە بە مانا نیتشەییەكەی. لای ڤاتیمۆ، دونیای ئەمڕۆ دونیایەكە، خودای وەك هێزێك تێدا نەماوە كە بتوانێت یاسا بۆ هەموو مرۆڤایەتی

دابنێت و ئەمر و نەهییەکانی ئەمر و نەهییەکی سێنترالّی و گەردوونی بێت و بۆ هەموو شوێن و جێگەیەکی سەر ئەم ئەستێرەیە بخوات. دونیای ئەمڕۆ بە ڕادەیەک ئاڵۆزە، کە ناکرێت هیچ دید و ڕوانین و تیۆرەیەک تەماحی ئەوەی هەبێت بەدوای "هەقیقەت"ی گریمانکراوی ئەو دونیایەدا بگەڕێت. مردنی خودا لە خوێندنەوەی ڤاتیمۆدا، تەنها ئاشکراکردنی مردنەکە و ڕاگەیاندنی هەواڵەکەیە، نەک ئەوەی ئیدیعایەک بێت، فیکرێک یان تیۆرەیەک یان میتۆدێک لە میتۆدەکان بیکات، چونکە ئیدیعاکردنی مردنی خودا خۆی دەشێت ببێت بە بنەمای میتافیزیکێکی نوێ لە بەرگێکی تازەدا. بەم مانایە، مردنی خودا مانای ئەوە نییە کە ئەپستمۆلۆژیایەکی هەڵە کۆتاییی پێ هاتووە و ئەپستمۆلۆژیایەکی ڕاستتر جێگەکەی گرتوتەوە، بەڵکوو مانای ئەوەیە، هەموو ئەپستمۆلۆژیایەک کە تەماحێکی گەردوونی و ڕەهای هەبێت، پەکی کەوتووە. لای ڤاتیمۆ، ئەوەی لە دونیای ئەمڕۆدا مردووە میتافیزیک و بوونیادە گەورە و ڕەهاکان و ئەو هەقیقەتانەیە کە خۆیان بە هەقیقەتی گەردوونیی جیاوازی قبوڵنەکەر دەزانن، هەقیقەتی تۆتالی، ئەو هەقیقەتانەی پێیان وایە گوزارشت لە "جەوهەر" و "بوونیادی قووڵ" و نهێنییەکانی "سیستم" دەکەن. ڤاتیمۆ ئەم مردنە گەورانە دەکات بە سەرەتای لەدایکبوونی جۆرێکی نوێ لە بیرکردنەوە کە ناوی "بیرکردنەوەی لاواز" یان "بیکردنەوەی بێزەبر" ناودەبات.[1] مردنی خودا لای ڤاتیمۆ،

---

[1] بڕوانە: Vattimo G and Zabala S (2011) Hermeneutic Communism: From Heidegger to Marx. New York Columbia .University Press. p 96

مردنێکە بووە بە ڕووداو، شتێکە ناکرێت ڕێ لە ڕوودانی بگیرێت، ناکرێت بگەڕێینەوە بۆ ساتەوەختی بەر لەو مردنە، ڕەنگە کەسانێک هەبن ئینکاریی ئەم مردنە بکەن، خۆیانی لێ لا بدەن، وا بجوولێنەوە و بژین و بیر بکەنەوە، وەک ئەوەی خودا بە مانا نیتشەییەکەی نەمردبێت، بەلام هەموو ئەمانە هیچ لە ڕوودانی مردنی خودا کەم ناکەنەوە و نابنە هۆی گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێش ئەو ڕووداوە. لەدوای مردنی خوداوە، هیچ زەمینە و بنەمایەک نامێنێتەوە بۆ بەرگریکردن لە هەقیقەتێک کە لە هەموو شوێنێکی دونیادا و لە هەموو کایەیەکدا و لای هەموو مرۆڤێک بخوات. هەقیقەت وەک میتافیزیک و گیانەوەرێکی زەبەلاح کۆتاییی پێ دێت، ئەمەش سەردەمی هاتنەکایەی "بیرکردنەوەی بێزەبرە."[1] ئەم بیرکردنەوەیەش بیرکردنەوەیەکی ڕێژەگەر نییە، ئەوەی بەرگریی لێ دەکات ڕێژەگەرایی نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە بیرکردنەوەی دیالۆگی، بیرکردنەوەیەک لەسەر بەشداربوون کار بکات، یاخود خۆی وەک بەشداربوویەک ببینێت و کار بکات.[2]

بنەمای بەرگریکردنی ئەم فەیلەسووفە لە پلورالیزم، پابەستی دروستکردنی مەسافەیەکی ئەخلاقی و مەعریفی و فەلسەفییە لە جەنگی هەقیقەتەکان لەگەڵ یەکتریدا. بۆ خۆپاراستن لەم جەنگە، ڤاتیمۆ دیدێک بۆ "هەقیقەت" گەشە پێ ئەدات، کە ڕەها و گشتگیر و گەردوونی نییە، بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە بکەوینە ناو ڕێژگەراییەکی ڕەهاوە، ناو دۆخێکەوە،

١ بڕوانە: Grimshaw, Mike (2014). Flaneuring with Vattimo: the annotative hermeneutics of weak thought. Critical research on Religion. Vol. 2(3)p.267

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٠

وا دەر بکەوێت هەمـوو ڕایـەک هەقیقەتێـک بێـت و هەمـوو هەقیقەتێکیش ڕایـەک. ڤاتیمـۆ دەڵێت، کاتێک نیتشـە هـاوار دەکات "خودا مرد،" ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە کە هیچ بەهایـەک لـە ژیانی مرۆڤدا نامێنێتـەوە، بەڵکوو مانـای ئەوەیـە بەهایـەک نامێنێتـەوە کـە بەهـای هەمـوو بەهـاکان بێـت، سـوپەربەها و تاکـە بەهـا بێت، بەهایـەک، کە بەتەنهـا هیـی گروپێک بێت. مردنـی خـودای نیتشـەیی، مانـای ئەوەیـە شـتێک نامێنێتـەوە کـە سـەرچاوەی هەمـوو ڕاسـتییەکان بێـت، بـۆ ڕاسـتی زیـاد لـە سـەرچاوەیەک دروسـت دەبێـت. ڤاتیمـۆ دەڵێـت مەرگـی خـودا لای نیتشـە مانـای نەمانـی خـودا نییـە، بەڵکوو مانـای دابەشبوونی خودایـە بـۆ چەنـدان خـودای بچـووک و سـنووردار، نیتشـە لـە دیـدی ڤاتیمـۆدا بانگەشـە بـۆ بێخودایـی نـاکات، بەڵکـوو بانگەشـە بـۆ کۆمەڵێک خـودای بچـووک دەکات، ڤاتیمۆ ئـەم هاوارە نیتشـەییە نـاو دەنێت بانگەشـەکردن بـۆ "ئەخلاقیاتـی فرەخودایی."[1] بـەڵام ئـەم خـودا بچووکانـە خـودای ئاسـمانی نین، خودایـەک نین لـە دەرەوەی جیهانـدا بوونیـان هەبێـت، بەڵکـوو خودایەکـن لەنـاو جیهانـدا، بەشـێکن لـە ڕووبـەرە ماتریالانەکەی بوون، خودایەکن بەشـدارن لـە جیهانـدا و ڕەنگـە بچنـە دیالۆگیشـەوە لەگـەڵ خوداکانـی تـردا. ئـەم سـەرزەمینی و دونیاییبوونـەی خـودا بچووکـەکان، وا دەکات نەمـر و ئەبـەدی نەبـن، بکرێـت بمـرن، هـەر بەڕاسـتییش دەمـرن و خـودای بچووکـی تـر لەنـاو دونیـای ماتریالـی و ڕۆحـی نوێدا لەدایـک دەبن. ڤاتیمـۆ پێـی وایـە لـەم

---

١ بڕوانـە: Vattimo, Gianni and Santiago Zabala (2002). "Week Thought" and the reduction of violence. A dialogu with Gianni Vattimo. Common Knoweledge, Volume 8, Issue 3,, Fall 2002, P. 454

دۆخـەدا زیـاد لـە پێناسـە و ڕوانینێک بۆ دونیا لەدایک دەبێت، زیـاد لـە گۆشـەنیگایەک و زیـاد لـە سـتراتیژیەتێکی تەئویلـی، ئـەوەی لـەم دۆخـەدا پێویسـتە، گەڕانـەوە بۆ خودایەکی گـەورە، بۆ سیسـتمێکی گەردوونـی، بۆ تیۆریـەک نییـە هەمـوو دونیامان بـۆ لێـگ بداتـەوە، بەڵکـوو دروسـتکردنی ئەخلاقیاتـی دیالۆگـە لەنێوان ئـەو خـودا بچـووک و ڕوانیـن و لێکدانـەوە جیاوازانـەی نـاو دونیـادا. ڤاتیمـۆ دەڵێت، ئـەوەی گرنگـە لـەم دیالۆگـەدا ڕوو نـەدات، ئەوەیە نەگۆڕدرێت بۆ "جەنگێکی دۆگماییانـە لەنێوان کۆمەڵێـک هەقیقەتـی ململانێکـەر لەگـەڵ یەکدا."[1] "بیرکردنـەوەی بێزەبر" ڕۆڵی ئەوەیە نەهێڵێت ئـەو جۆرە پێکدادانـە دۆگماییانە ڕوو بـدەن، چونکـە لـە دونیـای ئەمـڕۆدا ئـەو جـۆرە پێکداداناـنە کارەسـاتی گـەورە دروسـت دەکـەن. ڤاتیمـۆ دەڵێت، هیتلـەر، کـە شـەش ملیۆن جوولەکەی کوشـت، لەبـەر ئـەوەی "ڕای" وا بـوو کـە جوولەکـە خراپن، مەسـەلەکە لای هیتلـەر هـەر لـە بنەڕەتـەوە مەسـەلەی ڕا نەبـوو، بەڵکـوو ئـەو پێـی وا بـوو، ئـەوەی ئـەو بـاوەڕی پێیەتـی و ئـەوەی ئـەو ئەنجامـی ئـەدات، تاقـە "هەقیقـەت" و "ڕاسـتییەکی زانسـتی"یە کـە قابیلـی گومانلێکـردن نییـە.[2]

لـەم ڕوانینـەدا هـەر فیکرێـک وا دەسـتی پـێ کـرد کـە بڵێـت "هەڵەیـە پێمـان وا بێـت دونیـا وایـە، نـا دونیـا ئاوایـە..." یـان ئەمـە لۆژیکـی بیرکردنەوەکـەی بێـت "ئـەوە ڕاسـت نییـە کـە... بەڵکـوو ئـەوە ڕاسـتە کـە..." ئـەم جـۆرە کلێشـە فیکرییانـە کلێشـەی ترسـناکن، زادەی فیکرێکـن، ئەوەنـدەی خەریکـی "هەقیقەتفرۆشـی"یە، کـە یەکێکـە لـە ترسـناکترین بازرگانییەکانـی

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٥٤.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٥٤

دونیای ئەمڕۆ، ئەوەندە لە خەمی باشترکردنی دونیادا نییە بۆ ئەوەی شوێنی جیاوازییە زۆرەکانی تێدا ببێتەوە. ئەو شێوازە لە بیرکردنەوە، شێوازی دابەشکردنی دونیایە لەنێوان هەڵە و ڕاست، زانست و جەهل، ئەوەی دەبێت بکرێت و ئەوەی دەبێت لەناو ببرێت. هەرکەسێک وتی دونیا وا نییە بەڵکوو وایە، هەقیقەت ئەوە نییە بەڵکوو ئەمەیە، دوورە لە بیرکردنەوەیەکەوە کە شوێنی لانی کەمی جیاوازی و دیالۆگ و ڕاگۆڕکێی تێدا ببێتەوە. لە دیدی ڤاتیمۆدا، هیچ فیکرێک ناتوانێت هەموو نهێنییەکانی دونیامان بۆ کەشف بکات، فیکرێک بوونی نییە هەڵگری بنەمایەکی میتافیزیکی بێت، بتوانێت دونیا لە گشتێتیی خۆیدا بخوێنێتەوە. ئەم شێوازانە لە بیرکردنەوە، شێوازێکی شەڕانگێز و دوژمنکار و توندوتیژن و ڕۆحێکی گەورەی تێکشکاندن و وێرانکردن ئاراستەیان دەکات. ڤاتیمۆ سەر بەو فەیلەسووفانەیە کە پێی وایە دەبێت بە شێوەیەکی هێمنتر و دۆستانەتر لەگەڵ جیهان و هەقیقەتەکانی ناویدا هەڵسوکەوت بکەین، چونکە هەمیشە ئەگەری زیاد لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنێک بۆ دیاردەکان و پەیوەندییەکان لە ئارادایە. ئەگەر لە قۆناغەکانی بەر لە دروستبوونی دونیای مۆدێرندا ئەگەری بوونی ڕوانین و لێکدانەوە و بینین هەبووبێت، ئەوا ئەم ئەگەرە لە دونیای مۆدێرندا بەتەواوی لەناو چووە، دونیای مۆدێرن دونیایەکی تەواو پلورال و پڕ جیاوازییە و ناکرێت یەک لۆژیکی گەردوونی و گشتی هەموو ئەو جیاوازییانە ئاراستە بکات. ڤاتیمۆ لێرەدا، ڕێک بە پێچەوانەی ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەرەوە، باوەڕی وایە کە مەسەلەی هاتنەکایەی میدیای جەماوەری نابێتە هۆی ئەوەی

مرۆڤەکان لەیەکتری بچن و ئەمیان ببن بە کۆپیی ئەوی تریان، ڤاتیمۆ پێی وایە، تەکنۆلۆژیای زانیاری و میدیای جەماوەری، دۆخی پارچەپارچەبوون و کەرتکەرتبوونی زیاتر و گەورەتری دروست کردووە، بەتایبەتی پارچەپارچەبوونی ڕوانینَ و تێگەیشتنمان بۆ واقیع، بۆ ئەوەی هەیە و لە ئارادایە. ئەمەش ژمارەی ئەو کولتوورە بچووک و فەرعییانەی لە واقیعدا هەن، بەتەواوی زیاد کردووە و دۆخی پلورالیزمێکی گەورە و بەرفروانی لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بەتەواوی بەهێز و فراوان و قووڵ کردۆتەوە.[1]

ئەم فەیلەسووفە بەوە بەناوبانگە، کە کۆمەڵێک دژ بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، کە لای زۆر کەس قابیلی کۆکردنەوە نین، لەوانەش بۆ نموونە، کۆکردنەوەی نیتشە و مەسیحیەت و هایدگەر و کانت و تۆماس کون و گادامیر بەیەکەوە. ئەمەش بە مەبەستی بەرهەمهێنانی فیکرێک، بتوانێت بەنەرمی و هێمن و لەسەرخۆ لەگەڵ دونیادا بجووڵێتەوە، فیکرێک، ڤاتیمۆ ناوی "فیکری لاواز" یان "فیکری بێزەبر"ی لێ دەنێت. فیکرێک، کە پەرۆشی دونیایە و لە غەمی تیمارکردنیدایە. لە ڕاستیدا لێرەدا شتێک لە ڕۆحیەتی هانا ئارێنت لە مەسەلەی خۆشویستنی دونیادا ئامادەیە، دونیایەک کە بەردەوام لە ڕێگەی لەدایکبوونەوە سەرەتای تازە دروست دەکات و ئەگەری نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەم شێوازە لە فیکری بێزەبر و نەرم، فیکرێکە بەبێ حیکایەتی گەورە و قسەی گەورە و

---

[1] بڕوانە: Woodward, Ashley(2002). Nihilism and the postmodern in vattimo's Nietzsche." An Internet Journal of Philosophy Vol.6.2002.

گشتگیریی گەورە، فیکرێکە هەڵگری ئەو هەموو توندوتیژییە نییە کە فیکری میتافیزیکی لە هەموو شێوەکانیدا هەڵگریەتی. "فیکری لاواز" فیکرێکە پەیوەندییەکی لاوازی بە هەقیقەتەوە هەیە و بە شێوەیەکی لاوازیش ئیددیعای هەقیقەت دەکات، بە ڕۆحییەتی ناسینی هەموو دونیا لەناو تێزێکی فیکری و سیستمێکی بیرکردنەوەدا کار ناکات. "فیکری لاواز" فیکرێکە بە جۆرێک لە میهرەبانی و ناسکییەوە مامەڵەی وشەکان و شتەکان و مرۆڤەکان دەکات، نەک مامەڵەیەکی دیکتاتۆرییانە، ڤاتیمۆ پێی وایە ئەرکی ئەم فیکرە ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەی، مرۆڤ و دونیا و مرۆڤ بوون، کەمترین توندوتیژیی تێدا بێت.[1] بوونی مرۆڤ و کۆمەڵگە لەم فیکرەدا دیاردەیەکی سادە نین، "شت"ێک نین بکرێت مرۆڤ بەئاسانی لە چوارچێوەی تێزێکی فیکری و فۆرمێک لە فۆرمە زۆرەکانی میتافیزیکدا لێی تێبگات، جیهان "سیستم"ێک نییە یاساکان و میکانیزمەکانی بدۆزینەوە و بێ دوودڵی بزانین لەکوێدا وەستاوین و چی لە ئارادایە و بەرەو چ ئاییندەیەک دەڕۆین. هەموو هەقیقەتەکانیش لە پرۆسەیەکی بەردەوامی تەفسیرکردن و ڕاڤەکردندا دروست دەبن و هەرگیزیش نابن بە شتێکی ئەبەدی و کامل، هیچ "واقیع"ێکیش لە دونیادا نەماوە پارچەپارچە نەبووبێت، شتێکیش بوونی نییە وەک "جەوهەر" یان "بوونیادی قووڵ" بیانناسێنین و پێمان وا بێت هەموو پارچەکان و هەموو گشتێتیی دونیا لەناو "سیستم"ێکدا بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە و ڕاڤە دەکات.

---

١ بڕوانە: (ل ١٦٥) Groot,Ger (١٩٩٨). *Twee zielen – gesprekken met hedendaagse filosofen*. SUN, Nijmegen

بەکورتی، وەک چۆن هانا ئارێنت لە ئاستی سیاسی و بەڕێوەبردنی ژیانی گشتیدا بەرگری لە جیاوازی دەکات و دژ بە تۆتالیتاریزمی سیاسی دەجەنگێت، ڤاتیمۆ لە ئاستی مەعریفی و ئەپستمۆلۆژیدا ئەم کارە دەکات. لای ئارێنت، مرۆڤبوون دیاردەیەکی موجەرەد و بانمێژوویی و بانکۆمەڵگە نییە، هەمیشە نیشتەجێی ناو ژیانی گشتییە و لە گۆشت و خوێن و ناو و ناوونیشان دروست بووە، ئاوا لای ڤاتیمۆ فیکریش بێناو و ناوونیشان و موجەرەد نییە و هەمیشە لەناو چەندەها پارچەی جیاوازی جیهان و واقیعدا ئامادەیە.

فارابی و مەسەلەی پلورالیزم

یەکێک لەو فەیلەسووفە ئیسلامییانەی دەشێت هەندێک ڕوانینی سەرەتایی دەربارەی مەسەلەی جیاوازی و پلورالیزم لە بیرکردنەوەیدا بدۆزینەوەیە، فارابییە. بەڵام فارابی وەک هانا ئارێنت خەریکی بەسیاسیکردنی دونیا و بەسیاسیکردنی فەلسەفە نییە، وەک ڤاتیمۆش بەدوای بەڕێژەییکردن و پلورالکردنی مەعریفە و ئەپستمۆلۆژیاوە نییە، فارابی خەریکی بەڕێژەییکردنی دین و بەرگریکردنە لە دۆخی فرەدینیی شارەکان و نەتەوەکان و مرۆڤەکان. فارابی (٨٧٠-٩٥٠) هەندێک ڕوانینی هەیە سەبارەت بە "حوکمڕانی چاکەکار" و "سروشتی شار" و "میللەتان" و "مرۆڤ" و "دین،" کە دەکرێت وەک سەرەتایەکی گرنگ بۆ قسەکردن لەسەر پلورالیزم بیانبینین. کە ئەمە دەڵێم، بە هیچ شێوەیەک

نامەوێت بەرگری لەو تێزە بکەم کە فارابی فەیلەسووفێکی پلورالیستە و پلورالیزم ڕوانینێکی ئیشلەسەرکراوە لە فیکری ئەودا، لانی کەم بەو مانایانەی ئەمڕۆ ئێمە بە پلورالیزمی دەبەخشین، مانایەک، کە بەخشینی مافی یەکسان بە جیاوازییەکان خاڵی هەرە سەرەکی و بنەڕەتییە. پلورالیزم و جیاوازی بەو مانایەی ئەمڕۆ دەیزانین، بەشێک نییە لە فیکری دونیای بەر لە مۆدێرنە و بەشێک نییە لەو کێشە فیکری و تیۆرییانەی فەیلەسووفانی دونیای کلاسیک خۆیان پێوە سەرقاڵ کردبێت. وەک فەیلەسووفی ئەمەریکی جۆشوا پارنێس دەڵێت "فارابیی جۆن لۆکی دونیای بەر لە مۆدێرنە نییە،" فارابی لە دونیایەکدا دەژی، کە مرۆڤەکان پلەوپایە و نرخی جیاواز و نایەکسانیان هەیە، هەیانە کۆیلەیە و هەیانە سوڵتان، بۆیە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین ڕوانینی بۆ مرۆڤەکان ڕوانینێکی یەکسان و لەوێشەوە بۆ دینەکان ڕوانینێکی یەکسان بووبێت.[1] فیکری فارابی لە زیاد لە شوێنێکدا لە مەسەلەی پلورالیزم نیزک دەبێتەوە و لە هەندێک ئاستیشدا بەرگری لە پلورالبوونێکی تایبەتی دونیا دەکات. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئەنجامی بدەین، ئەوەیە بزانین ئایا فارابی لەکوێدا لە پلورالیزم و پاراستنی جیاوازییەکان نزیک دەبێتەوە؟ چییان دەربارە دەڵێت و بە چ لۆژیکێک بەرگرییان لێ دەکات؟ بۆ باسکردنی ئەم بابەتەش، دەگەڕێمەوە بۆ ئەو کتێبە گرنگەی فەیلەسووفی ئەمەریکی جۆشوا پارێنس

---

١ بڕوانە: Parens, Joshua (2006). An Islamic philosophy of virtous religions. Introducing Alfarabi. USA, State University of New York Press. p. 1.

Joshua Parens لەسەر فیکری فارابیی نووسیوە، کتێبێک کە چەندان ڕەهەندی گرنگ لە فیکری ئەم فەیلەسووفە موسڵمانەدا دەکاتەوە.[1] ئەو پرسیارانەی ئەم فەیلەسووفە لە فیکری فارابیدا بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێت، ئەمانەیە: ئایا یەک دین دەتوانێت بەکەڵکی هەموو کۆمەڵە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی بێت؟ ئایا دەکرێت زیاتر لە یەک دینی باش لە جیهاندا بوونی هەبێت؟ ئەگەر بکرێت زیاد لە یەک دینی باش هەبێت، ئەی باشە چۆن و بۆ چ هۆیەک ئەو دینە باشانە دەتوانن هەبن؟[2]

ئەم نووسەرە نیشانی ئەدات کە لەناو فیکری فارابیدا چەند بۆچوونێک دەربارەی دین هەن، کە ڕێگرن لەوەی باوەڕ بەوە بهێنین کە یەک دین بتوانێت خۆی وەک تاکە دینی ڕاستەقینە و تاکە دینی باش لە هەموو جیهاندا نیشان بدات، یاخود ئەم ویست و تەماحەی هەبێت. فارابی ڕێگە بۆ ئەوە دەکاتەوە مرۆڤ باوەڕی بەوە بێت، کە دەشێت زیاد لە دینێکی باش و چاکەکار لە دونیادا بوونی هەبێت. لە ڕاستیدا ئەمە لای فارابی تەنها ئەگەرێکی تیۆری نییە، بەڵکوو پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی سەرەکییە، چونکە بە باوەڕی فارابی، ناکرێت یەک دین بەسەر ئەو هەموو مرۆڤ و کولتوور و ژینگە جیاوازانەدا بسەپێنرێت کە لە دونیادا هەن.

ئەگەرچی فارابی فەیلەسووفێکە لە زۆر بابەتدا قسەی کردووە و نووسیویەتی، بەڵام ئەوەی بۆ مەبەستی ئەم

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١

نووسینە گرنگییەکی تایبەتی هەیە نووسینە سیاسییەکانیەتی، بەتایبەتی کتێبی "وەدەستهێنانی بەختەوەری"یە، "تحسیل السعادە"یە، ئەو مۆدێلەی فارابی لەم کتێبەدا بەرگری لێ دەکات، مۆدێلی فەیلەسووف-پادشای ئەفلاتوونە. بنەمای فەلسەفە سیاسییەکەی فارابی ئەم مۆدێلە ئەفلاتوونییەیە. کردنی ئەم مۆدێلە ئەفلاتوونییە لە سیاقی ئیسلامیی فارابیدا خۆی تەحەدایەکی گەورەیە، چونکە ئەو مۆدێلە سیاسییەی فوقەهاکان بەرگرییان لێ کردووە، مۆدێلی فەیلەسووف-پادشا نییە، بەڵکوو مۆدێلی پێغەمبەر-یاسادانەر، النبی-المشرع.[1] لە سەردەمی فارابیدا دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی جیهانی، یان دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامیی جیهانی، بەشێک بووە لەو بۆچوونانەی لەناو موسڵمانەکاندا بوونی هەبووە، باوەڕێک بووە زۆر جار وەک بەشێک لە دینەکە وێنا کراوە و گریمانێ کبووە مەحاڵ نەبووە، ئەگەرچی هەندێک دەستەی دینی هەڵی دەگرن بۆ کۆتاییی زەمەن و هاتنی مەهدی بۆ دروستکردنی سیستمێکی جیهانیی بێخەوش و پێرفێکت.[2]

تێزی سەرەکیی فارابی لە کتێبی "وەدەستهێنانی بەختەوەری"دا تێزی مەحاڵبوونی دروستکردنی "شارێکی چاکەکار-المدینە الفازیلە." بۆیە ئەگەر دروستکردنی تەنها شارێکی چاکەکار مەسەلەیەکی مەحاڵ بێت، ئەی چۆن دروستکردنی جیهانێکی چاکەکار، دروستکردنی دەوڵەتێکی جیهانیی چاکەکار مەحاڵ نییە. ئەم مەسەلەی مەحاڵبوونە بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە "سروشت"ی مرۆڤەوە هەیە.

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٩

فارابی پێی وایە دروستبوونی فەیلەسووف-پادشا خۆی کارێکی هێجگار زەحمەت و پڕکێشەیە، بۆ نیشاندانی ئەم زەحمەتییەش، ئەو چوار جۆر فەیلەسووف لە یەکتری جیا دەکاتەوە، کە تەنها یەکێکیان فەیلەسووفی ڕاستەقینەیە و توانای ئەوەی هەیە کە ڕۆڵی فەیلەسووف پادشا ببینێت. ئەو چوار شێوازەش بریتین لە "فەیلەسووفی نوقسان،" "فەیلسووفی ساختە،" "فەیلەسووفی ڕووکەشپەرست" و "فەیلەسووفی باتڵ."[1] هەریەکێک لەم شێوازانە لە فەیلەسوفی ناڕاست نووقسانیی تایبەتیان هەیە کە ڕێگر لەوەی ببن بە فەیەلسووفی ڕاستەقینە، ئەو نوقسانییانە دەشێت نوقسانیی تیۆری یان کردەیی یان ئەخلاقی بێت. فەیلەسووفێک کە قابیلی ئەوە بێت ببێت بە پادشا. لەم خاڵە زەحمەتتر و قورستر ئەو پەیوەندییەیە کە فەیلەسووف پادشا لەگەڵ ئەو شارەدا دروستی دەکات کە دەبێت بە حوکمڕانی. لە هەموو شارێکدا زیاد لە جۆرێک خەڵکی جیاواز دەژین، کە ڕوانینیان بۆ "بەختەوەری" تەواو جیاوازە لە ڕوانینی فەیلەسووف-پادشا. ئەگەر شار و دانیشتوانەکەی نەیانەوێت سوود لە حیکمەت و مەعریفەی فەیلەسووف-پادشا وەر بگرن و هەر هێزێک کەوتە دوای وەدیهێنانی ڕوانینی خۆی بۆ بەختەوەری، ئەودەم بوون یان نەبوونی فەیلەسووف وەک پادشا سوودێکی ڕاستەقینەی نابێت. ئەمەیە وا دەکات تەنانەت لە ئاستی یەک شاردا زۆر زەحمەتە، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، بکرێت شارێکی چاکەکار و پێرفێکت دروست بکرێت.[2] خاڵێکی دیکە، کە فارابی لەپاڵ

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣١

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٤

سۆکراتدا بەرگریی لێ دەکات، ئەوەیە فەیلەسووف هەر لە بنەڕەتەوە نایەوێت حوکمڕان بێت، نایەوێت ببێت بە پاشا، چونکە دەزانێت هەمیشە چەندان هێز و کەسایەتی و گرووپی تر هەن کە تەماحی تریان هەیە و کاری ئەو وەک فەیلەسووف-پادشا زۆر زەحمەت، ئەگەر نەڵێم مەحاڵ، دەکەن.[1]

خاڵێک کە فارابی گرنگییەکی تایبەتی پێ ئەدات، مەسەلەی جیهادی هێرشبەرانەیە بۆ بلاوکردنەوەی ئیسلام بە نیازی دامەزراندنی ڕژێمێکی جیهانیی چاکەکاری بێخەوش. فارابی دامەزراندنی ئەم ڕژێمە جیهانییە لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی ئیسلامەوە بە هۆی جیهادی سەربازییەوە، واتە دامەزراندنی خەلافەتێکی جیهانی، بە خەون و ئایدیالی فوقەهاکان دەزانێت. ئەوەی فارابی لەم بارەیەوە ئەینووسێت، بەرگریکردن نییە لەم ئایدیالە، بەڵکوو پرسیارکردنە دەربارەی واقیعیبوون و توانای بەرجەستەکردنی لەناو مێژوودا.[2] لە دیدی فارابیدا، ناچارکردنی کەسانی تر بۆ ئەوەی بەزۆر ببن بە چاکەکار، لە ڕێگەی جەنگەوە دینی ڕاستەقینەیان بەسەردا بسەپێنرێت و بەختەوەر ببن، کاری نەکردەیە. ئەوانەی بەو جۆرە ناچار دەکرێن چاکەکار بن، بەختەوەر نابن، ڕەنگە تەسلیم ببن و گوێڕایەڵ بن، بەلام بەختەوەر و چاکەکار نابن.

فارابی هەر لە بنەڕەتەوە پێی وایە کە دین فرەجۆر و فرەشێوەیە، هەمیشە زیاد لە دینێک هەیە و ئامادەیە. جگە لەمە، هەموو دینێکیش پێویستە بەبەردەوامی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو سەردەم و شوێنەدا کە تیایدا ئامادەیە. لەپاڵ

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥٥-٣٦

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦١

ئـەم ئەرگومێنتـی فرەجـۆری و فرەشـێوەیییەی دینـدا، فارابـی پێـی وایـە میللەتەکانیش فرەجـۆر و جیـاوازن، هـەر میللـەت و نەتەوەیـەک ئاکاری تایبەتی هەیـە و لـە میللـەت و نەتەوەکانی تـر جیـاوازە. لـە پەیوەندیـی نێـوان دیـن و میللەتیشـدا، فارابـی باس لـەوە دەکات، ئـەو یاسـا دینییانـەی کـە هـەن، بـۆ ئـەوەی بتوانـن میللەتێکی چاکـەکار دروسـت بکـەن، پێویسـتە لەگـەڵ ئاکاری ئـەو میللەتـەدا بگونجێت. تەنهـا بـەم خۆگونجاندنـە دیـن دەتوانێـت میللەتێکی چاکـەکار دروسـت بـکات.[1] فارابـی پێـی وایـە، ڕاسـتە دینـەکان کۆمەڵێک ڕوانیـن و پراکتیکی هاوبـەش و هاوشـێوەیان هەیـە، بـەڵام ئـەوەی یـەک دیـن بەسـەر هەمـوو دونیـادا بسـەپێنرێت، یـان ئیمپراتۆریەتێکی جیهانـی دروسـت بکرێـت، کـە یـەک دینـی هەبێـت، ئـەوە شـتێکە تـەواو شـوێنی گومـان و ناڕەحەتیـی ئـەوە. لای فارابـی، بینیـن و داننـان بـە جیاوازییـە دینییـەکان خۆیانـدا بەشـێکی گرنگـی پاڵپشـتیکردنی چاکەکارییـە.[2] چاکـەکاری مانـای ئـەوە نییـە یـەک دیـن دەسـت بەسـەر دونیـادا بگرێـت، یـان دونیـا لەنـاو دینێکدا شـوێنی هەمـوو جیاوازییەکانـی بکاتـەوە، بەڵکـوو لەوەدایـە، ئـەو جیاوازییانـە بپارێزرێـن و هـەر شـار و میللـەت و نەتەوەیـەک بەپێـی هەلومەرجـی خـۆی دینداریـی خـۆی ڕێـک بخـات.

ئـەوەی فارابـی بەرگریـی لـێ دەکات، ئەوەیـە هیـچ دینێـک ناتوانێـت حوکمێکی دادپەروەرانـەی هەمـوو دونیـا بـکات، دونیـا زۆر گـەورەتـر و پلورالتـر و پڕجیاوازیتـرە لـەوەی یـەک دیـن بتوانێـت ڕژێمێکی دادپەروەرانـە لە هەمـوو پارچەکانیدا دروسـت

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧٧
٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨١

بکات و حوکمی بکات. هەر لە بنەڕەتیشەوە وا باشترە هیچ دینێک ئەو تەماحە جیهانییەی نەبێت، بەتەمای ئەوە نەبێت ببێت بە تاکە دینی دونیا. فارابی پێی وایە پرۆژەی ئەوەی یەک دین ببێت بە دینی هەموو دونیا، تەنها پێوستی بەوە نییە کە هەموو نەتەوەکانی دونیا ببن بە نەتەوەی چاکەکار، بەڵکوو پێویستی بەوەشە هەموو شارێک لە شارەکانی دونیا و ناو یەک نەتەوەش ببن بە شاری چاکەکار.[1] جگە لەمە، بۆ ئەوەی سەرۆکی هەموو نەتەوەیەک و هەموو شارێک لە شارەکانی دونیا ببێت بە سەرۆکێکی چاکەکار، دەبێت هەریەکێکیان فەیلەسووف-پادشا بێت، نەک سەرۆکێکی دینی یان سیاسیی ئاسایی. ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، کە لە دیدی فارابیدا مەحاڵە ڕوو بدات، ئەودەم دەبێت ئەو فەیلەسووفە پادشایانە هەموویان هەڵگری یەک مەعریفە نین، ئەمەش ناکرێت، چونکە ئەو فەیلەسووف-پادشایانە هەریەکێکیان هەڵگری ئەو مەعریفەی دەبێت کە لەگەڵ سروشتی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا و لەگەڵ ئاو و هەواکەی و لەگەڵ شوێنەکەیدا دەگونجێت. بە مانایەکی دیکە، ناکرێت جیهان لە ڕێگەی یەک شێوە لە مەعریفە و یەک شێوە لە دینەوە بەڕێوە ببرێت. بۆیە ئەوەی پێویستە، ئەوە نییە دینێکی چاکەکار و چاکەخواز هەبێت بۆ هەموو دونیا، بەڵکوو چەندانِ دینی لەو جۆرەیە کە هەریەکە بەکەڵکی ناوچەیەک لە ناوچەکانی دونیا و میللەتێک لە میللەتەکانی بێت. بۆیە فارابی پرۆژەی دروستکردنی حوکمڕانییەکی جیهانی لەژێر سایەی یەک دیندا نەک بە کارێکی کردەکی - عەمەلی، نازانێت، بەڵکوو

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢

بـە ئایدیالیکی باشیشـی نازانێـت.[1] ئەگـەر ئەمـە دیـدی فارابـی بێت بـۆ مەسـەلەی چۆنێتیی ڕوانیـن بـۆ مەسـەلەی حوکمڕانـی و دەوڵەتداری لـە جیهانـدا، هەنگاوی دوای ئـەوە، هەنگاوێک کـە فارابـی لـە چوارچێوەی ئاسـتی گەشـەکردنی مەعریفـی و ئـەو پارادایمانـەی لـە سـەردەمی ئەودا بەرجەسـتە بـوون، نەیتوانیوە بینێـت، مەسـەلەی لێبـووردن و قبوڵکردنـی جیاوازییـە دینـی و فیکـری و مەعریفـی و سیاسـییەکانە. بـەڵام وانەیـەک بکرێـت لـەم ڕوانینـە فەلسـەفییانەی فارابییـەوە فێـری ببیـن قبوڵکردنـی جیاوازی و پلورالیزمە لە دونیادا و ڕێکخستنیانە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەی دوور لە جەنگ و شـەڕ و کوشـتار.

جگـە لەمـە، لـە فیکـری فارابیـدا ئـەو تێـزە ئاشـکرایە کـە ناکرێـت حوکمەتێکی جیهانـی دینیی ئایدیالی لە ڕێگەی جەنگ و شـەڕوشـۆڕ و کوشـتاری دینییـەوە دروسـت ببێـت. فارابـی لـە ڕێگـەی شـوێنپێهەڵگرتنی ئەفلاتوونـەوە بـەو ڕاسـتییە دەگات، کـە تەنانـەت دروسـتکردنی ڕژێمێکـی پاکـژ و خاوەنفەزیلـەت لـە ئاسـتی شـارێکدا مەحاڵـە، بۆیـە دروسـتکردنی لـە ئاسـتی جیهانـدا کاری نەکـردە و تـەواو مەحاڵـە. ئـەم ڕوانینـە وا لـە فارابـی دەکات گومانێکـی زۆری لـەوە هەبێـت کـە لـە ڕێگـەی جیهـادەوە، لـە ڕێگـەی جەنـگ و پەلامـاری دینییـەوە، بکرێـت سیسـتمێکی ئایینیـی جیهانـی دروسـت بکرێـت کـە بـۆ هەمـوو شـارەکان و نەتـەوەکان و مرۆڤـەکان بـاش بێـت. بـە هەمـان شـێوەی ئەفلاتوون، لای فارابیش، دروسـتکردنی شـارێکی پاکژ و چاکەکار مەحاڵـە، واتـە مەحاڵـە بکرێت سیسـتمێکی سیاسیی چاکـەکار، کۆمارێـک، تەنانـەت لەنـاو شـارێکدا دروسـت بکرێـت،

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢

کە سیستەمەکە بێکێشە و پێرفێکت و چاکەکار بێت، ج جای دروستکردنی حکومەتێک بۆ هەموو دونیا کە خاوەنی ئەو ئاکارانە بێت. بۆیە پێویستە هەر نەتەوەیەک ئەو شێوازە لە دینی هەبێت کە لەگەڵ سروشت و ئاکار و هەلومەرجی تایبەتی خۆیدا دەگونجێت. ئەوەی دونیا پێویستی پێیەتی، یەک دین نییە بۆ هەمووان، چونکە ئەمە مەحاڵە، بەڵکوو زیاد لە دینێکە کە هەریەکێکیان گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئەو مرۆڤانەدا کە هەڵی دەگرن. لە دیدی فارابیدا، ئەسڵەن یەک دین ناگونجێت لەگەڵ سروشت و پێکهاتی جیاوازی شارەکان و نەتەوەکان و مرۆڤەکاندا. بەکورتی، ئەوەی فارابی لە خوێندنەوەی ئەم فەیلەسووفە ئەمەریکییەدا داوای دەکات، وازهێنانە لە دوو شت: یەکەمیان لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەک حکومەت بۆ هەموو دونیا. دووهەم لە سەپاندنی یەک دین بەسەر هەموو دونیادا.

لێرەشدا ئەو خاڵەی لەنێوان هانا ئارێنت و ڤاتیمۆ و فارابیدا هاوبەشە، پێداگرتنی هەریەکێکیانە لەسەر مەسەلەی جیاوازی و پلورالیزمی کۆمەڵایەتی و ئینسانی و دینی. جیاوازییەک لای هانا ئارێنت تۆتالیتاریزم نەفی دەکات و هەوڵی لەناوبردنی ئەدات، لای ڤاتیمۆ هەقیقەتکەرایی دەسڕێتەوە، لای فارابیش خوازیاری ئەوەیە کۆتایی بە پرۆژەی سەپاندنی یەک دین بەسەر هەموو دونیادا بهێنێت. لە هەرسێ دۆخەکەدا ئێمە لە بەردەم فیکرێکداین، کە بە شێوازی جیاواز بەرگری لە پلورالیزمی جیهان و کۆمەڵگە و مرۆڤەکان دەکات.

دەرەنجام

بۆ بەرگریکردن لە پلورالیزم، دەکرێت بە زیاد لە شێوەیەک بیر بکەینەوە و بە زیاد لە شێوەیەک بەرخورد بکەین. دەشێت بەرگریکردنەکەمان بەرگریکردنێکی سیاسیی فەلسەفی بێت بەمەبەستی بەگژاچوونەوەی ئەو ئەگەرە تۆتالیتارانەی کە بەشێکن لە پێکهاتەی دەوڵەت و دەسەڵاتی مۆدێرن. دەشێت ئەم بەرگرییە بەرگریکردنێکی فیکریی مەعریفی بێت، پابەستە بەو ڕاستییەوە کە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان کۆمەڵگەی پڕ جیاوازیی هەمەجۆرن، لە جیاوازیی بۆچوون و ڕوانین و خەونبینینەوە، بۆ جیاوازیی ئەخلاق و شێوەژیان و پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی. بەڵام دەشێت بەرگرییەکی میتافیزکی بێت بەوەی کە گەردوون خۆی وەک گەردوونێکی پلورال و پڕ جیاوازی ببینێت و لەناو ئەم گەردوونەشدا ئەزموونکردنی شتەکان و دیاردەکان وەک ئەزموونکردنێکی جیاواز وێنا بکات. لە هەمان کاتدا دەشێت ئەم بەرگرییە بەرگرییەکی ئەپستمۆلۆژی بێت، بەو مانایەی پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە چەمکەکان و تیورەکان و هەقیقەتەکان هەموویان پابەستن بە دۆخێکی ئینسانی و مێژوویی دیاریکراوەوە و لە ناوەوەڕا چەندەها درز و کەلێنینان تێدایە، کە وایان لێ دەکات نەتوانن جەوهەری و ئەبەدی بن. چ هەقیقەتە سیاسییەکان و چ هەقیقەتە ئەخلاقییەکان و چ هەقیقەتە فەرهەنگییەکان، هەموویان بگۆڕن و ڕێژەگەران.

لەم ناوچەیەی ئێمەدا هیچ شتێک هێندەی سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی ئیسلامی گرنگیی پلورالیزممان نیشان نادات. ئەزموونی سعودیە، تالیبان، ئێران، قاعیدە و داعش نیشانمان ئەدات ئەوانەی نەفیی پلورالیزم دەکەن، چ جۆرە مۆتەکەیەکی سیاسی و ئەخلاقی و کولتوورییان لێ دەر دەچێت. چۆن لەپێناوی سەپاندنی یەک جۆر لە تێگەیشتنی دینی و یەک وێنەدا بۆ باشە و خراپە و یەک وێنە بۆ مرۆڤ، ئامادەن هەموو شتێک وێران بکەن. پلورالیزم لە دیدی ئەمانەدا هێرشکردنە سەر قەداسەتی تێکستەکان و تێگەیشتنەکانیانە، لەم ڕوانینەدا، وەک چۆن خودا یەکە و شەریکی نییە، ئاواش تێکستە دینییەکان یەک مانایان هەیە و قابیلی تەفسیر و لێکدانەوەی جیاواز نین. نەفیکردنی پلورالیزم چ لای ئەم هێزانە و چ لای هاوشێوە ئایدیۆلۆژییە عەلمانی و ناعەلمانییەکانیان، هاوشانە بە مۆنۆپۆلیزەکردنێکی تەواو و فراوانی هەقیقەت، هاوشانە بە بێماناکردن و بێنرخکردن و سووککردنی هەموو شتێک، نەکەوێتە سنووره داخراوەکانی ئەو هەقیقەتەوە. لەم ڕوانینەدا هەقیقەت هەموو ئەگەرێکی ڕێژەییبوون و کرانەوە و دیالۆگی پلورالییانە لەدەست ئەدات.

دەرەنجامی ئەمەش، پەڕگیری، فاناتیزم، و پەکخستنی لێبووردەیی و وێرانکردنی ڕۆحیەتی ڕێککەوتن و نەفیکردنی دانوستانە، کە دواهەمین دەرەنجامی هەموو ئەمانەش، بەرهەمهێنانی توندوتیژییە لە هەموو شێوەکانیدا.

سەرچاوەکان:

Berman, Paul Schiff (2013). Jurisgenerative Constitutionalism: Procedural Principles for Managing Global Legal Pluralism. Indiana Journal of Global Legal Studies Vol. 20, Issue 2, P. 665.

Collins, R., Makowsky, M. (red.), The Discovery of Society. (2010) New York: McGraw-Hill, pp. 92-104

Grimshaw, Mike (2014). Flaneuring with Vattimo: the annotative hermeneutics of weak thought. Critical research on Religion. Vol. 2(3)p.267

Groot,Ger (1998). *Twee zielen – gesprekken met hedendaagse filosofen*. SUN, Nijmegen

Hannah Arendt (1958). The human condition. Chicago: University of Chicago Press. p 176-177.

Hannah Arendt (1993). Between Past and Future. New York: Penguin Books.

Hannah Arendt (2005). The Promise of Politics. Ed. Jerome Kohn. New York: Schocken

Parens, Joshua (2006). An Islamic philosophy of

virtous religions. Introducing Alfarabi. USA, State University of New York Press. p. 1.

Peter Berger (2014). The many altars of modernity. Toward a paradigm for religion in a pluralist age. De Gruyter Mouton.

Siobhan Kattago (2013). Why the world matters: Hannah Arendt's philosophy of New beginnings. The European Legacy, Vol. 18, No. 2,

Rawls, Anne Warfield (2012). Durkheim's theory of modernity: Self-regulating practices as constitutive orders of social and moral facts. Journal of Classical Sociology, 2012, Vol.12(3-4), pp.479-512

Richard J. Bernstein (2015). Cultural Pluralism. Philosophy and Social Criticism, Vol. 41(4-5) 347–35

Vattimo, Gianni and Santiago Zabala (2002). "Week Thought" and the reduction of violence. A dialogu with Gianni Vattimo. Common Knoweledge, Volume 8, Issue 3,, Fall 2002, P. 454.

Vattimo, Gianni (2010). The responsibility of the philosopher. Ed. Franca D'agostini. New Yory: Columbia university press.

Vattimo G and Zabala S (2011) Hermeneutic Communism: From Heidegger to Marx. New York Columbia University Press. p 96.

Vattimo, Gianni & Pier Aldo Rovatti (2012). Weak Thought. State University of New York Press.

Woodward, Ashley(2002). Nihilism and the postmodern in vattimo's Nietzsche." An Internet Journal of Philosophy Vol.6.2002.

فرانسوا شاتالي (١٩٨٤). تاريخ الافكار السياسيه. ترجمه د. خليل احمد خليل. بيروت. معهد الانما العربي. ل ١٣.

کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە-حەمید عەزیز
٢. کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە (چ٢)-فەرهاد پیربال
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان (چ ٢)-فەرهاد پیربال
٤. مۆزەخانەی پاکیزەیی-ئۆرهان پامۆک- وبەکر شوانی
٥. نەتەوەی زێرابەکان-جەبار جەمال غەریب
٦. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی (چ٢)-جەعفەر عەلی
٧. سۆفیزم و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی...-جەعفەر عەلی
٨. مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت و... (چ٢)-ئەحمەدی مەلا
٩. نهێنییەکانی ژیان (چ٢)-ئۆشۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٠. کورتیلەیەک لە مێژووی کات -ستیڤن هۆکینگ و لیۆنارد ملۆدیتۆ-و. حوسەین حوسەینی و هیوا عومەر
١١. کۆشک-فرانتس کافکا-و. عەتا نەهایی
١٢. فەصلول مەقال- ئیبن ڕوشد-و. مەریوان عەبدول
١٣. شۆڕشی ئەیلوول لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا-وریا ڕەحمانی
١٤. دەسەڵات و جیاوازی-مەریوان وریا قانع
١٥. لە چ ئێستایەکدا دەژین-مەریوان وریا قانع
١٦. شوناس و ئاڵۆزی-مەریوان وریا قانع
١٧. سیاسەت و دونیا-مەریوان وریا قانع
١٨. جەمشید خانی مامم-بەختیار عەلی
١٩. کەشتی فریشتەکان (کتێبی١)-بەختیار عەلی
٢٠. کەشتی فریشتەکان (کتێبی٢)-بەختیار عەلی
٢١. لە دیارەوە بۆ نادیار (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٢. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان-بەختیار عەلی
٢٣. چێژی مەرگدۆستی (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٤. مەعریفە و ئیمان-بەختیار عەلی و هێمن قەرەداخی
٢٥. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو...- گۆران ئیبراهیم صاڵح
٢٦. سەمەرقەند (چ٢)-ئەمین مەعلوف-و. ئەحمەدی مەلا

٢٧. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی-فاروق ڕەفیق
٢٨. ئەخلاقناسی-تەحسین حەمە غریب
٢٩. گەشەسەندنی ڕامیاری...-د. ک. پێسچانی-و. د. ئارام عەلی
٣٠. مێژووی کۆنی کورد (چ٣)-جەمال رەشید فەوزیە رەشید-و. ملکۆ کەلاری
٣١. مندالآنی گەڕەک-هیوا قادر
٣٢. مرۆڤی پاخی (چ٢)-ئەلبێر کامۆ-و. ئازاد بەرزنجی
٣٣. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی...-هێرش جەوهەر مەجید
٣٤. مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢)-فریشتە نورائی-و. هەورامان فەریق کەریم
٣٥. سلێمانی لەنێوان سالآنی (١٩٤٥-١٩٥٨)-توانا رەشید کەریم
٣٦. شاری سلێمانی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨-١٧ی تەموزی ١٩٦٨)-هەوراز جەوهەر مەجید
٣٧. کتێبی پەراوێزنووسان-عەتا محەمەد
٣٨. فیکر و دونیا (بەرگی ١)-مەریوان وریا قانع
٣٩. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٠. دین و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤١. کتێب و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٢. کۆمەڵگەی ڕەش-د. عادل باخەوان
٤٣. زستانێکی درێژ-کولم تویبێن-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٤. فرانسیسکۆس قەدیسی من (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٥. ئاهەنگی تەگەکە-ماریۆ بارگاس یۆسا-و. جەلیل کاکەوەیس
٤٦. شەوی لیشبۆنە-ئێریش ماریا ڕیمارک-و. کەریم پەرەنگ
٤٧. من و ئەو-ئەلبێرتۆ مۆرافیا-و. کارزان عەلی
٤٨. میرنامە (چ٢)-جان دۆست-و. سەباح ئیسماعیل
٤٩. ڕووخسارە بەندکراوەکەم-لەتیفە-و. ڕووناک شوانی
٥٠. قەپێلک-مستەفا خەلیفە-و. هەورامان وریا قانع
٥١. خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرە قەلآ (چ٢)-و. ماردین ئیبراهیم
٥٢. گرگن-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٣. ١٩٨٤ (چ٢)-جۆرج ئۆروێل-و. حەکیم کاکەوەیس
٥٤. سوور و ڕەش-ستاندالْ-و. سیامەند شاسواری
٥٥. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا (چ٢)-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٥٦. جادەی مێخەک (١)-دلاوەر قەرەداغی
٥٧. جادەی مێخەک (٢)-دلاوەر قەرەداغی
٥٨. ئێوارستان-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٩. دارستانی نەرویجی-هاروکی موراکامی-و. تارا شێخ عوسمان
٦٠. ئێوارەی پەروانە (چ٧)-بەختیار عەلی
٦١. شاری مۆسیقارە سپییەکان (چ٤)-بەختیار عەلی

٦٢. مەرگی تاقانەی دووەم (چ ٥)-بەختیار عەلی
٦٣. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٤. تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٥. سێوی سێهەم (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٦. ئاورەکەی ئۆرفیۆس-بەختیار عەلی
٦٧. غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٨. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٩. دواهەمین هەناری دونیا (چ٧)-بەختیار عەلی
٧٠. ئێمەی پەنابەر-کۆمەڵێ نووسەر
٧١. گرەوی بەختی هەڵاڵە (چ٢)-عەتا نەهایی
٧٢. عێراقییەک لە پاریس-سەموئیل شەمعون-و. سەباح ئیسماعیل
٧٣. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ ٥)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٤. کچەی پرتەقاڵ (چ٦)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٥. لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٦. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٧. نهێنی یاری کاغەز (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٨. مایا (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٩. ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار-کۆمەڵێ نووسەر-و. هەورامان وریا قانع
٨٠. فەلسەفەی بوون-د. محەمەد کەمال
٨١. وەک ڕووبارە بەخورەکە-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٢. دیارییە مەزنەکە-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٣. سیشەممان لەگەڵ مۆریی (چ٢)-میچ ئەلبۆم-و. جوتیار ژاژڵەیی
٨٤. دوالیزمی دژ یەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و...-لهۆن قادر عەبدولڕەحمان
٨٥. ڕووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن-مەمەد ئوزون-و. وریا غەفووری
٨٦. کاندید-ڤۆڵتێر-و. بەیان سەلمان
٨٧. باوکە گۆریۆ-بەلزاک-و. ئەحمەدی مەلا
٨٨. زێبرا-جەبار جەمال غەریب
٨٩. منداڵی سووتاو-ستیگ داگەرمان-و. دلاوەر قەرەداغی
٩٠. وڕێنە-ئەنتۆنیۆ تابوکی-و. عەتا محەمەد
٩١. مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە (چ٢)-بوساحە ئەحمەد-و. دانا مەلا حەسەن
٩٢. گوێ بگرە، پیاوی بچووک (چ٤)-ویلهێلم ڕایش- و.خەبات عارف
٩٣. ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان-عەتا محەمەد
٩٤. کچە فیلم گێڕەرەوەکە-هێرنان ڕیڤێرا لێتێلیێر-و. عەتا محەمەد
٩٥. باوکی ئەو-پەرینوش سەنیعی-و. ڕووناک شوانی
٩٦. داوێنپیسی-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود

٩٧. کیمیا گەر (چ٣)-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٩٨. ڕۆژهەڵاتی عەدەن، ڕۆژئاوای خودا-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
٩٩. خۆشی پیشەی من نییە (چ٢)-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠٠. خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠١. ڕۆژژمێری کیژۆڵەیەک-ئان فرانک-و. عەلی عوسمان یاقووب
١٠٢. جیهانی ڕۆمان-دکتۆر هاشم ئەحمەدزادە
١٠٣. نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی (چ٢)-عەتیق ڕەحیمی-و. ئازاد بەرزنجی
١٠٤. فایدۆن (چ٢)-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٥. گۆر گیاس (چ٢)-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٦. سیاتیتۆس-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٧. مەسیح لە خاچ دەدەنەوە (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
١٠٨. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ (چ ٢)-ماردین ئیبراهیم
١٠٩. سە گومڕ (چ ٧)-محەمەد موکری
١١٠. چاوەکانی (چ١١)-بوزورگ عەلەوی-و. ئازاد بەرزنجی
١١١. A-٦١٧١ من لە ئاوشفیتز دەرباز بووم-فێرێنک گوێندوێر-و. عەتا محەمەد
١١٢. باراباس-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
١١٣. تۆڵە (چ ٥)-محەمەد موکری
١١٤. سڵاو؟ کەس لەوێیە؟ (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١١٥. هیچ-کۆچەر ئەبوبەکر
١١٦. هەورەکانی دانیال-بەختیار عەلی
١١٧. ئێمە زەریامان بەزاند-جولی ئوتسوکا-و. دلاوەر قەرەداغی
١١٨. بەناوی ژیانەوە-ئەریک فرۆم (چ ٥)-و. ئازاد بەرزنجی
١١٩. کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا-د. بورهان أ. یاسین
١٢٠. دڵڕەقیی و بێ ماڵیی-مەریوان وریا قانیع
١٢١. دزێکی ڕاستگۆ- دۆستۆیڤسکی-کاروان مەحمود
١٢٢. تیمساح-دۆستۆیڤسکی-کاروان مەحمود
١٢٣. سۆفیست-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٤. چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی-د.کەساس جەباری
١٢٥. نهێنیی کریسمس (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١٢٦. دوایین ڕۆژەکانی سۆکرات-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٧. یەکەمین مەکتووب-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٢٨. ئاگرەکەم مەسڕنەوە- ئازاد سوبحی
١٢٩. تامیتامی- ئەنتوان چیخۆف-و. دلاوەر قەرەداغی
١٣٠. کۆلۆنێل-مەحموود دەوڵەتئابادی-و. ئازاد بەرزنجی
١٣١. شەوانی ئادەم-بەیان سەلمان

١٣٢. کێشەی بوونی مرۆڤ-ئومێد حەمەعەلی
١٣٣.قەموورەکەی نۆتر دام-ڤیکتۆر هیگۆ-و.جەوهەر مەحموود داراغا
١٣٤. بەدوای عەشقا (چ٢)-بەهجەت یەحیا
١٣٥. دەربارەی باوکە گۆریۆ-و.حەمەکەریم عارف
١٣٦. دەربارەی برایانی کارامازۆف-و.حەمەکەریم عارف
١٣٧. دەربارەی بێنەوایان-و.حەمەکەریم عارف
١٣٨. دەربارەی داستانی ئیلیادە-و.حەمەکەریم عارف
١٣٩. دەربارەی دۆن کیشۆت-و.حەمەکەریم عارف
١٤٠. دەربارەی دیکامیرۆن-و.حەمەکەریم عارف
١٤١. دەربارەی شەڕ و ئاشتی-و.حەمەکەریم عارف
١٤٢. دەربارەی فاوست-و.حەمەکەریم عارف
١٤٣. دەربارەی کاندید-و.حەمەکەریم عارف
١٤٤. دەربارەی کۆمیدیای یەزدانی-و.حەمەکەریم عارف
١٤٥. دەربارەی هاملێت-و.حەمەکەریم عارف
١٤٦. هەتا چاو بڕ بکات... تاریکی-فەرهاد مستەفا
١٤٧. جوانییەکانی تاریکی-بەختیار عەلی
١٤٨. ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی-بەختیار عەلی
١٤٩. نەرسیسی کوژراو-بەختیار عەلی
١٥٠. یادەوەری و زەمەن-بەختیار عەلی
١٥١. ئیمان و جەنگاوەرانی (چ٢)-بەختیار عەلی
١٥٢. قەلەندەر و قەلا-یەحیا یەسریبی-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٣. ئاوریشم (چ٣)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و.ئازاد بەرزنجی
١٥٤. ئەفسانەی ١٩٠٠ یان نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن (چ٢)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و.ئازاد بەرزنجی
١٥٥. کوشتنی باڵندەی لاساییکەرەوە-هارپەر لی-و.لۆنا دڵشاد مەریوانی
١٥٦. شەوگەڕەکان-میران ئەبراهام
١٥٧. دەبێت شتێک بگێڕمەوە-باران
١٥٨. نامەکانی فیرناندۆ-ئەڕژین عەبدولخالق
١٥٩. پرۆتاگۆراس-ئەفلاتوون-و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٦٠. ڕۆژانێک من ئۆکۆردیۆنم ئەژەند-دلاوەر قەرەداغی
١٦١. لەبارەی ئیسلام و جیهانگیری و خۆرئاواوە-د. شاکر نابلوسی-و. شوان ئەحمەد
١٦٢. مارتن لوتەر-د. هاشم ساڵح-و. شوان ئەحمەد
١٦٣. هەزار و یەک شەوە (چ٣)-و.جەوهەر مەحموود داراغا
١٦٤. کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن-حەلیم یۆسف-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٦٥. هانێ ساڵح ئەوە چاوم و پێی بڕوانە-یاشار کەمال-و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
١٦٦. ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە (چ٢)-شێرکۆ بێکەس

١٦٧. دەربەندی پەپوولە (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٦٨. خێراکە... مردن خەریکە بگات! (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٩. خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٧٠. یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی-شێرکۆ بێکەس و هەڵۆ شێرکۆ بێکەس
١٧١. ژیان و ئەزموونی شیعریم-ئەدۆنیس-و.شوان ئەحمەد
١٧٢. پارادۆکسی نووسن (چ٢)-ڕەبیع جابر-و.شوان ئەحمەد
١٧٣. پیاوێکی تێکشکاو (چ٢)-تاهیر بن جەللون-و.ئازاد بەرزنجی
١٧٤. نامۆ-ئەلبێر کامۆ-و.سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٥. لەبارەی ئازادییەوە-جۆن ستیوارت میڵ-و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٧٦. گوزەرێک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو-نیکۆلاس سپارکس-و.بەرزان عوسمان
١٧٧. دابڕانی ئیپستمۆلۆژی لە فیکر و ژیاندا (چ٢)-د.هاشم ساڵح-و.شوان ئەحمەد
١٧٨. لە قوڵایی سیاسەتدا-د.بورهان أ. یاسین
١٧٩. شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە!-نیلس هاو-و.ئالان پەری
١٨٠. حەللاج-عەباس ئەرنائوت-و.ئازاد بەرزنجی
١٨١. پاسە شینەکە-هیوا قادر
١٨٢. وەهمێک-ڕیچارد داوکینز-نوری کەریم
١٨٣. ڕێگە-نەجیب مەحفووز-و.کارزان غەفور
١٨٤. نوختەی نوونەکەی ژیان-فەرهاد شاکەلی
١٨٥. کۆشکی بۆق(چ٢)-یۆستاین گاردەر-و.سیروان مەحمود
١٨٦. زۆر تایبەت-عەباس مەعروفی-ڤیدا قادری
١٨٧. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک (چ٢)-عەتا محەمەد
١٨٨. گێلاسی خوێن (چ٢)-عەتا محەمەد
١٨٩. گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٠. فەهرەست (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩١. خواجە نەسرەدین، کە لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٢. تیۆریی ئەدەبی-تێری ئیگڵتن-و. عەتا قەرەداخی
١٩٣ ماڵی بێدەنگ-ئۆرهان پاموک-و.سامان کەریم
١٩٤. چیرۆکەکانی کریسمس-پاولۆ کۆیلۆ- سیروان مەحمود
١٩٥. بەکولتوورکردنی خوێندنەوە-محەمەد فەریق حەسەن
١٩٦. کەوتنی ئاسمانەکان-جەبار جەمال غەریب
١٩٧. پەیمانی کۆمەڵایەتی-جان جاک ڕۆسۆ-و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٩٨. سەد ساڵ تەنیایی-گابریێل گارسیا مارکێز-و.ئەحمەدی مەلا
١٩٩. شەقامی دوکانە تاریکەکان-پاتریک مۆدیانۆ-و.بەیان سەلمان
٢٠٠- مرۆڤ و کەرامەت-مەریوان وریا قانع



ENDESE